جونگ چانگ و جۆن هەڵیدای

# مائۆ

# چیرۆکی نەزانراو

( بەشی ٢ لە شەش بەش)

وەرگێڕ : شێرکۆ هەژار

٢٠١٧

# بەشی دوو

# بڕینی ڕێگایەکی دوور بۆ بوونە مەزنی پارتەکە

## ٥- رفاندنی هێزێکی سوور و دەست بەسەرداگرتنی مەڵبەندی چەتان (١٩٢٧-١٩٢٨؛ تەمەن ٣٣-٣٤)

کاتێك چیانگ کای- شێك لە ئاپریلی ١٩٢٧ لە گەڵ کۆمونیستەکانی تێكدا، ستالین ئیتر ببوو بە ئاغای ژمارە یەکی کرملین و، هەر بە خۆی سیاسەتی لەگەڵ چین بڕیار دەدا. کاردانەوەی لە ئاست خۆ جیاکردنەوەکەی چیانگ ئەوەبوو کە فەرمانی دا بە پارتی کۆمونیستی چین، دەست بەجێ لەشکری خۆی پێكبهێنێت و قەڵەمڕەوی بگرێت و، بە ئامانجی دووری ئەوە کە بە تفەنگ دەست بەسەر چیندا بگرێت .

هەڵبژاردنی ئەو رێگایە بۆ چین - بە هێز کۆمونیست هێنانە سەرحوکم - هەر لە دامەزرانی ١٩١٩ی کۆمینتێر- نەوە رێگای هەرەپسندی مۆسکۆ بوو . ستراتیجیی مۆسکۆ وابوو کە تا نەتەوەییەکان لەکاردابن،ئەوا ئەندامانی پارتی کۆمونیستی چین بخزێنە ریزەکانی لەشکری ئەو نەتەوەییانەوە و جڵەوی لەشکرەکە بخەنە دەستی خۆیانەوە . ئێستا کە لێك دابڕانەکە هات، ستالین فەرمانی دا بە کۆمونیستانی چین، ئەو بەشانەی لەشکری کە توانیویانە دەستیان بەسەردا بگرن، لە نەتەوەییەکان جیابکەنەوە و، " هێندێك بەشی لەشکرێکی نوێ پێكبهێنن" .

ستالین کەسێکی هاوولاتی گورجیی جێبڕوای، بێسۆ لۆمینادزە، ناردە چین . " یان بێرزین"ی سەرۆکی ئیستیخباراتی عەسکەریی رووسیا " گرو" ( کە لێنین ساڵی ١٩١٨ دایمەزراند و ئێستاش ماوە، لە " ك گ ب" نهێنیترو گرنگتریشە - وەرگێڕ ) بۆ کۆمیساری شەڕ " کلیمێنت ڤۆرۆشیلۆڤ"ی کە لە مۆسکۆ سەرۆکی "کۆمیتەی چین"یش بوو، نووسی کە

" یەکەمین مەبەستی ئێستای رووسیا لە چین بریتییە لە دامەزراندنی لەشکرێکی سوور لەوێ" .

رێکخراوێکی زۆرگەورەی رێنوێنی و پشتگیریی کۆمونیستانی چین لە مۆسکۆ دامەزرێندرا . " گرو" پیاوی لە هەموو شارە سەرەکییەکانی چین هەبوون،کە چەك و پارە و دەرمانیان دەگەیاند ، وێڕای ئاگاداریی ئیستخبارا- تییش کە زۆر وادەبوو بۆ مانەوەی پارتی کۆمونیستی چین زۆر پێویست دەبوو . جگەلەوە، مۆسکۆ ئامۆژگارا- نێکی گەورەی ناردە چین، تا کۆمونیستان لە شەڕەکان رێنوێنی بکەن و، ئێجگار زۆر بە بەرینی کەوتە مەشق- پێکردنی کادیرانی پارتی کۆمونیستی چین لە رووسیا .

نەخشەکە لە مۆسکۆ وەها دانرابوو،کە لە یەکەم هەنگاودا، ئەو بەشە کۆمونیستانەی کە لە لەشکری نەتەوەیی

کشابوونەوە، روو لە کەناری دەریا لە باشوور بکەن،تا دەستیان بەو چەکوچۆڵە بگات کە بەکەشتی لە رووسیاوە گەیەندرابوونە ئەوێ و، بنکەیەك دابمەزرێنن . لە هەمان کاتدا، فەرمان دەدرا بە جووتیارانی هونان و سێ ستانی تری هاوسێیی، کە رێکخراوانی جووتیارانیان تێدا دامەزرابوون، رابپەڕن و دەسەڵات لەو شوێنانە بگرنە دەست خۆیان .

مائۆ ئەو رێبازە سەربازییەی پێ باش بوو . مائۆ، ٧ی ئووت/ ئابی ١٩٢٧، لە کۆبوونەوەیەکی نـائـاسـایی پارتەکەدا، کە بە سەرۆکایەتیی لۆمینادزە بوو، گوتی :

" دەسەڵات لە لوولەی تفەنگەوە دێت" ( قسەیەکی کە دوایی زۆر لەدنیادا بەناوبانگ بوو) .

بەڵام مائۆ، مەبەستی تایبەتی خۆی لە ژێر باڵی بەجێهێنانی نەخشەکەدا هەبوو: خۆی دەست هەم بەسەر تفەنگ و هەم بەسەر پارتەکەدا بگرێت . نەخشەی لە سەریدا بوو ئەوەبوو کە لەشکری خۆی دروست بکات و، قەڵەمڕەو-یی دەسـەڵاتی خۆی دابتاشـێت و، لە مەرکەزی هێزەوە لەگەڵ مۆسـکۆ و شـانگهایدا بدوێت . بوونە ئـاغـای مەڵبەندێك بۆ ژیانی مائۆ، هەر بۆ " مانەوە"ی گرنگ بوو . بـەڵام تەبیعی هـەر دەبوو لە پارتەکەدا بمێنێتەوە، چونکە پێوەندیی بە رووسیاوە بۆ ئەو تاقە رێگایەك بوو بۆ بوونە هەر شتێکی کە لە جۆرە چەتەیەك پتر بوایە .

لەوبەینەدا، لۆمینادزە پرۆفیسۆر" چێن"ی لە سەرۆکایەتیی پارتی کۆمونیست لابرد ،کردی بە قۆچی قوربانی و خـەتای جیابوونەوەی نـەتەوەییەکانی بەسـەردا شـکاندەوە . ئەوەی جێی گرتەوە، پیاوێکی لەو گـەنجتر بوو، ناوی " چو چیئو- پای" بوو، کە گـرنگترین مەرجی بۆ ئەوە تێدابوو : لە رووسـەکان زۆر نیزیك بوو . مائۆش بەرزکرایەوە، لە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییەوە کرا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (پۆلیت بیرۆ)، هەرچەندە هەر ئەندامی ریزی دووەم بوو .

لێرەدا بوو کە مائۆ ملی لە زنجیرەیەك هـەنگاو نا، کە بە چوار ساڵ دەیگەیەننە پلەی هـەرە سـەرووی پەیژەی پارتی کۆمونیستی چین . مائۆ، لە هاوینی١٩٢٧ ـەوە، خۆی راستەوخۆ چەکداری بەدەستەوە نەبوون و، هیچ فەرماندەییەکی سەربازیی نـەبوو، ئیتر خەریك بوو ئەو دەستە سەربازییانەی کە کۆمونیستی تر سازیان دابوون لە هێزێکدا کۆبکاتەوە .

لەم کاتەدا، هێزی سـەرەکیی کە " سـوورەکان" توانیان لە لەشکری نـەتـەوەییەکانی بکێشنەوە، بیست هەزار سـەرباز بوو، بـارەگایان لە " نانچانگ" و دەوروبەری بوو، " نانچانگ" ی پـایتەختی ستانی " جیانگکسی"،

دەوری ٢٥٠ کیلۆمیتر ڕۆژهەڵاتی باشووری هونان و، ٣٠٠ کیلۆمیتری باشووری چانگ شا . ئەوانە فرپیان بەسەر مائۆوە نەبوو . ئەوانە، یەکەم ڕۆژی ئووت/ ئاب، بە فەرمانی مۆسکۆ، یاخی بوون . کەسی سەرەکیی کە ئەو یاخیبوونەی ڕێکخستبوو،" چوو ئێن - لای" بوو،کە وای بۆ دانرابوو، بە سەرپەرستیی ڕاستەوخۆی "کومانین"ی لەشکری ڕووس،هێزی سەربازی هەڵبسووڕێنێت*. ئەوانە، ئەوجا ڕاستەوڕاست چوونە" سواتۆو" ( شانتوو) ی کەنار دەریا، ٦٠٠ کیلۆمیتری باشوور، کە دەبوو ڕووس لەوێ بەکەشتی چەکیان پێ بگەیەنن . مائۆ بڕیاری دا دەست بەسەر هێندێك لەو هێزەدا بگرێت . ڕێی ئەو هێزە بە نیزیکی باشووری" هونان"دا دەبوو . مائۆ، زووی مانگی ئووت/ ئاب، پێشنیاری پێشکەش بە پارتی کۆمونیستی چین کرد، کە ئەو ( مائۆ) ڕاپەڕینێکی جووتیاران لە باشووری هونان ڕێكبخات، تاکو ئەو شتە دابمەزرێنێت کە ناوی دەنا بنکەی" سوور"،کە " بەلای کەم پێنج مەڵبەندی ئیداریی دەگرتەوە ".

مائۆ، نە قەت پێشتر بیری لە شتی وەها کردبۆوە و، نە هەر پێی وابوو کە شتی وەها دەکرا . ( توندوتیژیی جووتیاران کە پێشتر لە هونان ڕوویدابوو، لەژێر سێبەری حکومەتی شۆڕشگێڕی ئەوسادا ڕوویدابوو) . تاقە مەبەستێکی مائۆ لەو پێشنیارەی ئەوەبوو ڕێگا بۆ داوای دووەمی بکاتەوە، داوا بکات بەشێکی باش لەو هێزەی کە بەڕێوەبوو ی بۆ بنێرن و بکەوێتە ژێر فەرمانی . شانگهای، ئەو فێڵەی بەسەردا تێپەڕی، بیری بۆ مەبەستی ڕاستەقینەی مائۆ نەچوو و، پێشنیارەکەی قەبووڵ کرد .

ڕابەرانی" ڕاپەڕین "ی هونان، بڕیار بوو ١٥ی ئووت/ ئاب لە کۆنسولخانەی ڕووسیا لە چانگ شا کۆببنەوە، تاکو ئیتر ڕاپەڕینەکە دەست پێ بکەن . مائۆ، هەرچەندە لە کەناری چانگ شاش بوو، بەڵام نەهاتە کۆبوونەوە . بەوە کە ڕابەریی کارەکە لە ئەستۆی ئەودا دەبوو، ناچار کۆبوونەوەکە بۆ ڕۆژی دوای ئەوە دواخرا . بەڵام مائۆ ڕۆژی دوای ئەوەش پەیدا نەبوو . هەژدەی مانگ، بۆ سەلامەتیی گیانی، خۆی گەیاندە کۆنسولخانەکە . لە

---

* ئەم یاخیبوونە، ئەفسانەیەکی بە ناوی " ڕاپەڕینی نانچانگ" لێ داتاشرا . دواتر یەکەم ڕۆژی ئووت/ ئاب بە ڕۆژی دامەزرانی لەشکری کۆمونیستی چین دانرا . بەڵام، ئەو کارە، هەروەك ستالین بێ پێچ و پەنا باسی کردووە :" هەنگاوێك بوو، کۆمینتێرن نای، هەر کۆمینتێرن و بەس". ئەم قسەیەی ستالین لە دەقی ڕەسمیی بڵاوکراوەی گوتارەکەی ستالین فڕێدرابوو . ئەو پیاوەی کە وەزیفەی گەیاندنی چەکی بە یاخییەکان پێ- سپێردرابوو، بریتی بوو لە " ئاناستاس میکۆیان".

وەڵامی هەڤاڵەکانیدا، کە ئێجگار زۆر تـووڕە بوون، وێڕای داوای لێبوردن گوتی کە" خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی جووتیاران بووە".

مائۆ،هۆی راستەقینەی خۆ دواخستنی چوار رۆژی شـاردەوە، کە ئەوەبوو دەیویست جارێ چاوەڕێ بکات بزانێت ئایا ئەو هێزەی یاخییەکان بەڕاستی بە باشووری هوناندا دەڕوات و دێتە بەردەستی، یان نا. ئەگەر ئەو هێزە نەهاتایە، مائۆش نەیدەویست بچێتە باشووری هونان . یاخییەکان دەستپێکردنێکی خراپیان هەبوو . لە سێ رۆژی دەرچوونیان لە نانچانگ، یەك لە سێیان وازیان هێنا و رۆیشتن . زۆری تریان، لە کەشی تەڕو گەرمی سەرووی ٣٠ دەرەجە، بە خواردنەوەی ئاوی مەرەزە( مەزرای برنج) مردن . ئەوانەی ماشنەوە، نیوەی جبەخانەیان لەدەست دابوو . ئـەوانەی هێشتا بەو شـپرزەییە بەڕێوەبوون، خوا- خوایان بوو بتوانن بگەنە کەناری باشوور و، هیچ رێگایەکیش بۆ جۆرە پێچدانەوەیەك لەڕاستیدا نەبوو بەدەردی بخواردایە .

مائۆ،کە وا لەدواییدا،گەیشتە هەڤاڵانی لە کۆنسولخانەی رووسیا، داوای کرد کە واز لە راپەڕینی باشووری هونان بهێنن، هەرچەندە ئەوە هەر لە سەرەتاوە پێشنیاری خۆی ببوو . مائۆ، پێی لەسەر ئەوە داگرت،کە لەجیاتی ئەوە، تەنیا هێرش بکەنە سەر" چانگ شا"ی پایتەختی ستانەکە،کە بۆ ئەوە دەبوو:" زۆر لە نەخشەکە هەڵپاچن".

مائۆ، ئەم نەخشە نوێیەشـی هـەر بۆ هـەمان مەبەستی ئەوەی پێشوو بوو ــ هێندێك چەكدار بخاتە ژێردەستی خۆیەوە . لەم کاتەدا، تاقە هێزی سووری کە لەو نیزیکانە هەبوون، لە دەرەوەی چانگ شا بوون . ئەوانە لە سێ دەستە پێكدەهاتن : دەستەیەك جووتیارانی چەکداری کە چەکی پۆلیسیان دەست بەسەردا گرتبوو؛ دەستەیەك کرێکارانی کانسازی و پاسەوانانی کانەکانی" ئانیوئان"ی کە داخرابوون و؛ بەشێکی لەشکری کە لە کەناری رووبار خستبوویان و بە رێگاوە بوون دەیانویست خۆیگەیەننە یاخییەکانی‌نانچانگ . بە هەموویان، چەند هەزار کسێك دەبوون . مائۆ دەیویست ئەوانە بخرێنە ئەو هێرشـە بۆ سەر چـانگـشا و، ئەو بتوانێت لەو رێـگایەوە بیانخاتە ژێر فەرمانی خۆیەوە .

مەبەستی مائۆ سەری گرت . پێشنیارەکەی بۆ گرتنی چانگـشا قەبووڵ کرا و، بە ناوی سەرۆکی " کۆمیتەی بەرەی شەڕ"، هێزی خرایە بەردەست . ئیتر مائۆ، بەوە، بوو بە نوێنەری پارتی کۆمونیستی چین و، کە دەسەڵا- تێکی سـەرووتر لەوێ نـەبوو، ئیتر دوا قسە بەدەست ئەو بوو . مائۆ شـارەزاییەکی سەربازیی نەبوو، بەڵام بۆ وەدەستهێنانی ئەو مەبەستەی، شەوقێکی زێدەی بۆ بەجێهێنانی فەرمانەکانی مۆسکۆ لەبەردەم ئەو دوو رووسە دەربڕی کە هەمەکارەی هەموو بڕیارێکی کۆبوونەوە بوون . مائۆ گوتی :

" ئەم دوا فەرمانەی کۆمینتێرن لەبارەی ئەم راپەڕینە ئەوەندە درەخشان بوو، کە وای لیٚ کردم لە خۆشییان سێسەد جار هەڵبەزمەوە ."

هەنگاوی دوای ئەوەی مائۆ بریتی بوو لەوە کە " نەهێڵێت " ئەو هێزە بچێتە چانگ شا و، لەجیاتی ئەوە، بۆخۆی دەستیان بەسەردا بگرێت و بیانبات لە شوێنێکیان دابنێت . ئەو شوێنەش دەبوو ئەوەندە لە چانگشا دووربوایە کە نوێنەرانی تری پارتەکەی یا رووسەکان بەهاسانی پێی نەگەیشتنایە . ئەو هێزە توانای پێوەندیی بە تەلیفۆن یا رادیۆی نەبوو .

مائۆ، ٣١ی ئووت/ ئاب لە کۆنسولخانەی رووس دەرچوو، گوتی کە دەچوو خۆی بگەیەنێتە هێزەکە . بەڵام وای نەکرد . لەجیاتی ئەوە، چووە شارۆچکەی " وێنجیئاشی "ی ١٠٠ کیلۆمیتری رۆژهەڵاتی چانگ شا و، هەر لەوێ مایەوە . رۆژی ١١ی سیپتامبر،کە دەبوو هێرشەکە بکرێت، مائۆ لای هیچ لە هێزەکەی نەبوو و، لە وێنجیئاشی خۆی حەشاردابوو . رۆژی ١٤، هێزەکە، بە بێ ئەوە هەر لە هیچ شوێنێکی چانگ شا هیچ نیزیک ببێتەوە، یا تووشی هیچ شکستێکیخراپ بووبێت، مائۆ فەرمانی دایێ کە واز لە هێرشەکەی سەر چانگشا بهێنێت و، هەموو روو لەو شوێنە بکەن کە مائۆی لێ بوو . لە نەتیجەدا، ١٥ی مانگ، رێکخراوی پارتەکە لە چانگ شا، دەستی لە تەواوی پلانەکە هەڵگرت . سکرتێری کۆنسولخانەی رووس" مایێر" ئەو کشانەوەیەی لە هێرشی سەر چانگ شای بە " چەپەڵترین خیانەت و خوێرییەتی" ناوبرد . لە مۆسکۆ، بە هەموو کارەکەیان گوت " راپەڕینی قەشمەری " . وێ دەچێت لەوە تێنەگەیشتبن کە مائۆ هەموو چیرۆکەکەی بەو شێوەیە بۆ مەبەستی خۆی رێکخستبێت، کە هێزەکە بخاتە داوی خۆیەوە .

ئەو رووداوە بە ناوی" راپەڕینی دروێنەی پایز" خراوەتە کتێبەکانی مێژووەوەو، بە راپەڕینێکی جووتیارانی بە رابەریی مائۆ پێشکەشکراوە . ئەوە سەرەتای بناغەی ئەو ئەفسانەیەش لە بارەی مائۆ لە رۆژئاوا بوو،کە مائۆی تێدا بە رابەرێکی جووتیاران پێشکەش کرا ( و یەکێك لە گەورەترین ساختەچێتییەکانی مائۆ، کە ئەوەندە بە دوورودرێژی ئەو هەمووە چیرۆکە درۆیەی لەبارەی ئەو - گوایا- راپەڕینەوە بۆ میوانە ئەمریکاییەکەی " ئێدگار سنۆو" هەڵبەستووە) . ئەسڵەن ئەوە هیچ کە ئەو"راپەڕین"ـە فری بەسەر هیچ راپەڕینێکی جووتیارانەوە نەبوو، بەڵام هەر مائۆش خۆی بە هیچ جۆرێك هەر تێدا بەشدارنەبوو * ــ لە ڕاستیدا هەر تێکیدا .

---

* یەکێك لە ژێردەستەکانی نیزیکی مائۆ پشتڕاستی کردەوە کە کاتێك مائۆ پەیدابوو، " راپەڕینی ←

بەڵام مائۆ بە مەبەستی خۆی گەیشت ـ دەستی بەسەر هێزێکی سەربازیدا گرت،کە لە دەوری ١٥٠٠ پیاوێك پێکهاتبوو . دەوری ١٧٠ کیلۆمیترێك راست لە باشووری وێنجیئاشی، زنجیرە چیای جینگگانگ هەیە، کە هەر لەمێژەوە مەڵبەندی چەتان بووە . مائۆ بڕیاری دا کە ئەوێ بکاتە بنکەی کاری . نەبوونی رێگاوبانی لەبار لە مەڵبەندە شاخاوییەکانی چین، وای دەکرد ئەوانە زۆرتر لە دەستپێگەیشتنی دەسەڵاتی حکومەت دوور بن .

ئەو مەڵبەندە لە روویەکی تریشەوە بەکەڵك بوو : دەکەوتە دوو دیوی سنووری نێوان دوو ستانەوە و، بەوە، هەر کام لە دوو ستانەکە کەمترین دەسەڵاتی بەسەر بەشی ئەوپەڕی کەناری قەڵەمڕەویی ئیدارەکەیەوە دەشکا .

مائۆ، نێوانی لەگەڵ چەتەیەکی سەرکەوتووی ئەو مەڵبەندەدا هەبوو، کە ناوی " یوئان وێن - کای" بوو . یوئان و هەڤاڵەکەی" وانگ زوئۆ"، لەشکرێکی ٥٠٠ کەسییان هەبوون و، بەشی زۆری مەڵبەندێك، مەڵبەندی ئیدارەی " نینگگانگ"، کە ١٣٠ هەزار کەسێکی لێ دەژیا . ئەوانە بە ئیجارەی زەوی و باج سەندن لە خەڵکەکە دەژیان .

مائۆ، چاوەڕێی دەکرد فەرماندەکانی ئەو هێزەی کە وا بۆخۆی دادەبڕی سەرێشەی بۆ بنێنەوە، کە ئەو بێ هیچ فەرمانێکی ئاشکرای پارتەکەی دەیبردنە ئەو مەڵبەندەی چەتەکان . مائۆ، جارێ هەر لە وێنجیئاشی، لە پێشدا چەند کەسێکی کە دەیناسین بەسەرکردەوە و گوێڕایەڵیی دابین کردن، ئەوجا دوای ئەوە، لە ١٩ی سیپتامبر، کۆبوونەوەی فەرماندەکانی ساز دا و، چا و سیغاری دا بە ئەو چەند کەسەی پیاوی خۆی، تاکو بە بەهانەی پێشکەش‌کردنی چا و سیغار بێنە ژوورەوە و چاوێکیان لە وەزعەکە بێت . دەمەتەقە زۆر توند بوو . فەرماندەی سەرەکیی هێزەکە داوای کرد کە بەگوێرەی نەخشەکۆنەکە بکەن و بچنە سەر چانگ شا . مائۆ تاقە رابەرێکی پارتەکە بوو لەوکۆبوونەوەیەدا ( ئەوانی تر و رووسەکان سەدکیلۆمیتر لە چانگشا دوور بوون) و، ئەو بردییەوە .

هێز رووی لە چیای جینگگانگ کرد . مائۆ، سەرەتا هێندە لە هێزەکە غەریب بوو، کە هێندێکیان پێیان وابوو کەسێکی خەڵکی شوێنەکەیە و ویستیان چەند تفەنگێکیان بۆ هەڵبگرێت .

مائۆ، بەرگی مامۆستای خوێندگەی دێهاتی لەبەردابوو، کەوایەکی درێژ و، شاڵگەردنێکی لۆکەی کاری ماڵی لە ملدا . مائۆ، تەواوی ئەو کاتەی بە رێگاوە، لەگەڵ سەربازەکان دەدوا، دەیویست وەزعیان هەڵسەنگێنێت و لە حاڵیان بگات ـ سەربازێك لەیادی بوو کە چۆن - بە وشەکانی خۆی - :

مائۆ وەکو ئەوەبوو کە " سامانی ماڵەکەی بەسەربکاتەوە" .

---

← دروێنەی پایز" شکستی هێنابوو .

کاتێك مائۆ بە سەربازەکانی گوت کە ئەوان خەریکن دەبن بە "ئاغای شاخ" ــ چەتە ــ، ئێجگار زۆر حەپەسان، چونکە ئەوان بۆ بوونە چەتە نەبوو کە چووبوونە ریزی شۆڕشی کۆمونیستەوە . بەڵام، کە بە ناوی پارتەکەوە دەدوا، دڵنیای کردنەوە کە ئەوان دەبوونە چەتەی تایبەتی ــ بەشێك لە شۆڕشێکی نێونەتەوایەتی . مائۆ پێی‌گوتن کە چەتەیی باشترین هەلێك بوو لەبەردەمیان، چونکە :

" قەت هیچ ئاغایەکی شاخ لەناونەدراوە، چ جای بە ئێمە دەگات".

بەڵام دیساهەر پەرێشان بوون . شەتەك و ماندوو، گرفتاری مالاریا، کێمی لاقیان، زگچوون . لە هەر شوێنێك بارگەو بنەیان بخستایە،بۆگەنێکیان دەنایەوە کە تا چەند کیلۆمیتریش دوور دەگەیشت . نەخۆش و بریندار،لەسەر گیا درێژ دەبوون و ئیتر زۆرتر وادەبوو کەهەڵنەدەستانەوە . زۆر، وازیان هێنا. مائۆ، کە دەیزانی نەیدەتوانی پێش بە وازهێنانیان بگرێت، ئازادی‌کردن کێ بیویستبایە بڕۆیشتایە، بەڵام بە بێ تفەنگەکەی . دوو لە فەرماندە هەرە گەورەکانی بڕیاریان دا بڕۆن و، چوونە شانگهای . هەرتك دواتر چوونە ریزی نەتەوەییەکان . کاتێك مائۆ گەیشتە ئەو شوێنەی جێی قاچاخی مەبەست، هەر ٦٠٠ پیاوی لەگەڵدا مابوون، لە چەند حەفتەیەکی کەمدا پتر لە نیوەی هێزەکەی لەدەست دابوو . زۆرتری ئەوانەی مابوونەوە، کەسانێك بوون کە هیچ رێگایەکی تریان لەبەردەم خۆیان نەدەدیت . ئەوانە، بوون بە بەردی بناغەی هێزی مائۆ ــ کە مائۆ دواتر ناوی نا :

" پریشکێك کە ئاگرێکی لە دەشتودەر نایەوە" .

مائۆ،کە سەرەتای ئۆکتۆبر گەیشتە ئەو شوێنەی قاچاغی، یەکەم هەنگاوی نای ئەوەبوو کە چوو" یوئان" ببینێت و، بۆ ئەوە تەنیا چەند پیاوێکی‌کەمی لەگەڵ خۆی بردن تا یوئان لە خۆی نەترسێنێت . یوئان، هێزێکی لە دەوروبەر تاقەت کردبوو، نەوەکا مائۆ بەهێزێکەوە بێت . بەڵام کە دیتی ئەو دیدارەی مائۆ چ خەتەرێك نەبوو، بەرازێکی بۆ سەربڕی، نانیان خوارد، ئەوجا پستەی سوودانی و تۆوکولەکە هێنرا .

مائۆ بەوە پێی‌خۆی لە دەرگا گیرکرد کە گوتی ئەو هەر رێبوارێکە و بۆ پشوویەك لەو سەر رێگایەی دەمێنێتەوە، دوای ئەوە وەرێ دەکەوێتەوە و، رووی لە کەناری دەریایە تا لەوێ بە یاخییەکانی" نانچانگ" بگات . رێککەوتن . بەگوێرەی ئەوە، مائۆ دەیتوانی ماوەیەك لەوێ بمێنێتەوە و، دەستەی خۆی بۆ بژیوی، بنێرێتە تالان و راوورووت، بەڵام جارێ بۆ هەرەسەرەتا، چەتەکانی یوئان ئەرکی ژیانیان لە ئەستۆ بگرن .

دوای چوار مانگ ، شوبات/ فێڤریەی ١٩٢٨ ، مائۆ بوو بە ئاغای ئەو چەتانەی کە میوانداریيان کردبوو . دوا

گورزی ئەو هەڵگێڕانەوەیەی وەزع بەلای مائۆدا، ئەوەبوو کە پیاوەکانی مائۆ ١٨ی شوبات دەستیان بەسەر پایتەختی مەڵبەندی ئیدارەی" نینگگانگ" ی حکومەتدا گرت، کە ئەوە بە پێوانەی چەتان بە سەرکەوتنێکی سەربازیی گەورە دادەنرا . ئەوە یەکەم جار بوو کە مائۆ لە فەرماندەیی شەڕێکدا بوو، کە بە دووربینێکەوە لە چیای بەرانبەرەوە لێی دەنۆڕی .

سێ ڕۆژ دوای ئەوە، ٢١ی شوبات، مائۆ کۆبوونەوەیەکی گەورەی خەڵکیشاری ساز دا، تا ئاهەنگی سەرکەوتن بگێڕن . لوتکەی ئاهەنگ بە کوشتنی سەرۆکی ئیدارەی حکومەت گەیشت، کە هەر ڕێك ئەوسا گیرابوو . شاهیدێك بە چاوی خۆی ئەوەی دیتووە ( بە زمانێکی بە پارێزەوە، کە لە ژێر حوکمی کۆمونیستیدا دەیگێڕایەوە) گوتی :

> " کۆڵەکەیەکی دار،بەڵام بە شکڵی چەتاڵ(چنگاڵی نانخواردن)،لە زەوی چەقێنرا..." چانگ کای- یانگ" ( سەرۆکی ئیدارەی حکومەت)یان لێ بەستەوە . دەوروبەر بەو هەمووە پەتکانە داگیرابوو،کە لە نێوان دارانی چەقێندراودا رایەڵ کرابوون و جۆرەها دروشمی نووسراویان پێوە هەڵواسرابوون . خەڵك، رمبەکانیان ("سوئۆ- بیائۆ" کانیان) تێ‌ڕادەکرد، ئای ئە ئاوا کوشتیان ... کۆمیسار مائۆ قسەی بۆ جەماوەرەکە کرد".

مائۆ، پێشتر باسی کردبوو چەند شەیدای ئەو چەکە، سوئۆ بیائۆ، ببوو . ئێستا وا لەبەرچاوی خۆی، لە سەرۆکی ئیدارەی حکومەت رادەکرا و جیق و فیقی رووحی لێ دەردەهێنا .

کوشتنی لە شوێنیگشتی و لەبەرچاوی خەڵك، لە رۆژی کە مائۆ هاتە ئەو شارەوە، ئیتر بوو بە دیمەنێکی ژیانی ئەوێ و، دیاربوو مائۆ بەتایبەتی زۆر مەفتوونی کوشتنی لەسەرەخۆ بوو . لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی وەهادا، بۆ ئاهەنگی شالاوێکی تالانکردنێك بە بۆنەی سەری سالی چینیی ١٩٢٨، مائۆ چەند دێڕێکی شیعری لە سەر چەند پارچە کاغەزی سوور نووسیبوو و، بە سەر کۆڵەکەی هەر دوولای شانۆکەوە چەسپێندرابوون، شیعرەکە دەیگوت :

> " سەیرمان بکە، ئەمڕۆ خاوەن زەوییە خراپەکان دەکوژین .
> ناترسیت ؟
> هەر چەقۆیە و چەقۆ تیژ دەکات".

مائۆ قسەی بۆ جەماوەری کۆبۆوە کرد، ئەوجا زەلامی خاوەن زەوی " کوئۆ وێی- چیئێن" بە گوێرەی هەمان ئەو

رۆچێتەیەی شیعرەکەی مائۆ کوژرا .

کوشتنی لە بەرچاوی جەماوەر، لە داهێنانی مائۆ نەبوو، بەڵام مائۆ رووبەکی تری نوێی دا بەو نەریتە ترسناکەی کە لە کۆنەوە هەبوو، کۆبوونەوەی گشتیی خەڵکی سازدەدا، خەڵکەکەی بە زۆر دەهێنان و ناچاری دەکردن سەیر- بکەن،نەیاندەتوانی نەیەن، دەسەڵاتێکیان لەوەدا نەبوو، دەبوو بێن و کوشتنی بە شێوەی ئەوەندە ترسناك بەچاوی خۆیان ببینن، قیژەو ناڵەو هاوار ببیسن، بەوە ترس و وەحشەتی دەخستە دڵی تماشاچییانەوە .

چەتەی پێشتر، دەیاندیت کە لەگەڵ مائۆدا دەریاننەدەکرد، مائۆ بەو ئاهەنگانەی، تەنانەت زەندەقی ئەوانیشی برد . ئیتر یوئان و زوئۆ، بەزوویی ملکەچی مائۆ بوون و، رازی بوون چەك بۆ مائۆ هەڵبگرن و ببن بە بەشێك لە هێزەکانی . مائۆ سەلماندی کە ئەو لەهەر چەتەیەك چەتەتر بوو .

مائۆ، هەر کە گەیشتبووە مەڵبەندی چەتان، کەسێکی بۆ لێ ئاگاداركردنەوەی بارەگای پارتەکەی ناردبووە شانگهای . لە ماوەی چەند رۆژێکدا ،لە ئۆکتۆبری ١٩٢٧ پێوەندی پێكهاتبوو . لەوبەینەشدا، شانگهای راپۆرتی لەبارەی " راپەرینی دروێنەی پایز" بەدەست گەیشتبوون . ئیتر دەیانزانی کە مائۆ پلانی دانراوی تێكدابوو و، سەربازەکانی، بە بێ وەرگرتنی ئیجازەی مەرکەز، هەر وا بەکەیفی خۆی بەلایەکی تردا بردبوو . شانگهای داوای لە مائۆ (و کەسانێکی تریش) کرد کە بچنە لایان و ئەم بێ سەروبەرییە روون بکەنەوە . مائۆ گوێی بە فەرمانەکە نەدا و، ١٤ی نوامبر هەموو مەرکەزەکانی لە پارتەکەیدا لێ سەندرانەوە .

پارتەکە ئێستا کەوتە سەر ئەوە کە مائۆ لە کۆڵ خۆی بکاتەوە . شانگهای، ٣١ی دیسامبر، " هونان"ی ئاگادار- کردەوە کە " مەرکەز" لای وایە :

" ... لەشکری بە فەرماندەیی هەڤاڵ مائۆ تسی- تونگ، هەڵەی ئێجگار زۆر خراپی سیاسیی کردوون . مەرکەز فەرمان دەدات ( بە ئێوە) کە هەڤاڵێکی گەورە بنێرنە ئەوێ، بڕیارەکان بگەیەنێت ( بگەیەنێتە مائۆ کە دەرکراوە) ... کۆنگرەیەك بە هەڤاڵانی لەشکرەکە بگرێت ... تاکو رێکخراوی پارتەکە لەوێ چاك بکەن ."

روونە،کە چاوەڕوانی کێشە بوون لەگەڵ مائۆدا، لەبەر ئەوە ئەمەشیان وێخستووە :

" هەڤاڵێکی کرێکاری ئازا و زیرەك بە نوێنەری حیزب بنێرن".

پەرچەمی پارتەکە بۆ مائۆ ئێجگار زۆر گرنگ بوو، چونکە ئەو خۆی سیحری شەخسیەتی نەبوو . چارەکردنی

کێشەی ئەو فەرمانەش سووك و هاسان ئەوەبوو کە نەهێڵێت پیاوەکانی بە فەرمانی لادرانی بزانن .

حەفتەیەك دوای دەرچوونی ئەو فەرمانەی شانگهای، بە ڕێکەوتێکی چاك ــ یا ڕەنگە هێندێك کەس بڵێن بە ڕێکەوتێکی گوماناوی ــ تەواوی کۆمیتەی"هونان"ی پارتی کۆمونیستی چین لەلایەن نەتەوەییەکانەوە پێچرانەوە، هەموویان گیران . ئیتر پیاوەکانی مائۆ قەت نەکرا بزانن کە مائۆ لە پارتەکەیدا دەسەڵاتی لێسەندرابۆوە . مارتی ١٩٢٨ ئـەوجا کرا یەکەم زەلامی پارتەکە بچێتە بارەگای مائۆ و بڕیاری لادرانی مائۆ لە وەزیفەکانی بگەیەنێت .

بـەڵام مائۆ ئێجگار زۆر لەو زەلامەی پـارتەکەی زیرەکتر بوو . مائۆ وای بۆ ئەو زەلامە ڕێکخسـتبوو کە هەر تەنیا بیتوانیبا کەسانێك ببینێت،کە لە دەستوپێوەندو خزمەتکاری مائۆ خۆی بوون و، مائۆ بۆ دیداری هەڵبژار- دبوون . ئەوجا مائۆ بەو زەلامە گێژوویژەی پارتەکەی گوت کە ئەو( مائۆ) دیارە فەرمانی پارتەکەی بەجێدەهێنێت، بەڵام ئیتر دوای ئەوە خۆی ناو نا فەرماندەی لەشکرێك ( فیرقەیەکی سەربازی) و، درێژەی بەکارەکەی خۆی دا و لەشکرەکەی لەژێر کۆنترۆڵی خۆی هێشتەوە .

مەڵبەندی چەتان، بنکەیەکی نموونەیی و بۆ خۆراك چاك بوو . چیاکانی، هـەرچـەندە هەر تا ٩٩٥ میتر بەرزبوون، بەڵام سەخت بوون و،تابڵێیت پەناگەی زۆر چاك بوون، چونکە لە هەمولاوە بە لێڕی‌کاژ و حەیزەران دەوردرابوون، تـەم دایدەپۆشین و، پڕ بوون لە مەیموون و بەرازی کێوی و پڵنگ و هەموو جۆرە ماری ژەهردار . بە هاسانی هەم بـەرگریی لێ دەکرا و، هەم لە تـەنگانەشدا دەکرا لێی دەرچن و بە باریکە ڕێی نـەلەبەرچاودا بچنە دوو سـتانی دەوروبەر ــ بـاریکە ڕێی قوڕ و بە شـینکە داپۆشرابوون . غەریب سەری لەو ڕێیانە دەرنـەدەکرد . شوێنەکە بۆ قاچاغان، پەناگەی چاکی جێ‌متمانە بوو .

مائۆ و پیاوەکانی بە تـاڵان و بڕۆ دەژیان . بە سەر ناوچەکانی هاوسێ و دوورتریشیاندا دەدا . ئەو تـاڵانـانـە ناوێکی زۆر نەجیبانەشیان لێنرابوو:" دا تو- هائۆ"،کە- بەحەرفی- واتا:" تاغووتانی خاوەن زەوی بپلیشێننەوە". کە لە ڕاستیدا هەمان تاڵان و بڕۆی هەمیشەی چەتانی رابردوو بوو . مائۆ بە پیاوەکانی دەگوت :

> "ئەگەر جەماوەر نەزانن" تاغووتی خاوەن زەوی" یانی چی، دەتوانن پێیان‌بڵێن یانی ئەوەی پارەی هەیە، یانی دەوڵەمەند".

وشەی " دەوڵەمەند" زۆر لە کاردا بوو . دەکرا دەوڵەمەند بە ماڵێك بگوترایە کە چەند دە لیترێك زەیتی چێشت - لێنانی هەبوایە، یا چەند مریشکێکی هەبوایە . "بپلیشـێننەوە"ش ریزێك شتی دەگرتەوە، هەر لە تـاڵان کردن و

گرتن بۆ کەفارەتی بە پارە، تا بە کوشتن دەگەیشت .

ئەو تالان و برۆیەی مائۆ، زۆر سەرخەتی درشتی رۆژنامەکانی پێکدەهێنا و مائۆ بەوە زۆر ناسرا . مائۆ ئێستا بە سەردەستەیەکی چەتەی گەورەی بەدناو ناوی دەرکرد .

بەڵام ئەو هێرش و تالانانە، کەم لەلایەن خەڵکی ئەو شوێنانەوە پشتگیرییان لێ دەکرا . سەربازێکی سوور لە یادی بوو چەندە بۆیان زەحمەت بوو قەناعەت بە خەڵك بکەن کە دەوڵەمەندەکانیان بۆ دەستنیشان بکەن، یا بۆ تالان رەگەڵیان بکەون، یا تەنانەت قەبووڵ بکەن بەشێك لە تالانەکەش وەربگرن . یەکی تر، چیرۆکی شەوێکی گێڕایەوە :

" ئێمە کە دەچووین، دەوری ماڵی تاغووتی خاوەن زەویمان دەدا، لەپێشدا دەمانگرت و ئەوجا دەکەوتینە دەست بەسەرداگرتنی شتان . بەڵام ئەمجارەیان، هەر ئەوەندە لە ماڵ وەژوور کەوتین، لە پڕ دەنگی لێدانی ناقووسان لە هەموولایەکەوە دنیای پڕکرد و... چەند سەد کەس لە دوژمن ( دێهاتییەکان) پەیدابوون . دەوری چل پیاویان لە ئێمە گرت . بردیاننە پەرستگای بەرەبابیان ... بە لێدان کەوتنە سەریان، شەتەکیان دان و، ژن بە پێلەقە چوونە سەریان . ئەوجا بەرمیل ( بشکە) ی گەفیان لەسەر دانان کە بەردی گەورەیان لەسەر دانرابوو ... ئای کە پیس شکەنجە دران ...".

مائۆ، بەقسە، بە مەنتیقی عەقیدەیی ــ خەبات لەدژی چینە چەوسێنەرەکان ــ ئەو کارەی دەکرد، بەڵام بە کردار، ئەوەی ئەو دەیکرد هیچ لەوەی کە چەتە هەمیشە کردبوویان جیانەدەکرایەوە . ئەوەش تا دەهات، پتر دەبووە هۆی نارەزایی لە ناو ریزی پیاوەکانی خۆیدا، بەتایبەتی لەناو فەرماندە لەشکرییەکاندا . لە دیسامبری ١٩٢٧،گەورە-فەرماندەی هێزەکە " چێن هائۆ"، لە کاتی چوونە تالانێك، هەوڵێکی دا هێزەکەی رەگەڵ خۆی ببات و بڕوات . مائۆ، بە دەستەیەکەوە بەپەلەپرووزێ گەیشتە سەری و گرتی و دواتر لەبەرچاوی هەموو لەشکرەکەی کوژرا . مائۆ، نیزیك بوو هەموو لەشکرەکەی لەدەست بدات . لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا کە ئەو هێزەی بۆخۆی دابڕیبوو، هەموو ئەفسەرە گرنگەکانی وازیان هێنابوو . مائۆ، بۆ راگرتنی دڵی پیاوەکانی، " کۆمیتەکانی سەربازان"ی دامەزراندن،کە بتوانن قسە لە مەسەلەی تالانەکاندا بکەن . مائۆ، لەلایەکی تریشەوە، شانەی نهێنیی پارتەکەی پێکهێنان کە هەرتەنیا پێبەندی شەخسی خۆی بوون . تەنانەت سەرانی لەشکرەکەشی نەیاندەزانی کێ ئەندامی پارتەکە بوو،کە ئەوە ئیتر رێکخراوێکی نهێنی بوو . مائۆ، بەو جۆرە، هەم رێگای کۆنترۆڵی حیزبی و هەم ناوی

کۆمونیزمی بۆ گیرکردنی چنگی خۆی لە لەشکرەکەی بەکاردەهێنا .

بەڵام بەوە کە مائۆ چنگی هێشتا لە گیربوونی تەواو لە هێزەکەی دوور بوو و، حەقەن کەسێکی خۆشەویستیش نەبوو، قەت نـەیدەتوانی لە ئاسایشی ژیانی خۆی دڵنیا بوایە . ئیتر لە ئێستاوەبوو کە ملی لە قایمکردنی نەزمی ئاسایشی تـەواوی خۆی نا، بەشێوەیەك کە لەدواییدا بە نەزمێك گەیشت ــ هەرچەندە شاردراوەش بوو ــ زۆر بە هەیبەت بوو . بۆ دەستپێکردن، سەد پیاوی پاسەوانیتایبەتی هەبوو و، ژمارەیان زیاد دەبوو . چەندین خانووی لە چەندین شوێنی مەڵبەندی چەتان بۆ خۆی هەڵبژاردبوو و قایمکاریی تـەواوی ئـاسایشی تێدا بەجێهێنابوون . هـەموو ئەو خانووانە، رێگای تایبەتی لێ راکردنیان تێدا دروست کرابوون، زۆرتر وابوو رێگاکە لە کونێکەوە بوو لە دیوارێکدا، زۆرتر لە پشتی خانووەکەبوو و، دەردەچووە سـەر چیایان . دواتر، لە بەرێوەبوونە گـەورەکەدا، تەنانەت لە رۆیشتندا، زۆرتری ئەو خانووانەی لە رێگا تێیاندەچوو، ئەو سیفەتەیان هەبوو کە رێگایەکیتایبەتی راکردنی بۆ کاتی تەنگانەیان تێدا بوو .

مائۆ، ژیانی تەرزو دڵکەرەوە دەژیا . یەکێك لەماڵەکانی، ناوی "پاشکۆخانوو( پاڤیلیۆن)ی هەشتگۆشە" بوو، لە رووی ئەندازیارییەوە زۆر تایبەتی بوو . بەشی سـەرەکیی هەراوی، دەیروانییە سەر حەوشێکی گـەورەی پەنا رووبارێك، میچەکەی لە سێ چین لەوحی تەختەی هەشتگۆشەیی پێکدەهات کە بە پێچی مارئاسا دەگەیشتنەوە تەپڵی سەرووی کە شووشە بوو، بڵێین وەك پاگۆدەیەکی کە بانەکەی شووشە بێت . ( پاگۆدە، بوتکەدە یا بهاگا- ڤاتیی ئاسیایی، بورجی وەك چەندخانووی لەسەریەکی کە هەر یەکەی بانەکەی وەکو باڵی کراوە لەهەموولایەکەوە دەرکەوتووە - وەرگێر) . خانووەکە هی بژیشکێکی ناوچەکە بوو، ئێستا ئیتر گواستبوویەوە گۆشەیەکی حەوشی ماڵەکەی و بژیشکیی خۆی هەر لەوێ دەکرد ــ بۆ خۆشحاڵیی مائۆی کە هەمیشە دەردێکی هەبوو .

خانوویەکی تری کە مائۆ داگیریکرد ، لە شاری گەورەی" لۆنگشی"، ئەویش هەر هی بژیشکێك بوو و، خانوو- یەکی بە شـکۆ بوو . جوانییەکی سـەیری هەبوو، کە لە دەوڵەمەندیی رابردووی شارەکە دەدوا . خانوویەکی زۆر گـەورە بوو، نیوەی بە شێوەی ڤیللا ( کۆشکی باخچە بەدەورەوە) یەکی ئـەوروپایی بە لۆژیا ( خـانووی بە تـاق و کۆڵەکە) ی بە شـکۆی سەر ریزێك تاقی رۆمانیسك و، نیوەکەی تری خانووبەرەی چینیی لە خشت و تەختە بوو، کاریتەکانی بە ریزێکی کەوانی رێکخرابوون و، پەنجەرەکانی تۆڕی کاری وردی تـەختە بوون . دوو نیوەکە بە ڕاڕەوێکی هەشتگۆشەیی نایاب پێوەند کرابوون .

بـارەگاکەی مائۆ لە " لۆنگشی"، خـانووبەرەیەکی دوو نهۆمی، لە سەر زەوییەکی دووهەزار میتری چوارگۆشە

بوو . رۆژگارێك باشترین خوێندگەی لاوانی سێ مەڵبەند بوو ــ تا مائۆ هات . نهۆمی سەروو، روانگەی لە سێ لاوە هەبوو، دەیڕوانییە سەر دیمەنی رووباران و هەوران . داڕشتنی نەخشەکەی بەوجۆرە بۆ ئەوە بیوو کە لاوانی خوێندکار لە گەرمای زۆری هاویندا، لەوێوە شنەبایەکیان بەرکەوتایە . داگیرکردنی ئەو خانووە لەلایەن مائۆوە، دەرگای ئەو رێبازەی کردەوە : مائۆ بچووبایەتە هەرکوێ، خوێندگە، پەرستاگای بەرەبابان و کلیسای کاتۆلیکان ( کە ئەوانە لە دێهاتی زۆر بەشی چەپەکی چین تاقە خانووی قایم بوون) ی دەست بەسەردا دەگرتن . هەر ئەوانە بەشی ئەوەندە گەورە بوون کەکۆبوونەوەی گشتییان تێدا بکرایە، جگە لەوە کە باشترینیش بوون . کلاسی خوێندن دیارە دادەخران .

مائۆ، تەواوی ئەو ماوەیەی کە لە مەڵبەندی چەتان بوو،کە پازدە مانگی خایاند ،تەنیا سێ جار پێی‌نایە دەرەوەی ماڵەکەی لەو چیایانە و، هەموو دەرچوونەکەی بەسەریەکەوە، لە یەك مانگ کەمتری پێ‌چوو . کە دەریشدەچوو، دەرچوونەکەی ناڕەحەت نەبوو . کاتێك چووە سەردانی" زوئۆ"ی سەردەستەی چەتان، لە کۆشکێکدا میوانداری کرا، سپیی دەبریسکایەوە، پێیاندەگوت " کۆشکی سپی"، کە پێشتر هی کانتۆنییەکی بازرگانی تەختە بیوو . زۆر بە سەخاوەت میواندارییی لێ کرابوو و، بەراز و مەڕی بۆ سەربڕدرابوون .

خەتوخاڵی رووی فەرمانڕەوایی داهاتووی مائۆ، لە ئێستاوە دەدیترا . کەسانێکی زۆری لە خزمەتدا بوون : چێشتلێنەرێك، یاریدەدەرێکی چێشتلێنەر کە کارەکەی بەتایبەتی ئەوەبوو ئاو بۆ مائۆ بهێنێت، مەیتەرێك بۆ ئەسپە بچکۆلەکەی مائۆ و، سکرتێرانێك ." وەزیفەی تایبەتی"ی کە لە ئەستۆی کوڕێکدا بوو، ئەوەبوو کە جۆرێك سیغار(جگەرە)ی بۆ مائۆ لە" لۆنگشی"یەوە دەهێنا . بەردەستێکی تر، کارەکەی ئەوەبوو، بچووبایەتە هەر شارێك یا هەر ماڵێکی دەوڵەمەندیان تاڵان بکردایە، رۆژنامە و کتێبی بۆ کۆدەکردەوە .

مائۆ، هەر کە لە مەڵبەندی قاچاغان دامەزرا، بەزوویی ژنێکیشی هێنا ــ ژنی سێیەمی . ژنێکی جوان و جەوان بوو، بە دوو چاوی گەورە و، سەری دووکوڵمی بەرز، شکڵی دەموچاوی بادامی، بەژن باریك و رێك و کەڵەگەت . کاتێك مائۆی دیت، تەمەنی تازە دەبوو بە هەژدە ساڵ،لە مەڵبەندی دەوڵەمەندی"یۆنگکسین"ی داوێنی چیا بوو . کەسوکاری، چاخانەیان هەبوو و، ئەم کچەیان ناو نابوو" گوئی - یوئان " ( گوئی Osmanthus = جۆرە دارێکی هیمالایاو چین و ژاپۆنە، گەڵاو گوڵی زۆر بۆن خۆشن، زۆرتر هەر بۆ جوانییە، بەڵام گەڵا وگوڵی بۆ خۆش‌کردنی بۆنی چا و مرەباو بۆ هێندێك دەرمانیش بەکاردەهێنرێت- وەرگێڕ؛یوئان = خڕ) . کچ ئێوارەی پایزێك لەدایك بووە،

کە مانگی خڕی چـاردە بەسـەر دارێکی بەگڵووکی" گوئی"یەوە دیاربووە، ئیتر لەبەرئەوە، ئـەو ناوەیان لێ ناوە . چووبووە خوێندگەیەکی بڵاوکەرەوەکانی مەسیحییەت کە دوو خانمی فینلەندی بەڕێوەیان دەبرد . بەڵام حەزی لەوە نـەدەکرد خانوخاتوونانە پەروەردە بێت . نـائارامی و خوێنگەرمیی، لەگەڵ فەرهەنگی لەمێژینەی ترس و سرکیی کە دەبوو سیفەتی ژن بوونایە نەدەگونجان، حەزی لە دنیایەکی بەرینتری خۆشی و هێندێك چالاکی دەکرد . ئیتر لە کەشوهەوای وروژانی هاتنی لەشکرەکەی روو لە باکوور بۆ ناو شارەکەی،هاوینی ١٩٢٦، چووە ریزی پارتی کۆمونیست . بەزوویی کەوتە گوتارگوتن بۆ جەماوەری کە بەخێرهاتنی ئەو لەشکرەیان دەکرد . تەمەنی هەر تەنیا شـازدە ساڵ بوو کاتێك کرا بە سەرۆکی ئیدارەی کاروباری ژنان لە حکومەتێکدا کە بۆ هـەموو مەڵبەندەکە دانرابوو . ئەوەبوو، کارەکەی بە بڕینی قژی درێژی خۆی دەست پێ کرد، شـتێکی کە هێشتا بە شـۆڕشگێڕانە دادەنرا و برۆ لەئاست بوێریی ئەو کارەدا بەرزدەکرانەوە .

سـاڵێك دواتر، دوای جیابوونەوەی چیانگ کای - شێك، کۆمونیست و چالاکانی سەربەوان کەوتنە راکردن، دایك و باوکی ئەم " گوئی - یان"ـەشیان تێدابوو، خوشـکی لە خۆی بچووکتریشی،کە ئـەویش چووبووە ریزی پارتی کۆمونیست . برای لە خۆی گەورەتر،کە ئەویش هەر کۆمونیست بوو، وێڕای زۆرانی تر،کەوتبووە زیندانەوە . بەڵام "یوئان"ی چەتە یارمەتیی دا کە لە زیندان رابکات . گوئی و براکەی لەگەڵ چەتان رایانکرد و، گوئی لەگەڵ ژنی یوئانی چەتەدا زۆر بوونە دەستەخوشك، سەرۆك چەتەکەی تر" زوئۆ" ش،کە سێ ژنی هەبوون، دەمانچەیەکی ماوزەری دایێ .

کـاتێك مائۆ هاتە ئێرە، گوئی خانمی کرد بە دیلمانجی خۆی، چونکە مائۆ شێوازی ئەو مەڵبەندەی نەدەزانی و قەتیش فێری نـەبوو . مائۆ، لێرەش، وەکو شوێنانی تری کە دواتر رووی تێدەکردن، لە رێی دیلمانجەوە خەڵکی دەدواند .

مائۆ، کە خانمی دیت، دەست بەجێ بە حەزلێکردن رووی تێکرد و، دەوروبەری سـەرەتای ١٩٢٨ بوونە ژن و مێرد، بێ هیچ مەراسیمێك و شتێك، بەڵام هەر ژنی" یوئان" نان و خوانێکی شاهانەی بەوبۆنەیەوە بۆ سازکردن . ئـەوەش لەکاتێکدا بوو کە مائۆ هەر تەنیا چوار مانگ بوو،کە لە ئووت/ ئاب " کای- هوئی"ی دایکی سێ کوڕی جێهێشتبوو . مائۆ، لەوماوەیەدا یەك جار نامەی بۆ نووسیبوو و، تێدا باسی ئێشی پێی خۆی بۆ کردبوو . هەر کە ئەم ژنە نوێیەی هێنا، ئیتر وازی لە خێزانەکەی هێنا .

بە پێچەوانەی"کای - هوئی"ی کە عاشقی شێتوشەیدای مائۆ ببوو، ئەم" گوئی- یوئان"خانمە بە نابەدڵی مێردی

بە مائۆ کرد . کیژێکی جوان لەناو ئەو هەمووە لاوانەدا، سەوداسەرانی زۆری هەبوون و، وەك بە دەستەخوشکێکی زۆر نیزیکی خۆیشی گوتووە، مائۆی تەمەن ٣٤ سالی پێ زۆر بەتەمەن بووە . "تسی- تان"ی برای بچووکی مائۆش حەزی لە "گوئی - یوئان" کردووە، گوتوویە:

"خۆ کاکم ژنی هەیە، بۆ من بێت باشترە".

کیژ، مائۆی هەڵبژارد، چونکە، وەك دواتر ددانی پێدا نا، هەستی بەوە دەکرد کە

"کەسێکی پێویست بوو، کە لەو کەشوهەوایەی سیاسەتدا بیپارێزێت".

لە دنیایەکی ژنیکەم و پیاوی زۆری تامەزرۆ و بێ دەرەتاندا، نێوانی مائۆ و گوئی- یوئان "پستە - پست"ی دەنایەوە . ئیتر مائۆ بە پارێزەوە لەگەڵیدا دەجووڵایەوە، چیتر پێکەوە نەدەچوونە شوێنی گشتی . کاتێك بەلای ئەو خانووەدا تێپەڕیبانایە کە سەربازی بریندداری تێدا بوون، مائۆ هەمیشە پێی دەگوت لەوێ لێی دوورکەوێتەوە و خۆی بەجیا بڕوات. دوای دەوری ساڵێك لەو ژن و مێردییە، ژن بڕیاری دا کە واز لە مائۆ بهێنێت. بە دەستە- خوشکێکی خۆی گوت کە بەو مێرکردنەی زۆر ناشادبوو و، هەستی دەکرد کە "بەو کارەی، قوربانییەکی زۆری دابوو". کاتێك مائۆ، یەکەم مانگی ١٩٢٩ بڕیاری دا لە مەڵبەندی چەتان دەربچێت، گوئی بێ هوودە ئەوپەڕی هەوڵی دا بێنێتەوە، لەگەڵ مائۆدا نەڕوات . تەنانەت دوور نیە بیری هەر لە جیابوونەوە لە مائۆ پتریش رۆیشتبێت . کیژ، لەو تەمەنەدا، کە هێشتا نەگەیشتبووە بیست ساڵ، کەوتبووە گەرداوێکەوە، ئەوەندە بۆ دەرچوونی لەوە بەتاسەوە بوو، ئامادە بوو خۆی بخستایەتە خەتەری کەوتنە دەست دوژمنانی" سوورەکان ". بەڵام مائۆ فەرمانی دا کە" بەهەر نرخێك بێت، دەبێت بڕێت" . کیژ، لە تەواوی ڕێگا، دەگریا و، جار دوای جار وەدوا- دەکەوت و، پاسەوانانی تایبەتی مائۆ و بە ئەسپەکەی فریای دەکەوتن .

وەزعی مائۆ لە پارتەکەدا، لە ئاپریلی١٩٢٨ـەوە ملی لە گۆڕان نا، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە هێزێکی گەورەی هەزاران پیاوی یەکەیەکی لەشکر،کە لە یاخییەکانی نانچانگ مابوونەوە، ئەوانەی کە مائۆ هەر لە سەرەتاوە چاوی تێ بڕیبوون، ئێستا خۆیان گەیاندە بنکەکەی و پەنایان پێ برد . ئەوانە، بە حاڵێکی خراپ هاتنە لای مائۆ، ئۆکتۆ- بری ساڵی پێش ئەوە، لە کەناری باشوور، بەڵێنەکەی رووسان کە چەکیان پێ بگەیەنن، هیچی لێ دەرنەچووبوو و رووس بەڵێنەکەیان بۆ بەجێ نەهێنابوون، ئیتر شپرزە ببوون . ئەفسەرێکی تەمەن٤١ ساڵ، ناوی "زهو دێ" بوو، پێشتر" سەرتیپ" (عەمید) ی لەشکر ببوو، شتێکی لەبابەتی" شەرکەری دێرینە" بوو لە ناو ئەو" سوور"انەدا،کە

زۆرتر لە ساڵانی بیستی تەمەندا بوون ."زهو دێ" چووبووە ئەڵمانیا و، پێش چوونی بۆ خوێندنێکی سەربازیی تایبەتی بۆ رووسیا، لە ناوەندی سییەکانی تەمەنیدا چووبووە ریزی پارتەکەوە. مرۆڤێکی بەکەیف و سەربازی ناو سەربازان بوو، بە هاسانی تێکەڵ بە سەربازەکانی دەبوو، لەگەڵیاندا وەکو ئەوان دەیخوارد و دەرۆیشت، تفەنگی هەڵدەگرتن،کۆڵی هەڵدەگرت، سەندەڵیی جەگەن(حەسیر)ی دەکردە پێی و کڵاوێکی حەیزەران بەکۆڵەوە. هەمیشە لە ریزی پێشەوە بوو.

مائۆ هەمیشە ویستبووی ئەو یاخییانەی نانچانگ بخاتە ژێر باڵی خۆی و، هەر سەرەتا کە هاتبووە" مەڵبەندی چەتان"، پەیامی بۆ ئەم" زهو"یە ناردبوو، داوای کردبوو کە" زهو" بچێتە لای و رەگەڵی بکەوێت، بەڵام" زهو" بەقسەی نەکردبوو. فەرمانی کە شانگهای دابووی بە "زهو" ئەوە ببوو کە راپەرینان لە گۆشەی رۆژهەڵاتی باشووری هونان هەڵبگیرسێنێت. ئەویش، بەوە کە پێبەندی پارتەکەی بوو، فەرمانی بەجێهێنابوو. راپەرینەکان، بەهۆی هیچوپووچی و دڕندەیی تاکتیکەکانی مۆسکۆ، زۆر پیس شکستیان خوارد. بەگوێرەی راپۆرتێکی ئەو سەردەمە، سیاسەتەکە وابوو کە:

"هەموو، هەرهەموو تاکێکی چینی دوژمن ( چین لە چینایەتی، نەك لە ناوی وڵات - وەرگێڕ) بکوژن و، ماڵەکەی بسووتێنن و وێران بکەن".

دروشم بریتی بوو لە:

"بسووتێنن، بسووتێنن، بسووتێنن! بکوژن، بکوژن، بکوژن!".

هەرکەسێك نەیویستبا بکوژێت و بسووتێنێت، ئەوا پێی دەگوترا:

"سەگی بەکلکەسووتەی نەجیبزادان و شایانی ئەوەیە بکوژرێت".

( وشە چینییەکە "زۆئو گۆئو" = «سەگی کە رادەکات» ـ واتا بەدەم فیتەی خاوەنییەوە، بە مەجاز: مرۆڤی بێ رەوشت، کاسەلێس- وەرگێڕ).

بۆ بەجێهێنانی ئەو سیاسەتە، پیاوەکانی زهو، دوو شاری "چێنزهۆئو" و "لێییانگ"یان بەتەواوی لەگەڵ زەویدا تەخت کردن*. ئەنجامەکەش ئەوەبوو کە راپەرینێکی تەواوی لێ پەیدابوو ـ راپەرینی دژی کۆمونیستان.

---

* یەکێك لە رووسەکانی کە لە شانگهای بوون، مۆسکۆی ئاگادارکردووەتەوە کە:

"هەمووی بەر ئاگرو شمشێر کەوت و بە راست و بە چەپدا خەڵك دەکوژران".

رۆژێك،لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا،کە بۆ ئەوە رێکخرابوو هەوڵ بدەن جووتیاران بە زۆر بخەنە سەر سووتاندن و کوشتنی پتر، جووتیاران راپەڕین و،کۆمونیستەکانی بەشداری کۆبوونەوەکەیان کوشـتن . ئیتر دێ دوای دێ و شار دوای شاری کە پیاوی" زەهو"یان تێدا بوون،کەوتنە یاخیبوون لە سوورەکان . جووتیاران، کۆمونیستەکانی شوێنەکانی خۆیان کوشتن و، پەڕۆی سووری کە دەبوو لە ملیان بهاڵاندایە دڕاندن و، پەڕۆی سپییان لە جێی ئەوە لە ملیان هاڵاند، بەوە پێبەندیی خۆیان بە نەتەوەییەکان پیشان دا .

کاتێك لەشکری نـەتـەوەییەکان تـەوژمی هێنا، زەهو دەبوو رابکات و، بە هەزاران لە خەڵکیش، خێزان و قەوم و قیلەی ئەوانەی خەریکی سووتاندن و کوشتن ببوون، رەگەڵی کەوتن . شوێنێکی تریان بۆ نـەمابۆوە . مۆسکۆش هـەر ئـەوەی ویسـتبوو : پاڵ بە جـووتیارانەوە بنێن، کاری وا بکەن کە بەوە بکەونە وەزعـێـکەوە، ئیتر نـەتـوانن بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاساییان .

" وایان لێ بکەن بچنە ریزی شۆڕش".

فەرمانی پارتەکە بوو :

" تەنیا یەك رێگا هەیە : بە ئیرهابی سوور وایان لێ بێت کاری وا بکەن کە ئیتر هیچ هەلێکیان بۆ ئەوە لەبەردەم نەمێنێتەوە کە دواتر لەگەڵ نەجیبزادە و بۆرژوایان بسازێن ."

پیاوێکی خەڵکی " لێیبیانگ" گوتی :

" من کەسێکی دژی شۆڕشم تەنبێ کردبوو( مەبەست : کوشتبوو)، ئیتر چیتر نەمدەتوانی بە ئارامی بژیم . ناچار، تازە ببوو بە کوڵەمەوە و دەبوو تاسەر لەگەڵیدا بڕۆم .... ئیتر لەبەر ئەوە بە دەستی خۆم ماڵەکەی خۆم سووتاند و ... رۆیشتم ( لەگەڵ « زەهو»دا) ."

دوای رۆیشـتنی ئەوانە، تۆڵەکردنەوە قوربانیی زۆرتریشی خستەوە . یەکێك لەو قوربانییانە، ژنێکی جەوان بوو، دایکی مائۆ کردبووی بە کچی خۆی، ناوی ( گوڵە) مێلاقە بوو . ئـەو ژنـە رەگەڵ مائۆ کەوتبوو و شـووی بە کـۆمونیستێك کردبوو و منداڵێکیان هـەبوو . هـەرچەندە وادیاربوو نـە خۆی و نـە مێردی، دەستیان لە ئەو کوشتارانەی سوورەکاندا نەبوو، بەڵام هەرکە لەشکرەکەی زەهو لە لێیبیانگ دەرچوو، سەری مێردەکەیان پەڕاند، ئـەوجا سـەرەکەیان خستە قـەفـەسێکی دار و بە دیواری شـاریانەوە هـەڵـواسی . مێلاقەش خرایە زیندانەوە . هەرچەندە ویستی پـاکانەی خۆی لە کۆمونیستان رابگەیەنێت، بـەڵام لێیان قـەبووڵ نـەکرد . لە نـامەیەکیدا بۆ خزمێکی نووسیوە :

" ئەوەندە ئازارەی دیتوومە، قەت پێم وانەبووە شتی وا هەبووبێت".

و بەتاسەوە ئارەزووی مەرگ دەکات :

" ئارەزوو دەکەم بمرم و شکەنجەم نەدەن ... چ ئاسوودەبوونێك دەبێت ئەم دنیایە جێ بهێڵم . بەڵام ئەم بێچارەیە ( منداڵەکەم)، بیرکردنەوە لەو ئێجگار زۆر ئازارم دەدا . چەندە نەخشەم بۆ پەروەردە کردنی لە سەردا بوون . رووداني ئەم هەمووە شتە قەت لە خەونیشدا نەبوو ... رۆڵەکەم نابێت گلەییم لێ بکات ...".

مێلاقە، دواتر ئیعدام کرا .

زهو، بە شێوەی پیاوێکی تێکشکاو هاتە لای مائۆ، لەکاتێکدا کە مائۆ دەیتوانی بڵێت منم کە تاقە فیرقەیەکی لەشکری کۆمونیستی بەکارم هێشتا هێشتووەتەوە، لەکاتێکدا کە هەموو بنکە سوورەکانی تر هەڵپڕیواون . هەموو راپەرینەکانی کە بە فەرمانی رووسان لە مانگەکانی رابردوودا روویاندابوو، شکستیان هێنابوو . بەناوبانگترین بنکەی سوور، " هایلوفێنگ" لە کەناردەریا لە باشوور، درەنگانی فێڤریە/ شوباتی ١٩٢٨ رووخا . ئەو ناوچەیە، لە تەمەنی دوو مانگیدا ، کە پێی‌دەگوترا" مۆسکۆی بچووك"ــ تەنانەت" مەیدانی سوور"-یشی تێدا بوو و، دەروازەی بە کۆپییەکی کرملین لێ دروست کرابووــ کە" پێنگ پای"ی رابەری بەسەرەوە بوو، ئەو پیاوەی بە خوێن تینوو*، زەویی کوشتارگەی مرۆڤ بوو . پتر لە دەهەزار کەس قەسسابی‌کران .

" دێهاتی کۆنەپەرست لەگەڵ زەویدا تەخت کران" .

---

* ئەو پیاوە، نە بێ جێ، بەم وشانەی بە « لێنین"ی هەڵگوتووە :

" قانوونی ئەو، وردەکاریی تێدا نین . بە سادەیی، بریتییە لە کوشتنی هەموو ئۆپۆزیسیۆنێك . کرێکاران و جووتیارانی، دەتوانن هەموو تاغووتانی زەوییەکان، نەجیبزادەی خراپ، خاوەنانی زەوی و، سەرمایەداران بکوژن بەبێ ئەوە هیچ پێویست بکات کەسی لێ ئاگاداربکەنەوە... ."

رژیم داوای لە خەڵك کرد :

" زگان بدڕن و کەللەسەران لەت-لەت بکەن ... لە هەر شوێنە و بێ سێ و دوو لێ‌کردن سەرببڕن . بە موتڵەق هیچ هەستێکتان نەبێت ..."، " بکوژن، بەکەیفی خۆتان بکوژن . کوشتن لە راپەڕیندا سەرتۆپی گرنگیی هەموو کارانە ." . منداڵ، بۆ " کوشتنی کۆنەپەرستان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی" پێیان هەڵدەگوترا .

لەو مەڵبەندانەی کۆمونیستانی تێکشکاو، کوشتن و سووتاندن زۆر لەوەی لای مائۆ رووی دەدا پتر بوون. مائۆ کوێری تەعەسسوب نەبوو. نەیدەهێشت پیاوەکانی دەست بۆ سووتاندنی کلیسای کاتۆلیکان (کە زۆرتر وابوو باشترین خانووبەرە بوون لە دێهات) و خانووبەرەی تری جوان ببەن و، پێی دەگوتن کە ئەوانە بۆ بەکارهێنانی خۆیان بپارێزن. کوشتن دەبوو لە جێی خۆیدا بوایە و، زیانی لە بەرژەوەندی سیاسیی بەرینتری نەدایە.

لەوبەینەدا کە "زهو دێ" دەهاتە لای مائۆ، مۆسکۆش کەوتە سەر راگرتنی "لەناوبردنی بێ ئامانج و بێ نەزم"ی - بە خولیایی زاراوەسازیی خۆی -ی "کوشتن و سووتاندنیزم". شانگهای، فەرمانی دا کە کوشتن لە ئامانجی دیارتر بکرێت. ئەمەش رێك ئەوەبوو کە مائۆ دەیکرد. مائۆ، دەرکەوت کە زیرەك و دووربین بوو و، ئەوە دیسان هێنایەوە سەر خەتی کاری پارتەکەی ــ و وەبەر دڵی پارتەکەی خستەوە. وەبەر دڵی ستالینیش. تەنانەت بەقسە-نەکردنی پارتەکەشی ئێستا بە قازانج بۆ گەڕایەوە، کە ستالین ئێستا زۆر پیس پێویستیی بە کەسێکی سەر-کەوتوو هەبوو ــ کەسێکی کە بیتوانیبا بە خۆی هەنگاوی بنایە، نەك هەر کوێرانە ملکەچ بوایە. توانای مۆسکۆ لە چین، بە روو وەرگێڕانی "چیانگ کای- شێك" لە بەهاری ١٩٢٧ کەم ببۆوە و، بە گرتنی دیپلۆماتە رووسەکان بەسەر هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی "کانتۆن"دا (کە بە کۆمونەی کانتۆن دەناسرا) لە دیسامبری ١٩٢٧ ئەوەندەی تر زیانی وێ کەوتبوو. هێندێك هەیئەتی دیپلۆماتی رووس، کە ئەوەکەی چانگشا یەکێك بوو لەوانە، داخرا-بوون و، چەتری دیپلۆماسی بەسەر زۆر لە پیاوەکانی مۆسکۆوە نەمابوون.

هەر کە "زهو دێ" گەیشت، مائۆ کەوتە سەر وەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی رەسمیی لە پارتەکەیدا و، لە ٢ی مانگی می/ ئایار نامەی بۆ شانگهای نووسی، داوای کرد کە "کۆمیتەی تایبەتی" بە سەرۆکایەتیی مائۆ خۆی پێکبهێندرێت. ئەوجا مائۆ، بە بێ ئەوە کە چاوەڕێی وەڵامی شانگهای بکات، لە ئاهەنگێکدا کە بۆ پێکگە-یشتنی مائۆ و زهو دێ رێکخرا، رایگەیاند کە مائۆ کۆمیساری پارتەکە بوو و، "زهو دێ"ش فەرماندەی ئەو هێزە بوو کە دواتر بە "لەشکری سووری زهو- مائۆ" دەناسرا. ئەوجا مائۆ، کونگرەیەکی پارتەکەی گرت، ئەندا-مانی کە تێدا بەشداربوون لەلایەن مائۆ خۆیەوە دەستنیشان کرابوون، تێدا بڕیاری دامەزراندنی "کۆمیتەی تایبەتی" بە سەرۆکایەتی مائۆ درا.

هۆیەکی تریش هەبوو کە ئەو دەسەڵاتە رەسمییەی پارتەکەی بۆ مائۆ ئەوەندە پێویست دەکرد، ئەویش ئەوەبوو کە ئەو هێزەی زهو فەرماندەیی دەکرد لە چوارهەزار شەڕکەر پێکدەهات، زۆر لەوانەی مائۆ پتر بوو، هێزەکەی مائۆ بە حاڵ لە هەزار کەس تێدەپەڕی. ئەوجا، هێزەکەی زهو، نیوەیان سەربازی تەواو بوون و ئەزموونی شەڕیان

هەبوو . مائۆ دەیویست بەو دەسەڵاتە رەسمییەی پارتەکەی، دەسەڵاتی خۆی دابین بکات . مائۆ، بۆ بە جیددی وەرگیرانی لەلایەن هێزەکەی زەهووە، کە ئەوانەی دەدیت، دەمانچەیەکی بە قەدی خۆیەوە دەکرد ، کە ئەمە یەکێك لە زۆرکەم جاران بووە کە قەت مائۆ بە دەمانچەی بەقەدەوە دیترابێت . مائۆ، بە زوویی دەمانچەکەی دا بە پاسەوا- نێکی . مائۆ بڕوای بە تفەنگ هەبوو، بەڵام خۆی پیاوی مەیدانی شەڕ نەبوو .

مائۆ، لە کاتی چاوەڕوانیی وەڵامی" شانگهای"دا ، خۆی بە ئەندامێکی چاکی پارتەکەی پیشان دەدا ، فەرمانە- کانی پارتەکەی و پشکنینە رێکوپێکەکانی قەبووڵدەکردن و راپۆرتی درێژی بۆ دەنووسین . مائۆ هێشتا گوێی بەوە نەدابوو بزانێت چەند ئەندامی پارتەکە لە ناوچەکەی هەبوون و، لە وەڵامی پشکنینەکاندا ، ژمارەی ناڕوون - و پتر لەوەی هەبوو- ی دەدان :" ئەم بەشە سەرووی سەد ئەندام"،" ئەمەیان سەرووی هەزار"ە. ئێستا ، کۆمیتە- کانی پارتەکە کەوتنە کارکردن .

ئێستا ، کەوتە سەر دابەشکردنی زەویش، کە مەسەلەیەکی مەرکەزیی بەرنامەی کۆمونیستی بوو . مائۆ پێشتر گوێی بەوە نەدابوو، چونکە ئەوە هیچ شتێکی بۆ سەپاندنی حوکمی ئەو تێدا نەبوو . ئەو هەر- سووك و سادە- بە تاڵان حوکمی کردبوو .

لەوبەینەدا ، نامەی مائۆی کە تێدا داوای مەرکەزی لە پارتەکەدا کردبوو، وەکو هەموو نامەکانی تر، بە دەستی نامەبەرێکی تایبەتی ناردرابووە مۆسکۆ و، ١٩٢٨/٦/٢٦ بە دەستی ستالین گەیشت، ئەوەش رێك لە ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی" پارتی کۆمونیستی چین"دا بوو، کە ئەوسا بە نهێنی لە شوێنێکی پەنا مۆسکۆ دەگیرا . ئەوە کە جاری یەکەم بوو کۆنگرەی پارتێکی بێگانە لە رووسیا دەگیرا ، دەریدەخات ستالین چەندە چینی بە گرنگ وەرگرتووە، ئەوەش کە رووسەکان هەڵسووراندن و هەقی سەفەری نهێنیی پتر لە سەد کەسیان لە چینەوە بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەکەدا لە ئەستۆ گرتبوو .

قسەی ستالین، لەلایەن سەرۆکی کۆمینتێرن" نیکۆلای بوخارین" ـەوە پێشکەشی کۆنگرە کرا، کە خوێندنەوە- کەی نۆ سەعاتی رەبەقی سەمت تەزێنی پێ چوو . مائۆ نەهاتبووە کۆنگرەکە . مائۆ ئیتر لەسەر ئەو قانوونە زێڕینەی تاغووتان دەڕۆیشت، کە دوای ئەوەش تەواوی ژیانی لەسەری رۆیشت : لە لانەکەت دەرمەچۆ مەگەر حەقەن پێویست بکات .

مۆسکۆ، لە ئاست مائۆدا هێندێك بەپارێز بوو ." چوو ئێن -لای"،عونسوری کلیل لە کۆنگرەدا، لە راپۆرتی

سەربازییدا گوتی کە شەڕکەرەکانی مائۆ " بەشێك لە رەوشتی چەتە" یان هەبوو، مەبەستی ئەوەبوو کە مائۆ هەمیشە بە تەواوی لەسەر رێوشوێنی دیارکراو نەدەڕۆیشت . بەڵام مۆسکۆ، وێڕای ئەوەش، بە شێوەیەکی جەوهەری، مائۆی هەر دەویست و، مائۆ لە کۆنگرەدا بە " رابەری کلیلی شەڕ" ناوبرا . حەقیقەت ئەوەبوو کە مائۆ کاراترین بەجێهێنەرێکی ئەو سیاسەتەی کرملین بوو کە ستالین، ٩ی ژوئەن / حوزەیران، خۆی بە شەخسی، دیسان بە رابەرە چینییەکانی کۆنگرەکەی گوتەوە، کە بریتی بوو لە دروستکردنی" لەشکری سوور" . ئەندامانی کۆنگرەکە، لە ماوەی ئەو مانەوەیەیان لە رووسیا، مەشقی سەربازییان پێ کرا و دوورودرێژ نەخشەی سەربازییان لەگەڵدا باسکران . ستالین،کە لە رابردوودا بانکی بڕیبوون، لێرەدا لە باسی شێوەی ساختەکاریی زۆرگەورەی گەیاندنی پارەدا، هەر بەخۆی تێ‌گلا .

مائۆ بۆ نەخشەکانی ستالین دەگونجا . لەشکرێکی هەبوو - و بنکەیەك- و ئەندامێکی کۆنی پارتەکە بوو . لەوەش پتر، پەروەندە و ناوی، لە چاوهەموو کۆمونیستانی تر، با بە بەدناوییش بووبێت، هەرە لە بەرچاو بوو . مائۆ ئەوەبوو کە ستالین دواتر بە یوگۆسلاڤییەکانی گوت کە مائۆ سەرکەش بوو بەڵام بڕەوە بوو . ئەوجا مائۆ هەرچەندی چەمووشیش بوایە، هەر پێویستیی بە پارتەکە دەبوو و، پێویستیی بە مۆسکۆ دەبوو و، ئەوەش ملی دەکێشایە بەر کۆنترۆڵی مۆسکۆوە .

داخوازییەکانی مائۆ، بە تەواوی بۆ بەجێ‌هێنران . بە گەیشتنە نوامبر، پێی‌گوترا کە ئەو ئیتر رابەری " لەشکری سووری زهو- مائۆ" و قەڵەمڕەویی بەدەوری مەڵبەندی چەتانەوە بوو . ئەوە دەرگاکردنەوەیەکی گرنگ بوو بە رووی بەرزبوونەوەی مائۆدا . مائۆ لە رووبەڕووبوونەوەدا لە پارتەکەی بردەوە ـــ و لە مۆسکۆشی بردەوە .

## ٦- جڵەوی لەشکری سوور گرتنەدەست

(١٩٢٨-١٩٣٠؛ تەمەن ٣٤-٣٦)

مائۆ، نوامبری ١٩٢٨، پێی ڕاگەیەندرا کە بە سەرۆکی لەشکری زهو- مائۆ قەبووڵ کرابوو، ئیتر دەست بەجێ کەوتە نەخشەدانان بۆ دەرچوونی بە لەشکرەکەیەوە لە مەڵبەندی چەتان و، دەستگرتن بەسەر مەڵبەندانی تر و هێزی چەکداری تردا. هۆیەکی تریشی بۆ دەرچوونی هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە ئەو ناوچەیەی ئەوی تێدابوو دەهات هێرشی بکرێتە سەر. لە ژوئەن/ حوزەیرانی ئەو ساڵە، چیانگ کای - شێك شکستی بە سەر حکومەتی پێکین هێنا و، زۆری لە چین خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و، "نانجینگ"ی کرد بە پایتەختی خۆی. سەربازانی چیانگ بە ڕێگاوە بوون، دەچوونە قەڵەمڕەویی مائۆ. مائۆ، وێڕای زۆربەی هێزەکەی، سێ هەزار کەسێك، چاردەی یەکەم مانگی ١٩٢٩ وەڕێکەوت، "زهو" شی وێڕا بوو، کە زهو ئێستا لەلایەن شانگهایەوە کرابوو بە فەرماندەی گشتیی لەشکرەکە.

مائۆ، بە پازدە مانگ مانەوەی، هیچی بەو مەڵبەندەوە نەهێشتبوو. یەکەم ئەزموونی مائۆ لە هەڵسووڕاندنی بنکەیەکدا، پیشانی دا کە جگە لە تاڵان هیچ نەخشەیەکی ئابووریی نەبوو، نەخشەکەی هەر ئەوەبوو کە دەیکردە "لێدە و ببڕە و بسووتێنە". پشکنیارێکی پارتەکە بۆ "شانگهای"ی نووسیوە:

> "پێش هاتنی لەشکری سوور... کەشێکی ژیانی ئارام و خۆش هەبوو ... جووتیاران بژیوی باشیان هەبوو ... لەوەتای هاتنی لەشکری سوورەوە شتەکان بەتەواوی گۆڕران. چونکە تاقە داهاتی لەشکری سوور لە تالانەوە دەهات ... چونکە تەنانەت بۆرژوای بچووك، جووتیاری دەوڵەمەند و، خاوەنی کسابەتی بچووکیش هەر بە دوژمن دادەنران و، چونکە دوای وێرانکاریی زۆر، هیچ گوێ بە بینا- کردنەوە، یا بە کێشەی تەنگژەی ئابووری نەدراوە، دێهات بە تەواوی نابوود بوون و، ڕۆژ بە ڕۆژ وێرانتر دەبن."

پیاوەکانی مائۆ شوێنەکەیان رووتاندبۆوە و هیچیان پێوە نەهێشتبوو و، خەڵکەکە رقیان لێیان بوو. کە مائۆ ڕۆیشت، بریندار و کۆمونیستی دەرەوەی هێزە چەکدارەکەی لەگەڵ خۆی نەبردن و، هەر لەوێ مانەوە. لەوانە، ئەوانەی کەوتنە دەست لەشکری نیزامی، شانسیان هەبوو، بەر گوللەدران و بە رەحەتی کۆتایی بە ژیانیان هات؛ بەڵام ئەوانەی تری کە کەوتنە دەست چەکدارانی خەڵکی ناوچەکە، دەردیان دراێ، ئەوانە زگیان دڕین، بە

زیندوویی ئاگریان تێ بەردان و، لەسەرەخۆ بە شکەنجە بە مەرگیان گەیاندن .

راپۆرتێکی کۆمیتەی پارتەکەی کە مابۆوە، بۆ شانگهای، باسی تاڵیی میراتی رژیمی مائۆ لای خەڵك دەکات، دەڵێت کە تەنانەت کرداری ئەو نەتەوەییانەشی کە "ماڵیان دەسووتاندن و سەرەك چەتەیان دەکوشتن" ئەوەندەیان رق لە کۆنەپەرستان نەخستووەتە دڵی خەڵکەوە . راپۆرتەکە دەڵێت کە : خەڵك هەر کە بۆیان بکرایە، وازیان دەهێنا و دەڕۆیشتن،

" ئەوانەی کە لەژێر دەسەڵاتی سووری ئێمەدان، تەبیعی ناوێرن بەلای کرداری کۆنەپەرستانەدا بچن، بەڵام جەماوەری دەرەوە( دەرەوەی کۆنترۆڵی ئێمە)، بە ژمارەی زۆر دەپەڕێنەوە لای نەتەوەییەکان ."

راپۆرتەکە خەتای خەڵکی ناوچەکە دەگرێت و دەڵێت ئەوانە " قەت باش نەبوون" .

چەتە ئەسڵەکان،کە زۆرتر خەڵکی مەڵبەندەکە بوون و لە شوێنی خۆیان مانەوە، زۆر باشتر دەرچوون . زۆربەیان لە مەرگ خەلەستن ــ بە دوو سەرەك چەتەکەشەوە" یوئان" و " زوئۆ" . هەرچەندە بەهەرحاڵ، ساڵێك دواتر، مارتی ١٩٣٠ کوژران ــ کە کۆمۆنیستەکان گەڕانەوە ئەوێ، کوشتیانن . مۆسکۆ فەرمانی دابوو بە پارتی کۆمۆنیستی چین کە " چەتەکان" هەڵبخەڵەتێنن ــ واتا بەکاریان بهێنن و ئەوجا بیانکوژن . بڕیارێك دەڵێت :

" هاوپەیمانی لەگەڵ چەتەو شتی وەهادا، هەرتەنیا لە پێش راپەڕیندا دەکرێت ." " دوای ئەوە دەبێت ئەوانە چەك بکەن و بە توندی لێیان بدەن ... دەبێت رابەرانیان، تەنانەت ئەگەر یارمەتیی راپەڕینیشیان دابێت هەر بە رابەرانی دژی شۆڕش دابنرێن . ئەو رابەرانە دەبێت بەتەواوی لەناوبدرێن ."

پیاوەکانی یوئان و زوئۆ، رایانکردە چیا دوورەدەستەکان و بوونە ئێجگار زۆر دوژمنی کۆمۆنیستان . هێزێکی سووری کە لێیان دەگەڕا بیانگرێت، لە راپۆرتێکیدا دەڵێت :

" خەڵکی ئەم شوێنانە رقیان لە ئێمە بوو و،هەموو شتێکیان بۆ پاراستنی ئەوان( چەتەکان) دەکرد."

ئەو خەڵکەی کە ژێر دەسەڵاتیی هەرتك لایان دیتبوو، دەیانزانی کامەیان پێ باشتر بوو .

مائۆ، کە لە مەڵبەندی چەتان دەرچوو، بەرێگاوە لە خۆشییان پێی وە زەوی نەدەکەوت، کەیفێکی بوو نەبێتەوە، نوکتەی بۆ یارو یاوەرانی دەگێڕانەوە . هەقیشی بوو کە وا بەکەیف بوو . ئەوە کە شانگهای و مۆسکۆ داواکانیان پەسندکردبوو، مانای ئەوەبوو دنیا بە مەیلی ئەو دەگەڕا . هەر وا بوو، رێك لەوکاتەدا، یەکەم مانگی١٩٢٩، لە مۆسکۆ، سەرۆکی" گرو" ( ئیستیخباراتی عەسکەری) " یان بێرزین" لەگەڵ " ئەپاراتچیك" ( کادیری حیزبیی

کۆمونیستی سۆڤیەت) ی بەردەستی ستالین بۆ کاروباری چین" پاڤێل میف"، کۆدەبوونەوە تا بزانن چۆن بتوانن یارمەتیی مەیدانی بە" زەو- مائۆ" بگەیەنن، کە مۆسکۆ زۆر تامەزرۆی ئاگاداریی هەنگاونانی بوو . ئەوە یەکەم جارێك بوو، ئەوەندەی پێدەزانین، کە مۆسکۆ خەریك بوو یارمەتیی بەتایبەتی بۆ" زەو- مائۆ" رێكدەخست، کە ئێستا ئیتر بەئاشکرا بە هێزی"هەرە بەهەیبەت لەناو کۆمونیستاندا" باس دەکرا . سەربازانی حکومەت بەدوویا-نەوە بوون و، چەند شەڕێکی سەختیان لەگەڵ لەشکری مائۆدا کرد ،کە لە یەکێك لەوانەدا، ژنەکەی" زەو دێ"یان گرت، دواتر لە چانگشا کوشتیان و سەرەکەیان بەسەر دارێکەوە کرد . ئا لەو رۆژانەدا کە بەخت پشتی لە زەو کردبوو، مائۆ بڕیاری دا کە دەسەڵات لە دەستی زەو دەربهێنێت . مائۆ، بە ماوەی دوو حەفتەی دوای دەرچوون لە مەڵبەندی چەتان، " فەرماندەیی لەشکر"ی زەوی نەهێشت، ئەو فەرماندەییەی کە لە شانگهایەوە درابوویێ و، هەموو دەسەڵاتی لە دەستی خۆیدا کۆکردەوە . لەوکاتەشدا کە هێزی سوور لەلایەن نەتەوەییەکانەوە هێرشی کرایە سەر، زەو تۆڵەی نەکردەوە، ئەو بەهیچ جۆرێك وەکو مائۆ نەبوو کە هەلی تەنگژەی بە قازانجی خۆی بقۆزتا-یەتەوە .

مائۆ،" شانگهای"ی لە دەست بەسەر دەسەڵاتدا گرتنی خۆی ئاگادارنەکردەوە . لەجیاتی ئەوە، بۆی نووسین کە چەندە بە شادییەوە ملکەچی فەرمانەکانی پارتەکەی بوو :

> " لەشکری سوور چۆن کاربکات ؟"،" ئێمە بەڕاستی تینووی رێنوینیین لە ئێوە، تکایە دەتوانن بە فڕکە ( ئەوپەڕی خێرا) فریامی بخەن ؟"،" بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەم ئەوپەڕی راستن . ئێمە بە هەڵبەزینی شادییەوە قەبوڵیان دەکەین". " لە داهاتوودا، هیواداریین کە« مەرکەز» هەر مانگە نامەیەکمان بۆ بنێرێت ."

مائۆ، بەو هیوایە ئەو زمانلووسییەی بۆ شانگهای دەکرد کە کاتێك بە کۆدێتاکەی لە " زەو دێ" دەزانن، لە میزاجێکی باشتردا بن لە ئاست ئەو .

هێشتا،" زەو دێ" نەیدەویست مائۆ ریسوا بکات . زەو شێتی ئارەزووی دەسەڵات نەبوو و، عەقڵی گزی و فزیشی نەبوو . ئەوجا بەوە کە نووسین بۆ شانگهای کاری سەرۆك بوو، ئەگەر زەو دێ بیکردایە، ئەوا بە مانای راگەیاندنی شەڕی دژی مائۆ دەبوو .

مانگیمارس، مائۆ دیسان شانسیهێنای،کە ئەمجارە پێوەندیی بە نەتەوەییەکانەوە هەبوو . هەرچەندە نیزیکەی ساڵێك بوو کە حکومەتێکی مەرکەزی دامەزرابوو، بەڵام چیانگ کای- شێك دوژمنی بەهێزی هەبوون و، ئێستا

هێندێك لەوانە بە شەڕ ڕووبەڕووی دەبوونەوە . سەربازانێکی کە بۆ لێدانی مائۆ ناردرابوون و نەکەوتبوونە شەڕەوە، کێشرانەوە تا بخرێنە شەڕی ئەم یاخییانەوە . مائۆ« شانگهای»ی لەوە ئاگادارکردەوە کە دوژمن لە نیوکیلۆمیتریی پشت هێزی دواوەی،" لەپڕێکدا گەڕایەوە" و وازی لێ هێنا بڕوات .

لەو سـەروبـەندەدا بوو کە مائۆ چووە ستانی " فوجیان" ی ڕۆژهەڵاتی باشووری کەناردەریا و، توانی شـاری "تینگزهۆئو" بگرێت، کە شارێکی تا ڕادەیەك گەورە بوو، بەڵام بەرگرییەکەی کز بوو . لە کەناری ڕووبارێك بوو کە پڕ لە هاتوچۆی واپۆڕی بارهەڵگر بوو . شوێنێکی دەوڵەمەند بوو و، هێڵی پێوەندیی چاکی بە ڕێگای دەریاکا-نەوە هـەبوون . خانووبەرەی بـەشکۆی ئـەوروپاییانت تێدا ڕێك لەپەنا بازاڕانێکی ڕازاوە دەدیتن کە کووتاڵی هەموو شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی باشووری ئاسیایان تێدا دەفرۆشران . مائۆ، بە تالانکردنی دەوڵەمەندان، خەزنەکەی پڕکرد و « شانگهای»ی ئاگادارکردەوە کە :

" بۆ ئازووقە،کێشەیەك نیە" و " ورە ئەوپەڕی بەرزە".

لەشکر، بۆ جاری یـەکەم بەرگی یەکشکڵی دەبەرکرد، لەو کارخانەیەی وەدەست هێنا کە بەرگی سەربازیی بۆ نەتەوەییەکان ئامادە کردبوو . تا ئەوسا، سەربازەکانیمائۆ، هەموو جۆرە بەرگێك و بە هەموو ڕەنگێك و شکڵێک-ـیان دەبەردا ببوو، تـەنانەت هەندێ جار بەرگی ژنانە یا بەرگی کەشەی کاتۆلیکانیان دەبەر دەکرد . ( کەشەیەکی ئیتالیایی ناڕەحەتی ئەوە بوو کە سوورەکان کراسە فاشیستییەکەیان بردبوو ( کراسی ڕەش - وەرگێڕ) ) . بەرگی یەکشکڵی نوێیکۆمونیستان بۆر بوو، هەمان بەرگی نەتەوەییەکان بوو بەڵام ئەستێرەیەکی سوور بە کڵاوەکەیەوە و نیشانەی سووری پێوە بوون .

ئەوەی بەرگری لە شارەکە کردبوو، سەرتیپ (عەمید) " کوئۆ "، بەگوێرەی فەرمانی تایبەتی مائۆ بە زیندوویی گیرا و دوای ئەوە کوژرا . خەڵك کۆکرانەوە ببینن کە لاشەکەی لنگەوقووچ بە دارە شابەڕوویەکەوە هەڵاوەسرابوو، لای سـەکۆیەکەوە کە مائۆ لەوێوە گوتارێکی هـەبوو، ئـەوجا لاشـەکەیان بە شـەقامەکاندا گێڕا . مائۆ، بۆ ئەوە پیشانی خەڵکی بدات کە نەزمی کۆن ئیتر هەڵگیرا و یەکی نوێ جێی گرتەوە، تەلاری شارداریی لە گەڵ زەویدا تەخت کرد .

مائۆ، بـارەگاکەی لە ڤیللایەکی بەشکۆی تەرزی کۆنی کە دەیڕوانییە ڕووبارێك دامەزراند . بەڵام خۆشیی ئەم بنکە نوێیەی مائۆ، لە مانگی می/ مایس، لە مائۆ شـێوێندرا، چونکە کسێك کە ناوی" لیئو ئان- گۆنگ" بوو، هاتە لایان، لە شانگهایەوە بۆ ئەوە ناردبوویان کە ببێت بە خاوەن مەرکەزی سێیەم لە لەشکری " زهو- مائۆ"دا .

ئان- گۆنگ، تازە لە رووسیا گەڕابۆوە، کە لەوێ مەشقی سەربازیی کردبوو . ئەوەی کە مائۆ بە " زەو- دێ"ی دەکرد و ئەو شێوەیەی کە لەشکرەکەی پێ هەڵدەسووڕاند دیت و، پێی کارەساتێك بوو، گوتی کە مائۆ :

" چلێسی دەسەڵاتە و دیکتاتۆرانەیە ــ و نەزمێکی خۆی پێکدەهێنێت و بە قسەی دەستەی رابەرایەتی ناکات ."

مائۆ، ئیتر چیتر نەیدەتوانی کۆدێتاکەی بشارێتەوە . لە ١ ی حوزەیران/ ژوئەنی ١٩٢٩ ، نیزیکەی چوار مانگ دوای قاودانی " زەو- دێ"، بۆ " شانگهای"ی نووسی کە :

" لەشکر بڕیاری دا بۆ ماوەیەك وەزیفەکەی زەو دێ بوەستێنێت"، چونکە " لە وەزعێکی تایبەتیدایە".

مائۆ، بە کردنی باسی ئەو بڕیارەی بە نوختەی ژمارە ١٠ لە راپۆرتێکی درێژی ١٤ نوختەییدا، ئەوەندی بۆی کرا هەوڵی دا بەکەمگرنگی پیشان بدات . قسەکانی تری راپۆرتەکەی، پڕ بوون لە ملکەچی و تەنانەت کلکەسووتە- کردن بۆ شانگهای . چەندە بە دەربڕینی بەتاسەوە داوای رێنوێنییان لێ دەکات :

" تکایە ... ئیدارەیەکی تایبەتی پێوەندی دابنێن"

تاکو بکرێت لەو رێیەوە پێوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ شانگهای بکات و، پێیان دەڵێت کە :

" ئەمەتا بایی دەهەزار یوئان بەنگ لێرە بۆ سندووقی دارایی دامەزراندنی ئەو ئیدارەیە هەیە".

مائۆ، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا، تەنانەت ئەوەتا بە پارەی بەنگیش، کە شانگهای دەستگرتنی ئەو بەسەر پارتەکەیدا قەبووڵ بکات .

زەو دێ، ئێستا کە " ئان- گۆنگ"یشی لەگەڵدا بوو - و نەتەوەییەکانیش پەلاماری لەشکری سووریان نەدەدا- بە گژ مائۆدا هاتەوە و، زۆربەی سەربازەکانی لەپشت بوون . خەڵکەکە مائۆیان هیچ خۆش نەدەویست . لە راپۆرتێکدا کە دواتر بۆ شانگهای نووسراوە، ئەمە دەخوێنینەوە :

" جەماوەر بەگشتی مائۆی بەدڵ نییە . زۆر لە هەڤالان بەڕاستی حەز لە چارەی ناکەن و، بە کەسێکی دیکتاتۆرانەی دەبینن . میزاجێکی شێتانەی هەیە و حەزدەکات سووکایەتی بە خەڵك بکات ."

راپۆرتەکە، بۆ هاوسەنگی، رەخنەی لە " زەو- دێ"یش گرتووە، بەڵام لە شتی بێ قیمەت، وەك :

« خۆ هەڵکێشان» و « بێ زەوقی»ی ــ کاتێك زۆر سەرقاڵ دەبوو، هەر وا بێ بیرکردنەوە داوێنی شاڵوارەکەی تا سەر رانی هەڵدەکرد، کە ئیتر دیمەنی لە هی کەسێکی لاتی دەکرد، کەسێکی بێ سەروسیما . “

هێشتا، دیموکراسی، تا رادەیەك، لە ناو کۆمونیستاندا هەبوو، زوو- زوو مەسەلەکان باس دەکران و، دەنگیان لەسەر دەدرا . نوێنەرانی پارتەکە، ٢٢ی حوزەیران/ ژوئەن کۆبوونەوە و، بە دەنگدان مائۆیان لە سەرۆکایەتیی کۆمونیستی لەشکرەکە لادا و،” زهو“یان کردەوە بە فەرماندەی لەشکر . مائۆ دواتر باسی ئەوەی کردووە کە بەوە ” زۆر تەنیا“ ماوەتەوە . مائۆ، پێش دەنگدانەکە هەڕەشەی کرد کە :

” من دەستەیەکی سەربازییم هەیە و شەڕ دەکەم!“

بەڵام بەوە کە تابیعەکانی پێش کۆبوونەوەکە چەك کرابوون، تازە هیچی لەدەست نەدەهات .

مائۆ، کە دەنگدان لە سەرۆکایەتیی خست،کەوتە سەر فێڵ و دەهۆ بۆ وەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی لەدەستچوو . نەخشەکەی وا دانا کە دەسەڵاتی بەسەر ئەو شوێنەدا بسەپێنێت کە ئەوسا لێیبوو . شوێنەکە مەڵبەندێك بوو لە فوجیان، تازە گیرابوو، نیزیکی کەنارەدەریای باشوور بوو و، هێزی سووری تەواوی خۆی لێ بوو . دەوڵەمەندترین شوێنێك بوو کە کۆمونیست قەت گرتبوویان، دەوری یەك و چارەگێك ملیۆن خەڵکی هەبوو . مائۆ، بە رابەرانی نوێی لەشکری گوت کە ئەو، دوای ئەوە کە بە دەنگدان لە رابەرایەتیی لەشکریان خست، دەیەوێت بچێت

” هێندێك کار لەگەڵ خەڵکی مەدەنی ( ناعەسکەری)ی شوێنەکەیدا بکات .“

وادیارە کەس بیری بۆ ئەوە نەچووە کە ئەو داوایەی مائۆ فێڵێك بووە بۆ دەست بەسەرداگرتنی سوورەکانی ئەو شوێنە و فەرماندەیی رێکخراوی پارتەکە لەوێ .

مائۆ، لە کەژاوەیەکدا ( کە مرۆڤ هەڵیدەگرن، لەو وڵاتە بەکاردێت، تەختی رەوان - وەرگێڕ)، لە بارەگاکەی دەرچوو، ژنەکەی و چەند کەسێکی دڵسۆزی خۆی لەگەڵدا بوون . یەکێك لەوانە دەیگوت لەیادی بوو کە :

” کاتێك رۆیشتین ... ئەسپەکانیان لێ ئەستاندین، ئیدی بەڕاستی شکڵی تاقمێکی شڕ و زەلیلمان هەبوو .“

ئەو تاقمە شڕو شپڕێوە چوونە ” جیائۆیانگ“ . مائۆ، لەوێ، لە رێی دۆستێکی دێرینییەوە، کۆنگرەیەکی سازدا . بەوە کە لەشکری زهو- مائۆ یارمەتیی دامەزرانی ئەو بنکەیەی دابوو، هەرچەندە شانگهای نەشیدابووە دەست مائۆ و دابووی بە کۆمیتەی فوجیان، مائۆ هەر کارێکی تێدا پێ دەکرا . مائۆ دەیویست کۆنگرەکە بۆخۆی بەکار-

بهێنێت و ئەو کەسانەی لەشکرەکەی کە لەگەڵیدا هاتبوون بخزێنێتە شوێنە گرنگەکانەوە .

١٠ی تەمووز/ ژووئیە، دەوری پەنجا ئەندامێك بۆ کۆنگرە لە جیائۆیانگ ئامادەبوون،کە پێیان‌گوترابوو رۆژی دوای ئەوە دەگیرا . بەڵام مائۆ ناردنی کە بچن حەفتەیەکی تەواو " هەموو جۆرە لێکۆڵینەوەیەك " بکەن، وەك کە راپۆرتێکی رێك دوای ئەوە نووسراوە باسی دەکات . کاتێك، ئاخری، ئەنجومەنی هەڤاڵان کۆبۆوە، مائۆ گوتی کە نەخۆشە و، کۆنگرە دیسان دەبوو دوابخرێت . راستییەکەش ئەوەبوو کە سکرتێرەکەی دواتر ئاشکرای‌کرد، مائۆ نەخۆش نەبوو . راپۆرت گازندەی ئەوە دەکات کە " کۆنگرە زۆری خایاند " و " سست " دەڕۆیشت و، وا " بیست رۆژی تەواو" درێژکرایەوە ـ کە ئەوجا کاتی نیزیکبوونەوەی هێزەکانی حکومەت بوو . ئا لێرەدا، راپۆرتەکە دەڵێت کە :

" دەنگوباسی ئەوە گەیشتن کە سەربازان (ی نەتەوەییەکان) دەهاتن ... کۆمیتەی بەرەی شەڕ ... نەخشەی کاری گۆڕی ... و کۆنگرە داخرا ...".

شاندەکان رۆیشتن بە بێ ئەوە دەنگ بدەن کێ چ مەرکەزێکی گرنگی بدرێتێ . هەر کە لە بەرچاو ون بوون، مائۆ خۆی ،گورج مەرکەزە گرنگەکانی دان بە دۆستە دێرینەکانی خۆی و، گوتی کە ئەوە بڕیاری کۆنگرە بووە . یەکێك لەوانەی کرد بە فەرماندەی واقیعی لەشکری سووری ئەو مەڵبەندە . تابیعانی مائۆ، هەموو خەڵکی هونان بوون و، هەر ئەسڵەن شێوازی قسەکردنی ئەم مەڵبەندەشیان نەدەزانی .

کاتێك کۆمونیستی مەڵبەندەکە پێیان زانی مائۆ چۆن دەسەڵاتی ئەوانی بەسەر مەڵبەندەکەی خۆیاندا نەهێشت، ئێجگار زۆر تووڕەبوون . ساڵی دوای‌ئەوە دەیانویست لێی یاخی ببن، بەڵام مائۆ بە لێدانێکی‌خوێنین لەناوی‌دان .

لەکاتی کۆبوونەوەی کۆنگرەکەشدا، ئەندامانی کۆنگرە دیار بوو کە لە مائۆ دەترسان و ناخۆشیان دەویست . راپۆرت دەڵێت :

" کاتێك مائۆ لەوێ دەبوو، بەدەگمەن کەس قسەی دەکرد "

بەڵام کە مائۆ لەوێ نەدەبوو

" بە گەرمی دەکەوتنە باسەوە و، وەزع ئێجگار زۆر دەگۆڕا."

مائۆ بەرەسمی دەسەڵاتی بە سەر ئەو لقە ناعەسکەرییەی پارتەکەیدا نەدرابوێ . ئەو لقە دەکەوتە بەر دەسەڵاتی کۆمیتەی ستانی فوجیان . نوێنەران داوایان کرد ئەو کۆمیتەیە بێتە کۆنگرەکەوە تاکو لە مائۆیان بپارێزێت . بەهەرحاڵ، راپۆرتێکی دوای ئەوە بۆ تێگەیشتنی حاڵ، دەڵێت :

" نامەبەرەکەمان گیرابوو، نامەکەمان ون ببوو، ئیتر کەسێکی کۆمیتەی ئێمە نەبوو کە ... کۆنگرەکە رێنوێنی بکات."

راپۆرتەکە باسی ئەوەی نەکردووە کەگومان هەبووبێت دەستێکی پیس لە ئەوکارەدا بووبێت، بەڵام ئەوە ئیتر ئەوسا باو بوو کە پچڕانی پێوەندی کاتێك بۆ مائۆ پێویست بوایە روویدەدا .

مائۆ، هەر کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر قەڵەمڕەویی نوێیدا سەپاند، ئەمجارە کەوتە ویزەی " زهو دێ". بۆ ئەوە، "لین بیائۆ"ی لە دەستەودایرەی زهو بەدەستەوە بوو . لین بیائۆ، گەنجێکی سەرەتای بیستەکانی تەمەن بوو، دوورەپەرێز و تاق . هەر لەوەتای ساڵی پێشترەوە کە پێی خستبووە مەڵبەندی چەتان، مائۆ زۆر ئاگاداری ببوو . لین بیائۆ،بە سێ سیفەتی سەرنجی مائۆی راکێشابوو . یەکەمیان مەیل و توانای سەربازیی،کە هەر لە منداڵییەوە حەزی کردبوو بچێتە لەشکرەوە . ژیانی لە ئەکادیمیای سەربازیی" نەتەوەییەکان" لە" وهامپۆئا" زۆر بەکەیف ببوو، شارەزایەکی چاکی ستراتیجیعەسکەری بوو و، توانای لە شەڕدا پیشان دابوو . سیفەتی دووەم ئەوەبوو کە خۆی بە دەقی رێوشوێنی کە باو بوون نەدەبەستەوە . وەکو ئەفسەرە گەورەکانی تر لە سۆڤیەتی نەخوێندبوو و، لە دیسپلینی کۆمونیستیدا نەخووسابوو . لە لەشکرەکەی " زهو دێ"دا، زۆر کەس دەیانزانی کە لین بیائۆ هێندێك تاڵانی بۆخۆی گل دەدانەوە، لەوانە : ئەنگوستیلەی زێڕ و، کە سووزەنەکی هەبوو . سێیەم، کە لە هەمووی پتر دڵی مائۆی پێوە بوو، ئەوەبوو کە لین بیائۆ زۆر رقی لە " زهو دێ" هەڵگرتبوو، چونکە " زهو دێ" سەرزەنشتی کردبوو و، ئەوە بۆ ئەوی کە ئەوەندە بەخۆی دەنازی قووت نەدەچوو .

هەر کە لین هاتە ئاراوە، مائۆ خۆی لێ نیزیك کردەوە و، بوو بە هەڤاڵی و، دڵیشی بەوە بەلای خۆیدا هێنا، کە پێی گوت گوتار پێشکەشی سەربازەکانی بکات، کە ئەوە رێزلێنانێك بوو، مائۆ لەگەڵ کەسی تریدا نەکردبوو . ئیتر لێرەوە مائۆ دۆستایەتیی لەگەل" لین"دا دەست پێکردو پەرەپێدا . ئەوەبوو دوای چەند دەساڵێك،مائۆ کردی بە وەزیری بەرگری و بە کەسی دووەمی رژیم، بە جێگری خۆی . مائۆ لەو هەمووە ساڵانەی نێوانی گەرمیدا لەگەڵ لین، زێدە نازی رادەگرت، رێگای دەدا گوێ بە رێوشوێن و ئوسووڵ نەدات، پووچی و غرووری هەڵدەنا و، لە بەرانبەریشدا هەمیشە دەیتوانی لە پیلانەکانیدا حیساب بۆ هاوکاریی لین بکات .

یەکەم هاوکاریی مائۆ و لین، کۆتایی تەمووز/ ژووئیەی ١٩٢٩ روویدا، کە نەتەوەییەکان هێرشیان هێنا . زهو، بەوە کە فەرماندەی گشتیی هێزی چەکدار بوو، نەخشەی شەڕی دانا و، بڕیاری دا کە هەموو هێزەکان ٢ی مانگی هەشت کۆببنەوە . بەڵام کە ٢ی هەشت هات، هێزی ژێر فەرماندەیی لین دیار نەبوو . ئەویش و مائۆ و

هێزەکەی " فوجیان"ی کە تازە کەوتبووە ژێر فەرمانداەیی مائۆوە، خۆیان لە مەیدان دوورگرت و نەهاتن. هێزی ئەو دووانە وێکڕا، نیوەی هەموو هێزی چەکداری کۆمونیستانی پێکدەهێنا، کە ئەوسا سەرووی شەش هەزار کەسێك دەبوو. ئیتر زهو دەبوو بە نیوەی هێزی کە چاوەڕێی دەکرد شەڕ بکات. زهو بەو حاڵەش، هەر لە شەڕەکەیدا درێغیی نەکرد و چاك شەڕی کرد.

بەڵام کە زهو نیوەی لەشکرەکەی بە قسەی نەکات، مانای ئەوەیە فەرماندەیی کارای پێ‌ناکرێت. ئیتر لەو چەت تێکەوتنەی کاری لەشکری سووردا، دڵسۆزانێکی پارتەکە و پیاوانێکی لەشکری سوور داوایان لە شانگهای کرد چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە.

لەم کاتەدا، پیاوی هەرە گرنگی رابەرایەتیی پارتی کۆمونیستی چین لە شانگهای " چوو ئێن- لای" بوو. " هسیانگ چونگ - فا" ناوێك، بە رەسمی سکرتێری گشتیی پارتەکە بوو، بەڵام هەر بە ناو سکرتێر بوو، هەر چونکە کوڕی کرێکارێکی حەوزێکی کەشتیسازی بوو و، ئیتر ناوی کوڕە پڕۆلیتار دەیگرتەوە، ناوی سکرتێری گشتییان دابوویە. بەڵام بڕیار بە دەست کەسانێك بوو کە مۆسکۆ ناردبوونی و، زۆرتریان رووس نەبوون، ئەورووپایی تر بوون. کاربەدەستانی یەکەم بریتی بوون لە" گێرهارت ئایزلەر"ی ئەڵمان ( کە دواتر بوو بە سەرۆکی جاسووسانی سۆڤیەت لەئەمریکا) و، پۆڵەندییەك کە بەناوی" ریلسکی" ناسرابوو. ئەوانە حیساباتی پارەی پارتە-کەیان بەتەواوی و بە هەموو وردەکارییەکەوە بەدەستەوە بوو و، پەیوەندیی بە مۆسکۆشەوە. هەموو بڕیارێکی سیاسەت و چاودێریی بەجێهاتنی بەدەست ئەوانە بوو. راوێژکارانی مۆسکۆ سەرپەرشتیی کاری سەربازییان دەکرد. چینییە هاوکارەکانیان ئەوانەیان بە " مائۆ زی" " ناودەبرد، واتا " تووکن"، چونکە لە چینییەکان تووکنتر بوون، مووی پتر بە لەشیانەوە هەبوو، ئیتر زۆر وادەبوو چینییەکان کە لە ناوخۆیاندا قسەیان دەکرد، کە دەهاتنە سەر باسی ئەوانە، هەر دەیانگوت: تووکنە ئەڵمانەکە، تووکنە پۆڵەندییەکە، تووکنی ئەمریکایی و... ئیدی. یەکێك لەوانە، وادیارە کووڕ بووە، ناویان ناوە" تووکنی قەنبوور". ئەو تووکنانە فەرمانەکانیان لە ڕێگای " چوو ئێن- لای"ەوە دەگەیاند، " چوو ئێن - لای" ی کە دواتر چارەگە سەدەیەك سەرەکوەزیرانی مائۆ بوو و، ئیتر لەدنیادا بەناوبانگ بوو. بەڵام " چوو ئێن-لای" ی راستەقینە ئەو سەرەك وەزیرە دیپلۆماتە بە ئەدەب و ناسکە نەبوو کە بێگانە دەیاندیت، کادیرێکی بێ بەزەیی دەستگای پارتی کۆمونیست و دەروێشێکی وشکی عەقیدەی کۆمونیستی بوو. تەواوی ژیانی، بە ئەوپەڕی دووریی لە هیچ حەیایەکی

شەخسی، لە خزمەتی پارتەکەیدا بوو .

چوو ئێن-لای، کە ساڵی ١٩١٧، ساڵی هەڵگیرسانی شۆڕشی بۆڵشەفی، لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا بۆ خوێندن چووە ژاپۆن، ئەوسا بۆ جاری یەکەم لەوێ بە بیروباوەڕی کۆمونیزم ئاشنا بوو . دواتر، کە لە ئەورووپای ڕۆژئاوا دەیخوێند، بڕیاری دا بچێتە ریزی پارتی کۆمونیست، ساڵی ١٩٢١ چووە ریزی لقی پارتی کۆمونیستی چین لە فەرەنسا . لەوێ، بوو بە ئیمانداریکی زۆر دلگەرم و، ئەوەش لە رەوشتیدا دەبینین کە بووە بە چ زاهیدێك . لاوێکی قۆز بووە و سەرنجی خانمانی راکێشاوە و، دڵی ئەویش بە هیچ جۆرێك ئەوە نەبووە کە جوانیی ئەو خانمانە کاری تێ نەکردبێت؛ لە سەرەتای گەیشتنە فەرەنسای، زۆری لێ بیستراوە کە چەندە شەیدای جوانیی خانمانی ئەوێ بووە :

" ئەم کیژانە چ جوانن! ... ژنی ئێرە (پاریس) چەندە دڵڕفێنن ."

بەزوویی کیژێکی سێکسیی بۆخۆی گرت و، چوو زۆری حەز لێ دەکرد . بەڵام هەر کە چووە سەر ئایینی سوور، ئیتر ئەویش وەکو زۆر ئیماندارانی تری بڵاوکەرەوەی ئایینی کرد : هاوسەری نەك بە ئەڤین بەڵام بە لێنۆڕینی هاوڕێیەکی ڕێگای گەیاندنی پەیامی ئاینەکەی هەڵبژارد .

زۆر ساڵانی دواتر، چوو لە یەکێك لە زۆرکەم لەحزە لە ژیانیدا کە دڵی خۆی تێدا بۆ کەسێك کردبێتەوە، بۆ برازا(یا خوشکەزا)یەکی خۆی گێڕایەوە چۆن ئەو ژنەی هێناوە . باسی ئەو کیژەی کرد کە دڵی سەندبوو و گوتی :

" کاتێك بڕیارم دا هەموو ژیانم بۆ شۆڕش تەرخان بکەم، هەستم کرد کە ئەوە بۆ هاوسەری تەواوی ژیانم نەدەبوو . "

ئەو پێویستی بە هاوسەرێك هەبوو کە وەکو خۆی، ژیانی بۆ شۆڕش تەرخان بکردایە

" ئیتر ئەوەبوو کە ئامۆژنت (یا خاڵۆژنت)م هەڵبژارد ."

" دەستم پێکرد نامەم بۆ نووسی . بە نامە نێوانمان دامەزراند . "

چوو، تەمەنی ٢٧ ساڵ بوو، کە ئەو کیژە چینییە ٢١ ساڵەی بە بێ دڵداری هێنا . کیژ دەروێشێکی پارتی کۆمونیست بوو، ناوی " دێنگ یینگ - چائۆ" بوو، سادەیەك بوو و، ناسك و نازەنین نەبوو .

چوو، چالاکێکی سەخت و ماندوونەناس، تەنانەت هەستی بە سەرماش نەدەکرد، بەڕێوەبەرێکی چاك و، کار-هەڵسووڕێنەرێکی زۆر زیرەك بوو . مۆسکۆ دیتی و، ئەرکی ئێجگار زۆر گرنگی پێکهێنانی لەشکری کۆمونیستی چینی پێ سپارد . ساڵی ١٩٢٤ ناردیانەوە چین و، بەزوویی بوو بە بەڕێوەبەری بەشی ئیدارەی سیاسیی

ئەکادیمیی سەربازیی" وهامپۆئا"، بنکەی پەروەردەی ئەفسەرانی نەتەوەییەکان، کە رووسەکان دایانمەزراندبوو.
کاری نهێنیی چوو ئێن-لای لێرە ئەوەبوو، کۆمونیستان بخزێنێتە شوێنە بەرزەکان، بەو نیازە کە ئەگەر رۆژی لێك- جیابوونەوەی کۆمونیستان و نەتەوەییەکان هات، بتوانێت بەشێکی لەشکری نەتەوەییەکان بۆ پارتی کۆمونیست بەرێت ــ کە ئەوەبوو لە مانگی ئاب/ ئووتی ١٩٢٧دا کردی، کاتێك چیانگ کای - شێك لەگەڵ کۆمونیستانی تێکدا، ئەم یاخیبوونی" نانچانگ"ی رێکخست. کە چیانگ یاخییەکانی لە کەنار دەریای باشوور تێکشکاند، چوو ئێن- لای، لەوکاتەدا بە دەم لەرزی مالاریاوە کە ئەوسا گرتبووی، بێ وچان هاواری دەکرد : " هێرش بەرن، هێرش بەرن " . هـەڤاڵەکانی خستیانە واپۆڕێکی بچووکەوە و گەیاندیانە " هۆنگ کۆنگ"، کە دەریای رێگایان ئێجگار زۆر تووش بوو، تەنانەت خۆیان لە دیرەکی واپۆڕەکە بەستەوە تاکو گلۆری ناو دەریا نەبنەوە .

دوای ئەوە، چووە شـانگهای و، لە سەرەتای ١٩٢٨ـەوە لەوێوە کاروباری رۆژانەی پارتەکەی بەرێوەدەبرد . هەر وەك هاوکارانی شاهیدیی بۆ دەدەن، لە شـێوەی بـەرێوەبردنی کار لەو هـەلومەرجە نـهێنییەدا، دەرکەوتووە کە بلیمەتێك بووە . لەو هاوینەدا چووە رووسیا و، پێش کۆنگرەی شەشەمی پارتی کۆمونیستی چین لەوێ، ستالینی دیت . چوو، لە کـۆنگرەدا دیار و زاڵ بوو و، نـە کـەمتر لە سێ راپـۆرتی ئـەوپەڕی گـرنگی پێشکەش کردن و، سکرتێریی کۆنگرەی کرد . مەیدانی کاری زۆر بەرین بوو : " ك گ ب "ی چینیی*، بە سـەرپەرشتیی مۆسکۆ، دامەزراند و، بووە رابەری تیمی کوشتنی تایبەتیی کەسان . بـەڵام کاری سـەرەکیی، بریتی بوو لە رێکخستنی لەشکری سووری چین .

دیسپلین و ملکەچیی تەواو و کۆیلەیی‌کردن بۆ مۆسکۆ، لەو سیفەتانەی " چوو ئێن- لای" بوون، کە دەیانکردە " ئـەپاراتچیك" ( کارمەندی حیزب)ی نموونەیی، رووس ئـەگەر دارکارییشیان بکردایە، ئەو دەیگوت مەمنوون .
ساڵانی دواتر، کە " چوو" سەرەك وەزیرانی مائۆ بوو، زۆر وادەبوو خۆی وا نزم دەکرد، بە زمانیکی ئەوەندە خۆ سووك کردن دەدوا، ئەوانەی ئەوەیان دەدیت، بە رادەیەك هەستیان بە خـەجاڵەتی لەو دیمەنە دەکرد، کە بە تەواوی پێی دەپەشۆکان . ئەو، لە چەند دەساڵ پێشترەوە ملی لە رەخنەلەخۆگرتنی خۆ سووك کردنانە نابوو، ساڵی ١٩٣٠ گوتبووی :

" من ... حەزدەکەم هەموو پارتەکە هەڵەکانم ببینێت و مەحکووم بکات ."

---

* ئەمیش وەکو هاوتا رووسییەکەی، چەند جار ناوی گۆڕدرا و،ئێمە لێرەدا هەر پێی‌دەڵێین" ك گ ب ی چینی".

و پەیمانی دا کە لە چاپەمەنیی پارتەکەدا رەخنە لە " هەڵە گەورە و بەنەزمەکانی" خۆی بگرێت. جارێکیان، لە کۆبوونەوەیەکدا، یەکێك لە ئەڵمانەکانی کە مۆسکۆ ناردبوونی، کە وێدەچێت رەگی ئارەزووی خۆشکەنجدان (ماسۆخیزم)ی " چوو ئێن-لای"ی بەدیکردبێت، گوتی:

" کە بێتە سەر هەڤاڵ " ئێن-لای"، ئێمە - تەبیعی - دەبیت هێندێك بە قوونیدا بکێشین. بەڵام نەك ئەوە کە بە شەقێك تووڕی دەینە دەرەوە. دەبێت ئیسلاحی بکەین و، سەیرکەین بزانین ئایا هەڵەکانی راست دەکاتەوە."

چوو ئێن- لای لە وێ دانیشتبوو و قووتی دا و هیچی نەگوت.

چوو ئێن- لای، وێ ناچێت مەیلی ئەوەی لەسەردا بووبێت کە ببێتە ژمارە ١؛ ئەو خۆی کەسێکی خاوەنی پرۆگرامێکی خۆی نەبوو، کەسێك بوو کە دەیویست فەرمان لە کەسێکی سەرووی خۆیەوە وەربگرێت. وادەبوو زۆر درێژدادڕ دەبوو. یەکێك لەوانەی خوارووی، ساڵانی ١٩٢٠ی، دەڵێت:

" هەر کە دەستی بە قسەدەکرد، ئیتر وەستانی نەبوو. قسەکانی روون بوون، بەڵام پێزێکیان نەبوو. وەکو ئەوەبوو دەرس بە منداڵانی خویندگەیەکی سەرەتایی بڵێت."

دەکرا حەوت یا هەشت سەعات لەسەریەك قسەی بکردایە، بەوە گوێگرانی بە رادەیەك ماندوو دەکرد کە خەو دەیبردنەوە.

پێبەندیی چوو ئێن- لای و، ئەوەش کە بێگومان پیاوێکی بەتوانا بوو، هۆی سەرەکیی ئەوەبوون کە مۆسکۆ ساڵی ١٩٢٨ هەڵیبژارد ببێت بە سەرۆکی پارتی کۆمونیستی چین، کە بەوە، چارەسەرکردنی کێشەی لەشکری " زهو- مائۆ"ش دەکەوتە لای ئەوەوە. ئیتر بە فەرمانی مۆسکۆ، ١٩٢٩/٨/٢١ نامەی بۆ لەشکرەکە نووسی، تێدا بەتەواوی پشتگیریی لە مائۆ کرد و، هەموو رەخنەکانی لێ رەتکردنەوە. بەدڵنیایی باسی ئەوەی کرد کە مائۆ " بە هیچ شێوەیەك ئاغایانە نەبووە."

لابردنی" زهو دێ"ی لە شوێنەکەی بە کارێکی راست دانا. " ئان - گۆنگ"ی ناردراویان، کە قسەی دژی مائۆ کردبوو، بانگ کرایەوە کە بگەڕێتەوە و، زوو دوای ئەوە لە شەڕێکدا کوژرا.

مائۆ، هەرچەندە هەموو رێوشوێنێکی کاریشی پێشێل کردبوو، بەڵام شانگهای دەسەڵاتی هەر بۆ سەلماند. مائۆ سەرکێش بوو، بەڵام برەوە بوو. تاسەی هەڵگەڕانی بۆ سەروو، ئارەزوویەکی وەهای بۆ دەسەڵات دەنواند کە بۆ چین هێنانە ژێر رکێفەوە پێویست بوو، بەتایبەتی لەو حاڵەدا کە هێزی کۆمونیستان هەر لە چەند هەزار کەسێك

پێکدەهات، لە بەرانبەر چەند ملیۆن کەسی هێزی نەتەوەییەکانی دژیاندا .

لێرەدا، دوو شتی تر بە قازانجی مائۆ هاتنەکایەوە . دووهەزار کیلۆمیتر لە باکووری ئەو شوێنەی مائۆ، رووس دەستیان بەسەر رێگای شەمەنەفەری رۆژهەڵاتی چین لە مانچوریادا گرت . رێگای ١٥٠٠ کیلۆمیتری شەمەنەفەر، کە لە سیبیریاوە بە رۆژهەڵاتی باکووری چیندا تا ڤلادیڤۆستۆک دەچوو . لەلایەکی ترەوە، لەو بەشانەی قەڵەمڕەویی چینی کە لەبەردەستی بێگانەدا بوون ( وەك باس کرا، بە رەسمی هەر هی چین بوون، بەڵام بەکردار بە ناوی ئیمتیازان جۆرێك موستەعمەرەی بێگانە بوون - وەرگێڕ)، زۆر گەورەترەکەیان، دەوری یەك هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە، ئەوەبوو کە مۆسکۆ بە میرات لە سەردەمی قەیسەری رووسیاوە لەبەردەستیدا مابۆوە . رووسیای کۆمونیست سەرەتا بەڵێنی دابوو کە دەست لە ئیمتیازەکانی لەو قەڵەمڕەوییە هەڵبگرێت، بەڵام قەت بەڵێنەکەی نەبردە سەر*. چینی (حکومەتی نەتەوەیی - وەرگێڕ) هاوینی ١٩٢٩ دەستیان بەسەر ئەو رێگایەی شەمەنەفەری رۆژهەڵاتی چیندا گرت .

مۆسکۆ، لەشکرێکی بە ناوی " لەشکری رۆژهەڵاتی دوور"، بە فەرماندەیی مارشاڵ بلیوخەر، پێکهێنا، کە پێشتر راوێژکاری سەرەکیی چیانگ‌کای- شێك ببوو . مۆسکۆ خۆی بۆگرتنی مانچوریا ئامادەکرد." ستالین"یش کەوتە باسی رێکخرانی راپەڕینێك لە مانچوریا، تاکو شاری گەورەی سەرەکیی باکووری مانچوریا " هاربین" دەست بەسەردا بگرێت و :

" حکومەتێکی شۆڕشگێڕی تێدا دابمەزرێندرێت ."

ستالین، بە گوێرەی رەوشتی خۆی، نیزیکەی بێ ئەوە هەر ئاگای لەخۆی بێت، لە دوو کەواندا نووسی :

" کوشتاری خاوەن زەوییان بکەن ... ."

مانگی نوامبر، سەربازانی رووس ١٢٥ کیلۆمتر چوونە مانچوریاوە، گرتیان .

مۆسکۆ دەیویست پارتی کۆمونیستی چین، بە شێوەیەك، لەشکری حکومەتی چین لەو شەڕەدا سەرقاڵ بکات .

بۆ ئەوە، فەرمانی بە پارتی کۆمونیستی چین دا کە :

---

* سەرۆکی کۆمینتێرن " بوخارین"، بە ئەو رێگای شەمەنەفەرەی دەگوت"« قامکی ئیشارەت»»ی شۆڕشگێڕمان کە ئیشارەت بۆ چین دەکات ". ئەو رێگایە، رێگای سەرەکیی گەیاندنی پارە و پشتگیریی رووسیا بوو بە کۆمونیستەکانی چین .

108

" هەموو پارتی و خەڵکەکە بخەنە گەڕ، کە ئامادە بن بە چەك لەسەر یەکێتی سۆڤیەت بکەنەوە" .

ئا لە ئـەم چوارچێوەیەی خزمەت کردن بە بەرژەوەندی دەوڵەتی رووسیادا بوو کە پێویستیی دەوری مائۆ تێدا زۆر گرنگ دەهاتە بەرچاو . چوو ئێن-لای، لەو نامەیەیدا کە مائۆی هێنایەوە سەرکار، رایسپارد کە حەقەن

" یەکەم و گرنگترین ئەرکی سەرشانی تۆ ئەوەیە کە مەڵبەندی شەڕی گەریلا پەرەپێبدەیت و، لەشکری سوور بەرین بکەیت ... ."

نۆی ئۆکتۆبر، مەکتەبی سیاسیی سۆڤیەت کۆبۆوە، ستالینیشی تێدا ئامادە بوو، " ناوچەکانی مائۆ تسی تونگ" ( بە بێ ناوهێنانی زەو)ی بە گرنگترین شوێنانێك ناوبرد، بۆ بەرینکردنی مەڵبەندی شەڕی گەریلا، لە کێشەی رێگای شەمەنەفەری مانچوریادا .

مۆسکۆ، بە هۆی شتێکی تریشەوە مائۆی ئەوەندە بۆخۆی جیا دەدیت، ئەویش کێشەی " ترۆتسکی"ی مووی لووتی ستالین بوو، کە کەمێك پێش ئەوە لە سۆڤیەت دەرکرابوو( چویبووە تورکیا پێش چوونی بۆ مەکسیك، هەر لەسەرەتاوە لە باسی چیندا دژی سیاسەتی ستالینی یارمەتیدانی کومێنتانگ ببوو- وەرگێڕ) . ترۆتسکی تابیعا- نێکی کەم بەڵام چالاکی لە چین هەبوون و، پرۆفیسۆر " چێن تو- هسیو" ی سەرۆکی پێشووی پارتی کۆمونیستی چین، کە پێش دوو ساڵ لەلایەن مۆسکۆوە کرابووە قۆچی قوربانی، شتی وای لێ دەدیترا وەك مەیلی لای ترۆتسکییەکانی هەبێت . چێن، بە ئاشکرا دەیگوت کە دژی ئەو هەڵوێستە بوو کە بۆ مەسەلەی رێگای شەمەنە- فەرەکە پشتگیری لە مۆسکۆ بکەن ــ گوتی ئەو هەڵوێستە

" مەگەر خەڵك هەر وا لێ بکات پێیان وابێت کە ئێمە لەسەر هەوای روبل سەمادەکەین" .

ستالین، ترسی ئەوەی هەبوو کە چێن، ئەو هەمووە قورساییەی مێژووی هەیبوو، بخاتە پاڵ ترۆتسکییەکان . پیاوەکانی مۆسکو لە شانگهای نیگەرانی ئەوە بوون، مائۆی کە " چێن" مورشیدی تەریقەتی ببوو، وە دووی مورشیدەکەی بکەوێت .

لەبەر هەمووئەو شتانە بوو کە رووس پشتی مائۆیان گرت و، لە هۆیەکانی راگەیاندنیاندا ئەوەندە گەورەیان کرد . لە چەند مانگی گرنگی کێشەی مانچوریادا، نە کەمتر لە چوار گوتار لە رۆژنامەی " پراڤدا "ی زمانحاڵی پارتی کۆمونیستی سۆڤیەتدا لە بارەی مائۆوە بڵاوکرانەوە، کە بە زوویی مائۆیان تێدا بە " رابەر" ناودەبرد ( بە رووسی :" ڤۆژد" ، هەمان وشەی کە بۆ ستالین بەکاردەهێنرا) . قەت هیچ کۆمونیستێکی چین پێش ئەوە ئاوا بە شانوباڵیدا هەڵنەدرابوو ــ بە سەرۆکەکانی مائۆشەوە،- بڵێین- سکرتێری گشتیی پارتییەکەش .

کاتێك فەرمانی "چوو ئێن- لای" بۆ هێنانەوە سەرکاری مائۆ گەیشت،" زهو دێ " و هەڤاڵانی فەرمانی "شانگهای"یان بەجێهێنا و نامەکەیان خستە دەستی مائۆوە . مائۆ ئەوسا لە ڤیللایەکی زۆر جوانی دوو نهۆمدا دەژیا کە جۆرە دارخورمایەك ( یا دارێکی لەوبابەتە palm- وەرگێڕ) لە حەوشەیدا هەبوو . بە ئاسوودەیی دەبردە سەر، زۆر شیری دەخواردەوە ( کە بەدەگمەن خەڵکی چین وا دەکەن) و، هەر رۆژە یەك کیلۆی تەواوی گۆشتی گای بە گۆشتاو دەخوارد و، یەك مریشکی تەواویش بەسەردا . مائۆ کە بەو زمانەی خۆی ئەو ژیانەی باس دەکرد، دەیگوت :

" من دەتوانم زۆر بخۆم و زۆر بڕیم".

نامەکە، مائۆی زۆر شادکرد. لەسەر ئەو هەمووە پێشێلکارییەی رێوشوێنی حیزبی و، کارشکێنییەی لە ئاست هەڤاڵانیدا، نەك هەر بەهیچ جۆرێك سزانەدەدرا، بگرە ئەوەتا بەرزیش دەکرایەوە . سەرکەوتووانە، مانگێکی هەر وا لەو دێیە بەسەربرد، لە چاوەڕێکردنی ئەوەدا بوو کە شانگهای سوجدە بە" زهو دێ" بەرێت .

ئەو رۆژانە، مائۆ"گوئی- یوئان"ی ژنیشی لا بوو و، ژن و مێردێکیش لە تابیعەکانی . مائۆ لەگەڵ ژناندا باسی سیاسەتی نەدەکرد، حەزی دەکرد لەگەڵیاندا ا بحەسێتەوە و خاو بێتەوە . دوای شیوخواردن، مائۆ و ژنەکەی و ئەو ژن و پیاوە، وێکڕا بە پیاسە تا سەرپردێك دەچوون، بەسەر جۆگە ئاوێکی پڕ لە شیناییەوە، لە دوا رووناکیی ئەنگۆرەیان دەنۆڕی . کە دنیا دەکەوتە تاریکی، جووتیاران لە دەم ئاوەکە مەشخەڵی لە دارەکەژیان هەڵدەکردن . ماسی بە هەزاران روویان لە رووناکیی مەشخەڵان دەکرد و، جووتیار دەکەوتنەگرتنیان، بە تۆڕ و تەنانەت هەر وا بە دەستیش . مائۆ زۆر حەزی لە خواردنی سەری ماسی دەکرد، باسی ئەوە هەبوو کە خواردنی سەری ماسی بۆ کاری مێشکی مرۆڤ باش بێت . بە رۆژ، لای پەنجەرە دادەنیشت، شتێکی ئینگلیسیی بەو ئاوازە قورسەی ستانی"هونان"ی چینییەکەی خۆی دەخوێندەوە،کە هەڤاڵەکانی کەیفیان پێ دەهات . ئەو خوێندنەوە شەقویەقەی، بێ ئەوە کە قەت هەوڵ بدات هێندێك باشتری بکات، بۆ زاخاوی مێشکی بوو، پێی دەحەسایەوە .

" زهو دێ" وهەڤاڵانی، وەك کە " شانگهای" یان لێ ئاگادارکردووەتەوە، کە دیارە نیگەران بووە،

" پەیتا- پەیتا نامەیان بۆ مائۆ دەنووسی کە بگەڕێتەوە"

بەڵام مائۆ لەو شوێنە نەدەبزووت، تا درەنگانێکی مانگی نوامبر، کە زهو- دێ سەربازی بۆ ناردن، بەرەسمی، بە پیشاندانی جۆرە ملکەچییەکی، لەگەڵ خۆیان هێنایەوە .

٢٨ی نوامبر، مائۆ نامەیەکی بۆ شانگهای نووسی،

کە چوو ئێن- لای بە " گیانی زۆر ئەرێنی" ی نامەکە و ڕاگەیاندنی ئەوە کە

" مائۆ فەرمانەکانی مەرکەز بەتەواوی قەبووڵ دەکات "

هەتابڵێیت شاد بوو . بەڵام مائۆ لوقمە قازییەکەی کردبووە بەشی مۆسکۆ . دابەزیبووە سەر پرۆفیسۆر" چێن"ی کۆنە مورشیدی خۆی و، بە " دژی شۆڕش"ی ناوبردبوو و، پێشنیاری کردبوو

" شاڵاوێکی پرۆپاگەندە لە دژی ڕێك بخرێت".

مائۆ، " ترۆتسکی"ی هەر بەناو ناوبردبوو و هێرشی کردبووە سەر .

ئەوجا سەربازان، ڕۆژانە گوێیان لە گوتاری گەرمی مائۆ دەبوو بۆ

" پشتگیریی یەکێتی سۆڤیەت بە خەباتی چەکدار" .

مائۆ، ئێستا کە" زهو" ی خستبووە ژێردەستی خۆیەوە، هەر بە ناو هێشتبوییەوە و، لەشکرەکەش هەر لێ گەڕا بە ناوی " لەشکری زهو - مائۆ" بمێنێتەوە . مائۆ، بەوە، هەم مۆسکۆی ڕازی دەکرد و، هەم" شانگهای"ی کە بەتایبەتی بانگی " یەکێتی"ی دەکرد و، هەم ناو و مەرکەزی کە " زهو" لای سەربازەکان هەیبوو کەڵك لێ وەردەگرت . زهو نیزیکەی نیو سەدە هەر بەناو گەورەپیاوێکی ڕژێمی مائۆ مایەوە، تا هەردوکیان ساڵی ١٩٧٦ چەند حەفتەیەك لە نێواندا مردن ( زهو ٦ی مانگی حەوت مرد و، مائۆ ٩ی مانگی نۆ . " چوو ئێن- لای"یش پێش ئەوان ٨ی یەکەم مانگی هەمان ساڵ مرد- وەرگێڕ) .

هەرچەندە زهو وابووە تووڕەیی و دڵتەنگیی خۆی لەو وەزعەی دەربڕیوە . لە فیوریە/ شوباتی١٩٣١، بۆڵەبۆڵی لای ڕابەرانی سەربازیی کردبوو، گوتبووی کە ئەو

" هەر بازیچەیەکی دەستی مائۆ بوو، هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو و، مائۆ بازیی پێ دەکرد".

ئەو قسانەی زهو گەیەندرابوونەوە مۆسکۆ، بەڵام ڕووس بە هیچ جۆرێك قامکێکیشیان بۆ سنووردانانێك بۆ مائۆ نەبزواند .

گەڕانەوەی مائۆ بۆ سەر وەزیفەی فەرماندەیی، دیسامبری١٩٢٩ لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی نوێنەرانی هێزەکانی لەشکریدا، لە شارۆچکەی گوتیئان ڕاگەیەندرا . مائۆ، بۆ ڕێ بڕینەوە لە ناڕازیبوونان، فێڵبازییەکی کرد . مائۆ دەیزانیکە ئەوەی سەربازان هەرە ڕقیان لێ بوو، ئیعدامکرانی ئەو سەربازانە بوو کە لە سەربازیکردن ڕایاندەکرد. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئەو سەردەمە بۆ شانگهای :

" هەرجارە لەشکر بیویستایە وەرێبکەوێت، چەند راکردوویەك لە سەربازی ئیعدام دەکران و بۆ ترساندنی ئەوانی تر لاشەیان لەسەر رێگا دادەنران ببینرانایە".

ئەمەش، لەوبەینەدا، دەریدەخات هێشتنەوەی سەربازان لە لەشکری سووردا، بە پێچەوانەی هەموو لاف وگەزافی کە لەسەریەك- لەسەریەك لێدەدران، دەبێت چەندە زەحمەت بووبێت . راستییەکەی، وێ ناچێت ئیعدامکردنیش کەڵکێکی هەبووبێت، ئەوەتا راپۆرتەکە دەڵێت :

" بەڵام هێشتا هەر ناتوانین پێش بە راکردنی سەربازان لە سەربازی بگرین ".

مائۆ، لە گوتیئان، بەشێوەی - بڵێین- جۆرە ئـاهەنگێك، بڕیاری نەهێشتنی ئەو سـزایەی ئیعدام کردنی لەسەر راکردن لەسەربازی، پێشکەشکرد . ئەوە مائۆی لای سەربازان ئێجگار زۆر خۆشەویستکرد . کەچی، دوای چەند مانگێك، کە بڕیارەکانی گوتیئان بڵاوبوونەوە، ئـەو بڕیارەی تێدا نـەبوو . کە مائۆ جێی خۆی قایمکرد، ئـەمیش نەما . ئەوەی لە لەشکر رایبکردایە، ئیعدام دەیگرتەوە .

مائۆ، بەو فریودانەی ئـەندامانی کـۆبوونەوەکەی گوتیئان، بەوە کە بە باسی نـەهێشتنی سـزای ئیعدام لەسەر راکردن لە خزمەتی سەربازی شادیکردن، توانی بە مەبەستی خۆی بگات : تێپەڕاندنی بڕیارانێك بۆ مەحکووم- کردنی هەرچی کۆسپێك بوو لە نێوان ئەو و دەسەڵاتی موتڵەقدا، لەوانەش بەتایبەتی دەنگی ئەفسەرانی حیرفەیی لەشکر . مائۆ عەسکەری حیرفەیی نەبوو . زەو عەسکەری حیرفەیی بوو . مائۆ، بە دابی سۆڤیەت، مارکەیەکی سووککردنی لێرەدا داهێنا:" لێنۆڕینی سەربازیی پەتی"،کە ئیتر حوکمەکەی دەهاتە سەر ئەوە کە زێدە بە گرنگ وەرگرتنی حیرفەییەتیی سەربازی کارێکی باش نەبوو . مائۆ، نەریتی دەنگدانی لەو حیرفەییەتیی سـەربازییەش پتر رق لێ بوو، چونکە خۆی ئەوەی دیبوو کە بە دەنگدان لە مەرکەز خرابوو . ئیتر مارکەیەکی سووکی بۆ ئەمیش دیتەوە، ناوی نا " زێدە- دیموکراسی" ( ئولترا- دیموکراسی) و، هەڵیگرت، کۆتایی پێ هێنا .

مائۆ، ئارەزووی ژیانی خۆش لە خوێنیدا بوو، لەکاتێکدا کە زەو هەر سەربازی سەربازئاسایی دەژیا . هەستی نەفرەت لە ئیمتیازان، لە لەشکردا زۆر بـەهێزبوو، چونکە زۆر لەوانەی لەشکر، سیحری دروشمی " یـەکسـانی" هێنابوونییە ریزەوە، کە ئەوە ئیتر دروشمی سەرەکیی پارتەکە بوو . مائۆ، بۆ بێدەنگ کردنی ئەوانە، زاراوەیەکی بۆ سـووككردنی ئەوەش داهێنا، ئەوانەی کرد بە داواکارانی" یـەکسانیی موتـڵەق"، بەو " موتڵەق"ـە کاری لێ شپرزەکردن . ئیتر لە رۆژی داهێنانی ئەم زاراوەوە،" ئیمتیاز هەبوون" بوو بە بەشێك لە " کۆمونیزمی چینی"ی کە نەدەکرا نکوڵیی لێ بکرایە .

کە ساڵی ١٩٣٠ سەری لە ئاسۆ دەردەهێنا، تەمەنی مائۆ تازە دەبوو بە ٣٦ ساڵ و، دەیتوانی زۆر لە یەك ساڵی رابردووی خۆی رازی بێت . پارتەکەی گەورەترین لەشکری سووری دەرەوەی ئەوەی سۆڤیەتی دابووە دەست، دوای ئەوەی کە هەموو ئاساو رێسایەکیشی پێشێل کردبوو . مۆسکۆ و شانگهای، روون و ئاشکرا، بەرتیلیان دەدایێ، واتا پێویستییان پێ هەبوو . ئیتر دەیتوانی ئەو وەزعەی بۆ پتر وەدەستهێنان بەکاربهێنێت .

"ئێستا من بۆ کوێ دەچم ؟ "

ئەو پرسیارە، شیعری ئێستای مائۆ بوو، کە بەسەر ئەسپەکەیەوە، بە سەر قەوزەی رێگای لێرێکدا، بە مینگەوە لەبەرخۆیەوە دەیگوت . مائۆ بەتەواوی دەیزانی بۆ کوێ دەچوو : بۆ دەستبەسەرداگرتنی پتر .

## ٧- دەسەڵات وەگیرهێنان دەبێتە هۆی مەرگی ژنی دووەم

## (١٩٢٧-١٩٣٠؛ تەمەن ٣٣ - ٣٦)

چیانگ کای- شێك، دوای ئەوە کە ١٩٢٨ حکومەتێکی نەتەوەیی لە" نانجینگ" بە ناوی حکومەتی هەموو چین دامەزراند،کەوتە سەر یەکخستنی لەشکرە زۆرە ناوچەییەکانی کە بەدەست دەسەڵاتدارانی ستانەکانیانەوە بوون، ویستی یەك لەشکری یەکگرتووی نەتەوایەتیی لەوانە بە فەرماندەیی خۆی پێکبهێنێت . ئەو خاوەن هێزانە، بە هاوپەیمانییەك، زۆر بەتوندی رووبەڕووی بوونەوە و، سەرەتای ١٩٣٠ هەرکام لە هەردوولا بە سەدانهەزار شەڕکەریان خستە مەیدانەوە . ئەو شەڕەی نێوان ئەوانە دەرفەتێکی باشی بۆ پارتی کۆمونیستی چین رەخساند کە هێزی سەربازیی خۆی و بنکەکانی بەرین بکاتەوە .

مۆسکۆ کەوتە سەر بیرکردنەوە لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی کۆمونیست لە چین . چوو ئێن-لای، مارتی ١٩٣٠، بە راپۆرتێکی تەواوەوە لە بارەی لەشکری سووری چین، چووە مۆسکۆ . راپۆرت باسی ٦٢٧٠٠ کەسی ئەو لەشکرەی دەکرد، کە بە سێزدە فیرقە( ئەو دەڵێت سێزدە لەشکر) رێكخراون و، لە هەشت ستانانددا بوون . گەورە-ترینی ئەوانە " لەشکری زهو- مائۆ" بوو،کە بەناوبانگترینیان بوو و، لەسایەی وەدەستهێنانی بنکە گەورەکەیەوە، ژمارەی گەیشتبووە نیزیکەی پازدەهەزار کەس، یەك لە چوار ی هەمووی . هەبوونی بنکەی سەربازی، دەرگای بەرین کردنی لەشکر بوو . ئەگەر بنکە هەبوونایە، کۆمونیست دەیانتوانی خەڵك بە سەرباز بگرن .

کە " چوو ئێن-لای" لەوێ نەبوو،کەسێك رابەریی" شانگهای"ی دەکرد، هونانیی هاو ستانی مائۆ بوو، کە پێشتر لە پلەی خوارووەوە ببوو، ناوی" لی لی- سان" بوو . " لی لی- سان"، بە رێکخستنی کرێکاران ناوی پەیداکردبوو، چالاکێکی خوێنگەرم بوو( دەوڵەتی فەرەنسا بە هۆی چالاکیی لەناو کرێکاراندا لە فەرەنسای دەرکردبوو- وەرگێڕ ) و، زۆر بە حەماس داوای بەرینکردنەوەی قەڵەمڕەویی سووری دەکرد . لەم کاتەی ئەم رابەرییەیدا، نەخشەیەکی بەتەمای زۆر، دانرا، کە بۆ گرتنی بەشێکی گرنگی ناوەندی وڵات بوو، کە شارە گەورەکانی وەك " نانچانگ" و " چانگشا"ی بگرتایەتەوە و، کە حکومەتێکی سوور لە جەرگەی چین، لە " ووهان"ی کەناری " یانگتسی" دابمەزرێندرێت . مائۆ، فەرمانی دراییَ کە بچێت " نانچانگ"ی پایتەختی " جیانگکسی" بگرێت .

مائۆ، کەسێکی واقیعبین بوو . دەیزانی کە لەشکری سوور، لەگەڵ ئەوەشدا کە نەتەوەییەکان گیرۆدەی شەڕی ناوخۆ بوون، هەر نـەیدەتوانی هیوای بە گرتنی شارە گەورەکان و پارێزگاری لێکردنیانی هەبوایە . مائۆ، سـەرەتا پیشانی دا کە نـەیدەویست دەست بداتە ئەو کارە، بـەڵام هەر چەند رۆژێکی کەم دوای ئەوە، لەپڕێکدا گومانی رەوی و، بۆ زوو بەجێهێنانی کەوتە سەر ئـاگر . دیارە ئێستاش هەر بڕوای بە بەجێهێنانی ئەو کارە نەبوو، بەڵام ئەوەی بە بیردا هات کە ئەو خـەیاڵپڵاوەی " شانگهای" بۆ خۆی بقۆزێتەوە، لەو رێگایەوە دەست بە سەر دووەم گەورەترین لەشکری سووردا بگرێت، کە بەدەست " پێنگ دێ- هوئای"ـەوە بوو .

پێنگ، بە تەمەن پێنج ساڵ لە مائۆ بچووکتر بوو . لە گوندێکی هەمان مەڵبەندی زێدی مائۆ، لە ستانی" هونان " لەدایك ببوو . دواتر تا بە پلەی یـەکەم وەزیری بـەرگریی چینی کـۆمونیست بـەرزدەبێتەوە و، دەبێتە تیژترین و ئازاترین رەخنەگر لەو رژێمەدا و، ئەوەی بە نرخی مەرگێکی لەسەرەخۆ و ئێجگار زۆر بەئێش لەسەردەکەوێت .

پێنگ، بە دەم و بە چاوێکی کەهەمیشە خەمبارییان لێدەباری زۆری دەگوت، دڵی زۆر لای هەژاران و پێشێل-کراوان بوو . پێنگ، بە پێچەوانەی زۆرترینی رابەرانی کـۆمونیست، منداڵییەکی زۆر هەژاریی دیتبوو و، ئەوە زامی قـووڵی تێکردبوو . کاتێك دایکی مردبوو، برا گچکە تەمەن شەش مانگانەکەی لە برسان مردبوو . پێنگ، چەنددەساڵ دواتر، باسی منداڵیی خۆی نووسی :

> " لە وشکە سەرمای زستاندا، کە خەڵك جلوبەرگ و پێڵاوی بە ناوئاخنی گەرمیان هەبوو، من و براکانم سەندەلیی پووشمان دە پێدەکرد، کە پێی رووتمان بەدەرەوە بوو و، جلوبەرگمان لە پووشی خورما( یا هی داری وەك ئەو) بوو، وەکو مرۆڤی سەرەتایی بووین ( ..) کاتێك من تەمەنم دە ساڵ بوو، هیچ بژیوێکمان نـەبوو . سەری ساڵی نوێ، کە ماڵە دەوڵەمەندان سەر-گەرمی تەقوتۆقی ئـاگربازی بوون، دەنکێك برنج لە ماڵی ئێمەدا نـەبوو . ئیتر دووەم برا-گەورەکەم لەگەڵ خۆم برد و، بۆ جاری یەکەم کەوتینە سواڵکردن ."

پێنگ،دەڵێت کاتێك گەڕاونەتەوە ماڵ، لە برسان بووراوەتەوە . رۆژی دوای ئەوە، شەرمی بەخۆی بووە بچێت سواڵ بکات، نەچووە . نەنکی، تەمەن حەفتا ساڵ، بە دوو پێی دە بەنددا، پەڕی داوەتە چنگی براکانی،کە یەکێکیان هەر تـەنیا سێ ساڵی تەمەن بووە و، بە شـەلە شـەل لەگەڵ خۆیدا بردوونیەتە سـەرشـەقام و سواڵیان کردووە . پێنگ، دواتر لە باسـی ئەوەدا گوتوویە کاتێك دیتوویە لە بـەفردا لە بەرچاوی ون بوون، وای هـەستکردووە کە چەقۆی

تیژ لە دڵی راکراون و، رووی‌کردووەتە چیا، هێندێك ئێزنگی هێناوەتەوە و داویە بە پاکەتێك خوێ. ئەو ئێوارەیە، لەو برنجەی نـەخواردووە کە نەنکی بە سواڵ هێناویەتەوە و، هەموو گریاون.

کـاتێك تەمەنی پـازدە سـاڵ بووە، قـاتی رووی لە گوندەکەیان کردووە و، زۆرکەسی تێدا لە برسان مردوون. رەگەڵ کەسـانێك کەوتووە، کە هـەڵگەڕاونە سەربانی عـەنباری ماڵی دەوڵـەمەندێك و، کەوتوونەتە هـەڵدانەوەی خشتەکانی، تاکو دەربیخـەن کە بـرنجی تێدا شـاردووەتەوە، شتێکی کە دەوڵەمەندەکە نکوڵی لێ کـردووە و، ویستوویانە ناچاری بکەن شتێکیان لێ بداتێ. ئیتر ناوی چووەتە سەر لیستی داواکراوانی پۆلیس و، ناچار رایکردووە. سـاڵی ١٩١٦ چووەتە ریزی لەشکر ی هونان و بووە بە ئەفسەر. گەورەکان وا بووە بۆ نان خواردن دەعوەتیان‌کردووە و، لە دەعوەتەکەدا کیژۆڵەش بۆ بەکارهێنانی جنسی پێشکەش‌کراون، کیژۆڵەی کە بە زەحمەت تـەمەنیان سـەرووی دە سـاڵ بووە. کیژێکی سێزدە ساڵە، پێی‌گوتووە کە گەوادێك زۆر پیس لێی‌داوە، چونکە قەبووڵی نـەکردووە خۆی بداتە ئـەفسەران. پێنگ ئەو کیژەی ئازادکردووە و، دوای ئەوە قـەت نـەچووەتە ئەو دەعوەتانە. ئیتر، مەیلی بە لای کۆمونیستاندا چووە تاکو - بە وشەی خۆی -

"دەرەتانێك بۆ هەژاران بدۆزێتەوە".

پێنگ، رێك دوای سەری ساڵی ١٩٢٨، بە نهێنی چووە ریزی پارتی کۆمونیستی چین. ژووئیە/ تەمووزی ئەو ساڵە لە لەشکری نەتەوەییەکان دەرچوو و ٨٠٠ پیاویشی لەگەڵ خۆیدا برد. پارتەکەی فەرمانی دایێ کە بچێتە لای مائۆ، کە هێشتا نیزیك و لە مەڵبەندی چەتان بوو. پێنگ، دیسامبر گەیشتە ئەوێ، ئەوە رێك ئەو کاتە بوو کە مائۆ خۆی بۆ رۆیشتن دەپێچایەوە. مائۆ، کە سامانی ئەو قەڵایە گرنگترین سەرمایەی بوو، دەیویست کەسێکی لێ بمێنێتەوە.

مائۆ، چنگی لە پێنگ گیرکرد و، پێی‌گوت بمێنێتەوە مەڵبەندەکە بپارێزێت ــ کارێکی مەحکووم بە شکست. دوای رۆیشتنی مائۆ لەوێ، لەشکری حکومەت بە لێشاو هات و، هێزەکەی پێنگ، بە ناڵی عەلی بۆی دەرچوو، دەبوو بە بەفری قورسدا، بە باریکە رێی حەیوانانی‌دڕندەدا، بە هەڵگەڕان بە شیوی قووڵدا و بە خشین رێ ببڕن.

مائۆ لەوساوە ئیتر "پێنگ"ی بە ژێردەستەیەکی‌خۆی دادەنا و، پێنگ نارازیبوونێکی لەوە دەرنەدەبڕی. بەڵام شانگهای بە رەسمی ئەوەی وا دانەنابوو، دەسەڵاتی مائۆ لەوەی بەسەر "لەشکری زهو- مائۆ" دا پتر نەدەڕۆیشت. لە زووی ساڵی ١٩٣٠دا، کە مۆسکۆ و شانگهای، بە ئامادەکاریی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کۆمونیست لە چین، هـەموو لەشکری سـووریان رێك‌خستەوە، لەشـکرەکەی "پێنگ" یان لەوەی مائۆ سـەربەخۆ کرد، کە ئەو

لەشکرەی پێنگ بە شێوەیەکی سەیر گەورە ببوو،گەیشتبووە پازدەهەزار کەس ـــ هەمان ژمارەی لەشکرەکەی مائۆ . سەربازەکانی پێنگ، سەربازانی ئێجگار زۆر چاك و پێبەندی یەکدەستەیی بوون . پشکنیارێکی پارتەکە "شانگهای"ی لەوە ئاگادارکردەوە کە لەشکرەکەی پێنگ :

"بەرزترین ورەی هەیە . سەربازەکانی، فەرمان بەجێ‌دەهێنن، زۆر بە زیپکوزاکوونن،گیانێکی بەرزی هەڤاڵەتییان لەناودا هەیە و، زۆر ئازان ... زۆر پێبەندی "پێنگ دێ - هوئای"ـن . برینداریان، دوای چارکردنیان لە خەستەخانەی پشتەوەی لەشکر، ئەوپەڕی پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە دیسان بچنەوە لەشکرەکە(ی پێنگ) ... زۆر کەم کەسی لێی رادەکەن . "

مائۆ، بڕیاری دابوو کە دەبوو حەقەن دەست بەسەر هێزە هەڵبژاردەکەی "پێنگ"دا بگرێت . ئا لەبەرئەوەبوو کە لەپڕێکدا ئەو هەمووە ئارەزووەی هێرش‌کردنە سەر "نانچانگ"ی دەربڕی . مائۆ، ئەگەر لەوێ بوایە، لەجیاتی ئەوە کە وا ئەوەندە لە باشوور لەسەر سنووری نێوان دوو ستانی جیانگکسی و فوجیئان بوایە،ئەوا بە سەدان کیلۆمیتر لە هێزەکەی پێنگ نیزیکتر دەبۆوە، کە ئەو هێزە نیزیکی ئەوێ بوو . نەخشە نهێنییەکەی مائۆ ئەوەبوو کە لەشکرەکەی خۆی و ئەوەکەی پێنگ پێکەوە بن، چونکە ئیتر ئەوە تاقە رێگایەکی لەبەردەمی بوو بۆ ئەوە کە دەستی بە سەر پێنگ و لەشکرەکەیدا بگرتایە .

مائۆ، بە پارتەکەی گوت کە ئەوەتا فەرمانەکەی بەجێ‌دەهێنێت و دەچێتە نانچانگ . وەڕێکەوت و چوو،کۆتایی تەمووز گەیشتە قەراخ شاری نانچانگ، چەند تەقوتۆقێکی کەمی کرد و رۆیشت، لەشکرەکەی بردە چانگشا، کە پێنگ تازە، ٢٥ی تەمووز، گرتبووی .

چانگشا، تاقە پایتەختی ستانێك بوو کە سوورەکان گرتیان و، یازدە رۆژ بە دەستی "پێنگ"ـەوە مایەوە،کە حکومەتێکی کۆمونیستیی تێدا راگەیاند و، مەرکەزەکەشی لە خانووی "ئەنستیتوی بایبل ( کتێبی پیرۆزی مەسیحی)ی ئەمریکایی" دانا . ئەو سەرکەوتنەی ، زەنگی خەتەری لە پایتەختەکانی رۆژئاوا لێدا، بەتایبەتی لە واشنتۆن، کە بۆ جاری یەکەم کۆمونیستەکانی چینی بە هێزێکی جیددی تۆمارکرد . هۆیەکی ئەوەش ئەوە بوو کە چواری تەمووز دەریاوانێکی دەرەجەی یەکەمی ئەمریکایی "سامۆیل ئێلکین"، لەسەر کەشتییەکی ئەمریکایی (یوئێس‌ئێس‌گوام)، لە رووباری کسیانگ بە گوللەی هێزەکەی "پێنگ" کوژرا، ئەو هێزەی کە لە رێگای چوونە سەر چانگشا بوون و لەگەڵ ئەو کەشتییەدا لێیان بوو بەشەڕ . ئەوە یەکەم کەسێکی لەشکری ئەمریکایی بوو کە لە شەڕی دژی‌کۆمونیستە چینییەکاندا دەکوژرا . کەشتییە تۆپخانەدارەکانی چوار دەوڵەت، زۆرتر ئەوەی ئەمریکا

( یو ئێس ئێس پالۆس)، بە تۆپبارانکردنی چانگشا، دەورێکی زۆر گرنگیان بۆ وەدەرنانی پێنگ لەو شارە لە ٦ی ئووت/ ئابدا گێڕا .

نـاوەندی ئووت/ ئاب، پـەیامێك لەپـڕێکدا هـەر وەکو جندۆکە لە بـەردەمی پێنگ هـەڵتۆقی : وا مائۆ دێت " یارمەتیت بدات " . مائۆ، ١٩ی ئووت/ ئاب نامەیەکیشی بۆ شانگهای نووسی کە : دەستم لە گرتنی نانچانگ هەڵگرت تاکو بچم فریای پێنگ بکەوم ــ و تێدا نووسی کە پێنگ لە تەنگانەی گەورەدایە و

" زیانی زۆری وێ کەوتووە و کوشتەی زۆری داوە ."

پێنگ پەیامەکەی وەڵامدایەوەو زۆر بە روونی پێی گوت کە نەخێر نەوەڵڵا نە لە تەنگانەدام و نە هیچ و نە یارمەتیم دەوێت . بەڵام ئەو وەڵامەی لای مائۆ هیچی نەکرد . مائۆ ئەمجارەیان پەیامی بۆ نارد کە وەرە یارمەتیم بدە، کەوا خەریکین بچین شاری" یۆنگهە" بگرین، کە دەکەوتە نێوانی هەرتکیانەوە، لە سـەد کیلۆمیترێکی رۆژهەڵاتی چانگـشا بوو .

کە پێنگ ٢٣ی ئوووت/ ئاب خۆی گەیاندە لای مائۆ، مائۆ رایگەیاند کە ئیتر لەشکرەکەی پێنگ تێکەڵ بە لەشکرەکەی خۆی ( مائۆ) بوو و، پێنگ کرا بە جێگرەوەی فەرماندەیی لەو شوێنە و، خرایە ژێر فەرمانی" زهو دێ " .

مائۆ، بۆ ئەوە کە هۆشی شانگهای ( و مۆسکۆ) لەم کارەی بە لایەکی تردا وەرگێڕێت، گوتی کە یەکگرتنی ئەو دوو لەشکرە بۆ هێرشی دووەمی گرتنی چانگـشا پێویست بوو ــ هێرشێکی کە هەرتك هەم پێنگ و هەم زهو دێ دژی بوون، پێیان وابوو هەلی سەرکەوتنی لەبەردەم نـەبوو، چونکە چیتر عونسوری بە غەفڵەت بەسەردادانەکەی، شتێکی بۆ ئەوە کە" پێنگ" شارەکەی بۆ بگیرایە زۆرگرنگ بوو، لە دەست درابوو .

بەڵام مائۆ پێی لەسەر داگرت و،" شانگهای"ی دڵنیاکردەوە کە ئەو دوو هێزە یەکگرتووە دەتوانن بە هاسانی

" چانگـشا بگرن و ... ئەوجا بەسەر « ووهان»دا بدەن و راپەڕینێك لەسەرتاسەری چین هەڵگیرسێنن ."

مائۆ، بۆ وروژاندنی پتری ئـارەزووی وەهمی شانگهای، ویستی تێی بگەیەنێت کە گرتنی " ووهان" نیزیکە و، ئەوجا دامەزراندنی حکومەتێکی سوور وێڕا . بە شێوەی نووسینی ئەوپەڕی زمانلووسی بۆی نووسین کە :

" تکایە، با مەرکەز بفەرموێت ووهان بگیرێت و دەست بە ئامادەکاریی رێکخستنی حکومەتێك بکرێت ."

راستیەکەش ئەوەبوو کە مائۆ هەر ئەسڵەن نیازی نیزیکبوونەوەشی لە ووهان نەبوو .

بە هـەمان شێوە، پێشی وا نەبوو کە چانگشای بۆ دەگیرێت . بەڵام هەر بۆ ئەوە کە هێزەکەی پێنگ بۆ خۆی باشتر بتوێنێتەوە، فەرمانی هێرشی سەر" چانگشا"ی دا . نەتیجەکەشی هەر وەك کە بە مۆسکۆ راگەیەندرا، بریتی بوو لە :

" زیانی گیانیی ئێجگار زۆر . "

زیانە زۆرەکەش هەر لە هێزی پێنگ کەوت، چونکە پێنگ زۆر بە جیددی فەرمانی هێرشی سەر شاری بەجێ-دەهێنا ، بەڵام مائۆ وانەبوو و، خۆی لە شەڕی جیددی نەدەدا ." گایلیس"ی سەرۆکی " گێ رێ ئو" ( رێکخراوی ئیستیخباراتی لەشکری رووس) لە چین، مۆسکۆی لەوە ئاگادارکردەوە کە

" مائۆ هەر سەیری دەکرد."

دوای سێ حەفتەی ئابڵۆقەی شار،مائۆ فەرمانی واز لێهێنان و کشانەوەی دا و،گوتی کە هێزەکەی"پێنگ"یش واز بهێنێت و لەگەڵی بڕوات . ئـەفسەرانی هێزەکەی پێنگ زۆر دژی ئەو فەرمانە بوون، نـەیاندەویست بەجێی-بهێنن و، هێندێکیان هەوڵیان دا هەر لە لەشکرەکە دەرچن . ( لەشکری سووری چین، وەکو لەشکری حکومەتی چینیش، وەك لەشکرێکی نوێی لێ نـەهاتبوو کە فەرمان تێدا بێ چەندو چۆن بەجێبهێنرایە) . مائۆ، بەزوویی بە کوشتن کەوتنە گیانی ئەوانە و لەناویدان .

مائۆ، ئەو ئابڵۆقەدانەی ئەو شارەی زۆر بۆخۆی بەکارهێنا . دەنگوباسی ئەو ئابڵۆقەیە سەردێڕی رۆژنامەکانی پێکدەهێنا و، مائۆ ئەوەی بۆ بەرزبوونەوەی ناوی خۆی و گەیشتنە هەرەسەروو بەکاردەهێنا . هەر کە ٢٣ی ئووت / ئاب دەستی بەو ئابڵۆقەیە کرد،" کۆمیتەی شۆڕشگێڕی هەموو چین"ێکی راگەیاند،کە هەموو لەشکرە سوورە-کان و لقەکانی پـارتی کۆمونیست دەکەونە ژێر فەرمانییەوە و، کۆمیتەکە بە سـەرۆکایەتیی مائۆ خۆی بوو و، باسی ئەوەی بۆ رۆژنامەکانیش نارد .

مائۆ، دوو مانگ پێش ئەوە، ٢٥ی ژوئەن/ حوزەیران، دوو پەیامی بۆ رۆژنامەکان ناردبوو، کە خۆی تێدا بەو ناونیشانە باسکردبوو . وێدەچێت هیچ رۆژنامەیەك نـەیویستبێت ئەوانە بڵاوبکاتەوە، بەڵام مائۆ توانیویە بە شێوەی ئاگاهی ( ئیعلان ) تێیانپەڕێنێت . وەڵامی شـانگهای، ١ی ئووت، ئـەوەبوو کە رایگەیاند مـەرکـەزی سکرتێری گشتیی پارتەکە (بەناو) هی" هسیانگ چونگ - فا" بوو . بەڵام مائۆ گوێی بەو قسانە نەدا و، درێژەی بە بەکارهێنانی ئەو ناوەی دا کە خۆی لەخۆی نابوو .

بەڵام مائۆ لەسەر ئەوە سزا نەدرا . ئەو دەوڵەتە سوورەی کە مۆسکۆ دەیویست لە چین دایمەزرێنێت، پێویستی بە رابەرانی تینووی دەسەڵات هەبوو و، تینووترین کەسێك بۆ دەسەڵات کە بەدەستەوە بوو مائۆ بوو . لە ٢٠ی سیپتامبر/ ئەیلوول ، ئەندامێتیی ئیحتیاتی مەکتەبی سیاسی( پۆلیت بیرۆ)کەیشی درایەوە و، بەوە رێگا ی بۆ بەرزترین وەزیفە لە دەوڵەتی سووری داهاتوودا بۆ کرایەوە . مۆسکۆ ئەوەی رەت کردبۆوە کە" ووهان" بکرایە بە مەرکەزی دەوڵەتی سوور، فەرمانی بەوە بوو کە دامەزرانی لە

" گەورەترین مەڵبەندی بەئاسایشی لەشکری سوور" ــ کە " جیانگکسی ی سوور" * بوو، بوایە .

خەتای ئەو شکست و زیانە قورسەی کە بەهۆی ئابلۆقەدانەکەی" چانگشا"وە بەسەر لەشکری سوور هات، بەسەر" لی لی- سان "ی واز وازیدا شکێنرایەوە . لی- سان، گوتبووی کە" ئەرکی نێونەتەوایەتی" ی سەر شانی رووسیا پێویستی دەکرد کە لەشکری بۆ یارمەتیدانی سوورەکانی چین بناردایە . ساڵی پێش ئەوە،کاتێك رووسیا چوو مانچوریای گرت، ئەم بانگی ئەوەی کردبوو کە

" بە چەكهەڵگرتن بچن بەرگری لە یەكێتی سۆڤیەت بکەن"،

ئێستاش، نۆرەی سۆڤیەت بوو، کە ئەویش بە هەمان هەڵوێست چاکەی بدایەتەوە و، لەشکری بناردایەتە چین . ئەو قسانەی، لە کەللەی ستالینیان دابوو،گومانی ئەوەی لێدەکرد ویستبێتی پێی بکێشێتە شەڕ لەگەڵ ژاپۆندا . لی- سان، بەوەش ستالینی لە خۆی پڕ کرد کە گوتی" مغوولستان"،کە رووسیای سۆڤیەتی لە چینی سەندبوو، دەبوو ببێتە بەشێك لە چینی سوور . کۆمینتێرن، ٢٥ی ئووت/ ئاب، " لی- سان"ی مەحکووم کرد، بە

" دوژمنانە بوونی بەرانبەر بۆلشەڤیزم و دوژمنانەبوونی بەرانبەر کۆمینتێرن ."

لە مانگی ئۆکتۆبر، نامەیەك گەیشت، کە فەرمانی چوونی" لی- سان"ی بۆ مۆسکۆ تێدابوو . لە مۆسکۆ، ستالین کردییە قۆچی قوربانی بۆ هەموو شت، پەیتا پەیتا دەبوو بە ئاشکرا لەبەرچاوی هەموان قسە بە خۆی بڵێت ** . لی لی- سان، بەوە چووە کتێبەکانی مێژووەوە کە هەموو زیانەکانی سەرەتاکانی ساڵانی ١٩٣٠ ی لە

---

* ئەوەی ئێمە لێرە پێی‌دەڵێین" جیانگکسی ی سوور"، بنکەکەی رۆژهەڵاتی باکووری" جیانگکسی"ی بە فەرماندەیی" فانگ زهی- مین" ناگرێتەوە .

** چینییەك، رۆژێك لە مۆسکۆ گوێی لە گوتاری کەسێك بوو کە زۆر بەتوندی هێرشی‌دەکردە سەر لی لی- سان . دوای تەواوبوونی گوتارەکە، چوو لێی پرسی ویستی بزانیت کێیە و،کە وەڵامەکەی وەرگرت، واقی وڕما،←

سوورەکان کەوتن خەتای ئەو ببوو . لە هەرە سەرووی لیستی زیانەکانیش، ئەوە بوو کە بەهۆی ئابلۆقەی" چانگ-شا" لێیانکەوتبوو، کە بەتەواوی خەتای مائۆ و، هەر بۆ دەسەڵاتی شەخسیی مائۆ روویدابوو .

مائۆ، بە ئەو عەوداڵییەی بۆ دەسەڵات، کارەساتی بەسەر خێزانیشیدا هێنا . کاتێك مائۆ دەستی بە ئەو ئابلۆقەدانەی چانگشا کرد،ساڵی ١٩٣٠، ژنەکەی پێشووی" کای هو- ئی" ، وێڕای سێ کوڕەکەیان، کە بچووکەکەیان سێ ساڵانە بوو، هێشتا لە ماڵی بنەماڵەکەی ئەو ژنە لە دەوروبەری چانگشا دەژیان . ئەوسا سێ ساڵی رێك بوو کە مائۆ، بەو ناوە کە گوایا دەچوو بەشداری " راپەڕینی دروێنەی پایز" بێت، بەجێی هێشتبوون، کە لەڕاستیدا بۆ ئەوە چووبوو پڕ بداتە یەکەم هێزێکی سەربازی بۆخۆی و، هەر تەنیا چوار مانگ دوای ئەو دەرچوونەی، ژنێکی تری هێنابوو .

هەرچەندە چانگشا، لەلایەن جەنەراڵێکی زۆر دوژمنی کۆمونیستانەوە، هۆ چییێن، حوکم دەکرا، بەڵام " کای هو- ئی" کاری کۆمونیستیی نەدەکرد و، ئیتر لێیگەڕابوون و کێشەیەکی نەبوو . تەنانەت دوای ئەوەش کە جارێك " پێنگ دێ- هوئای" " چانگشا"ی گرتبوو و، زۆر نیزیك ببوو ئەو جەنەراڵە بکوژرایە، دیسا هەر، جەنەراڵ تۆڵەیەکی لە کای هو- ئی نەکردبۆوە . بەڵام ئەمجارەیان کە مائۆ ئەم ئابلۆقە دووروودرێژەی چانگشای ی دا، جەنەراڵی نەتەوەیی بریاری دا تۆڵە بکاتەوە . " کای هو- ئی" ٢٤ی ئۆکتۆبر رۆژی یادکردنەوەی لەدایکبوونی کوڕەگەورەکەی" ئان -ینگ"،کە ئەو رۆژە تەمەنی دەبووە هەشت ساڵ، خۆی و ئەو کوڕەی گیران و، پێیانگوت کە بەو مەرجە ئازادی دەکەن کە لەبەرچاوی خەڵك بەئاشکرا تەلاقی خۆی لە مائۆ رابگەیەنێت و مەحکوومی بکات . ژن نەیکرد و، رۆژی بەهەوری ١٤ی نوامبری ١٩٣٠ ئیعدام کرا . رۆژی دوای ئەوە،" رۆژنامەی کۆماری"ی هونان دەنگوباسی ئەوەی بە سەرخەتی سەرەکیی بڵاوکردەوە :

" « ژنی مائۆ تسی- تونگ دوێنێ ئیعدام کرا» ــ خەڵك هەموو لە چەپڵەیان دا و هاواری شادییان لێ بەرزبۆوە " .

کە ئەوە زۆرتر هەر رقی خەڵکی لە مائۆ دەردەبڕی، تاوەکو لە " کای - هوئی".

---

← وەڵامەکە بریتی بوو لە : من " لی لی- سان" م! . لی لی- سان، شوبات/ فیوریەی ١٩٣٨ خرایە زیندانەوە و نیزیکەی دوو ساڵی تێدا مایەوە .

" کای هو- ئی"، کاتێك هێنایانە دادگا، کە لە بنکەیەکی سەربازی بوو، کەوایەکی درێژی رەنگی شینی لەبەردا بوو، هیچ ترسی پێوە دیارنەبوو. مەرەکەبی سوور و، فڵچەیەك و، پسوولەیەك ناوی" کای هو- ئی"ی لە سەر، لەسەر مێزێك دانرابوون. سەرۆکی دادگا، دوای چەند پرسیارێك، فڵچەکەی لە مەرەکەبە سوورەکە هەڵکێشا و، نوختەیەکی لەسەر پسوولەکەی ناوی" کای‌هو- ئی" ی‌دانا، ئەوجا پسوولەکەی فرێدایە سەرزەوی. ئەوە بە گوێرەی نەریتی لەمێژینە، بە ئیمزای حوکمی ئیعدام دادەنرا. دوو میرغەزەب کەواکەیان لەبەر داکەند، بۆ خۆیان برد. یەکێکی تریش دەستکەوتێکی پێ برا، دوو یوان و نیوی کە لە دەسەسرێکدا بوو لە گیرفانێکی " کای هو- ئی" دەرهێنا و بۆخۆی برد.

کای‌هو- ئی، بەوجۆرە، ئەو رۆژەی زستان، بلووزێکی تەنك لەبەردا، رووی لە مەرگ کرد. بە پەتك بەسترابۆوە و بە شەقامدا دەبرا، کە ئەوە ئیتر بۆ هەرکەسێکی تریش کە بۆ ئیعدام ببرایە هەر وەها بوو. ئەفسەرێك، عارەبا-نەیەکی دوو چەرخی کە مرۆڤێك دەیکێشێت ( تاکسیی ئەوێ ) بۆ بانگ کرد، بردیان و، فەرمانی دا بە چەند سەربازێك لەملا و لەولایەوە لەگەڵیدا رابکەن. بردیانە رێك ئەودیوی دەروازەی شار، لە گۆڕستانێك، لە نێوان ئەو گۆڕانەی کەسانێکی کە کەسیان نەبوو لاشەیان ببات بنێژێت و، وا لەوێ نێژرابوون. لەوێ، سەربازان بەر رێژنەی گوللەیان دا. چەند سەربازێك لەوانەی لە کوشتنەکەدا بەشداربوون، پێڵاوەکانیان لە پێ دەرهێنا و بە ئەوپەڕی هێزی هەیانبوو فڕێیان دا دوور، چونکە بە گوێرەی ئەفسانەیەك، ئەو پێڵاوانە وەدوویان دەکەوتن، دەچوونە سەریان لە ماڵ و، کوژەرانی خاوەنیان واز لێ نەدەهێنان.

سەرباز کە هاتنەوە سەربازخانەیان و، خەریکی خواردنی نانی نیوەڕۆ بوون، ئاگادار کرانەوە کە کای هو- ئی نەمردبوو. حەوتیان چوونەوە و، تەواویان کرد. کای هو- ئی قامکەکانی قووڵ دە زەوی رۆبردبوون.

خزمانێکی، تەرمەکەیان بردەوە دێیەکەی و، لە زەوییەکی بنەماڵەکەیان ناشت. کوڕەکەی ئازاد کرا و، " تسی-مین"ی برای مائۆ، ساڵی ١٩٣١ کارێکی کرد هەر سێ کوڕی مائۆ گەیەندرانە شانگهای و خرانە شوێنێکی نهێنیی پەروەردەی منداڵانی سەر بە پارتی کۆمونیستی چین.

مائۆ، کە بە مەرگی کای هو- ئی ی زانی، شتێکی نووسی کە دەبێت لە خەمی راستەقینەی لە دڵییەوە بووبێت، نووسی:" خەمی مردنی کای هو- ئی، شتێکە بە سەد جار مردنیشم لێ دەرناچم". مائۆ، زۆر جار باسی دەکرد، بەتایبەتی‌کە پیر ببوو، دەیگوت کە کای هو- ئی " ئەڤینی ژیان"ی بووە. شتێکی کە مائۆ قەت نەیزانی ئەوەبوو کە کای هو- ئی هەرچەندە راستە ئەوی خۆشدەویست، بەڵام ئیدیۆلۆجی و کوشتنەکانی مائۆی قەبووڵ نەبوو.

کای هو- ئی لە ساڵانی نێوان لێ دوورکەوتنەوەی مائۆ و مەرگی خۆی، بیروڕای لە بارەی کۆمونیزم و هەستی خۆشەویستیی بۆ مائۆ، بە خەستی، بە زمانی لێبوردن و هێندێك جاریش گلەیی، بە هەشت پارچە نووسین دەربڕیوە و، لە ماڵەکەیدا شاردوونیەوە. حەوتیان، ساڵی ١٩٨٢، لە کاتی کاری نوێکردنەوەی خانووەکە، لە قەڵشتی دیواردا دۆزرانەوە. هەشتەمەکەش، ساڵی ١٩٩٠، ئەویش هەر لە کاتی هێندێك کاری چاککردنەوەیەکی شتێکی خانووەکە، لە ژێر کاریتەیەکی ڕێك دەرەوەی ژووری نوستنی دۆزرایەوە. ئەوانەی لە کاغەزێکی بە شەم (شتێکی وەك نایلۆن کە چەوری و تەڕی کاری تێ نـاکەن - وەرگێڕ) ـەوە پێچابوو تاکو تەڕیی پێ نەگات. مائۆ ئەوانەی قەت نەدیتن و، ئێستاش بەشی زۆریان نهێنین، ئەوەندە نهێنی کە تەنانەت بەشانێکی زۆر کارەساتاوی لەوانە هەن کە کەسانی بنەماڵەی مائۆش ڕێگانادرێن بیانبینن.

ئەو نووسینانە، پیشانی دەدەن کای هو- ئی چەندە بەو ڕۆیشتنەی مائۆ ئێشاوە، کە خۆی و ئەولادی وا دەست لێ بەرداوە، چەندە دڵی شکاوە و بە دڵڕەقیی مائۆ لە بەرانبەر خۆی وکوڕەکانیدا، تاڵیی چێشتووە ــ لە هەموو ئەوانەش بەولاوە، ئەو بڕوانـەمانەی بە کۆمونیزم.

نووسینی یەکەم، پارچە شیعرێکە بە ناوی "ئەندێشە"، هی ئۆکتۆبری ١٩٢٨ ـە، کە مائۆ ساڵێك بوو ڕۆیشتبوو و، لەو ماوەیدا تەنیا یەك نامەی نووسیبوو. لەو نامەیدا، باسی ئێشی "پێ"ی کردبوو. مانگی حوزەیران/ ژوئەن، کەسێکی کە بە ناوی "یەکەم ئامۆزا"( یا خاڵۆزا یا پوورزا) ناوی دەبات، پشکنیاری پارتی کۆمونیستی چین بووە و، چووەتە ئەو مەڵبەندەی کە مائۆی لێ بووە، کای هو- ئی کووپەڵەیەك بیبارو پاقلە ( یا فاسولیا...)ی ترشێندراو ( یا تڵیساو...)ی کە مائۆ حەزی لێ دەکرد، پێدا بۆ مائۆی مێردی ناردووە. بەڵام هیچی لێ نەبیستووەتەوە. ئیتر ڕۆژێکی سارد، کای هو- ئی غەریبیی مائۆی دەکرد :

"ڕۆژێکی دڵتەنگ بای باکوور هەڵدەکات،

وشکە سەرمایەك بە گۆشت و ئێسکدا ڕۆدەچێت.

بە بیرکردنەوە لەم پیاوە دوورە

لەپڕێك لە ئارامیدا شەپۆل دەژەنن.

دەردی پێ، ساڕێژ بووە ؟

بەرگی زستان ئامادەیە ؟

کێ چاوی لێت دەبێت کاتێك بەتەنیا دەخەویت ؟

تۆش تەنیا و خەمباریت وەك من ؟

نامە نایەن،

دەپرسم، بەڵام کەس وەڵام ناداتەوە .

چەند حەزم دەکرد ئێستا باڵم هەبوونایە،

بفڕیبام تا ئەم پیاوەم بدیتایە .

ناتوانم بیبینم،

خەم، بێ کۆتاییە ...

ئەم پارچەیەی تری، مارتی ١٩٢٩، بۆ" یەکەم ئامۆزا" ( یا خاڵۆزا یا پوورزا) نووسیوە و لە سەری نووسیوە " نەمنارد". تێدا باسی ئەوە دەکات چەندە هەست بە تەنیایی دەکات و هاوار بۆ پشتگیری دەکات :

" لە گۆشەیەکی دنیا هەڵتروشکاوم . لە ترس و تەنیاییدا . لەم وەزعەدا، هەر دەقیقەیە، لە هەر شتێك دەگەڕێم بتوانم پەنایەکی پێ بەرم . ئیتر تۆ لە دڵمدا شوێنێك دەگریت و، « ڕێن- کسیئو» ش هەروەتر، کە ئێستا لێرەیە ــ ئێوە هەرتکتان لە پەنایەکتر لەدڵمدان! من زۆر جار دەپاڕێمەوە : دە با ئەو چەند کەسە لێكبڵاونەبن تکایە . لەوەدەچێت خودای مەرگم دیتبێت ــ دەموچاوێکی بێ بەزە و سەخت . کە بێتە سەر باسی مەرگ، ئەوەی ڕاستی بێت، لێی ناترسم و، ناشتوانم بڵێم دەمەوێت بەخێرهاتنیلێبکەم . بەڵام دایکم و منداڵەکانم، دڵم پێیاندەسووتێت . ئەو هەستە ئەوەندە دایگرتووم ــ پێرێ شەو، تەواوی شەوەکە نیوە شیار بووم ."

بە ئەو مەراقەی بۆ منداڵەکانی و، ڕوونیشە کە دەستی لەوە شۆریوە بتوانێت هیچ حیسابێك بۆ مائۆ بکات، کای - هوئی " بۆ " یەکەم ئامۆزا" ( یا خاڵۆزا یا پوورزا)کەی نووسیوە :

" بڕیارم دا بە تۆیان بسپێرم ــ منداڵەکانم . بۆ ئەرکی ماڵی، لام وایە، مامیان ( ڕەنگە مەبەستی لە« تسی- مین»ی برای مائۆ بێت) تا لە ژیاندا مابێت، وێڵیانناکات . مامیان بەڕاستی خۆشیدەوێن . بەڵام ئەگەر دایك لەدەست بدەن و، باوکیش، ئەوسا مام بەس نیە . خۆشەویستیی تۆ و زۆر کەسیتریان پێویست دەبێت، تاکو بەشێوەیەکی تەبیعی، وەك لە بەهارێکی گەرمدا، گەورەبن، نەك بە باهۆزی سەخت وێران بن . ئەم نامەیە

وەسیەتئاسایەو، دەبێت ئێستا پێتوابیت کە من شێت بووم . بەڵام نازانم بۆچی، ئەوەیە ناتوانم ئەو هەستە وەلانێم، وەك پەتكێك، ماری ژەهردارئاسا، لە مەرگەوە چووبێتە ناو کەللەمەوە و توند بەستوویمیەوە . ئیتر ناتوانم مەگەر هەر ئامادەکاری بکەم ."

" کای- هوئی " وا پێشەکی هەستی بە مەرگی دەکرد، چونکە " ڕۆژنامەی کۆماری"ی هونان ڕۆژی حەوتی ئەو مانگە، دەنگوباسی ئەوەی بڵاوکردبۆوە کە ژنی" زهو دێ" ئیعدام کراوە و سەرەکەی لە شەقامێکی چانگشای پیشانی خەڵك دراوە . ڕۆژنامەکە، دوو گوتاریشی تێدابوون، کە نووسەرانیان تێدا باسی ئەوەیان کردووە چەندە بە دیتنی سەری بڕدراوی ئەو ژنە شاد بوون . کای - هوئی، مانگی ئاپریل/ نیسان، هێندێك ئەندێشەی بەسەریدا هاتن خستە سەر کاغەز و، بە تەمابوو بۆ ڕۆژنامەیەکی بنێرێت، بەڵام لەدواییدا نەینارد . نووسینەکەی بەم سەر- دێڕە بوو :

« هەستی خەمباری، بە خوێندنەوەی باسی شادبوون بە سەری مرۆڤ »

" ژنی« زهو دێ»، پێم وایە زۆر وێدەچێت کۆمونیست بووبێت( لێرەدا چەند وشەیەکی نووسینەکەی لێ نەماون) یا تەنانەت کەسایەتییەکی گرنگیش بووبێت . ئەگەر وا بوایە، ئەوا ئیعدام کرانەکەی ڕەنگە جێی ڕەخنە لێگیران نەبوایە . ( لێرەشدا هێندێك لە نووسینەکەختیان بەسەردا کێشراوە) . بەڵام ئیتر ئەو ئیعدامکردنەی بەهۆی تاوانێکی خۆی نەبوو . ئەوانەش کە بە دیتنی سەری بەو جۆرە شاد بوون و، پێیان دیمەنێکی کەیفبزوێن بوو، ئەوانیش، ئەوهەستەیان بەهۆی ئەوەوە نەبوو کە ئەو ژنە خۆی تاوانێکی کردبێت . ئەوە ئەو چیرۆکانەی سەرەتاکانی حوکمی بنەماڵەی " مانچو" وەبیردەهێننەوە، کە بۆ سزادانی کەسێك لەسەر تاوانێك، حوکمی کوشتنی تا بەرەی نۆیەمی خزمانی ئەو کەسەیان دەرکردووە . ئەو بیروڕایەی من کە کوژەر بە زۆر دەخرێنە سەر ڕێگای کوشتن، وادیارە لێرەدا شوێنێکی نابێتەوە . ئەوەندە خەڵکی زۆر هەن ئەوەندە بەوە شادن، کە لە گوتارە شادەکانیاندا لە ڕۆژنامە وگۆڤارەکاندا دەیبینین . کەواتە ئەو بیروباوەڕەی من کە هەر تەنیا ژمارەیەکی کەمی خەڵکی دڵڕەق هەبن هی ئەوە بن کە بکوژن، دەبێت ڕاست نەبێت . من ڕووحی ئەم زەمانە وەها دەبینم ...

بەڵام دیساهەر، من زەعیفم . دەترسم بکوژرێم، کەواتە ئیتر لە کوشتن دەترسم . لەگەڵ

زەمانەدا نـاگونجێم . من نـاتوانم سەیری ئەو سەرە بکەم و، سینگم پڕە لە خەفەت ... من پێم وابوو، نەژادی مرۆڤ و، بەشێکی ئەو مرۆڤە، چینییەکان، بەشی ئـەوەندە خاوەنی شـارستانێتی بوون کە نیزیکەی هەر حوکمی ئیعدام نـەهێڵن! من ئەوەم چاوەڕوانی نـەدەکرد کە بە چاوی خۆم کوشتنی بەرەی نۆیەمی خزمانی کەسێك لەسەر تاوانی ئەو یەك کەسە ببینم ... ( کوشتنی ژنی « زهو- دێ»، هەرچەندە بەرەی نۆیەمیش نیە، بەڵێ، بەڵام ئیتر وەکو ئەوەی لێ دێتەوە) ... و سـەری مرۆڤ دەبێتە کارێکی هونەری کە زۆر کەس پێویستیان پێ هەیە ."

بـاسی نـەهێشـتنی حـوکمی ئیعدام و شـکەنجە، پێشتر لەوسـەدەیەدا باوی هـەبوو و، پـەیماننامەی ١٩٢٣ی پارتی کۆمونیستیش ئەوەی بە یەکێك لە ئامانجەکانی خۆی ناوبردبوو .

" کای - هوئی" تـەبیعی باسی کـوشـتنەکانی مائۆی لە ڕۆژنـامەکاندا دەخوێندەوە . مائۆ و شـەڕکەرەکانی هەمیشە بە " چەتە" ناودەبران، کە

" دەیانسووتاند و دەیانکوشت و بۆ دەستکەوت دەیانڕفاند * و تالانیاندەکرد ."

ڕۆژنامەکان ئەوەشیان نووسیبوو کە مائۆ لە مەڵبەندی چەتان راونرابوو و، کە

" لە سێ لاوە ئابلۆقە درابوو، « زهو- مائۆ» بە هیچ جۆرێك هیچ هەلێکی ڕزگاربوونی لەبەردەم نەبوو ."

" کای - هوئی" مائۆی هەر خۆشدەویست و، بەتایبەتی دەیویست ئەوەی دەیکرد واز لێ بهێنێت و، بگەڕێتەوە ماڵ . ١٩٢٩/٥/١٦ هـەشـت دێڕ شیعری خـەمی، کە تێدا بۆ گـەڕانەوەی مائۆ دەپـاڕێتەوە، داناوە، لەسـەرووی نووسیوە " بۆ یـەکـەم ئـامۆزا" ( یا خاڵۆزا یا پوورزا) ــ نەمنارد" :

" تۆ ئێستا دڵبەری نازەنینیت!

تکایە پێی بڵێ : بگەڕێوە، بگەڕێوە .

---

* یـەکێك لەوانەی لەلایەن مائۆوە ڕفێنران، کەشەیەکی کاتۆلیکی ئەمریکایی بوو، ئێدوارد یەنگ، سوورەکان ویستیان بیست هەزار دۆلاری پێ وەدەستبهێنن . کەشە لە زیندان رایکرد و، ئەوانی تری کە لەگەڵیدا بوون، بۆ دەستکەوت ڕفێندرابوون و، زیندانییانی تری کە هاوزیندانی بوون کوژران .

دەبینم دڵی پیرە ( یا پیرێ - رەنگە مەبەستی لە دایکی بێت) بە ئاگر دەسووتێت، تکایە
بگەڕێوە، بگەڕێوە!
جیابوونەوەی خەمگین، بە شێوەی بەدبەختیی سەخت و تەنیایی تادێت پتر دەبێت .
چەند حەزدەکەم هەندێ دەنگوباس بهێنێتەوە ماڵ!
ئەم دڵە، ( شتێك لێرەی ئەسڵەکەدا روون نیە)، چەند وەکو سووتانە بە ئاگر ؟
تکایە بگەڕێوە! بگەڕێوە!

زوو دوای ئەوە، نامەیەکی لە" یەکەم ئامۆزا"کەیەوە بەدەستگەیشت، کە تێدا دەڵێت مائۆ وا دەچێتە شانگهای ( پارتی کۆمونیست ٧ی شوبات/ فیوریەی ١٩٢٩ فەرمانی دابوویێ کە بچێت ) . ئەمە بۆ کای- هوئی مانای ئەوەبوو کە دەکرا بیبینێت و، بەوە ئێجگار زۆر شاد بوو . ئەوجا نامەی بۆ " یەکەم ئامۆزا"کەی بەم جۆرە دەستپێکرد:

" نامەکەتم بەدەست گەیشت . ئای کە شادو ئاسوودە بووم!"

و بەم جۆرە کەوتە خەون دیتن :

" ئەگەر لە رووی پارەوە بۆم هەڵبسوورێت، دەبێت لێرە دەرچم و بچم چەند ساڵێك بخوێنم
... دەمەوێت دەرچم و کارێك بدۆزمەوە ... من بەڕاستی زۆر پەلەمە هێندێك بخوێنم ...
ئەگینا مەگەرهەر هەست بە ئێشی بەتاڵی بکەم و، هەست بەوە بکەم کە شتێکم نیە پاڵی
وێبدەم .
ئەم نامەیەی کە لە وەسیەتنامە دەکات، نەمنارد. ئەگەر هەر جارێکیش بێیتەوە ماڵ،
ئەوە ئیتر دەبێتە هەموو ئەوەی کە دەوێرم بە هیوای بخوازم ."

ئەوجا، بیری دیسان چۆوە لای مائۆ، ئەوە کە مائۆ نەتوانێت بچێتە شانگهای و، یا سەلامەتیی لەوێ لە حاڵەتێکدا ئەگەر بچێت :

" وێدەچێت مائۆ هەر نەتوانێت بچێتە شانگهای ؟ ئەگەر بە من بێت، من دەڵێم باشتر
کە نەتوانێت . من دیسان بۆ ئەو نیگەرانم . ئای، خودایا ئیتر لێرە دەوەستم ..."

دەستی بە نووسینی نامەیەك بۆ مائۆ کرد، بەڵام بیری گۆڕی . نووسی : " خۆشەویستم - نەمنارد" و ئەوی تریشی دڕاند . لەجیاتیان، چیرۆکی ژیانی خۆی نووسی، کە ٢٠ی ژوئەن/ حوزەیرانی ١٩٢٩ تەواوی کرد. روونە

کە ویستوویە لەو ڕێگایەوە باسی خۆی، ئەندێشە و هەستی خۆی، بە مائۆ بگەیەنێت . ئەو بیرەوەرییانەی، باسی دوو شتیان دەکرد: چەندە گڕی خۆشەویستیی بۆ مائۆی لە دڵدا بوو و، چەندەش بە هیچ جۆرێك توندوتیژی و دڵرەقیی مائۆی پێ قـەبووڵ نـەدەکرا . لەوانـەش، وادیارە دووەمەکەیان پتر هۆشـی داگیرکردووە، بەوە کە هەم دەستپێکردنی نامەکەی و هەم کۆتاییەکەی باسی ئەوە بوون .

کای- هوئی وەبیری هاتەوە کە لە تەمەنی شەش ساڵیدا دەستی بەوەکرد کە دنیای بە شوێنێکی خراپ دەدیت :

" زۆر بێ‌هێز لەدایك بووم و، کە دەستم بە گریان بکردایە دەبووراممەوە ... ئەودەمە، دڵم لای حەیوانان بوو ...هەموو شەوێك کە دەچوومە سەر جێگا، وێنەی کارەساتاویم دەهاتنە بەرچاو، شتی وەك : مریشك سەربڕین،کوشتنی بەراز، مردنی مرۆڤ لە سەرمدا دەهاتن و دەچوون . ئـەوە هێندە دەیئێشاندم، هـەستکردنم بەو ئێشە ئێستاش لەیادمدا زۆر زیندووە . براکەم، یا نـەك هەر براکەم، زۆر منداڵی تریش، نـەمدەتوانی تێ‌بگەم چۆن دەیانتوانی وا بکەن. چۆن مشکی بچووك یا پووشـەقنکەیان دەگرتن و، یارییان پێ دەکردن، هەر وەك ئەو حەیوانانە نەزانن هەستی ئێش چیە ؟

ئـەگەر لە بەر خـاتری دایکم نەبوایە، کە نـەمدەویست بیئێشێنم، ئەگەر ئەو پێوەندییە زۆر بەهێزەم بە دایکمەوە نەبوایە، دەبێت زۆر بە سادەیی بڵێم کە هەر نـەدەکرا درێژە بە ژیان بدەم .

بەڕاستی دەمویست ئاینێکم هەبوایە .

هـەستم لەگەڵ ئـەوانەدا بـوو کە لە سەر پلەکانی خوارووی پـەیژەی ژیان بوون . ڕقم لەوانە بوو کە جلوبەرگی جوان و ڕازاوەیان دەپۆشی، ئەوانەی کە هەر بیریان لای کەیفی خۆیان بوو . بە هاوین، بەدیمەن، ڕێك وەکو کەسێکی چینی خواروو بووم . سوخمەیەکی فشی زبری لۆکەم دەکردەبەر. من لە تەمەنی دەوری حەڤدە یا هەژدەساڵیدا ئەوە بووم ..."

کای - هوئی باسی ئەوەی نووسیوە چۆن حەزی لە مائۆ کردووە، بەتەواوی مائۆی خۆشویستووە، چۆن زانیویە کە مائۆ تێکەڵ بە ژنانی تریش بووە و، چۆن لەوەدا بـەخشیویە ( لاپەڕەکانی باسی ئەوە لە فەسڵی سێیەمی ئـەم کتێبەدا باسکراون) . بەڵام لە کۆتاییدا، وای پیشان داوە کە بیری لەوە کردووەتەوە نێوانی لەگەڵ مائۆدا ببڕێت و لەگەڵ ئەو بیروباوەڕەشدا کە لە مائۆی وەرگرتووە :

" ئێستا مەیلم بەلایەکی تـردا دەڕوات . عەودالّی هێندێك بژیوم، ئـەوەیە لە زانیاری دەگـەڕێم، تـاکو ژیانی وشـکهـەڵاتووم ئـاو بـدەم و هێز و پێزێکی بدەمێ ... ڕەنـگە ڕۆژێك هاواربکەم بڵێم بیروڕام لە رابردوودا هەڵە بوون ! "

بیرەوەرییەکانی بەمجۆرە کۆتایی پێ هێناوە :

" ئاخ! بکوژە، بکوژە، بکوژە! هەر ئەوە دێتە گوێم! مرۆڤ بۆچی وا خراپن ؟ بۆچی وا دڵڕەقن ؟ بۆچی ؟ ناتوانم چیتر بیربکەمەوە! ( لێرەدا شتێکی سڕیوەتەوە ) من دەبێت ئاینێکم هەبێت! با ئاینێکم هەبێت! " .

کای- هوئی، هەستی هاودەردیی لەگەڵ هەژاران بوو کە بەلای کۆمونیزمیدا هێنابوو . ئەم هاوارەی بۆ ئاینێك، حەقەن، هی ئەوەیە کە بڕوای بە ئاینەکەی ئەوسای، کە کۆمونیزم بوو، لەدەستداوە . مائۆی مەحکووم نـەکردووە، کە ئەو هێشتاهەر مائۆی زۆر خۆشویستووە . بەڵام ویستوویە کە مائۆ بزانێت هەستی ئەو لەبارەی "کوشتن "، شتێکی کە لە منداڵییەوە رقی لێ ببوو، چۆن بوو .

کای- هوئی، ئەو نووسینەی بە رادەی یەکەم بۆ مائۆ نووسی، لای وا بوو کە لەوانەبوو بیتوانیبا لە شانگهای بیبینێت . بەڵام تا رۆژ بەسەردەچوون، روونتر دەبۆوە کە ئەو دیتنە رووینـەدەدا . ئەوەی راستی بێت، مائۆ بە هەموو شێوەیەك خۆی لەو سەفەرە دەبوارد . کای- هوئی، تا ئێرە، دوازدە لاپەڕەی نووسیبوو و، خستنییە کەلێنی نێوان خشتەکانی دیوارێکەوە .

کای- هوئی، لە میزاجی نـائومێدیدا بوو، کە ٢٨ی یەکەم مانگی ١٩٣٠ دوا بـەشی نـووسی . ئـەوە دوو رۆژ پێش سەری ساڵی نوێی چینی بوو، کە لە نەریتدا، رۆژی کۆبوونەوەی خێزان بوو . بە چوار لاپەڕەی تەواو، باسی حـاڵی خۆی لەو دووسـاڵ و نیوەدا دەکات کە مائۆ رۆیشتووە و بەجێی هێشتووە . سـەرەتا، بیرەوەریـی دەچێتەوە یەکەم رۆژانی دوای رۆیشتنی مائۆ * :

---

* ئـەم وشـانەی لێرەدا دێن، دوای خوێندنەوەی نامەکان لە ئارشیف، زۆرتر، دواتر لە بیرەوەریی خوێندنەوەکەوە نووسراونەتەوە، لەبەرئەوە دەکرێت هێندێك وشە بەتـەواوی ئەوەی ئـەسڵەکە نەبن . سێ نوختەی کە لە هێندێك شوێن دانراون، هی ئەوەن کە قسەیەکمان لەوێ بەتەواوی لەبیرنەماوە . زۆرترینی ئیشارەتەکان بۆ روونبوونەوە وێخراون .

" چەند رۆژە هەر نەمتوانیوە بخەوم .

ئیتر ئەوەتا ناتوانم بخەوم، من شێت دەبم .

ئەوە بوو بە چەند رۆژ، هیچ نامەیەکی نیە . رۆژ دەڕوات و رۆژی تر دێت و من چاوەڕێ دەکەم .

فرمێسك ...

من نابێت ئـەوەندە پەرێشان بم . منداڵەکان لەگەڵمدا پـەرێشـانن و، دایکم لەگەڵمدا پـەرێشانە .

لام وایە رەنگە دیسان زگپڕ بم .

بەڕاستی ئەوەندە بەدحاڵ، ئەوەندە تەنیا، ئەوەندە دڵتەنگ .

دەمەوێت بفڕم . بەڵام ئەم منداڵانەم هەن، چۆن دەتوانم ؟

بەیانییەکەی پەنجاهەمین رۆژ، نامەیەکی زۆر بەنرخم بەدەستگەیشت .

تەنانەت ئەگەر بشمرێت، فرمێسکەکانم دەبنە کفنی تەرمەکەی .

مانگێك، مانگێکی تر، نیو ساڵ، ساڵێك و، سێ ساڵ . دەستی لێ بەرداوم . وێنەی رابردوو، یەك بەدووی یەکدا لە گێژاوی بیرمدا دەسووڕێنەوە . وێنەی داهاتووش،ئەویش بە خەیاڵ، یەك بەدووی یەکدا لەگێژاوی بیرمدا دەسووڕێنەوە . دەبێت دەستی لێ بەردابم .

بەختی هەیە،کە من خۆشم دەوێت . من بەڕاستی خۆشمدەوێت، ئێجگار زۆر!

ناکرێت دەستی لێ بەردابم . دەبێت بەهۆی شتانێکەوە نەتوانێت نامە بنووسێت ...

خۆشەویستیی باوکێتی مەتڵێکە . غەریبیی منداڵەکانی ناکات؟ من ناتوانم تێی بگەم .

ئەمە شتێکی خەمناکە، بەڵام شتێکی باشیشە، چونکە ئێستا دەتوانم سەربەخۆ بم .

دەمەوێت سـەد جـار ماچـی بکەم، چاوەکانی، دەمی،کوڵمەکانی، ملی، سەری . ئـەو پیاوی منە . ئەو هی منە .

تەنیا خۆشەویستیی دایك دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت . من بیر لە دایکم دەکەمەوە ...

دوێنێ لای براکەم باسم کرد. هەوڵم دا خۆم ئاسایی پیشان بدەم، بـەڵام فرمێسکم هەڵوەرین، نازانم چۆن .

هەر ئەگەر بمتوانیبا لەبیر خۆمی بەرمەوە . بەڵام شکڵی جوانی، شکڵی جوانی .
دەمدیت، لەولاوە، وەك لە بوولێڵەیەکدا ببینم، وەستابوو،بە دڵپڕی، چاوی تێ‌دەبڕیم .
ئەممم بۆ" یەکەم ئامۆزا "کەم نووسی، کە :« هەرکسێك نامەم بە دەستی بگەیەنێت
و، نـامەی ئەوم بۆ بهێنێت، ئەو کەسە غەوسی منە» .
خودایا، بەخۆم نیە ناتوانم نیگەرانی نەبم .
هـەرئەوەندە ئـەو باش بێت، ئیتر هی من بێت یا نـەبێت مەسەلەی یـەکەم نیە . خودا بیپارێزێت .

ئـەمڕۆ جێژنی رۆژی لەدایکبوونییەتی . نـاتوانم لە بیر خۆمی بـەرمەوە . ئیتر بە بێ-دەنگی، هێندێك خۆراکم کڕی و، چەند قاپ رشتەم سازکرد( خۆراکێکە بەتایبەتی بۆ جێژنی رۆژی لەدایکبوون سازدەکرێت، رشتە لە کۆنەوە رەمزی تەمەنی درێژ بووە) .
دایکیش ئەم رۆژەی لەبیرە . شـەو، لە جێگادا، بیر لە شـتی خـەمناك دەکەمەوە .
دەبیسم نەخۆش کەوتووە و، ئەوە لە زێدە کارکردنەوە دێت ... ئـەگەر من لە پەنای نەبم، ئـەو ئـاگای لە خۆی نـابێت . ئەو، سووك وهاسان، هێندە خۆی ماندوو دەکات تا بەوە دەمرێت .

لە رووی لەشساغییەوە، ئەوەی راستی بێت، وەهایە کە ناتوانێت کاربکات . مێشکی خۆی زێدە ئەزیەت دەدات . خودایا بمپارێزە . دەبێت سـەخت کار بکەم، سـەخت . ئـەگەر بتوانم مانگانە ٦٠ یوان پـەیدابکەم، دەتوانم پێی‌بڵێم بێتەوە ماڵ و، داوای لێ بکەم کە چیتر کارنەکات . ئیتر ئەوسا، بەو توانایەی کە هەیەتی، بەو زیرەکییەی،دەکرێت تەنانەت سەرکەوتنی نەمر وەدەستبهێنێت ،
شەوێکی تری بێ‌خەوی .
ئەوەم پێ تەحەممول ناکرێت . دەچمە لای .
منداڵەکانم، منداڵە هەژارەکانم رامدەگرن ناهێڵن بڕۆم .
بارێکی گران لەسەر دڵمە، لەلایەکەوە ئەوە و، لەلایەکەی تریشەوە منداڵەکانم . نـاتوانم هیچ کامیان بەجێ‌بهێڵم .

دەمەوێت بگریم . بەڕاستی دەمەوێت بگریم .

هەرچەندیش هەوڵ بدەم، ناتوانم لە خۆشەویستیی بوەستم، ئیتر ئەوەیە ناتوانم ...

هەستی مرۆڤ بەڕاستی سەیرە . « سان چون - هێ » یش ئەو هەمووە خۆشیدەوێم .

کەچی من هەر نامەوێت سەیریشی بکەم .

چەندم خۆشدەوێت {مائۆ}! خودایا ، وەڵامێکی تەواوم بدەوە . "

زۆر دوای نووسینی ئەو وشە جەرگبڕانە نەبوو کە " یـەکەم ئامۆزا"کەی گیرا و ئیعدام کرا و، لە پشت ماڵەکەی ئەو نێژرا .

چەند مانگ دواتر، خۆیشی مرد . مائۆ، کاتی هێرشـی بۆ سەر چانگشا، نـە هـەوڵی دا خۆی و کـوڕەکانی دەربکات و، نە تەنانەت وریاشیبکاتەوە . مائۆ بەهاسانی دەیتوانی رزگاری بکات : چونکە ماڵی کای هو-ئی دەکەوتە سەر رێگای مائۆ بۆ شارەکە، مائۆ سێ حەفتە لەو شوێنە بوو و قامکێکی بۆ ئەوە نەبزواند .

## ٨- پاکسازییەکی خوێنین ڕێگا بۆ" سەرۆك مائۆ " خۆش دەکات

## (١٩٢٩-١٩٣١؛ تەمەن ٣٥-٣٧)

مائۆ، لەو ساڵ و نیوەدا، لەوەتای لە سەرەتای ١٩٢٩وە لە مەڵبەندی چەتان ڕۆیشتبوو، بەتەواوی دەستی بەسەر دوو لەشکری سەرەکیی سووردا گرتبوو:" لەشکری زهو- مائۆ" و" لەشکری پێنگ دێ- هوئای" و، بەسەر بنکە-یەکی گرنگی سووریشدا لە" فوجیئان". ئەوجا لەلایەکی ترەوە، چاوی بڕیبووە لەشکرێکی تری گەورەی سوور، ئەوەی کە لە جیانگکسی بوو، ستانی لە نێوان فوجیئان و هونان.

سوورەکانی جیانگکسی، بە ڕابەریی کەسێکی تاڕادەیەك میانەڕۆ،کە ناوی" لی وێن - لین" بوو، دەسەڵاتیان بەسەر چەند شوێنێکدا دابین کردبوو. مانگی فیوریە/ شوباتی ١٩٢٩، کە مائۆ سەرەتا لە مەڵبەندی چەتانەوە ڕاست دابەزیبووە ئێرە، بەگەرمی باوەشیان بۆ کردبۆوە. ئەو مانەوەیەی لایان کورت ببوو، چونکە نەتەوەییەکان ڕاویان نابوو، بەڵام ئەو لای خۆیەوە زۆر زوو خۆی بە سەرۆکیان ڕاگەیاندبوو و،کە ڕۆیشتبوو، براچووکی خۆی " تسێ- تان"ی بە سەرۆکی ناوچەی " دۆنگگو"ی مەرکەزی سوورەکانی جیانگکسی لەوێ هێشتبۆوە. هیچ لەو کارانەی مائۆ بە ڕەزامەندیی شانگهای نەببوو و، بە دڵی خەڵکەکەش نەببوو، بەڵام ئیتر کە دیتیان مائۆ دەڕۆیشت، دەنگیان لەدژی بەرزنەکردەوە.

مائۆ، بەتەمابوو براکەی کۆنترۆڵی ئەو شوێنەی بۆ دابین بکات، بەڵام " تسێ- تان" ئەو دڕی و تینووییەی مائۆی بۆ دەسەڵات نەبوو. پشکنیارێکی پارتەکە وای باس کردووە کە:

" وەك کەسێك کار دەکات کە مالاریای هەبێت، لەپڕ گەرم و لە پڕ سارد... زۆر منداڵانەیە و، دەترسێت بڕیاربدات."

ئیتر دوای سێ مانگ، مائۆ هەڤاڵێکی هونانیی خۆشەویستی خۆی،" لیئۆ شی- کی "ی نارده ئەوێ و، دەسە-ڵاتی بەسەر براکەی خۆیدا دایێ.

لیئۆ، نەك هەر مەرکەزی لە " تسێ- تان" سەند، بگرە دڵبەرەکەشی، هۆ یی، لێ سەند و کردی بە ژنی خۆی. " هۆ یی" خوشکی " گوئی- یوئان "ی ژنی مائۆ بوو و، ئێستا ئیتر لیئۆ بەوە بوو بە ئاوەڵ زاوای مائۆ. لیئۆ، بەقسەی هەڤاڵەکانی، ئەویش وەکو مائۆ، خاوەنی" میزاجێکی تووش و زمانێکی تووش" بوو و، ئەوەندەش

پڕنیاز و كەم منەت بە ئەخلاق و ویژدان . لەو سەروبەندەدا كە مائۆ لە فیوریە/ شوباتی ١٩٣٠ گەڕایەوە" جیانگ-ـكسی"ی سوور تاكو دەسەڵاتی خۆی تێدا چاك قایم بكات، لیئۆ چەندین مەركەزی گرنگی خستبوونە چنگی خۆیەوە .

مائۆ گەڕایەوە ئێرە، چونكە ئێستا ئەو هێزەیلەشكری هەبوو كە بیتوانیبا بەوە دەسەڵاتی بەسەر جیانگكسیدا بسەپاندایە . بەڵام دیساهەر، بۆ ئەوە، پەنای بردە بەر فێڵ و دەهۆ . كۆبوونەوەیەكی لە ژێر ناوی جوانی " كۆنفرانسی وێكڕایی"، لە شارۆچكەی "پیتوو" ڕێكخست، كە - گوایا - نوێنەرانی هەموو سوورەكانی " جیانگكسی"ی تێدا بەشداردەبوون . مائۆ لە دوا دەقیقەدا، كاتی بەستراتی كۆنفرانسەكەی گۆڕی . كۆنفرانس، وا دانرابوو كە لە ١٠ی شوبات بكرایەتەوە،كەچی وا مائۆ لەپڕێكدا هێنایە پێشەوە و كردی بە ٦ی شوبات، ئیتر كاتێك نوێنەرانێكی گرنگ، كە زۆر لەوانەیان تێدابوو رووبەڕووی چنگ لەدەسەڵاتگیركردنەكانی لیئۆ ببوونەوە، كاتێك ئەوانە گەیشتنە شوێنی كۆنفرانس، كۆنفرانس تەواو ببوو .

" كۆنفرانسی وێكڕایی"ی پیتوو، بە حاڵ هیچ لە بەزمێكی خزمایەتیی دوو ئاوەڵزاوا بەولاتر بوو . نەتیجە-كەشی، ئەوەبوو كە مائۆی بە رەسمی كرد بە گەورە سەرۆكی " جیانگكسی"ی سوور و، پیاوەكەشی " لیئۆ"ی وا حازرو بزر بەسەرەوە ." لی وێن - لین"ی رابەری سوورەكانی جیانگكسی هێنرایە خوارەوە و، خرایە سەر وەزیفە-یەكی سادەی هەرە نزم .

زۆربەی سوورەكانیجیانگكسی، دژی ئەو بڕیارانە بوون و، مائۆ بۆ بێدەنگكردنیان، پەنای بردە بەر تۆقاندن ( ئیرهاب) . لە پیتوو، فەرمانی دا، چوار كۆمونیستی ناسراوی ناوچەكە، بەتاوانی" دژایەتیی شۆڕش" لە بەر چاوی خەڵك ئیعدام بكرێن . ئەوانە یەكەم كۆمونیستانێك بوون لەوانەی مائۆ ئیعدامی كردوون كە ناویان دەزانین .

مائۆ و ئاوەڵزاوای، ئیعدام كردنیان بۆ ترساندنی كەسانێك بەكاردەهێنا كە دەكرا بیروڕایان جیاواز بوایە . پشكنیاری پارتەكە، ئەوسا ، لە ڕاپۆرتێكیدا نووسیویە كە لیئۆ هەمیشە تووڕە دەبوو و، بە جنێوەوە بە ڕووی خەڵكدا دەتەقییەوە و، شتی لە بابەتی ئەوە دەگوت كە " ئیعدامت دەكەم" . بە تایبەتی تاوانێكی كە ئەوسا خەڵكی پێ ئیعدام دەكرا، هەمان ئەوەبوو كە مۆدەی باوی ستالین بوو : " تۆ جووتیاری دەوڵەمەندیت" یا " تۆ كوولاكیت"(كوولاك لە رووسیا بە جووتیاری ئازادی دەوڵەمەند دەگوترا و، بۆلشەفیك بە چینێكی دوژمنی شۆڕشیان دادەنان، لێنین بە" ڤامپایەر"ی خوێنمژی مرۆڤی ناوبردوون - وەرگێڕ) . مائۆ دەیگوت كە ڕێكخراوی

کۆمونیستان لە جیانگکسی، لە هەموو ئاستێکیدا، پڕ بوو لە خاوەن زەوی وکوولاك، تاقە بەڵگەیەکیشی بۆ ئەو قسەیەی ئەوە بوو کە زۆرترینی رابەرانی کۆمونیستی جیانگکسی لە ماڵە دەوڵەمەندانەوە هاتبوون. ئەوەی راستی بێت، مائۆش خۆی لە ماڵێکی کوولاك بوو.

کۆمونیستی چینی، پێشتریش یەکتریان دەکوشتن، بەڵام ئەوانە زۆرترهەر بەهۆی دوژمنایەتیی نێوان بەرەبابان یا کێشەی شەخسی بوون و، بەرگێکی ئیدیۆلۆجییان دەکردنە بەر*. کوشتنەکانی مائۆ بۆ بەجێهێنانی نیازی سەرکەوتنی بۆ سەروو بوو.

مائۆ،لەکاتێکدا کە دری بە رێگای دەسەڵاتی لەجیانگکسی دەدا، زۆر ئاگای لەوەبووکە شانگهای نەورووژێنێت، چونکە شانگهای سوورەکانی جیانگکسیی بەو نەسپاردبوو. بەپێچەوانەوە: لەشکری سووری جیانگکسیی بە لەشکرێکیسەربەخۆی تری رێك وەکو ئەوەی زەو- مائۆ دانابوو و، فەرماندەیەکیشی بە ناوی" کای شێن-کسی" بۆ دیارکردبوو.

کاتێك" کای" گەیشت، مائۆ رێگای نەدا بچێتە سەر کارەکەی و، هەر وا لە خۆیەوە ئاواڵزاواکەی خۆی کرد بە فەرماندەی لەشکری جیانگکسی. مائۆ، دەیتوانی ئەوە لە شانگهای بشارێتەوە، چونکە ئەوسا رێگای پێوەندیی تەلیفۆن، رادیۆ یا تەلگرافیان نەبوو. پێوەندی هەر تەنیا بە تەتەر بوو، ئەویش چەندین حەفتەی پێدەچوو تا رێگای نێوان " شانگهای" و بنکەی مائۆی دەبڕی. ئێمە هۆی بەجێمان بۆ ئەوە هەن کە پێمان وابێت، مائۆ و ئاوەڵزاواکەی پشکنیارێکی پارتەکەیان کوشتبێت، پشکنیارێك کە ناوی" جیانگ هان- بۆ" بووە و ئامادە نەبووە

---

* لە مەڵبەندی چەتان، یەکەم سەرۆکی کۆمونیستی ناوچەی نینگگانگ، سیپتامبەری ١٩٢٨ لەلایەن هەڤاڵە کۆمونیستەکانییەوە کوژرا. ئەوەش حەوت مانگ دوای ئەوە کە لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەردا، کە سەرۆکی ئیدارەی نەتەوەییەکانی پێشووی تێدا بە رەمب کوژرابوو،کرابوو بە سەرۆکی ئیدارەی ئەو شوێنە. ئەوکەسەش کە مائۆ خۆی کردبووی بە سەرۆکی ئەو شوێنە،٩ مانگ دوای رۆیشتنیمائۆ لەوێ، لە کێشەیەکی تۆڵەی خوێنی بنەمماڵەییدا کوژرابوو. دەیانگوت ژنێکی جوان و جەوانی کارمەندێکی پارتیکۆمونیستی بە تاوانی جاسووسی بۆ دوژمن، شکەنجەدابوو و کوشتبوو. ئەویش خۆی بەهەمان تاوان کوژرا.

لەگەڵیان ڕێكبکەوێت . ئەوجا ڕاپۆرتێکی ساختەشیان بە ناوی ئەو" جیانگ"ـەوە، بەتەواوی بەشێوەی کە مائۆ ویستوویە، بۆ شانگهای داڕشتووە .

نەخشەی مائۆ ئەوەبوو کە بیانخاتە بەر کاری کراو( ئەمری واقیع)ەوە . مائۆ، تا ئێستا هەر بە زمانی خزمەتکارانە نێوانی لەگەڵ " شانگهای"دا ڕێكخستبوو . ئێستا بەتـەواوی وازی لەوە هێنا، شانگهای پەیتا- پەیتا داوای لێ دەکرد کە بچێتە لایان و، ئەو هەر گوێی پێ نەدەدان، نەدەچوو . تەنانەت، بۆ ئەوە کە شانگهای وازی لێ بهێنێت، وێدەچێت خۆی دەنگۆی ئەوەی بڵاوکردبێتەوە کە بە نـەخۆشییەك مردبێت . بەوە کە مائۆ " سەرۆك چەتە"یەکی بەناوبانگ بوو، ڕۆژنامەگەریی نەتەوەییەکان ئەو دەنگۆیەیان زۆر بڵاوکردەوە . مائۆ دەیدیت کە ئەوە ڕێگایەکی هاسـان بوو بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیە و،کە بە هاسانی دەیتوانی نکوڵی لەوە بکات کە هیچ بـەرپرسیاریی ئەوی تێدا بووبێت .

فێڵەکە، بۆ ماوەیەکی کورت، سـەری گرت . ژمارەی ٢٠ی مارسی گـۆڤاری" هـەواڵبەریی نێونـەتـەوایـەتیـی کۆمینتێرن"، لە چوارچێوەیەکی ڕەشی دەنگوباسی تازیەدا، بڵاوی کردەوە کە :

" دەنگوباس لە چینەوە گەیشت، کە هەڤاڵ مائۆ تسی - تونگ ... دامەزرێنەری لەشکری سوور، لە بەرەی فوکین بە هۆی نەخۆشییەکی ماوەیەکی زۆری سیبەکانی، مردووە ."

مۆسکۆ و شانگهای، بە دووحەفتەیەك پێیانزانیکە مائۆ زەق و زیندووە و بەولاتریش، دەستی بەسەر لەشکری " جیانگکسی"یشدا گرتووە . شـانگهای، ٣ی ئاپریل، بەیانێکی توندی بۆ هەموو لەشکرە سـوورەکان نارد کە هەموویان دەبێت هەر تەنیا بە قسەی شانگهای بکەن، نە هیچ کەسی تر . بەیانەکە ڕەخنەی لە مائۆش گرتبوو ( بە بێ ناوهێنانی )، لەسەر ئەوە کە هەر لەخۆیەوە، بە بێ ئەوە کە دەسـەڵاتی ئەوەی درابێتێ، دەستی بەسەر لەشکری سووری " جیانگکسی"دا گرتبوو .

کاتێك بەیانی شانگهای گەیشتە جیانگکسی، سوورەکانی ناوچەکە لە می/ مایسدا لە مائۆ ڕاپەڕین . کادیران لە هێندێك شوێن ڕاپـەڕینی جووتیارانیان لە دژی ڕژێمی مائۆ- لیئۆ هان دا . پێش هاتنی مائۆ، سـوورەکانی جیانگکسی گوێیان بە پێداویستیی خۆشیی خەڵك و بەرهەمهێنان دابوو،کارگەیەکیان بۆ دروستکردنی ئامێری کشـتوکاڵ و قاپ و قاچاغ و ئەو شـتانە دامەزراندبوو . مائۆ و لیئۆ، ئەو کارانەیان مـەحـکووم کردن، گوتیان ئەوانە " وێرانکاریزم" ـن . لیئۆ نووسی :

" لەبەر پێداویستی خەبات،کەم کردنەوەی بەرهەم شتێکە کە ناتوانین خۆی لێلابدەین ."

جووتیاران،که ڕێی پڕکردنی بەرهەمیان بۆ نەمابۆوە و، باجی قورسیشیان لێ دەستێندرا( لیئۆ دەیگوت هێندە- یان پێخۆشە باج بدەن که لە خۆشییان هەڵدەبەزنەوە!)، ناوچە بە دووی ناچە، لە ڕژیم ڕاپەڕین و کەوتنە هاواری " بماندەنێ ژیانی ئارام، بماندەنێ کاری ئارام!". لیئۆ بێ بەزەییانە ڕاپەڕینەکەی تێكشکاند ، فەرمانی دا:

" هەر کەسانێك بەتەمای شتێکی وەها بن، یا بەدرەفتاری بکەن، دەبێت بگیرێن"

" نابێت هیچ هەستێك بۆ هیچ خزمێك یا هەڤاڵێك هەبێت، هەرکەسێك بێتە ماڵتان یا هەر شوێنێکی تر و ڕەفتاری ڕێکوپێك نەبێت ... دەبێت ڕاپۆرتی لێ بدەن ... بەکاربەدە- ستان، تاکو بتوانن بیگرن و سزای بدەن" .

لیئۆ، ئەو ڕاپەڕینانەی خستە ملی" ئا ب" وە، مەبەست لە دەستەی" ئانتی بۆڵشەفیك" ( دژی کۆمونیست) ناوێك،کە نەمابوون، بەڵام لیئۆ ناو بە ناوە لای‌خۆیەوە بە خەیاڵ بۆ دوژمنانی زیندوو دەکردەوە، دەیکردە بەهانە- یەك خەڵکی ناوچەکانی ژێردەستی پێ مەحکووم دەکرد . لە یەك مانگدا، بە هەزاران جووتیار و کۆمونیست کوژران .

ئا لەم‌کاتەدا ،هەلێك لەبەردەم سوورەکانی جیانگکسی کرایەوە . سەرەتای ١٩٣٠، مائۆ و لەشکرەکەی، سەدان کیلۆمیتر دوورکەوتنەوە، چوونە نیزیکی چانگشا ،دەیانویست دەست بەسەر لەشکرەکەی" پێنگ دێ- هوئای"دا بگرن . سوورەکانی جیانگکسی، بە ڕابەریی سەرۆکەکەی پێشوویان " لی وێن- لین"، ئەو هەلەیان بە دەرفەت دیت،کۆبوونەوەیەکیان ساز دا و لیئۆیان خست . هاتوهاواری تووڕەییان بە ڕووی لیئۆوە - کە ئەوە بۆ مائۆش بوو - لێ بەرزبۆوە، بەوە کە" هەر تەنیا بیرکردنەوە لە دەسەڵات"یان هەبوو، وەك کە لیئۆ خۆیشی دواتر بۆ شانگهای ددانی بەوەدا نا کە بەڵێ ئەوان ببوون بە

" جەنگسالار" و " پارتەکەیان خستبووە خەتەری گەورەوە" .

لیئۆ بۆ ئەوە شەرمەزار کرا کە هەڤاڵانێکی" زێدە زۆر"یانی ئیعدام کردبوون و کە " ئیرهابێکی سووری ئێجگار زۆر"ی نابۆوە . کۆمونیستانی شوێنەکە داوایان لە شانگهای کرد کە لیئۆ لە پارتەکە دەربکات، بەڵام ئیتر بەوە کە ئەوان غەریزەی کوشتن نەیدەئاژۆتن، لێی‌گەڕان بڕوات، بچێتە شانگهای . لەوێ وەزیفەیەکیان لە بنکەیەکی تری سووران دایێ . لەوێ، تووشی بوو بە تووشی کەسێکی وەکو خۆی . سەرۆکی ئەوێ، چانگ کوئۆ- تائۆ، ئەوەندەی مائۆ نەحس و بەدفەڕ بوو و، ئەویش کوشتاری خۆی دەکردن، کە ئەوەبوو سەری" لیئۆ" شی تێدا چوو و کوژرا . لیئۆ کە ڕۆیشت، ژنەکەی، هۆ یی، ژنخوشکی مائۆ،گەڕایەوە لای مێردەکەی پێشووی، لای

" تسی - تان"ی برای مائۆ .

بە ڕۆیشتنی لیئۆ، مائۆ پیاوەكەی بەسەر" جیانگكسی"یەوە نەما. ئیتر مائۆ دوای كۆتایی بەزمەكەی ئابلۆقەی چانگشا، گەڕایەوە چانگشا، تا دیسان دەسەڵاتی بەسەپێنێتەوە ــ و تۆڵە بكاتەوە . ١٤ی ئۆكتۆبەر، لە ڕێگای گەڕانەوەیدا بۆ چانگشا، ئاگاداریی بۆ شانگهای نارد كە :

" تەواوی پارتەكە ( لەوێ ) لەژێر ڕابەریی كوولاكدایە ... بە « ئاب»( ئانتی بۆلشەفیك) پڕ بووە ... بە بێ پاكسازییەكی تەواوی لە كوولاك و« ئاب»یان، ڕێگایەكی تر بۆ ڕزگار- كردنی پارتەكە نیە ... "

ڕێك لەم كاتەدا بوو، كە مائۆ زانی كە وا مۆسكۆ ئەوپەڕی سەری‌خستووە ــ كردوویە بە سەرۆكی دەوڵەتی داهاتوو . كەواتە هەڵپەی بۆ دەسەلات بە دڵی جەماعەت بووە . كە دیتی مۆسكۆ ئاوا ئەوی بە دڵە، ئیتر بڕیاری دا بە دڵی‌خۆی تێ‌بكەوێت و، پاكسازییەكی گەورە بكات، خۆی لە هەموو ئەوانەی لەگەڵیدا ڕێك نەبوون ڕزگار بكات و، ترس و وەحشەتێك بنێتەوە كە لەمەودوا كەس نەوێرێت بەقسەی نەكات. شانگهای لە بارێكی وەهادا نەبوو كە بتوانێت مائۆی پێ كۆنترۆڵ بكرێت. شانگهای لە ناوەندی نوامبرەوە لە كێشەیەكی ناوخۆی سەر ڕابەریی گلابوو،كە كەسێكی تا ڕادەیەك نەناسراو، وانگ مینگ، هەڵیگیرساندبوو، ئەو كەسەی كە ساڵانی دوای ئەوە، دەوری گرنگی لە ڕووبەڕووبوونەوەی مائۆدا دەبێت .

لە دوا ڕۆژانی نوامبر، مائۆ دەستی بە كوشتارەكەی كرد . فەرمانی دا بە هێزی سەربازیی، كە هەموو لە ناوەندی قەڵەمڕەویی‌سووردا كۆببنەوە، تا ڕاكردنی‌كەسێكیان لەدەستی زەحمەت بێت . لە بەردەمی كۆبوونەوەدا ڕایگەیاند كە كۆمەڵەیەكی« ئا ب» لە ناو هێزی ژێر فەرماندەیی" پێنگ- دێ هوئای"دا دۆزراوەتەوە ــ كە لە ڕاستیدا ئەوانە كەسانێك بوون كە ملیان بۆ مائۆ نەدابوو . گرتن و كوشتن دەستی پێ‌كرد. یەكێك لەوانەی لێكۆڵینەوەیان لە گیراوەكان كردووە، لە بیرەوەرییەكانی خۆیدا ( كە چاپی نەكردووە)، باسی ئەفسەرێك دەكات، كە ڕابەریی هەوڵی دەرچوونێكی لە كۆزی مائۆ داوە، گیراوە و شكەنجە دراوە، نووسیویە :

" برینەكانی سەر پشتی وەكو پوولەكەی بەسەر پشتی ماسییەوە بوون ."

مائۆ، حاڵ و حیسابێكی لەگەڵ لەشكری زهو- مائۆشدا هەبوو، كە ساڵی پێشتر بە دەنگدان مائۆیان لە سەرۆ- كایەتیی خستبوو . ژمارەیەكی زۆر لە ئەفسەرانی لەشكری سوور، لە مائۆ دڕدۆنگ بوون، وەك كە ئەفسەرێك

بە ناوی " لیئو دی"، ١١ی یەکەم مانگی ١٩٣١ بۆ " شانگهای"ی نووسیوە :

" من قەت بڕوام بە مائۆ نەکردووە"

(دوای شەڕێك) زۆر ئەفسەرم لە هێزانێکی‌جیاوازی لەشکردا دیتن،هەموو زۆر ناڕەحەت بوون، خەمیان لێ نیشتبوو . دەیانگوت نەیاندەزانی کارکردن لە پارتی کۆمونیستدا پێویستی دەکرد فێری کلکەسووتەکردن بن و، کە بەڕاستی ئیتر قیمەتی نیە . منیش هەمان هەستم هەبوو و، پێموابوو گیانی بۆلشەفی ڕۆژ بە ڕۆژ لە پارتەکە دەگوشرا ...

مائۆ بە" تاوانی بوختان کردن بە هەڤاڵان و چەوساندنەوەیان" تاوانبارکرابوو و، بەوە کە" دەسیسەکاری بەدکار" بوو، کە مائۆش خۆی، ٢٠ی دیسامبری ١٩٣٠، بۆ شانگهای ددانی پێدا نابوو کە وابوو .

مائۆ، بۆ بەجێهێنانی پاکسازییەکانی، دۆستێکی خۆی بەکاردەهێنا، ناوی " لی شاو- جۆئێ" بوو . کە لای هەڤاڵەکانی بە" بەدکار و چەپەڵ" دادەنرا . پشکنیارێکی پارتەکە نووسیویە کە :

" لی، زۆربەی لەشکر ناخۆشیان دەوێت" " چونکە پێش دەستپێکردنی شەڕ دەکەوێتە هەرا-هەرا و فڕو فیشاڵ و، لە شەڕیشدا ترسنۆکە".

ئەوانەی لەبەردەستیدا بوون، لە پارتەکە دەپاڕانەوە کە پارتەکە " دەریبکات و سزای بدات".

لی، کارەکەی وا دەکرد کە لەپێشدا چەند کەسێکی کەمی دەگرت و، شکەنجەی دەدان و داوای لێ دەکردن کە ناوی ئەوانی تر بڵێن؛ گرتنی پتر و شکەنجەی پتر و گسکدانی پتری ناحەزانی مائۆی بەدوودا دەهات . بە گوێرەی قسەی ئەفسەرێکی گەورە، لی و پیاوەکانی هەرئەوەندە لە خۆیانەوە

دەیانگوت : " ئێوە« ئا ب» ( ئانتی بۆلشەفیك)تان لە ناودا هەیە و، هێندێك ناویشیان دەهێنان، ئیتر هیچ بەڵگەیەکی تر بەهیچ جۆرێك لەکاردا نەبوو: ئەوانە... شکەنجە دەدران و بە زۆر ئیعتیرافیان پێ دەکرا کە " ئا ب" بوون و، ناوی - بڵێین- دەرزەنێك خەڵکی تریان دەدا . ئەو خەڵکەی ناویان دەدرا، دەگیران و شکەنجە دەدران و، بە هەمان شێوە ناوی دوو ئەوەندەی تر خەڵکیان دەدا ...

مائۆ خۆی ٢٠ی دیسامبر بۆ شانگهای نووسی کە :

" لە یەك مانگدا، ٤٤٠٠ « ئا ب» لە لەشکری سووردا دۆزراونەتەوە"

مائۆ ددانی بەوەدا ناوە کە ئەوانە، زۆربەیان کوژراون ــ و هەموویان شکەنجەدراون . مائۆ لەوێدا دەڵێت :

" ئـەگەر كـەسێك لەوانە تـەحەممولى شـكەنجە نـەكات و، بە هۆى ئەوەوە ئيعتيرافى درۆ بكات، هەر ئەوە خۆى بەڵگەى ئەوەيە كە ئەو كەسە تاوانبارە . "

و مائۆ لێرەدا ئەم پرسيارە دەكات :

" ئەينا چۆن شۆڕشگێڕێكى دڵسۆز، دەكرێت ئيعتيرافى درۆ لەسەر هەڤاڵانى تر بكات ؟ "

مائۆ،كە چنگى چاك لە لەشكر گير بوو،ئەوجا هاتە سەركۆمونيستەكانى جيانگكسى . ٣ى ديسامبر،"لى"ى بە ليستێكى ناوى دوژمنانييەوە ناردە شارۆچكەى " فوتيئان"، كە ڕابـەرانى جيانگكسى لەوێ دەژيان . مائۆ كۆبوونەوەكەى ئووت/ ئابى دەركردنى ليئۆى بەوە مـەحكووم‌كرد كە" كۆبوونەوەيەكى « ئا ب »"ى " دژى مائۆ تسى - تونگ"بووە . فەرمانى دا : " هەموويان بڕووخێنە"،

ئەوجا " لە هەموو قەزا و ناحيە ( بخش و شهرستان)ێك بە كۆمەڵ بيانكوژە"

" هـەر شـوێنێك، كە نـەگرێت و كوشـتار نـەكات،ماناى ئەوەيە ئـەندامانى پـارت و حـكومەتى ئـەو شـوێنە « ئـا ب »ـن، ئيتر تۆ دەتـوانيت بيانگريت و چـارەيان بـكەيت ( " خون- بان" شكەنجەدان و/ يا كۆتاييهێنان بە ژيان دەگرێتەوە) .

لى، ٧ى ديسامبر گەيـشتە فوتيئان، ئەو پياوانەى ليستەكەى مائۆى گرتن و، تەواوى شەو خەريكى شكەنجە- دانيان بوو . شێوەيەكى شكەنجەدان بەكار دەهات، پێى‌دەگوترا "بەسەر مينى زەويدا كەوتن"، كە قامكى گەورە بە ئـازارێكى ئێجگار زۆر دەشكێنرا . تـەكنيكێكى ترى شكەنجەى لەسەرەخۆ بريتى بوو لە سووتاندن بە ئاگرى فتيلەى هەڵگيرسـاو . لى، بەتـايبەتى لەگەڵ هاوسەرانى ڕابەرانى " جيانگكسى"دا زێدە زبر بوو . ژنـەكانيان ڕووت و قووت دەكرانەوە و

" دەسـووتێران، بەتايبەتى قوزيان بە ئاگرى فتيلە دەسـووتێنرا و، مەمكيان بە چەقۆى بچووك دەبڕدران ."

ئەو بێ بەزەييبوونە، ياخيبوونێكى لێ پەيدابوو . يەكەم ياخيبوونى ئاشكرا لە مائۆ . بە ڕابەريى ئەفسەرێكى گەورەى كە پێشتر ناومان هێنا " ليئو دى" بوو، خەڵكى هونان بوو و ساڵانێك بوو مائۆى دەناسى . بەهۆى ئەو هاوستانييەى لەگەڵ مائۆدا، مائۆ ويستبووى بۆ دەست بەسەرداگرتنى لەشكرى جيانگكسى،بيخاتە لاى خۆيەوە . پياوەكەى مائۆ، لى، ٩ى ديسامبر بانگى كرد و، سـەرەتا پێى گوت كە دەزانين تۆ « ئا ب»يت، ئـەوجا پێى‌گوت كە ئەگەر هاوكارى بكات، ئەوا لێى دەگەڕێت بڕوات .

لیئو دی، لە نامەیەکیدا، کە دوای راپەڕینەکە بۆ " شانگهای"ی نووسیوە، باسی ئەوە دەکات کە دیتوویە چۆن شکەنجەکاران کەوتبوونە سەر مشەی" خواردنەوە، گۆشت، هام ( گۆشتی ساردی رانی بەراز) "، دانیشتبوون و قوربانییەکانیان لە بەر پێی خۆیان دانابوون . لی، بە کەیف و شادییەکەوە خۆی بە شکەنجەدانی هەڵدەکێشا و، ئەوانی تریش، کلکەسووتەکارانی، پێیان هەڵدەگوت و بۆیان دەگێڕایەوە . لی، لەو نقوم بوونەی لەو بەزمەدا لەوێ، درکاندی کە :

" مەسەلەکە کارێکی بە« ئا ب»وە نەداوە، هەمووی سیاسەتە ."

لیئو لە نامەکەیدا دەڵێت :

" من زۆر بە روونی گەیشتمە ئەو نەتیجەیە کە ئەوە هیچی فری بەسەر«ئا ب»وە نەبوو . هەموو شتەکە بریتیە لەوە کە مائۆ تسی- تونگ، یاریی چەپەڵ دەکات، سەگە هارەکەی « لی شاو - جۆئی" دەنێرێتە ئێرە تاکو کوشتار لە هەڤاڵانی جیانگکسی بکات ."

لیئو بڕیار دەدات هەوڵ بدات مائۆ بوەستێنێت، بەڵام دەبێت بە فێڵێك رێگایەك بۆ ئەوە بۆخۆی بکاتەوە :

" ئەگەر بە سیفەتی کۆمونیستییەم بکردایە و، راستییم بگوتایە، هەر تەنیا کوژرانم پێ دەبڕا . ئیتر لەبەرئەوە بەرگی ئابڕووم لە خۆم داماڵی و، بە شێوازی« چانگشایی» تاکو نا- جیانگکسیی خۆمی پیشان بدەم، بە « لی»م گوت :« من تابیعێکی کۆنی جەنابتانم ... ئەوپەڕی هەوڵ دەدەم لەسەر رێنوێنییە سیاسیەکانتان بڕۆم ."

لیئو بەڵێنی« پێبەندیی بە مائۆ» ش داوە، ئەوجا :

" کە ئەوەم گوت، دەسبەجێ هەڵوێستیان گۆڕی ... پێیان گوتم بچم لە ژوورێکی بچووکی پەنایان چاوەڕێ بکەم . "

لیئو، ئەوشەوە لە جێگاکەی لەو ژوورەدا رادەکشێت، لە بەر دەنگی هاواری قوربانییانی شکەنجەی کە لەو دیوی دیواری ژوورەکەیەوە دەگاتە لای، بڕیاری هەنگاوەکانی داهاتووی نەخشەی کاری دەدات .

بەیانییەکەی رۆژی دوای ئەوە، زمانلووسییەکەی لووستر دەکات و، بەری دەدەن . لی، پێی دەڵێت کە بچۆوە ناو هێزەکەت و

" دەستبەجێ هەموو « ئا ب"یەکان لە هێزەکەتدا لەناوبەرە ."

لیئو، کاتێك چۆوە لای هێزەکەی، بۆ ئەفسەرە هاوکارەکانی باسکرد چیی دیتووە و بیستووە و، پشتگیریی

ئەوانی وەدەستهێنا. لیئو، سەرلەبەیانیی ١٢ی مانگ، هێزەکەی کۆکردەوە و هێرشیکردە سەر زیندانی فوتیئان و زیندانییەکانی ئازادکردن . بەوە کە لیئو پیاوکوژ نەبوو، وەدووی پیاوەکانی مائۆ نەکەوت و، بە " لی" یشەوە، لێیان‌گەڕا هەموو دەرچن . هەرچەندە لی دواتر بەدەستی کەسێکی تۆڵەسێن کوژرا .

ئەو شەوە، پۆستەر لە" فوتیئان" بڵاوبوونەوە،کە لەسەریان نووسرابوو" بڕووخێت مائۆ تسی- تونگ ". بەیانیی ڕۆژی بەدوودا کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە دژی مائۆ لە شارەکەدا کرا . پیاوانی جیانگکسی، دوای نیوەڕۆ، بە ئەوبەری ڕووباری " گان"دا چوون، تا لە دەستی مائۆ دوور بن . بەیانێکیان دەرکرد، بەم جۆرە باسی مائۆیان تێدا کرد :

" کەسێکە ئەوپەڕی دەغەڵباز و بە فرتوفێڵ، خۆپەرست و، پڕ لە خۆ بەگەورە دیتن (مێگالۆمانیا) . لەگەڵ هەڤالانیدا، بە ڕاست و بە چەپ فەرمانیان دەداتێت، بە تاوان - دانەپاڵ دەیانترسێنێت و، دەیانکاتە قوربانیی . بەدەگمەن قەت باس لەبارەی شتێکی پارتەکە لەگەڵ هەڤالان دەکاتەوە ... هەرکاتێك هەر شتێك بڵێت دەبێت هەمووکەسێك لەگەڵیدا بێت، ئەگینا ڕێکخراوی پارتەکە بۆ لێدانت بەکار دەهێنێت، یا تیۆرییەکت بۆ هەڵدەبەستێت و، ژیانت لێ حەرام دەکات ... مائۆ هەمیشە تاوانبارکردنی سیاسی بۆ لێدانی هەڤالان بەکار دەهێنێت . شێوەی کاری لەگەڵ کادیراندا وەهایە کە ... وەك ئامرازی شەخسیی‌خۆییان بەکار دەهێنێت . خولاسە... ئەو نەك هەر ڕابەرێکی شۆڕشگێڕ نیە ... بۆلشەفیکیش نیە .

گوتیان ئامانجی مائۆ ئەوەبوو ببێتە " ئیمپراتۆری پارتەکە ".

بەهەرحاڵ،کەسانێکی شاندێکی شانگهای، بە ڕێکەوت لەوکاتەدا لەوێ بوون، پێیان‌گوتن کە ئەو مەحکووم- کردنەی مائۆ بوەستێنن، چونکە مائۆ " ناو و ناوبانگێکی نێو- نەتەوایەتی"ی هەبوو . دەستبەجێ بەقسەیان کرد و، چارەنووسی خۆیان دایە دەستی شانگهای . بە سەربازەکانیان گوت :

" دەبێت ڕاپۆرت لەبارەی نەخشە بەدکارییەکانی مائۆ و،کوشتاری لە پارتەکە لە جانگ- کسای بدەین بە مەرکەز . ئیتر دەبێت مەرکەز چارەی بکات ."

شاندێك لەوانە ناردرا شانگهای،کە هەموویان لەلایەن مائۆوە شکەنجەدرابوون . لەوێ، بەڵگەی وەهایان خستنە بەرچاوی ڕابەرانی پارتەکە،کە نەدەکرا هیچ‌گومانیان لێبکرایە — شوێنەواری شکەنجەی بە لەشیانەوە .

جگە لەوەش،گوتیان کە مائۆ

" قسەکانی (ی چەند جار گوتراوەی رابەرایەتیی ) بەجێنەهێناون . ئەو ... هەڤاڵانی کە لەلایەن مەرکەزەوە دەناردرانی گوێ پێ نەدەدان،کێشەی بۆ دەنانەوە ... مەرکەز چەندجار نووسی، هەوڵی دا بیگوازێتەوە شوێنێکی تر، بەڵام مائۆ ئەو نامانەی هەر هیچ گوێ پێ-نەدا . "

بەڵام،کەسانی ناردروای مۆسکۆ لەوێ و، رابەرانی پارتەکە لە شانگهای بە سەرۆکایەتیی چوو ئێن-لای،لایەنی مائۆیان گرت، هەرچەندە دەشیانزانی کە ئەو تاوانانەیکردبوون، بە چاوی خۆیان شوێنی شکەنجەی ئەو خەڵکەیان دەدیت . چوو ئێن-لای خۆی، بە " پۆل ریلسکی"ی پیاوی مۆسکۆی گوت :

" گرتن و شکەنجەدانی ئەندامانی پارتەکەمان ... راستە روویانداوە" .

بەڵام لە دنیای ستالینیستدا، پاکسازکار هەمیشە براوە بوو *، چونکە مۆسکۆ عەودالی کەسانی هەرە زبر بوو . سوورەکانی جیانگکسی،هەرچەندە دڵسۆزی پارتەکە بوون، هەر مۆری " دوژمنانی شۆڕش"یان لێدرا و، فەرما-نیان درایێ کە مل بۆ مائۆ بدەن، ئەینا رووبەرووی " خەباتی چەکداری بێ بەزەیی"، واتا لەناودران، دەبنەوە . مۆسکۆ گوتی کە مائۆ

" لە بناغەرا راستە" و" ئەم ختەی خەباتی بێ بەزەیی لە دژی دوژمنانی شۆڕش پێویستە ( درێژەی هەبێت ) " .

ئەوە نوختەیەکی تری گۆڕان بوو بۆ مائۆ : پشتگیریی مۆسکۆی بۆ ئەوە وەدەست هێنا کە ئەندامانی پارتەکەی خۆی بکوژێت، ئەو ئەندامانەی کە بە هیچ جۆرێك هیچ گوناهێکیان بەرانبەر پارتەکەیان نەکردبوو . ئەوانە تاقە یەك ئەندامی پارتەکەشیان نەکوشتبوو، بریندار نەکردبوو، لەکاتێکدا کە مائۆ هەموو یاسایەکی پارتەکەی پێشێل کردبوو .

---

* تەنانەت ئەگەر پاکسازی نەتیجەی پێچەوانەشی بدایە . راپۆرتێکی ١٩٣٢ی" یەکێتیی(کۆمونیستی) کرێکاران" دەڵێت کە کرێکار لەوە " هەر ترساون" کە بێنە ریزی یەکێتییەکانی کۆمونیستان :

" دەبینن کە زۆربە ( وەها)ی کرێکارانی کە لە ساندیکای کرێکاراندا ئەندام بوون، بە تاوانی بوونە « ئا ب»، ( بەدەستی هەڤاڵانی خۆیان) ئیعدام کراون ."

شانگهای، تەنانەت نامەی شكایەتی قوربانییەكانی بۆ مائۆ نارد ـــ واتا پێی گوت تۆ ئازادیت، ئەوانە بگریت و هەرچۆنێك حەزدەكەیت سزابدەیت . كەسێك بە دەستخەتێكی وەك شەرەپشیلە، لەسەر ئەم ڕاپۆرتە جەرگبڕانەی ئەو قوربانییانەی نووسی :

" دوای وەرگێڕانیان ( بۆ سەر زمانی ڕووسی) بیاننێرنەوە بۆ مائۆ "،

یا هەر بە سادەیی واتا: " بۆ مائۆ" .

ئەو كەسە، ناوی " كانگ شێنگ"، سەرۆكی " بەشی ئیدارە" بوو، باریكێك، بە سمێڵ، بە چاویلكەیەكی چوار- چێوەی زێڕ، شارەزایەكی هونەرو شەهوانیەت ( ئێرۆتیكا) بوو و، ئەوەندەش شارەزای مەوداكانی ئێشی كە بە شكەنجە و ئازاردان پێكدێن( لە مۆسكۆ تەكنیكی شكەنجەدان فێركرابوو - وەرگێڕ) . دواتر، بە بەدكاریی دەناسرێت، كە دەبێتە دادیار( یا زاڵمێك) ی دەستی مائۆ . ئێستا، بەو وەها بە هاسانی نووسینەی ئەو چەند وشەیە، ئەو قوربانییانەی تەحویلی دەستی مائۆ دان ـــ و بەوە حەقەن تەحویلی مەرگی دان .

مائۆ، دوای ئەو هەڵوێستەی شانگهای، " لیئو دی" و هەڤاڵەكانی مەحكووم و ئیعدام كردن . پێش مردنیان، بە قەڵەمڕەویی سووردا گێڕایانن تا خەڵك بیانبینن و نەخەڵەتێن هەڵەی ئەوان بكەن . كاتی ئیعدام كرانیشیان، نوێنەرانی هەموو شوێنێكی بنكەكە هێنران سەیر بكەن و پەندی لێ وەربگرن .

جیانگكسی، وەك كە ڕاپۆرتێكی نهێنی دواتر باسی دەكات، ئیتر بوو بە وێرانەیەك :

" هەموو كارێك ڕاگیرا، تاكو كوشتار لە« ئا ب»یەكان بكەن" . " هەموو كەسێك لە ترسدا دەژیا ... لە هەرەگەرمیی وەزعەكەدا، هەر ئەوەندە دووكەسیان بدیتنایە پێكەوە قسە دەكەن، بەس بوو كە گومانی بوونە« ئا ب» یان لێ بكرایە ... هەموو ئەوانەی كە وەكو دێوەزمە نەدەكەوتنە گیانی « ئا ب»یان، بە « ئا ب» دادەنران ...".

دڕندەترین شكەنجە، ببووە باوی ئاسایی ژیان . شكەنجەی جیاواز هەبوون :

" هێندە جۆری زۆر هەبوون ... ناوی هێندە سەیریان هەبوون، وەك ... : ( شكەنجەی « دانیشتنە سەر كورسیی كەیف»، « خواردنەوەی ڕەشە بۆق»،« مەیموونانی پەتك بە دەستەوەگرتوو» . هێندێكیان، لوولەتفەنگی لە ئاگردا سووربۆوە لە قوونیان ڕادەكرا .

هەر لە قەزا ( بەخش)ی « سەركوتن» بەتەنیا، ١٢٠ جۆرە شكەنجە هەبوون ."

لە شكەنجەیەكدا بە ناوێكی نەخۆشانەی داهێنانی « فریشتە لە سەنتوور دەدات» : تەلێكیان دەهێنا، سەرێكیان

لە کیری پیاو دەبەست و، سەرەکەی تـریان لە گوێی دەبەست، ئەوجا شکەنجەکار لەو تەلەی دەدا، کە ئیتر پێیان دەگوت تەلی سەنتوور . بۆ کوشتنیش، شێوەی زۆر دڕندەیان هەبوون، راپۆرتەکە دەڵێت :

" لە هەموو قەزاکان (بەخشەکان)، حاڵەتی زگ هەڵدڕین هەبوون، دڵ دەرهێنان هەبوون ."

بەهەمووی، بە دەیـان هـەزار کەس لە جیانگکسی بە مەرگ گەیەندران . هەر تـەنیا لەوانەی لەشکر، دە هەزار کەس کوژران ــ چارەکی هـەموو هێزەکەی ئەوسای ژێر فەرماندەیی مائۆ ــ وەك کە لە راپۆرتێکی رێك دوای ئەوەدا باس کراوە . ئەوە یەکەم پاکسازیی گەورەی پارتەکە بوو و، ماوەیەك پێش پاکسازییە گـەورەکەی ستالین رووی‌دا . ئەم لاپەڕە گرنگەی مێژوو ــ کە لە زۆر رووەوە قۆناغی داڕشتنی مائۆیزم بوو ــ تا رۆژی ئەمرۆش لێفەی لەسەر هەڵنەدراوەتەوە . بەرپرسیاریی شەخسیی مائۆ لەوە و، بۆچی وای کردووە و، ئەو دڕندەییە بێ ئەندازەیەی، باسکردنیان ئێستاش هەر حەرامە .

لە تەنیشتی ئەوێوە، لە" فوجیان"یش، سوورەکانی شوێنەکە لە مائۆ یاخی ببوون، تەمووزی ١٩٣٠ کە مائۆ و لەشکرەکەی لەوێ نـەبوون، بە دەنگدان دەستەی سەر بە مائۆیان لەکار خستبوون . ئەوانیش ئێستا هەزارانیان لێ ئیعدام کران؛ ژمارەی رەسمیی کەسـانی ئیعدامکراوی کە دواتر ناویان براوە، باس لە ٦٣٥٢ کەس دەکات . لە قەزایەك ( بەخشێك)، تـەلی ئـاسنی ژەنگاوییان لە گونی قوربانییەکان بـەستبوون و ئـاوا بە شـەقامەکاندا رایاندەکێشان و دەیانبردنە مەیدانی ئیعدام . سەرۆکی سوورەکانی فوجیان، کە تەمی لەبەر چاوی رەویبوو و لە ترسـان زەندقی چووبوو، یـەکـەم هەلی رزگاربوونی کە بۆی لوا قۆستـەوە، کە ناردیانە هۆنگ کۆنگ دەرمان بکرێت، ئیتر رایکرد . ئەویش هەر یەکێك بوو لە زۆر لە کۆمونیستانی پایەبەرزی کە رایانکرد . کەسێك کە ئیتر " پێنگ دێ- هوئای" کردبووی بە کوڕی خۆی، ئەویش یەکێکی تر لەوانە بوو کە رایانکرد .

هەر رێك دوای یاخیبوونەکە لە مائۆ، کۆمونیستانی جیانگکسی روویان لە " زهو دێ" و " پێنگ" نا : هەڤاڵان، پارتەکەمان، ئیتر تەواو، تاسەر هەر وا تاریك و بێ رووناکی دەمێنێتەوە ؟ ئەو دووانە مائۆیان خۆش‌نەدەویست . زهو، شەوێك، دوای خواردنەوەیەکی زۆری شەرابی برنج، لای کۆنە هەڤاڵێکی خۆی درکاند کە :

" زۆر لە هـەڤـاڵانی کـۆنمان ... لە پـاکسـازییەکدا کـوژران . ئێوە دەزانن کێ لەپشـت کوشتنیان بوو ."

هەڤاڵەکە تێگەیشتووە کە زهو مەبەستی لە مائۆ بووە و،ئەوەشی لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیوە . هەر ئەوە، قسەی

تری هەمان زەو دەگێڕێتەوە كە گوتوویە :

" ڕووداوەكەی" فوتیئان"یش بەتەواوی لە سۆنگەی مائۆوە بوو،كە كوشتاری« ئا ب»ی نایەوە . هەڤاڵانێكی هێندە زۆر كوژران ...". زەو" یەكجار زۆر خەمبار دیار بوو ."

بەڵام بەهەرحاڵ، زەو و پێنگ هەر لەگەڵ مائۆدا مانەوە . شانگهای و مۆسكۆ لە پشت مائۆ بوون و، ئەگەر ئەمان لایەنی ئەو سوورانەی " جیانگكسی" یان بگرتایە، ئەوا لە پارتەكەیان دادەبڕان . مائۆ ڕێگای بۆ تاوانباركردنی زەو و پێنگ خۆشكردبوو . هەیئەتیكارگێڕیی زەوی پاكسازیكردبوو و، دوو لە پێنج یاوەرەكانیشی ئیعدام كردبوون . بۆ مائۆ هیچ زەحمەت نەدەبوو كە بە شكەنجە كسانێكی ناچار بكردنایە تاوان بدەنە پاڵ زەو ــ و " پێنگ"یش . پەیامێك بە" سەرۆكی ئیستیخباراتی ڕووسیا لە چین" گەیشتبوو، تێدا هێمایەك بەوە كرابوو كە " ڕەنگە پێنگ تێكەڵاویی پەیداكردبێت " لەگەڵ « ئا ب»دا .

مائۆ، فەرماندەكانی‌لەشكری نەك هەر بە جۆرەها شێوە دەگوشین،بگرە دەبوو لەوە دڵنیا بوایە كە دەستیشیانی خستووەتە خوێنی هەڤاڵانیانەوە . مائۆ، فەرمانی دا بە زەو كە ببێت بە ئەندامی ئەو هەیئەتەی دادگای كە " لیئو دی"ی بە مەرگ حوكم دا .

هۆیەكی تریش هەبوو،كە وای دەكرد" زەو" و " پێنگ"، ڕووبەڕووی مائۆ نەبنەوە . ئا لەو كاتەدا، دیسامبری ١٩٣٠، تازە " چیانگ كای - شێك" بە سەر ڕەقیبەكانیدا سەركەوتبوو و، دەستی بە " حەملەی لە ناودان"ی كۆمونیستان كردبوو . زەو و پێنگ دڵیان لای لەشكری سوور بوو و، دەترسان دووبەرەكییەك لەوكاتەدا تێدا- چوونی لێ بكەوتایەتەوە . ئەوان هەڵوێستیان لەوەی مائۆ جیاواز بوو . مائۆ، لەو هێرشە و هێرشەكانی تری ١٩٣٠ ی " جەنەڕالیسیمۆ" ( چیانگ كای- شێك)دا، قەت پاكسازیی ڕانەگرت . تەنانەت كاتێك جەنەڕالیسیمۆ وچانێكی دا، مائۆ كوشتنەكانی ناوخۆی دووئەوەندە لێكرد، هەرچەندە ئەوانەی كە دەیكوشتن هەر ئێستا لە بەرەی شەڕدا ببوون، شەڕی دژی جەنەڕالیسیمۆیان كردبوو .

بێڕەحمیی مائۆ، سیاسەتێكی كارای دژی چیانگ بەرهەم هێنا . سیاسەتەكە ئەوەبوو كە

" دوژمن زۆر بكێشنە ناو مەڵبەندی سوورەوە و، كە شەتەك بوو، لێیبدەن ."

مائۆ گوتی : بەوە كە نەتەوەییەكان شارەزای مەڵبەندەكە نین، هەلومەرج بە قازانجی لەشكری سوور دەبێت . بەوە كە ڕێگاوبان كەمن، نەتەوەییەكان بۆ ئازووقە پێویستیان بەوە دەبێت كە لە شوێنەكە خۆی وەدەستیان‌بكەوێت .

ئەوجا كە سوورەكان كۆنترۆڵی خەڵكی شوێنەكە بكەن، مانای ئەوەیە دەتوانن نـەهێڵن نـەتەوەییەكان دەستیان بە خۆراك و ئاو بگات . نەخشەكەی مائۆ ئەوەبوو كە : تەواوی خەڵكی ئەو شوێنانەی مەڵبەندی سوور، هەرچی شتی خۆراك و ئامرازیماڵی هەیانە، هەمووی بخەنە چاڵەوە، هەموو چاڵاوێك بە بەردی زەلام- زەلام پڕبكەنەوە و، ئەوجا بڕۆن، بدەنە چیا. بەوجۆرە، لەشكری چیانگ نە ئاوی دەست دەكەوێت، نە خۆراك، نە كەسێك كارێكی بۆ بكات یا رێگایەكی پیشان بدات . ئەو نەخشەیە، بنكەی سوورەكانی دەكردە مەیدانی شەڕ و، مائۆ بەوە ژیانی تەواوی خەڵكی دەخستە جەرگەی كێشەكەوە .

كەم لە رابەرانی سوور نەخشەكەی مائۆیان بەدڵ بوو، بەڵام نەخشەكەی كاری خۆی كرد . فەرماندەیەكی نەتەوە-ییەكان دواتر نووسیویە :

> " كەسمان نـەدەدیت، ماڵەكان بەتاڵ و حەتاڵ هەروەك - تۆ بڵێی- لافاو پاكی كردبنەوە، نـە خۆراك هـەبوو، نـە تاوەیەك هەبوو، نـە مەنجەڵ هەبوو و... نـە دەمانتوانی هیچ ئاگادار-ییەكی سەربازی وەدەستبهێنین ."

چیانگ كای شێك لە بیرەوەرییەكانیدا ئەو ئەندێشەیەی دەربڕیوە كە :

> " زەحمەتیی لەناودانی چەتان ( كۆمونیستان) لەوەی شـەڕێكی گەورە پترە، چونكە ئەوان لە قەڵەمڕەویی‌خۆیاندا شەڕ دەكەن و، دەتوانن چۆنیان بوێت خەڵكی شوێنەكانیان وا لێ بكەن كە وا بكەن ."

بەڵام دیسا هەر، ئەو نەخشە بێ بەزەییانەی مائۆ نەبوو كە سوورەكانی لەدواییدا بە سەركەوتن گەیاند . ئەوەی كە بەڕاستی تای تەرازووی بەلای ئەواندا هێنایەوە، یارمەتیی رووسەكان بوو ــ هەرچەندە ئەوە بە رادەیەكی زۆر هێشتا هەر نەزانراوە . مۆسكۆ، " دەستەیەكی راوێژكارانی سەربازی"ی لە ئاستی هەرە بەرز، لە یەكێتی‌سۆڤیەت بۆ نەخشەدانان بۆ شەڕەكە ساز دا و، " كۆمیتەیەكی سەربازی"یشی لە شانگهای لە راوێژكارانێكی رووس و هی تر ( بەتـایبەتی ئەڵمان) پێكهێنا . یـارمەتیی هەرە گرنگ و خەتەر ئەوەبوو كە لە" گ ر و - ئیستیخباراتی عەسكەریی سـۆڤیەت"ـەوە دەهات، كە تۆڕێكی جاسووسانی لە چین هەبوو، لە سـەد جاسووس پتر، زۆرترینیان چینی بوون و، لە ئیدارەكانی نـەتـەوەییەكانی نیزیكی لەشـكری سـوور بوون و، كاری سـەرەكیی بریتی بوو لە وەدەستهێنانی ئـاگاداری و گـەیاندنی بە چینییە كۆمونیستەكان . سەرەتای ١٩٣٠، مۆسـكۆ ئـەفسەرێكی بە ئەستێرە (ی میداڵی قارەمانی سۆڤیەت - وەرگێڕ ) نـاردە شانگهای، تا ئەو كارە هەڵبسووڕێنێت، ئەفسەرەكە نیوە

ئـەڵمان و نیوە رووس، ریشارد سـۆرگە *. سەرکەوتنی گـەورەی سـۆرگە لەوەدا بوو کە توانی بخزێتە ناو دەستەی راوێژکارانی ئـەڵمانی کە چیانگ کای شێك ناردبوونییە بارەگای پێشەوەی ئیستیخباراتی . سـۆرگە، نێوانی خراپی ژنی یەکێك لەو راوێژکارانە لەگەڵ مێردەکەیدا" شتۆلتزنەر" ی بۆ خۆی قۆستەوە و، تـوانی لەو ڕێگایەوە کۆدەکانی ( چیفرەی نهێنیی) نـەتـەوەییەکان بدزێت،کە کۆدەی پێوەندیی نێوان سەرۆکایەتیی گشتیی ستاد و هێزەکانی لە مەیدانی شەڕیشدا تێدابوو . ئەوە، بۆ مائۆ،کە رووسەکان دایانێ، هێندە گرنگ بوو، لە رادە بەدەر بە قیمەت بوو . پـارتی کـۆمونیستی چین، جاسووسی خۆیشی لە ناو جەرگەی ئیستیخباراتی نـەتـەوەییەکاندا هـەبوون . یـەکێك لەوانە،" کیـئان زهوئانگ - فێی"، بوو بە سـکرتێری جێبەرای سـەرۆکی ئیسـتیخباراتی نەتەوەییەکان " ئو . ت . هسو" و دەستێکی گەورەی لە سەرکەوتنی مائۆدا هەبوو .

ئەو تۆڕە جاسووسییانە، ئاگاداریی تەواویان لەبارەی جووڵانەوەی لەشکری چیانگ دەدا بە مائۆ . رۆژی ٣٠ی دیسامبری ١٩٣٠، کە هێرشەکەی چیانگ دوو حەفتە بوو دەستی پێکردبوو، مائۆ بە چل هەزار سەربازی خۆی بۆسەیەکی بۆ هێزێکی نۆهەزار سەربازی نەتەوەییەکان نایەوە . رۆژی پێش ئەوە، ئـاگاداریی ئەوەی هاتبووە بەر دەست چ بەشانێکی هێزی نەتەوەییەکان و لە چ کاتێکدا دێن . مائۆ، لە شەفەقەوە، لەسەر لوتکەی بەرزاییەکەوە

---

* دواتر بەو جاسووسە بەناوبانگ بوو کە زانیاریی زۆرگرنگی دا بە ستالین، لەوەی ئاگادارکردەوە کە لە کاتی هێرشی هیتلەر بۆ سەر رووسیای ئەوروپاییدا، ژاپۆن نەدەچوو هێرشبکاتە سەر رۆژهەڵاتی دووری یەکێتیی سۆڤیەت . یەکێك لە یاریدەدەرەکانی سۆرگە، ژنێك بوو، ناوی" ژانگ وێن- کیئو" بوو،کە دوو کچی دواتر مێردیان بە دوو کوڕەکەی مائۆی کە لەژیاندا مابوونەوە کرد . ژانگ، سۆرگەی لە ڕێگای ژنێکی ئەمریکاییەوە ناسی کە ئەویش جاسووسی کۆمینتێرن بوو : ئاگنەس سمێدلی .

( ئاگنەس و سۆرگە نێوانی عەشقیشیان هەبووە . سۆرگە، بۆ جاسووسیی بۆ سۆڤیەت چوبووە حیزبی نازیی ئەڵمانیشەوە، ١٩٤٤ لە تەمەنی ٤٩ ساڵیدا لە ژاپۆن ئیعدامکرا و، دواتر لە کۆماری ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی سەر بە سۆڤیەت بە قارەمانێکی شەهید دانرا و وێنەی خرایە سەر پوولی پۆستەوە . ئاگنەس، ساڵی ١٩٥٠ لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا، لە نـەشتەرگەریی نـەخۆشیدا لە ئینگلستان مرد و، ساڵی١٩٥١ خۆڵەمێشەکەی برایە پێکین و لەوێ نێژرا؛ کتێبی " ژیننامەی « زهو دێ»"ی نووسیبوو، بـەڵام دوای مردنی ئاگنەسی نووسەری ئەوجا چاپ و بڵاوکرایەوە ــ وەرگێڕ ) .

لە دوورەوە، لە تەم و مژێکدا کە چیاکانی دادەپۆشی، چاوەڕێی دەکرد؛ ئەوجا کە شەڕ دەستی پێکرد،لە ناو گەڵای دارەدەڤۆکانەوە،کە هێشتا هێندێکیان هەر سوور و بەدارەوەبوون و، هی تریش لەسەر زەویی بە زوقم . لە هەتاوی دوانیوەڕۆدا بوو کە دەنگی بە ورووژان لە خوارەوە گەیشت، هاواری سەرکەوتنی رادەگەیاند . زۆربەی سەربازانی هێزە نەتەوەییەکە دەستی خۆبەدەستەوەدانیان بەرزکردەوە و، فەرماندەکەشیان گیرا . جەنەڕاڵە فەرماندەکە، پیشانی کۆبوونەوەیەکی جەماوەر درا، کە مائۆش گوتارێکی تێدا پێشکەش کرد، ئەوجا جەماوەر بەگوێرەی بەرنامەیەکی رێکخراو، کەوتە هاتوهاواری :

" سەری بپەڕێنن، گۆشتی بخۆن!"

سەریان بڕی و بە دەرگایەکیانەوە بەست و ئاڵایەکی سپیشیان لەلای دانا و، لەسەریان نووسی کە ئەوە " دیاری" بوو بۆ سەرۆکەکانی .

ئەم بۆسەیە، یەکەم حەملەی" چیانگ"ی کۆتایی پێ هێنا و، لەشکری سوور دەستکەوتی زۆری هەبوو، چ چەك و چ دیلی شەڕ، وێڕای رادیۆ و کادیرانی کارپێکردنی رادیۆ . ناوی مائۆ بەرزبۆوە . بەڵام کەمکەس دەیانزانی دەوری ئیستیخباراتی رووسەکان لێرەدا چەندە زۆر بوو، وێڕای پارە و دەرمان و چەکیشیان . مائۆ تەنانەت داوای گازی ژەهراویشی کردبوو .

ئاپریلی ١٩٣١، لەشکری نەتەوەییەکان بۆ دووەم " حەملەی لە ناودان"ی هاتەوە . دیسان، بەهەمان تاکتیکی " دوژمن زۆر راکێشانە ناوەوەی مەڵبەندی سوور"، حەملەکە پووچکرایەوە . مۆسکۆ لێرەشدا یارمەتیی گرنگی پێگەیاندن، چەك و ئاگاداری و، ئەمجارەیان رادیۆیەکی کاری دووسەرە( ناردنی پەیام و وەرگرتنی)ی بەهێزیان لە " هۆنگ کۆنگ"ەوە بۆ پەیداکردبوون و، رووسەکان کەسانێکیان لێ فێرکردن چۆنی بەکاربهێنن . مائۆ، لەم حەملەیەدا دەیتوانی بەوە پەیامەکانی پێوەندیی ناوخۆی دوژمن ببیسێت .

بەڵام سەرەتای مانگی ژوئیە/ تەمووز، چیانگ کای شێك خۆی فەرماندەیی هێزێکی گەورەی سێسەدهەزار کەسیی بۆ سێیەم " حەملەی لەناوبردن" کرد، تاکتیکیشی دەستکاریی کرد، ئیتر ئەمجارە بۆ مائۆ زەحمەت بوو، زیرەکیی بۆسەدانانی بەکەڵکی بێت . جگەلەوەش کە لەشکری جەنەراڵیسیمۆ دە ئەوەندەی لەشکری مائۆ بوو و، دەیتوانی ئەو شوێنانەی کە" رادەکێشرانە ناو"یان داگیربکەن و تێدا بمێننەوە . لەشکری سوور نەیدەتوانی دیسان شوێنەکان بگرێتەوە . لە دوو مانگدا، بنکەی لەشکری سوور، تەنیا چەند دە کیلۆمیترێکی دووجای لێ مایەوە و، پیاوەکانی مائۆ لە سەر رۆخی رووخان بوون .

بەڵام چیانگ درێژەی بە چوونەپێشەوەی نەدا . مائۆ لێرەدا بە بازیگەرێك رزگاركرا كە هەر بەبیردا نەدەهات ـ بە ژاپۆنی فاشیست .

ژاپۆن، ١٩٣١، كەڵەگایی بەرانبەر مانچوریای باكووری چین پتر كرد . چیانگ، لەبەرانبەر هەڕەشەی لە هەرتك سەری وڵاتە گەورەكەیەوە، بڕیاری دابوو كە لەپێشدا سیاسەتی " سەرەتا ئارامكردنەوەی ناوخۆ" بەجێبهێنێت ـ كۆتایی بە كێشەی سوورەكان بهێنێت، پێش ئەوە كە ڕووبەڕووی ژاپۆن ببێتەوە . بەڵام تۆكیۆ نەخشەكەی لێ هەڵتەكاند . چیانگ، ١٨ی سیپتامبر لە" نانجینگ"ـەوە چووە سەر كەشتییەك، بۆ چوونە " جیانگكسی"، تاكو گورزێكی باش بداتە چوونەپێشەوەكەی بۆ سەر بنكە بچووكبۆوەكەی مائۆ . سەعات دەی هەر ئەو شەوە، ژاپۆن پەلاماری مانچوریای دا و داگیریكرد و، ئەوە ئیتر سەرەتای چوونە شەڕی دواتری پاسیفیك - و شەڕی جیهانیی دووەم - بوو لەلایەن ژاپۆنەوە . فەرماندەی نەتەوەییەكان لە مانچوریا، چانگ هسیوێە - لیانگ،كە بە " مارشاڵی جەوان" ناسرابوو، دەستی نەكردەوە . پتر لە شێست ساڵ دوای ئەوە بە ئێمەی گوت بۆچی دەستی نەكردووەتەوە : هەر دەستكردنەوەیەك بێهوودە دەبوو . گوتی :

" بە هیچ جۆرێك نەدەكرا شەڕ ببەینەوە ."

" مەگەر هەر شەڕی پارتیزانیمان بكردایە، یا هەر وا بە بێ هیچ حیساب و نەزمێك خۆمان پێدا بكێشایە ... چۆنیی لەشكری چین، خۆی لە شانی ئەوەی ژاپۆن نەدەدا... لەشكری ژاپۆن بەڕاستی درەخشان بوو . « دەست نەكردنەوە» تاقە سیاسەتێكی لەتوانادابوو ."

كاتێك چیانگ كای - شێك سەرلەبەیانیی ١٩ی سیپتامبر گەیشتە " جیانگكسی"، ژاپۆن ئیتر پایتەختی مانچوریا" شێنیانگ" ( ئاكا موكدێن) و شارەگەورەكانی تری مانچوریای گرتبوون . ئەوەبوو، چیانگ ڕۆژی ٢٠ی سیپتامبر بە پەلەپروزێ گەڕایەوە" نانجینگ"، تا بزانێت لەو تەنگژەیەدا چی بكات . شەڕی دژی ژاپۆنی ڕانەگەیاند، ئەویش وەكو مارشاڵی جەوان،بە لێنۆڕینی ئەو هێزە ئێجگار زۆرەی ژاپۆن، پێیوابوو هەر ڕووبەڕوو- بوونەوەیەكی ژاپۆن كارێكی بێ هوودە دەبوو . تاكتیكی چیانگ ئەوە بوو كە كەڵك لە گەورەیی خاكی چین و زۆریی خەڵكەكەی و، سەختیی جوگرافیای بۆ كات وەدەستهێنان وەربگرێت، چونكە دەیزانی كە ژاپۆن بە هیچ جۆرێك نەیدەتوانی تەواوی وڵاتی چین بگرێت و بە سەرباز بەسەر هەموو بستێكییەوە بێت . بۆ ئەو كاتە،

150

ویستی هەوڵ بدات" کۆمەڵی نەتەوەکان" بە لای کێشەکەدا بکێشێت . پلانی دووریشی ئەوەبوو کە لەشکرەکەی نوێ بکات، ئـابووری بیناباکات و، کاتێك پێی وابێت هەلێکی سەرکەوتنی لەپێش دەبێت، ئەوسا شەڕ لە دژی ژاپۆن بکات .

چیانگ کای- شێك لە بیرەوەریی خۆیدا نووسی :

" ئەم مسیبەتە بەڵکو بەرەکەتێکی لەپشتەوە بێت، وڵاتەکەمان بۆ یەك بخات ."

نانجینگ دەستبەجێ بڕیاری دا کە :

" نەخشەی ... لەناودانی کۆمونیستان بوەستێنن ."

و بەرەیەکی یەکگرتووی لە دژی ژاپۆن پێشنیارکرد .

پارتی کۆمونیستی چین، پێشنیارەکەی قەبووڵ نەکرد و، گوتی کە هەر بەبیرداهاتنێکی ئەوە کە بچێتە بەرەیەکەوە

" ئەوپەڕی مسخەرەیە ( جێی پێکەنینە) ."

هەڵوێستی کۆمونیستان وەها بوو کە" نەتەوەییەکان" دوژمنی سەرەکی بوون، نەك ژاپۆنییەکان؛ دروشمەکانیشـ-ـیان ئەوەیان بە روونی پیشان دەدا :" بـڕووخێن نـەتـەوەییەکان"، بـەڵام دروشمیان لە باسی ژاپۆنییەکاندا هەر بریتی بوو لە " دژی ژاپۆنییە ئیمپریالیستەکان بن" ." ئەرکی سەرەکیی سەر شان"ی پارتەکە بە " بەرگریکردن لە یەکێتی سۆڤیەت بە چەك " دیارکرابوو ( لەسەر خەتی مۆسکۆی کە داگیرکرانی مانچوریای لەلایەن ژاپۆنەوە بە پێشەکیی هێرشی ژاپۆن بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت دادەنا) .

لەوساوە، مێژوو سەرلەنوێ نووسراوەتەوە و، وا لە دنیا کراوە کە لای وابێت پارتی کۆمونیستی چین نیشتمانـ-ـپەروەرتر بووە و، لە نەتەوەییەکان پتر ویستوویە شەڕی دژی ژاپۆن بکات ــ و کە ئەوە پارتی کۆمونیستی چین بووە پێشنیاری بەرەیەکی یەکگرتووی کردووە، نەك نەتەوەییەکان . دە ئەوە هیچی ڕاست نیە .

چیانگ، کاتێك ئەو پێشنیارەی بەرەی یەکگرتووی دژی ژاپۆنی کرد، لەشکرەکەی لە مەڵبەندی شەڕی جیانگـ-ـکسی کێشایەوە . سوورەکان ئەو هەلەیان قۆستەوە، تاکو قەڵەمڕەویی لەدەستچوویان بگرنەوە، بەرینتری بکەن و، دەوڵەتی خۆیان دامەزرێنن .

٧ی نوامبری ١٩٣١، ڕۆژی ئاهەنگی تێپەڕینی چاردە ساڵ بەسەر شۆڕشی ڕووسیادا، دەوڵەت ڕاگەیەندرا . هەرچەندە هیچ دەوڵەتێك، تـەنانەت یەکێتی سۆڤیەتیش کەدەوڵەتەکە لە ژێر سایەی ئەودا ڕاگەیەندرا ، ئیعتیرافی پێ نـەکرد. ئەمە تـاقە دەوڵەتێکی کـۆمونیستی دەرەوەی بلۆکی کۆمونیستی بوو، کە ئەوسـا تـەنیا لە یـەکێتی

سۆڤیەت و مۆنگۆلیا( مغوولستان) پێکدەهات .

دەوڵەتەکە چەند ناوچەیەکی سووری دەگرتەوە کە لە جەرگەی وڵاتدا، لە ستانەکانی : جیانگکسی، فوجیئان، هونان،هوبێی، هێنان، ئانهوئی و، ژێجیانگ بوون. بەهەمووی لە ١٥٠هەزار تا ١٦٠هەزارکیلۆمەتری دووجای خاکی دەگرتەوە، کە سەرووی دە ملیۆن کەسێکی خەڵکی تێدا دەژیا .* کاتێك دەوڵەتەکە دامەزرا، " ناوچەی بنکەی سەرەکی"ی،کە مائۆ خۆی تێدا بوو، گەورەترین پارچە خاکێک( لەنێوان قەڵەمڕەویی تردا) ی ئەو دەوڵەتە بوو، کە لە " جیانگکسی"ی سوور و " فوجیئان "ی سوور پێکدەهات، کە پەنجاهەزار کیلۆمیترێکی دووجا و، سێ ونیو ملیۆن کەسێکی خەڵکی دەگرتەوە . مۆسکۆ، پێش پتر لە ساڵێك ئەو شوێنەی بۆ مەرکەزی حکومەتی سوور و شارۆچکەی " رویجین"ی بۆ پایتەختەکەی دیارکردبوو .

مۆسکۆ، مائۆی کرد بە سەرۆکی ئەو دەوڵەتە و، ناوێکی زۆر ناچینییانەی لێنا: سەرۆکی" کۆمیتەی ناوەندیی بەجێهێنان". بەوە کە مائۆ سەرۆکی" کۆمیتەی گەل"یش بوو، ئیتر بەوە دەبوو بە سەرەك وەزیرانیش . ئەو ئێوارەیە کە ئەو وەزیفانە ڕاگەیەندران، هەڤاڵێکی مائۆ هاتە سەردانی، کەسێك کە بە دەستی خۆی ڕابەری سووری جیانگکسی" لی وێن- لین"ی کە مائۆ ئەوپەڕی رقی لێ ببوو، شکەنجە دابوو و، دوای ئەوە چۆنیی شکەنجە- دانەکەی بۆ مائۆ گێڕابۆوە، ئەو پیاوە ئەو ئێوارەیە بۆ پیرۆزبایی لێکردن هاتە لای مائۆ . بانگی لە مائۆ کرد :

" مائۆ زهو-کسی! ( سەرۆك مائۆ)، تۆ بەڕاستی خێرا فێردەبیت" .

مائۆ وەڵامی دایەوە :

" تۆ یەکەم کەسیت ."

ئەو شکەنجەکارە یەکەم کەس بوو کە ئەو وشەیەی بەکارهێنا و ئیتر ئەو وشەیە بەوە چووە زمانانی جیهانەوە : " سەرۆك مائۆ" .

---

* لە سایەی کۆنترۆڵکردنی ئەو قەڵەمڕەوییە سوورانە، ژمارەی ئەندامانی پارتی کۆمونیست گەیشتە ١٢٠هەزار، لەکاتێکدا کە ساڵی ١٩٢٦ ژمارەیان ١٨هەزار بوو .

## ٩-　مائۆ و یەکەم دەوڵەتی سوور

## (١٩٣١- ١٩٣٤؛ تەمەن ٣٧-٤٠)

" روئیجین"ی پایتەختی دەوڵەتی نوێ، لە ڕۆژهەڵاتی باشووری جیانگکسی، لە شیوێکی گڵی سووردایە کە لە سێلاوە گرد دەوریانداوە. سێسەد کیلۆمیتری بێ ڕێگاوبان لە شاری" نانچانگ"ی پایتەختی ستانەکە کە بە دەست نەتەوەییەکانەوە بوو دوور. بەڵام هەر بە نێوانی دەوری چل کیلۆمیترێك لە شاری" تینگزهۆئو"ی ژێردەستی سوورەکان بوو، کە دەکەوێتە ناو سنووری ئیدارەی ستانی" فوجیئان"ی هاوسێ و، لە ڕێی ڕووبارەوە پێوەندیی بە دنیای دەرەوەوە هەبوو. ناوچەکە، کەشی نیوە گەرمەسیر، بە بەرهەمی کشتوکاڵی دەوڵەمەند و، داری زۆر سەیر بەرزی کافوور و هەنجیری هیندی، کە ریشە ئەستوورەکانیان وەسەر زەوی کەوتبوون و، هی تری نوێش لەسەرەوەوە وەکو تاڤگەیەك کە بڕژێتە خوارەوە شۆڕ دەبوونەوە.

بارەگای حکومەتی سوور لە دەرەوەی شار بوو، لەسەر زەویی پەرستگایەکی گەورەی تەمەن ٥٠٠ ساڵی بەرە-بابێك، کە هۆڵێکی گەورەی تێدا بوو. بۆ کۆبوونەوەی کە نەدەکرا کەس خۆی لێ لابدات، جێگای سەدان کەس دەبۆوە. لەو شوێنەی کە میحرابی لێ ببوو، سەکۆی شانۆیەکی بە مۆدێلی ڕووسیای سۆڤیەتیی لێ دروست کرابوو. لەوێ، وێنەی لە تەختەی هەڵکەندراوەوە چاپکراوی مارکس و لێنین و، ئەستێرەیەکی زێڕ و چەکوش و داس لە نێوانیاندا، هەڵواسرابوون. لەسەرووشیانەوە: پەرۆیەکی سوور هەڵواسرابوو، کە بە بەنی زێڕ دروشمی " پرۆلیتاریای هەموو جیهان یەکبگرن"ی لەسەر چنرابوو؛ لە پەنایەوە بە زیو دروشمی" خەباتی چینایەتی"هەبوو. لە هەردووسەری هۆڵەکە، شوێنی بە خانە- خانەیان تێدا سازدرابوون،کە پازدە مەکتەبی ئیدارەی دەوڵەتی نوێیان پێکدەهێنا. ناوەکانیان وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی لە ڕووسییەوە بوون و، بە چینی دەمیان پردەکرد، ناوی وەك " کۆمیساریای کاروباری ناوخۆ".

لە پشتی پەرستگاکەوە، شوێنی بۆ مەیدانێك لە داروبار و شینایی پاککرایەوە، تاکو بکرێت بە شوێنی ئەو شتەی کە بەشێکە لە ژیانی هەمیشەی کۆمونیستان: کۆبوونەوەی جەماوەری. دواتر، زۆر شکڵ و ڕەمزی ڕێز-لێنانی لێ دانران. لەسەرێکەوە، سەکۆیەکی لە خشت و تەختە لێ دروستکرا تا لەوێوە بە شێوەی سۆڤیەت لە خۆڕانانی هێزی سەربازی بنۆڕن. لە سەرەکەی ترەوە، بورجێك بۆ بیرەوەریی مردووەکانی لەشکری سوور

( پێیان دەگوتن شـەهیدان )، کە بە شـکڵی فیشـەکێکی ئێجگار زۆرگەورە بوو و، بـەرد بە شکڵی فیشەك لێ دەرپەڕیبوونە دەرەوە . ئەوەش لە لایەکەوە بە پاشـکۆخـانوویەك( پاڤیلیۆن) و لەلایەکەی ترەوە بە قـەڵایەك دەور درابوو، کە ناوی دوو فەرماندەی مردووی سوورەکانیان لێنرابوون . ئەوە پێشەکییەك بوو بۆ داڕشتنەوەی دواتری مەیدانی" تیانانمێن" لە" پێکین"ی کۆمونیست، هەرچەندە ئەمەی ئێرە زۆر لەو" تیانانمین"ـەی کە دوایی شکڵی وا شێوێندرا، پتر خەیاڵی تێدا بوو و ڕەنگینتر بوو .

کۆمونیست، لە شوێنێکی نـە دوور لەوانە، لە قووڵایی لێڕێکدا، هۆڵێکیان دروست کرد کە جێگای دووهەزار کەس دەبۆوە . بۆ شـاردنەوەی، داپۆشـرابوو . بۆ بیسـتنی دەنگی قسەکەران، بە شـێوەیەکی زۆر چاکی وەها ڕێكخرابوو کە نەبوونی میکرۆفۆنانی تێدا کێشەیەك نـەبوایە و، بە شێوەی کڵاوی ئەوکاتەی لەشکری سوور، هەشتگۆشە بوو . ڕووی خانووەکە،کلیسای گەورە( کاتێدرائی)ی ئەوروپایی بەبیردا دەهێنا ، بەڵام پەنجەرەکانی بە دەریچـەی وەهابوون کە ئەوەی لە ژووری بوایە، دەرەوەی دەدیت و، کـەسـێك لە دەرەوەوە نـەیدەتوانی نـاوەوە ببینێت . لە سەرووی ڕێگای وەژوورکەوتن، ئەستێرەیەکی ئێجـگار زۆر زەلام هەبوو، کە هەیکەلێکی گۆی زەوی لە نـاوەڕاستدا بە تۆکمەیی لە چوارچێوەی چـەکوش و داسێك گیرابوو . پـەناگەیەك بۆ کاتی بـوردومان لە پەنا هۆڵەکە هەبوو،کە جێی پتر لە هەزار کەس دەبۆوە، ڕێگای لە دوو دەرگاوە هەبوو،کە ڕێك لە پشت سەکۆی شانۆکە بوون، تاکو لەپێشدا ڕابەران توانیبایان پێ بگەیشتنایە .

ڕابـەران، لە کۆشکێکدا دەژیان کە هی دەوڵەمەندتریـن کەسی دێیەکە ببوو، دەکـەوتە لایەکی ئەو پـەرستگای بەرەبابەوە، کە ئێستا ئیتر کرابوو بە بارەگای ئیدارەی حکومەت . مائۆ باشترین شوێنی لە کۆشکەکەدا بۆخۆی دانابوو، باڵێکی کۆشکی لە گۆشەیەکی پشتەوەیدا،کە پەنجەرەیەکی تێدا دەیڕوانییە سەر پەرستگاکە . ئەو پەنجە- رەیە بە تـایبەتی بۆ مائۆ دروستکرا، چونکە خاوەنەکەی بۆ ڕێزو حورمەتی لە خزمەت پەرستگاکە، نـەیویستبوو هیچ پەنجەرەیەك هەبێت کە بڕوانێتە سەری . مائۆ وای کرد کە سەر ئەرزی تەختەی ژوورەکەش بکرێتە خشت، تا جرجی لێ پەیدانەبن .

پارچە زەویی تری ڕێك بە زەویی ئەو شوێنەوە، ئەویش دەستی بەسەرداگیرا و کرا بە جێی پاسەوانان و کەسانی کاری خـزمەتیان دە ئـەستۆدا بوو، وێڕای ئەو شتانەش کە دەبوو زۆر چاك پاسـدارییان لێ بکرایە، شتی وەك سامانی زێڕ و دەستگای مەرکەزیی پێوەندیی تەلیفۆن و دەستگای ڕادیۆ . دێهاتییەکانی ئەوێ، چەند کەسێکی کەمیان لێ دەرچێت کە بۆ خزمەتکاریی هێشـتیاننەوە، ئەوانی تریان هەموو تێکڕا لەو شـوێنەیان دەرکردن و،

شوێنەکەیان بە تەواوی لە دەرەوەی دابڕی. هیچ کام لە ڕابەرانی کۆمونیست شێوەزاری قسەکردنی خەڵکی شوێنەکەی نەدەزانی، زۆرترینیشیان هیچهەوڵێکی فێربوونییان نەدا، ئیتر بۆ قسەکردن لەگەڵ خەڵکیشوێنەکەدا، دیلمانجیان پێویست دەبوو، کە بە هەر حاڵ هەر پێوەندییەکی کەمیشان لەگەڵیاندا هەبوو. کادیرانی خەڵکی ناوچەکە، کەسانی پێوەندیی نێوان ئەوان و خەڵکی شوێنەکە بوون. شێوە و نەزمی پێوەندییان بە خەڵکەکەی ئەوێوە، وەکو ئەوەی لەشکرێکی داگیرکەر بوو.

٧ی نوامبری ١٩٣١، "روجیئین" ئاهەنگی گەورەی بە بۆنەی دامەزرانی دەوڵەتی سوور تێدا هەڵسووڕا. ئەو ئێوارەیە، بە دەیان هەزار لە خەڵکی شوێنەکە بۆ ئەوە هێنرابوونە خۆپیشاندان، مەشخەڵی بەسەر حەیزەرانەوە و، فانۆسیان هەڵگرتبوون، کە بە شکڵی ئەستێران یا بە شکڵی چەکوش و داس ڕێکخرابوون. ڕووباری ڕووناکییان لە تاریکبوونی شەودا وا دەدرەوشانەوە، دیمەنێکی تەواو تماشایی بوو. تەپڵ لێ دەدران، ئاگربازی دەکرا، گەمەو گاڵتەی سەیر پیشان دەدران، یەکێك لەوانە "بریتانییەکی ئیمپریالیست" زیندانییانی لە زنجیردا پێش خۆی دابوون کە ناوی "هیندستان" و "ئێرلەندا"یان لەسەربوو. مۆتۆڕێکی کارەبا، لە پەناگەی ژێر زەویی لای پەرستگاکە، وڕە- وڕی دەهات، کە بەو تێلانەی لەم کۆڵەکەوە بۆ ئەو کۆڵەکە کێشرابوون، کارەبای دەگەیاندە ئەو هەمووە لامپا بچووکانە. ئەوانە، ئەو هەمووە ئاڵا و دروشمە ڕەنگاوڕەنگە بێ سنوورەیان ڕووناك دەکردنەوە، کە هێندێکیان بەو تێلانەی کارەباکەشەوە هەڵواسرابوون ــ وێڕای پۆستەری ئێجگار زۆر زەلامی سوور و سپی و ڕەش بە دیوارەکانەوە. مائۆ و هەڤاڵانی، لە بەرزایی سەر شانۆیەکەوە وەستابوون، چەپڵەیان لێ دەدا و دروشمیان بانگ دەدان و، ئاهەنگگێڕان لەخوارییانەوە ڕێژەیان دەکرد. ئەوە یەکەم تامکردنی ئەو شکۆیە بوو لەلایەن مائۆوە، کە دوایی بە هاواری "بژی مائۆ"ی ملیۆنێك مرۆڤ لە مەیدانی" تیانانمێن "گەیشت.

بەڵام، یەك جیاوازیی زۆرگەورە و سەرەکی لە نێوان ئەو دووانەدا هەبوو: مائۆ لە ڕوئیجین ڕابەری مەزن نەبوو. هەرچەندە مۆسکۆ کردبووی بە سەرۆك و سەرەك وەزیران، بەڵام نەیکردبوو بە دیکتاتۆر. لەجیاتی ئەوە، پیاوانێکی بە دەورەوە دانابوو، بڕوایان پێ دەکرا کە لە قسەی فەرمانەکانی مۆسکۆ دەرنەدەچوون. سەرۆکایەتیی لەشکر هی" زهو دێ" بوو، کە کرابوو بە سەرۆکی کۆمیتەی سەربازی. زهو دێ لە مۆسکۆ خوێندبووی و، ڕووس دەیانناسی ــ و دەیانزانی کە پێبەندیان بوو. مۆسکۆ پێشتر بیری لەوەکردبۆوە کە مائۆ بکات بە سەرۆکی ئەو کۆمیتەیە، بەڵام بیروڕای گۆڕیبوو. مائۆ لێرەدا هەر یەك ئەندام لە پازدە ئەندامی ئاسایی کۆمیتەکە بوو.

لە هەمووی گرنگتر، مائۆ، کەسێك مانگی دیسامبری ١٩٣١، واتا مانگی دوای دامەزرانی رژێمەکە، لە "شانگهای"ـەوە، بە پلەی سەرۆکی پارتەکە دەهاتە لای، دەبووە سەرۆکی و رێك لەو شوێنەی خۆی بەسەرییەوە دەبوو:" چوو ئێن -لای". لە رژێمی کۆمونیستدا، سەرۆکی پارتەکە خاوەنی پترین دەسەڵاتە و، لەسەرووی ئەوەی سەرۆکی دەوڵەتەوەیە. بە گەیشتنی چوو، مەرکەزی پارتەکەش لە" شانگهای"ـەوە چووە" روئیجین"، شانگهای ئیتر بەحاڵ لە ئیدارەیەکی پێوەندیی بە رووسانەوە پتر لێ مایەوە. پێوەندیی دەستگای رادیۆیی جێ‌متمانە، لە نێوان " روئیجین" و" مۆسکۆ"، بە" شانگهای"دا، رێكخرا، کە لاوێك پێی رادەگەیشت ناوی" پۆ کو" بوو. *

ئەو کەسەی کە پێوەندیی بە مۆسکۆوەی بەدەستەوە بوو، چوو ئێن-لای بوو، مائۆ نەبوو. چوو ئێن-لای بوو کە " رو- ئیجین"ی کرد بە دەوڵەتێکی ستالینیست. مائۆ یەکەم بەرپرسیار لە دامەزراندن و هەڵسووڕاندنی روئیجینی سوور نەبوو.

چوو،وەستاکارێکی رێکخستن بوو و،لەسەر دەستی ئەو بوو کەهەموو کۆمەڵگە کرا بە مەکینەیەك،هەر پارچەیە تێدا و لە شوێنی خۆی لە کاری ئەو یەك مەکینەیەدا بەسترا و هەمووی خرایە سەر کار. چوو، لە بیناکردنی

---

* ئەندامی ژمارە یەك بە رەسمی لە پارتەکەدا" هسیانگ چونگ- فا"، لەلایەن نەتەوەییەکانەوە ئیعدام کرا، ئەوەش دوای خەبەرلێدانێك بوو کە سەرۆکی ئیستیخباراتی نەتەوەییەکان " ئو. ت. هسو"، زۆر پێی وابوو کە لەکۆمونیستەکان خۆیانەوە هاتبوو. هسیانگ، سەرەتا دەدانی پێدا نەدەنا کە ئەندامی ژمارە یەکی پارتی کۆمونیستی چین بوو. هسو نووسیویە:

" کە سەیری ئەو سەروسەکوتە گێژو خەپۆڵەمان کرد، گومان زۆر چاك دەکرێت بە هەڵەدا چووبین. بەڵام هاوکارێك گوتی ... کاتێك هسیانگ دەریاوان بووە، گیرۆدەی قومار بووە. جارێك تا دوا قرۆشی دۆڕاندووە و، دوای ئەوە پەیمانی بە خۆی داوە کە ئیتر بەلای قوماردا نەچێت و، بۆ ئەوە سەری پەنجەتووتەی دەستی چەپی خۆی پەڕاندووە ... کە سەیرمان کرد دیتمان سەری پەنجەتووتەی لێ پەڕیبوو. هسیانگ، دوای ئەوە کە ناسرا، کەوتە سەرچۆکی و پاڕایەوە کە نەیکوژین و، دەست- بەجێ چوار ئادرەسی ئەوپەری گرنگی داینێ."

چوو ئێن- لای دواتر لە باسی "هسیانگ"دا نووسی:

" وەفاداریی هسیانگ بە کۆمونیزم ناکرێت تەنانەت بە داوێن‌پاکیی قەحبەیەکیش بەراورد بکرێت."

دەستگای ئیدارە(بیرۆکراسی)یەکی زۆر گەورەدا زۆر کارا بوو،ئەو دەستگایەی کە تەنیا هەر بۆ هەڵسووڕاندنی بنکەکەی نـەبوو، بۆ ئەوەش بوو کە خەڵکیش نـاچاربکات فـەرمانەکانی پارتەکە بەجێبهێنن . لە هەر دێیەك لە دێیەکان، بە دەرزەن کۆمیتە دامەزران، هەر ئەگەر چەند کۆمیتەیەکی کەم لەوانە بەڧوونە ناوبەرین : " کۆمیتەی بردنە خزمەت (سەربازی ...)"، " کۆمیتەی زەوی"، " کۆمیتەی دەست بەسەردا گرتن(ی دارایی ...)"، " کۆمیتەی تۆمارکردن "، " کۆمیتەی « قەدەغەکردنی لە ماڵ دەرچوون»ی سـوور" . خەڵك هەر لە تەمەنی شـەش ساڵییەوە دەخرانە داوی ڕێکخراوێکەوە، دەبوو لە ڕێکخراوی" دەستەی منداڵان"دا بوونایە . هەرکەس تـەمەنی بووبا بە پازدە ساڵ، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەکرا بە ئەندامی" تیپی جەوانان" . خەڵکی کە بەتەمەن گەیشتبوون، زۆر پیر و پەککەوتەکانیان لێ دەرچێت، هەموو دەخرانە" لەشکری دیفاعی سـوور" . بەو شێوەیە، تـەواوی کۆمەڵگە خرابووە ژێر ڕێکخستن و، تۆڕێکی کۆنترۆڵ سازدرابوو .

ئـەم مـەکینەیە، چاوی مائۆی کردەوە . مائۆ، پێش هاتنی چوو ئێن-لای، بە شێوەی چەتان حوکمی" دەوڵەتی سوور"ی دەکرد ،کە گەل بە تێکڕایی کەمتر ڕێكخرابوو . بـەڵام زۆری نـەبرد تا مائۆ قیمەتی ئەم ڕێگا نوێیە و توانای بەرهەمی تێگەیشت . کاتێك دواتر دەستی بەسەر هەموو وڵاتەکەدا ڕۆیشت، ئەو مەکینە تۆتالیتێرییەی بە میرات گرت و، تەنانەت لەوەی" ڕوئیجین"یش ــ یا لە ڕووسیای ستالینیش ــ بە تەرپدستیی پتر و سەپێنانەتر هەڵخستەوە . مائۆ،" چوو ئێن-لای"یشی تا دوا هەناسەی ژیانی لەسەر کار هێشتەوە( واتا تا مەرگی" چوو ئێن-لای" لە ١٩٧٦/١/٨ ، مائۆ بەدوویدا ٦/٩ی هەمان ساڵ مرد - وەرگێڕ) .

چوو، جگەلەوە، ساڵی ١٩٢٨ ، بە سەرپەرشتیی مۆسکۆ، " ك گ ب"ی چینیی دامەزراند ، کە ئەوسا پێیان- دەگوت " مـەکتەبی ئـاسـایشی سیـاسی". خۆی و هاوکارانی ئەو سیستەمەیان هێنایە ڕوئیجین و، لە ڕیگای ئیرهاب ( تیرۆر، تۆقاندن) ڕژیمەکەیان زیندوو هێشتەوە . لەکاتێکدا کە مائۆ ئیرهابی بۆ دەسەڵاتی شـەخسی خۆی بەکاردەهێنا ، چوو ئێن-لای ئیرهابی بۆ داکوتانی پـایـەکانی حـوکمی کـۆمـونیست بەکاردەهێنا . مائۆ خوڵامانێکی بۆ پاکسازی بەکاردەهێنان کە بە چاوی بەد لە مرۆڤیان دەنۆڕی،گەندەڵ بوون و بەدوویدەستکەوتی شەخسی خۆیانەوە بوون . چوو ئێن-لای کەسانێکی حیرفەیی بەکاردەهێنان کە لە سۆڤیەت فێری کار کرابوون .

کاتێك، چوو، لە کۆتایی ١٩٣١ ، بۆ جاری یـەکەم گەیشتە ڕوئیجین، حوکمی ئەوەی لە سەر پاکسـازییەکانی مائۆ دابوو کە ئەوانە بەتەواوی ڕاست نـەبوون . مائۆ

" بەتەواوی پشتی بە ئیعتیراف و شکەنجە بەستبوو" و" ئیرهابی لەناو جەماوەردا نابۆوە ."

چوو ئێن-لای، ئیعتیباری بۆ هێندێك لە قوربانییان گێڕایەوە . پیاوێك لەوانە،گێڕایەوە کە چۆن خۆی ئەوەی لە ژیانی خۆیدا دیتووە، گوتی : کارمەندێك

" دەفتـەرێکی دەرهێنا و کەوتە ناو خوێندنەوە . ئـەوانەی ناویان دەخوێندرایەوە، دەبـوو بڕۆن، بچن لە هۆڵی ناوەوەی دادگا بوەستن و پاسدارانێکی چەکدار بەسەریانەوە ... ناوی منیش خوێندرایەوە، زۆر ترسام، لە ترسانا هەموو لەشم ئارەقی دەردەدا . ئەوجا یـەك بە یـەك پرسیارمان لێ کران و، یـەك بە یـەك بە بێ تاوانیان دەرکردین . ئیتر هەر ئەوەندە بڵێیت یەك و دوو، هـەموو گیراوەکان ئازاد کران . هـەموو ئیعتیرافەکان بەتاوان هەر ئەوسا ڕێك لەوێ سووتێنران ."

بەڵام هەمووی دوای چەندمانگێکی کەم، چوو ئێن- لای کۆتایی بەو پشوویە هێنا . بە ئەوەندە ئیعتیبارگێڕانەوە و شلکردنەوەیەی ئەو ماوە کورتەش، زەمینە بۆ یاخیبوون خۆش بوو . پیاوەکانی ئـاسایشی چوو ئێن-لای بە زەندەقچوویی دیتیان کە

" شل کردنەوەی پاکسازییەکان کارێکی کرد دوژمنانی شۆڕش ... دیسان سەریان بەرزبکەنەوە"

کاتێك خەڵك، ئەو خـەیاڵپڵاوەیان لەسـەردا پەیدابوو کە " چیتر کوشـتن روونـادەن، چیتر گرتن روونـادەن "، کەوتنە یەکترگرتنەوە بۆ مل نەدان بۆ فەرمانیکۆمونیستان . زۆر زوو لەبەرچاو روون بوو کە رژیم نەیدەتوانی بە بێ هەمیشەکوشتن بتوانێت بمێنێتەوە، ئیتر بەزوویی کوشتن دەستی پێکردەوە .

دەوڵەتی سـوور، خـەڵکی بە سەرچاوەی چوار جۆرە دارایـی دەدیت : پارە، خۆراك، کار و، سەرباز، ئەوەش لە پێشدا بۆ شەڕ و لەدواییشدا بۆ گرتنی هەموو چین بوو .

ئەو مەڵبەندەی ئەوانی لێ بوون، دەوڵەمەندترین سەرچاوەی کانی عونسوری" تەنگستن "ی لە دنیادا تێدا بوو ( کانی عونسوری W ی کیمیایی، تەلی ناو لامپای کە دادەگیرسێت لێ دروست دەکرێت - وەرگێڕ) . کانێکی ستراتجیی ئێجگار زۆر بەنرخ، کە پێشو بە سەرمایەی یەکێتیی چەند دەستـەیەکی خاوەن سەرمایە(کۆنسێرتیوم) ی بێگانە دەردەهێنرا . رژیمی سـوور، لە سەرەتای ١٩٣٢ وەوە ملی لە دەرهێنانی تەنگستن نا . بە سـەربازان و کرێکاری بە کۆیلەیی دەردەهێنرا و لە سنووری باشووری مەڵبەندی سوورەوە بۆ جـەنگسالارە کـانتۆنییەکان هەنارده دەکرا( کانتۆن = ستانی گوئانگدۆنگ Guangdong - وەرگێڕ) . هەرچەندە ئەو جەنگسالارانە" سپی"

بوون، بەڵام دژی چیانگ کای- شێك بوون و حەزیان لە پارە پەیداکردن بوو . مەڵبەندی سوورەکان، بە تیۆری لە ژێر ئابلۆقەدا بوو، بەڵام بازرگانیی لەگەڵ کانتۆنییەکاندا ئەوپەڕی گەرم بوو، هەرچەندە ناو بەناوە شەڕیش لە نێوانیاندا دەقەوما . خوێ، پەموو، دەرمان و، تەنانەت چەکیش بە ئاشکرا باردەکران و بۆ سوورەکان دەنێردران و، لەبەرانبەردا تەنگستن وەردەگیرا . ئەوەش بەدەستی" تسێ- مین"ی برای مائۆ هەڵدەسووڕا، کە کرابوو بە سەرۆکی بانکی دەوڵەت .

ڕژێمەکە، وێڕای ئەو هەمووە داهاتەشی کە لە فرۆشتنی تەنگستن و هەناردەی تری وەدەستی دەهێنا ،کەچی قەت لە ئەوپەڕی هەڵگوشینی خەڵکی ژێردەستی کەم نەکردەوە . هەرچەندە جووتیاران ئێستا خاوەنی زەویی خۆیان بوون و،بەشی شەریکەبەشیی خاوەنزەوییان نەدەدا، بەڵام حاڵیان بەگشتی لە پێشوو خراپتر بوو . جاران، زۆربەی خەڵك هێندێك زێدە وردە دارایی تری جگە لە زەوی و بژێوەکەیان هەبوون، ئێستا ئەوانەیان بە جۆرەها بەهانە لێ دەسەندرا . یەکێك لە شتە نوێیەکان ئەوەبوو کە کڕینی" سەنەدی شۆڕشگێڕیی شەڕ"یان بەسەر خەڵکدا سەپاند . بۆ پارەی کڕینی ئەوە، دەبوو ژن قژیان ببڕن و، سنجاخی زیوی قژیان، وێڕای خشڵ و شتێکی وەهای کە هەمیشە بە پاشەکەوتێکی سەرمایەی ماڵ دانرابوو، رادەستی کاربەدەستانی ڕژێم بکەن . هەر ئەوە کە خەڵك بەر لە هاتنی ئەم ڕژێمەی کۆمونیستان خشڵ و شتی وەهایان لە ماڵ هەبووە، مانای ئەوەیە کە ئاستی ماددیی ژیانیان ئەوسا باشتر بووە . ئەوجا، دوای ئەوە کە ئەو سەنەدانەیان بە خەڵك دەفرۆشت، " حەملەی سەنەد دانەوە" ڕێك- دەخران، ڕژێم تەوژمی بۆ خەڵك دەهێنا کە ئەو سەنەدانەی بە خۆڕایی بدەنەوە . ئەوە کارێکی کرد ، هێندێك کەسی بێ باك بڵێن کە " سەنەدی کۆمونیستان"یان پێ لە " باجی نەتەوەییەکان" یش خراپتر بوو .

بۆ خۆراکیش، هەمان بەزم بوو . دوای ئەوە کە جووتیاران باجی دانەوێڵەیان دەدا، حەملەی" ئەی جەماوەری شۆڕشگێڕ گەنم بە قەرز بدە بە لەشکری سوور!" دەهات، تەوژم بۆ جووتیاران دەهێنرا تاکو گەنمی پتر بە قەرز بدەن بە لەشکر، جووتیار گەنمی پتریان "بە قەرز دەدا"، بەڵام ئیتر قەت قەرز نەدەدرایەوە . ژیانی خەڵك هەر بریتی بوو لەوەندە خۆراکەی کە زیندووی دەهێشتنەوە . کەچی مائۆ فەرمانی دەدا لەو خۆراکە کەمەش کە بۆیان - دەمایەوە دەست بگێڕنەوە، کەمی بکەنەوە .

زۆربەی پیاوانی کە هێزی کاریان هەبوو، دەبرانە سەربازی، یا دەبرانە کار . ئیتر دوای سێ ساڵ ڕژێمی کۆمونیست، بەدەگمەن پیاوانێکی لە تەمەنی مێردمنداڵییەوە و تا پەنجا ساڵ تەمەن لە دێدا مابوونەوە .

هێزی سەرەکیی کار، ئیتر لە ژنان پێكدەهات . ژن جاران هەر کاری زۆر سووکیان لە مەزرادا دەکرد ، چونکە

قالبی تەختەیان لە پێدا بوون، ئێشی زۆریان بەهۆی ئەوەوە لە کاری قورس پێدەگەیشت. ئێستا زۆرترینی کاری جووتیاری هەر ژن دەیانکرد. ژن، جگە لەوە، دەبوو جۆرەها کاریش بۆ لەشکری سوور بکەن: بار هەڵگرن،بریندااران دەرمان و خزمەت بکەن، جلوبەرگ بشۆن و بدروونەوە، پێڵاوان دروست بکەن، کەرەستەکەش هەمووی لە ئەستۆی ژنەکان خۆیاندا بوو، دەبوو خۆیان ئەرکی بکێشن ــ کە ئەرکیکی کەم نەبوو. مائۆ، کە هەر لە سەردەمی لاوییەوە دەیگوت ژنیش دەتوانن هەمان کاری قورسی پیاوان بکەن، بەهێزترین داواکاری ئەم سیاسەتە بوو. ئەمە فەرمانی مائۆ بوو:

" ئەوپەڕی پشت بە ژنان ببەستن بۆ کاری کێڵگە."

خێرو خۆشیی ژیانی خەڵك لە بەرنامەی کاری مائۆدا هەر نەبوو( بەپێچەوانەی ئەو قسانەی کە دەرخواردی قسەکەری ئەمریکایی" ئێدگار سنۆو"ی داوە). لە هێندێك دێهات، جووتیار مافی هیچ رۆژانێکی پشوودانیان نەبوو. لەجیاتی ئەوە، دەچوونە کۆبوونەوە، ئامێری گەورەی کۆنترۆڵی کۆمونیستان. ئەوە قسەی مائۆ خۆی بووە کە: " هەر کەسە، بەسەرانە، لە مانگێکدا، کاتی پێنج رۆژی تەواو لە کۆبوونەوەدا بەسەر - دەبات" و " ئەوە کاتێکی زۆر چاکی پشوودانە بۆ ئەوان."

ئاستی ئاگاداریی ساغی و سەلامەتیی خەڵکیش هیچ باشتر نەبوو. خەستەخانەیەکی ئینگلیسانێکی بڵاوکە- رەوەی مەسیحیەت پێشتر لە تینگزهۆنو هەبوو، کە لە خزمەتی خەڵکدا بوو. مائۆ کاتێك لەوێ بوو، پێی باش بوو، ئیتر لەوێی نەهێشت و، هێنایە روئیجین بۆ خزمەتی نوخبەی کۆمونیست. مائۆ، خۆی، زۆر ئاگای لە ساغی و سەلامەتیی خۆی بوو. دەچووە هەر کوێ، دەفری خۆی پێ بوو، هەرکاتێك چایەکی بدرایەتێ، ئەوا دەفرەکەی خۆی بەکار دەهێنا. مائۆ، جارێك لە دێیەك مایەوە، ناوەکەی واتا " جزیرەی گچکەی لم" بوو، ئاوی خواردنەوەی تەنیا هەر ئەوەبوو کە لە گۆلێکی وەستاو دەهێنرا. مائۆ، نەوەکا خۆی لەوێ بەو ئاوە تووشی شتێك ببێت، فەرمانی دا چاڵاوێك لێبدەن. ئیتر خەڵکی دێیەکە بەوە بۆ یەکەم جار ئەو ئاوەی خواردنەوەیان هەبوو. ئیدی دوای ئەوە، ئەگەر کاربەدەستانی کۆمونیست خۆیان چووبان لە شوێنێك بمابانایەتەوە، چاڵاویان لێدەدان، ئەینا هیچ کارێك بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ خەڵك لەئارادا نەبوو.

خوێندن، مائۆ لای " ئێدگار سنۆو" گوتوویە کە فێربوونی خوێندنەوە و نووسین لە هێندێك قەزا( بەخش) بە ئاستێك گەیشتووە

" کە لەوەی هەر شوێنێکی تری دێهاتی چین بە سەدان ساڵ پێی گەیشتبوون پتر بوو."

بەڵام ئەوەی راستی بێت، پێخوێندن لای کۆمونیستان هەر خوێندنی سەرەتایی بوو لە" خوێندگەکانی لێنین"دا، هەر بەشیئەوەندە بوو کە منداڵ بیانتوانیبا پرۆپاگەندەی ئەساسیی پێ وەربگرن . خوێندگەی ناوەندی، زۆرتریان نەمابوون، خوێندگەکان کرابوون بە بارەگای رابەران و شوێنی کۆبوونەوان . منداڵ دەکران بە پاسەوان و، بۆ هەراسانکردنی خەڵك دەخرانە" تیمی سووککردن ( یا سووکایەتیپێکردن) " کە بەر دەدرانە گیانی خەڵك تا خەڵك بێنە ریزی لەشکرەوە و، تەوژم بۆ ئەوانەی لە سەربازی رایانکردبوو بهێنن تا بگەڕێنەوە . واشدەبوو هانیان دەدان ببن بە میرغەزەب ( بەجێهێنەری حوکمی ئیعدام ) بۆ ئیعدام کردنی" دوژمنانی چینایەتی" .

یەکێك لە گرنگترین کارەکانی مائۆ بۆ ئیدارەی " دەوڵەتی سوور" بریتی بوو لە دەستپێکردنی حەملەیەك لە شوبات/ فیوریەی ۱۹۳۳ بۆ هەڵگوشینی پتری خەڵك . بە کادیرانی دێهاتی گوت " خاوەن زەوی و کوولاکی شاردراوە" بدۆزنەوە . بەوە کە ئەو" دوژمنانەی چینایەتی" ساڵانێك بوو ئامانجی تیری سوورەکان بوون، بە بیردا نەدەهات ئەوسا هیچ لەو جۆرە زیندەوەرانە مابووبنەوە کە نەدۆزرابنەوە .

مائۆ،کەسێکی دەمارگیر نەبوو، تا ویستبێتی بەهۆی ئیدیۆلۆجییەوە دوژمنی پتر بۆخۆی دروست بکات . ئەو ئامانجی واقیعی کرداری لەبەرچاو بوو، نیشانەی لە کەسانێك دەگرت تاکو رایانوەشێنێت، بە بەڵگەی بیروباوەڕی کۆمونیستی، بە شێوەیەکی ئووسوولی بیانکاتە دوژمنانێك تا بیانڕووتێنێتەوە و تا دوا هەناسەیان کاریان پێبکات ــ کە مائۆ خۆی زاراوەی بۆ دارشتبوو :

" کاری بەزۆر ی بێ سنوور ".

ئەو سیاسەتە ئامانجێکی تریشی هەبوو، کە بریتی بوو لە ترساندنی خەڵك، تا رژیم هەرچییان لێ داوابکات، هەرچەند بەدڵیشیان نەبێت، هەر بیدەن .

فەرمانی مائۆ بۆ کادیرەکانی ئەوەبوو، ئەو کەسانەی کە دەستنیشان دەکرێن :

" تا دوا هەر تاقە شتێکی هەرچی کە ماویانە، لێیان بستێنن ."

زۆر وا دەبوو تەواوی خێزان لە ماڵی دەردەکرا و، دەچوون لە" نیئو- پێنگ" ـ شوێنی مانەوەیگامێشاندا دەژیان . ئا لەم سەردەمەدا بوو کە لەپڕێکدا ئەو زاراوەیە بۆ ئەو بەدبەختانە جێیگرت کە لە خانەو کاشانەیان دەکران و ئاوا لەلای گامێشان دەحاوانەوە . پتر لە ۳۰ ساڵ دواتر، کاتی " شۆڕشی فەرهەنگی"، دیسان ئەم زاراوەیە باوی پەیدا کردەوە، هەرچەندە ئەمجارەیان خەڵك لە کۆخی دێهاتدا نەبوو کە زیندانی دەکران، ئەمجارە لە ئاودەستەکان،

لە کلاسی خوێندنی خوێندگەکان، لە سینەمایان زیندانی دەکران .

ئەو حەملانەی مائۆ، بە دەیان هەزار کرێکاری کۆیلەیان وەدەستهێنان، بەڵام خەزێنەی دەوڵەت زۆر کەم داهاتی لەوانە پێ دەبڕا، چونکە ئەوانە ئیتر شتێکیان نەبوو بیدەن . راپۆرتێکی کاربەدەستانیان باسی ئەوەی کردووە کە لە دوازدە قەزا ( بەخش)ی جیانگکسی، تەنیا لە دوویان توانیویانە شتێك لە پارەی " سزادان" و " پیتاك" وەدەست بهێنن و، ئەوەی وەدەستیانهێناوە بەشێکی ئێجگار زۆر کەمی ئەوە بووە کە لە بەرنامەی مائۆدا هەبووە .

میحنەتی ئەو قوربانییانە، بە چاکی لەلایەن ئەفسەرێکی لەشکری سوورەوە، کە ناوی " گۆنگ چو" بووە باس- کراوە . ئەوە رێگای کەوتووەتە شوێنێکی نیزیکی روئیجین، ناوی ئاشی گۆنگ بووە، بەوە کە خەڵکێکی لێ ژیاون کە ناوی باوو باپیرانیان هەمان ئەوەی ئەم بووە، دوورنیە ئەمیش لە هەمان بەرەی ئەوان بووبێت، گۆنگ چو نووسیویە :

" چوومە خانوویەکی یەك نهۆمی بە سەربانیخشتی رەش ...خەم و پەرێشانیم تێدا دیتن . بە هیچ جۆرێك هیچ ناوماڵێکی تێدا نەبوو، تەنیا مێزێکی شکاو و تەختێکی دانیشتن (نیمکەت)یان هەبوون و هیچی تر . دوو ژنی لە تەمەنی ناوەندی ژیان و پیرێژنێك و سێ منداڵی بچووك، هەموو پەڕۆوپاڵی کۆن لەبەردا و، رەنگ‌وڕووی لە برسان مردوویان هەبوو . کاتێك منیان دیت لێیان چوومە ژوورەوە، ئێجگار زۆر شڵەژان ...

هەر کە ناوی " گۆنگ چو" ی لێ دەبیسن، دەچنە بەردەمی، چۆك دادەدەن و لێی دەپاڕێنەوە فریایان بکەوێت :

" پیرێژنەکە بە هەنسکی گریانەوە گوتی : مێردە پیرەکەم هێندێك کتێبی خوێندوونەوە ( کە مانای ئەوەیە دەبێت وەزعیان خراپ نەبووبێت)، دوو کوڕەکەشم هەروەتر . پتر لە دە موو زەویمان هەبوو ( شەش دۆنم و نیو و شتێك - وەرگێڕ)، دوو کوڕەکەم دەیانکێڵا ... مێردە پیرەکەم و دوو کوڕەکەم گیران... لێیاندان و هەڵیانواسین و، ٢٥٠ یوانیان لێ داوا کردین . هەرچی هەمانبوو، وێکمان نا و ١٢٠ یوانمان بۆ پێکهات و، هەموو خشڵی ژنیشمان کە هەبوو دانێ .... بەڵام ... پیرەمێردەکەمیان هەر دانەگرت و بە هەڵاوەسراوی گیانی دا، دوو کوڕەکەشیان کوشتن . ئێستا دەڵێن دەبێت ٥٠٠ یوان بدەن، ئەگەر نەیدەین، هەر شەشمان دەخەنە زیندانەوە . قوماندار! ئێمە بەدەگمەن هیچمان دەست -

دەکەوێت بیخۆین، ٥٠٠ یوان لە کوێ بهێنین ؟ تکایە بیرێك لە هـاو باو و باپیریمان بکەرەوە و قسەیەکی چاکمان بۆ بکە ."

ژنەکە بە گۆنگ چوی گوتووە کە مێردەکەی ویستوویە بچێت بەدوویدا بگەڕێت، بەڵام دەسەڵاتداران

" لێیان قەدەغەکردین یەك هەنگاو بۆ دەرەوەی دێ هەڵێنینەوە . ئەمڕۆ بەڕاستی ئاسمان چاویکردەوە،کە وا تۆ بێیتە ماڵمان . تکایە قوماندار نەجاتمان بدە! ئەوجا بەبێ وەستان کەللە سـەری لە زەوی دەدا . دوو بووکەکەی و منداڵەکانیش بە تـەواوی دەچەمانەوە و دەگریان ."

گۆنگ چو بەڵێنی دا یارمەتیبدات، بەڵام لەدواییدا هیچیﻧەکرد ــ چونکە دەیزانی ئەگەر قسەی تێدا بکردایە دەکرا زۆر خراپتریان بەسەربهێنرایە . چەند مانگێك پێشتر، هەوڵی دابوو یارمەتیی دکتۆرێك بدات کە بە هەمان شێوە لە میحنەتدا بوو، کادیرانی شوێنەکە چاوەڕێیان کردبوو تا ئەم ڕۆیشتبوو، ئەوجا لە تۆڵەدا

" دکتۆرەکەیان کوشتبوو و دەرمانفرۆشییەکەیان دەست بەسەرداگرتبوو . بێوەژنەکەی و منداڵەکانی بوون بە سواڵکەر ."

ڕووداوانی وەك ئەوە بوون کە وایان لە گۆنگ چو کرد واز لە کۆمونیزم بهێنێت و، لە یـەکەم هەلدا ڕابکات *.

مائۆ خـەڵلاقیەتی ئەوەشی هەبوو چۆن بە زۆر خەڵك نـاچار بکات کە" بە مەیلی خۆیان" بچنە ڕیزی لەشکری سوور . جارێك کادیرێك (ی مێ) پێیگوت کە نەیدەتوانی کەسانێك ڕابکێشێتە ڕیزی لەشکرەوە، مائۆ فەرمانی دایێ کە

" لە ماوەی سێ ڕۆژدا دوژمنانی شۆڕش بدۆزەرەوە"،

کادیرەکە کردی و،کەسانێك ترسیان لێ نیشت نـەوەکا بەر ئەوە بکەون کە بە دوژمن دابنرێن، لە ترسان هـاتنە

---

* بیرەوەریی کارەساتاویی گۆنگ چو ساڵی ١٩٥٤ لە هۆنگ کۆنگ بڵاوکرایەوە . سەرۆکێکی چینی دوای مائۆ،" یانگ شانگ - کون" ( سەرۆك لە ١٩٨٨ تا ١٩٩٣ - وەرگێڕ)، کە خۆی شاهیدێکی ئەو سەردەمەی ڕوئیجین بووە، لای کەسانێکی نیزیکی دەوروبەری خۆی گوتوویە کە ئەو بیرەوەرییانە ڕاسـتییان گـوتووە، هەرچەندە لە چین قەدەغە بووە . بەهەرحاڵ، گۆنگ ساڵی ١٩٩١ ڕێگای درا بچێتەوە چین، کە تەمەنی ٩٠ ساڵ بوو .

ریزی لەشکر . لە ناوچەیەکی تر، زەلامی بەرپرسیاری سەربازگرتن،" کای دون - سۆنگ"، نەیتوانیبوو خەڵکی زۆر بە سەرباز بگرێت، مائۆ گوتی ئەو زەلامەی بۆ بهێنن، هێنایان و مائۆ کەوتە گیانی، زۆرتر وێدەچێت شکەنجەی دابێت،کە زەلام ئیتر" ئیعتیرافی کرد" کە" تیپی دژی کۆمونیست"ی سازداوە . کۆبوونەوەیەکی جەماوەر رێکخرا و، مائۆ "ئیعتیراف"ی ئەو زەلامەی بە جەماوەر راگەیاند و، دەست بەجێ هەر لەوێ کای و کەسانێکی تریش لەگەڵدا ئیعدام کران . کادیرێك، کە هاوکاری کای ببوو، گوتی کە دوای ئەوە " نیو مانگی نەبرد" کە پتر لە ١٥٠ کەسم هێنانە ریزەوە .

یەکەم دەوڵەتی سووری چین بە ئیرهاب ( تیرۆر) ئیدارە دەکرا و وەکو زیندان پاسداریی دەکرا . بۆ دەرچوون لە دێ، دەبوو پسووڵەیەکی ئیجازەی تایبەتی وەربگیرایە و، پۆستی پاسدار بیستوچوار سەعات لە هەموو شوێنێك دەیپروانی . کەسێك جارێك توانی رابکات، بەڕێوەبەری خانووە یادگارییە(مێژووییە)کانی دەوڵەت بوو و دەستی بە پارە دەگەیشت . بە پارەیەکی لەبەردەستی بوو، پسووڵەیەکی دەرچوونی بە بەرتیلی ٢٤٦٧ یوان وەدەستهێنا، بەڵام پێش ئەوە کە لەبەردەست دەرچێت گیرا . ئەمجارەیان بە یارمەتیی دوو کادیری پلەبەرز توانی لە زیندان رابکات، یەکێك لەو دووانە براکەیان بەتاوانی بوونە " ئا ب" ( ئانتی بۆلشەفیك) لە بەرچاوی خۆی کوشتبوو . بەڵام دیسان گیرا و، بە دادگاییەکی سەیری شکڵی، لەبەرچاوی سەدان کەس دادگایی کرا و ئیعدام کرا . پیاوە قەدیمییەکانی ئەو زەمانە لەبیریان مابوو ئەوسا چۆن نەك هەر ئەوە کە هەرکەسێکی هەوڵی راکردن و چوونە مەڵبەندی سپییەکانی بدایە ئیعدام دەکرا، بگرە هێندێك جار زیندانەوانیش لەسەر راکردنی زیندانی ئیعدام دەکرا .

لەو گەردوونە زیندانئاسایەدا، خۆکوژی دیاردەیەکی رۆژانە بوو ــ خۆکوشتن کە سەرەتا شەپۆلیك بوو، دوایی لە تەواوی سەردەمی رژیمی مائۆدا ببوو بە لافاو . رادەی خۆکوژی، بەوەی کارمەندانیشەوە، ئەوەندە سەیر زۆر بوو، رژیم خۆی ناچار دیت کە بە ئاشکرا لێی بدوێت و، بەم دروشمە هاواربکات :

" خۆکوژی نەنگترین عونسورە لە ریزەکانی شۆڕشگێڕاندا."

تەنانەت ئەفسەرێکی پایە بەرز، یانگ یوئێ- بین، کە نیزیك و خۆشەویستێکی مائۆ بوو، ئەوەندە بێچارە بوو، رایکرد، چووە لای نەتەوەییەکان . نەتەوەییەکانی لە شوێنی ماڵی رابەرانی کۆمونیستان ئاگادارکردەوە و، نەتەوە-ییەکان شوێنەکەیان بوردومان کرد، ئیتر ماڵی رابەرانیان شێواندن و شپرزەیان کردن .

خەڵکی سادەی رەمەکیی کە لە نیزیکی سنوورەکانی قەڵەمڕەویی سووران دەژیان، هەلی پتریان بۆ راکردن لە دەستی سووران لەبەردەم بوو و، هێندێك کادیرانی ئەو شوێنانە،کە رقیان لە رژیم بوو، راکردنیان بۆ زۆر خەڵك رێكدەخست . هەر کادیرێك لەو شوێنانە، کەمترین گومانی ئەوەی لێ بکرایە کە جێی متمانە نەبوایە، ئەوا دەست-بەجێ دەگوازرایەوە شوێنێکی لەوسەر سنوورانەیان دوور . زۆریان، چاوەڕێی هێرشی نەتەوەییەکانیان دەکرد، تا بەڵکو بتوانن ئەوسا بپەڕنەوە لای نەتەوەییەکان . لە دوا رۆژانی دەوڵەتی سوور، کە نەتەوەییەکان تا دەهات نیزیکتر دەبوونەوە، دێهاتێك بەتەواوی راپەڕین و، بەوە کە رژیم تفەنگەکانیانی لێ سەندبوونەوە، هەر بە چەقۆ و بە رمب پەلاماری لەشکری سووریان دا کە لەکشانەوەدا بوو .

دەوڵەتی سوور، بێبەزەییانە وەڵامی دایەوە و، بۆ ئەوە کەمترین هەل نەداتە کەس، لە هەرە خەستبوونەوەی وەزعەکەدا، دەکرا مرۆڤ تەنانەت هەر بەهۆی سەردانێکی ئاسایی کۆمەڵایەتی یا میوانداریەك بکوژرایە،

" هیچ ماڵێك هەقی ئەوەی نەبوو شەو میوانی لا بمابایەتەوە "،

کۆنە شەڕکەر بانگ‌کرانەوە مەیدان .

" هەر خێزانێك پێ بزانرایە کە شەو میوانی لا ماوەتەوە، ئەوا خێزان و میوان وێکڕا دەکوژران ."

بنکەی " روئیجین"، مەرکەزی یەکەم دەوڵەتی سوور، لە بەشانێکی زۆری ستانەکانی" جیانگکسی" و " فوجیئان" پێکدەهات . ئەو دوو ستانە، لە ماوەی نێوان سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی کۆمونیستەوە، ١٩٣١، تاکو دوای ئەوە کە سوورەکانی لێ رۆیشتن، ١٩٣٥، پترین کەمبوونەوەی خەڵکی لە تەواوی چین لەو ماوەیدا بەخۆیەوە دیت . ژمارەی خەڵکی " جیانگکسی"ی سوور پتر لە نیو ملیۆنی لێ کەم بۆوە ــ دەیکردە کەمبوونەوەی بە نیسبەتی لەسەدا بیست . ئەوەی " فوجیئان"ی سووریش شتێکی وەها بوو . بەوە کە راکردن لێرە زۆرکەم روویدەدا، ئەوە مانای ئەوەیە لەو ماوەیدا، هەمووی بەسەریەکەوە، دەوری ٧٠٠ هەزار کەسێك لە بنکەی روئیجین مردوون . بەشێکی زۆری ئەوانە بە ناوی " دوژمنانی چینایەتی" کوژراون، یا بە کارپێکردن بە مەرگ گەیەندراون، یا خۆیان کوشتووە، یا بە هۆی تری خەتای رژیم، مەرگیان وەزووتر کەوتووە *. ژمارەی

---

* دوای مەرگی مائۆ، ساڵی ١٩٨٣ لە جیانگکسی ٢٣٨٨٤٤ کەسی خەڵکەکەی بە" شەهیدانی شۆڕشگێڕ" راگەیەندران، واتا بەوانە دانراون کە لە شەڕان و لە پاکسازیی ناوپارتەکەدا کوژراون .

٧٠٠ هەزارەکە، ئەوانەی شوێنانێکی گەورە کە سوورەکان هەر ناو بەناو تێدابوون، یا ژمارەیەکی ئێجگار زۆری مەرگی کە لە پێنج بنکەی تری بەشەکانی تری چینی کە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی روئیجین ناگرێتەوە .

ساڵانێکی دواتر، خەڵکی ئەو شوێنانە،گۆڕی بەکۆمەڵ و دیهاتی چۆڵکراویان پیشانی رێبواران دەدان . خەڵکی ژێر دەسەڵاتی یەکەم رژیمی کۆمونیستی چین، ئەو رژیمەیان نەدەویست . کاتێك کۆمونیست ساڵی ١٩٤٩ دەستیان بەسەر چیندا گرت، یەکەم ئەفسەری ئیستیخباراتی رووس سەری لەو مەڵبەندە داوە و، سەرۆکی پارتی کۆمونیستی چینی ئەوێ، کە تازە هاتووەتە ئەوێ، پێی گوتووە :

" ئێرە تاقە یەك ئەندامی پارتی کۆمونیستیشی تێدا نیە ."

## ١٠- لە کەسێکی بەکێشەوە بۆ سەرۆکێکی هەر بەناو سەرۆك

## (١٩٣١- ١٩٣٤؛ تەمەن ٣٧-٤٠)

کاتێك مائۆ بە سەرۆکی دەوڵەتی سوور ڕاگەیەندرا، لەڕاستیدا، دەسەڵاتی موتڵەقی بەسەر مەڵبەندەکەیدا و، بە تایبەتی بەسەرلەشکری سووردا نەما. مۆسکۆ "زهو دێ"ی کردبوو بە سەرۆکی لەشکر. ئەوجا، چوو ئێن -لای بەوە کە سکرتێری پارتەکە بوو، پیاوی ژمارە" یەك"بوو. مائۆ ئامادەنەبوو خۆی لە کاری بەکۆمەڵی دەستەیەکدا بگونجێنێت، ویستی بە ترساندن خۆ بسەپێنێت. بەڵام هەڤاڵەکانی ڕووبەڕووی بوونەوە و، بە زنجیرەیەك گوناهیان تاوانبار کرد، تەنانەت بەوەش کە لەسەر" خەتێکی کوولاك" دەڕۆیشت، ئەو تاوانەی کە مائۆ خۆی زۆر کۆمونیستی جیانگکسیی پێ بە مەرگ گەیاندبوون. ئێستا یەك دیواری پۆڵای لەبەردەم بوو. مائۆ، لە کۆبوو- نەوەیەکدا کە دوای هاتنی "چوو ئێن-لای" بوو، لە شوێنی بەڕێوەبەری کۆبوونەوە دانیشت، ئیتر هەروەك هێشتا هەر خۆی هەموو شت بێت. بەڵام ئەوانی تر لێی وەدەنگ‌هاتن، وەلایان نا و،" چوو ئێن-لای"یان لەو شوێنە دانا. مائۆ، زوو دوای ئەوە، داوای ئیجازەیەکی نەخۆشیی کرد، بە شادییەوە دایانێ و، کۆتایی یەکەم مانگی ١٩٣٢، بە دڵی زۆر شکاوەوە لە روئیجین ڕۆیشت.

مائۆ، چووە پەرستگایەکی کە دەستی بەسەردا گیرابوو، ناوی گردی دۆنگهوئا بوو، یەکێك لە زۆر داشە- بەردی زۆر زەلامی کە لە پێدەشتی دەوری روئیجین سەر دەردێنن. گردەکە، داری مێتاسێکوۆیا(جۆرێك سەرو)، سەرو و سنەوبەر دایدەپۆشن و، بە خاڵ- خاڵی بەردی ڕەشی لووس لەنێواندا، پەرستگایەکی کۆنی لە باوەشی جوان و دەوڵەمەندی خۆی گرتووە. مائۆ ڕۆژانی لێرە لەگەڵ ژنەکەی "گوئی - یوئان" و دەستەیەك پاسەوانی بەسەردەبرد. خانوویەکی گەورە بوو و، دەنگ تێدا دەنگیدەدایەوە. قرێژەبەرد( قەوزە) بەسەر گڵی تەڕی ئەرزە- کەیەوە بوو. لە دەرەوەی ژووری جێی ڕەبەنی دێری کە مائۆ ئێستا کردبووی بە ژووری خۆی، بای زستان گەڵای دارانی بە حەوشدا هەڵدەوەراند و باران دەچۆڕایە کەلێنی نێوان بەردەکانی، ئیتر ئەوەندەی تر سارد دەبوو. دیمەنێکی خەماوی بوو.

مائۆ دوو سندووقی لەگەڵ خۆی هێنابوون، بە ئاسن پۆشرابوون، پڕ بوون لە سەنەد ،کوتەکاغەزی لە ڕۆژنامەکان بڕدرابوون، تێبینیی نووسراو و، شیعرەکانی کە ئەو هەمووە ساڵانە نووسیبوونی. کە هەتاو بوایە، پاسەوان ئەو

دوو سندووقەیان بۆ دەهێنا حەوشە و، لەسەریەکیان دادەنان. مائۆ لەسەر ئەسکەملییەك - شتێك دادەنیشت و کاغەزی لێ دەردەهێنان، دەیخوێندنەوە و، دیسان دەیخوێندنەوە و، بیری دەکردەوە چۆن دەسەڵاتی لەدەستچووی وەدەست بهێنێتەوە.

مائۆ، لێرەش، رۆژانـە هەم سەنەدی پلەی بەرزی بۆ دەهاتن و هەم ئەو رۆژنامانەش کە حەزی لە خوێندنەوەیان دەکرد، چ رۆژنامەی نەتەوەییەکان و چ ئەوەی کۆمونیستان. ئا لەم رۆژنامانەوە بوو، کە هەلێکی زێڕینی بەرچاو کەوت ــ کە زۆر چاك دەکرێت هەر کاری مائۆ خۆی بووبێت. رۆژنامەیەکی گرنگی نەتەوەییەکان، لە ژمارەکا-نی نێوان ١٦ و ٢١ی فیوریە/ شوباتدا، " راگەیاندنی پاکانەکردن" ێکی بڵاوکردەوە، کە بە ناوی نهێنیی ئەوسای چووئێن-لای بوو، پارتی کۆمونیستی تێدا مەحکووم کردبوو و، بەتایبەتی بەوە کە ئەو پارتە ملکەچی مۆسکۆ بووە. مەکتەبی پارتی کۆمونیستی چین لە شانگهای، ئەوپەڕی هەوڵی دا کە ئەو قسانە بە درۆ بخاتەوە و، نامیلکەی بۆ ئەوە بڵاوکردنەوە کە ئەوە ساختە بووەو، هەوڵی دا راگەیاندنی رەتکردنەوەی ئەوە لە رۆژنامەکاندا بڵاوبکاتەوە. هەرچەندە هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە ئەو راگەیاندنەی ئەو رۆژنامەیە بوختان بوو، بەڵام ئەوە ناو و دەسەڵاتی " چوو ئێن-لای"ی لەرزاند. مائۆ توانی ئەوە بە داردەستێکی خۆی لە دژی چوو ئێن-لای بەکاربهێنێت. نەخشەی مائۆ ئەوە نەبوو کە چوو ئێن-لای لە شوێنەکەی دەرکات، چونکە ئەوە شتێکی واقیعییانە نەدەبوو، نەخشەکەی ئەوەبوو پشتگیریی چوو ئێن-لای بۆ ئەوە وەدەستبهێنایە کە پاڵێك بە " زهو دێ"یەوە بنێن و، لەشکر دیسان بکەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی مائۆ خۆی.

سەرەتای مارت، داوایەك گەیشتە مائۆ کە بچێتە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بۆ چارەی کێشەیەك. کۆبوونەوەکە لە ١٢٥ کیلۆمیتری رۆژئاوای روئیجین، لە دەرەوەی شاری " گانزهۆئو" دەکرا، ئەو شارەی کە لەشکری سوور بێ هوودە هەوڵی دابوو بیگرێت. کە داواکە بە دەستی مائۆ گەیشت، دەستبەجێ هەر لە هەمان دەقیقەدا بۆ رۆیشتن وەخۆ کەوت. هەرچەندە بارانێکی زۆریش دەباری و " گوئی- یوئان"ی هاوسەری هەوڵی لەگەڵ دا کە چاوەڕێ بکات تا بارانەکە خۆشی دەکاتەوە، بـەڵام مائۆ هەر بڕیاری دا کە نـا، هیچ چاوەڕێ نەکات، بەو بارانە دەرچوو و دەست بەجێ ئێجگار زۆر تەڕ بوو. شـەوەکەی بە سـواری ئەسپ بە رێگاوە بوو و، هەر کە گەیشتە شوێنەکە، دەست بەجێ کەوتە رەخنەگرتن لە فەرماندەیی لەشکر. زۆربەی رابەران، تاقەتی ئەوەیان نـەبوو گوێ لە دەرسی مائۆ بگرن و، کەسێکیش نەبوو بیەوێت مائۆ بکرێتەوە بە فەرماندەی لەشکر.

مائۆ، ئێستا کە ئیتر هـاتبۆوە لای لەشـکر، دایکوتا و کەوتە بەجێهێنانی نـەخشـەکەی. سـوورەکان بەزوویی

دیتیان کە دەبوو دەست لە ئابلۆقەی" گانزهۆئو"هەڵبگرن و، زۆربەیان لەوەدا هاوبیربوون کە دەبوو بە شەڕ بەرەو ڕۆژئاوا ڕێگا بگرنە بەر و، خۆ بگەیەننە شوێنێکی تری سووران لەسەر سنووری جیانگکسی- هونان . مائۆ، بە هەرحاڵ، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە، بە پێچەوانەوە، بەلایەکەی تردا بڕۆن . کە مائۆ ئامادە نەبوو مل بدات، ئیتر دەبوو چوو ئێن- لای، بەو سیفەتەی کە سەرۆکی‌پارتەکە بوو،ساغی بکاتەوە . چوو ئێن-لای، نەخشەی هەرتك لای وا قەبووڵ کرد کە لە سێ بەش بەشێکی لەشکرەکە، بە نەخشەی زۆربە بکات و ڕوو لە ڕۆژئاوا بکات و،هێزەکەی تر لەگەڵ مائۆدا بە گوێرەی قسەکەی مائۆ بڕوات . چوو ئێن-لای بەوجۆرە، بە پێچەوانەی ویستی زۆربەی ڕابەرا- یەتی، ڕێگای دا بە مائۆ کە لە سێ بەش دووبەشی لەشکرەکە بخاتەوە ژێردەستی خۆی .

چوو ئێن-لای، زۆرتر وێدەچیت ئەو بڕیارە زۆر نائاساییەی بۆ ئەوە دابێت، تاکو دڵی مائۆی پێ بهێنێتەوە جێ .

چوو ئێن-لای دەیزانی مائۆ هەڕەشەی ئەوەی کردبوو کە هەرتك " پێنگ دێ- هوئای" و" زهو دێ" (و ڕابەرێکی تری پارتەکەش کە لەگەڵ مائۆدا ناڕێك بوو :" کسیانگ ییںگ") بە بوونە " ئا ب" تاوانبار بکات . مائۆ، ئەگەر لە سەر ڕێی بوەستانایە، ئاوی لێ نەدەخواردەوە بە کوشتار بکەوتایەتە گیانی دەیانهەزار دڵسۆزانی کۆمونیزم .

مائۆ،کەسێك بوو کە زۆر چاك لەتوانایدا هەبووە ئەو " پاکانەکردن"ـەی لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردبێتەوە . ئەوەی ڕاستی بێت، ئەو پێشتر مـەیلی بەکارهێنانی ڕۆژنامەکانی بۆ مەبەستی خۆی پیشـان دابوو، کە دەنگوباسی مردنی‌خۆی پێ‌گەیاندبوون . ئەدی چۆن بوو کە ڕێك ئا لەوکاتەدا کە چوو ئێن-لای جێگەی" ژمارە١"ی مائۆی لە دەوڵەتی سـووردا دەگرتەوە، ئەو " پـاکانە کردن"ـە پەیدابوو ؟ چوو ئێن-لای هی ئەوەنەبوو بتوانێت مائۆ دوژمنی بێت .

ئـە لێرەوە، ترسی چوو ئێن-لای لە مائۆ دەستی پێ‌کرد و، قـەت بەری نەدا . مائۆ، لەوساوە، هەمیشە، ئیتر تا چوو ئێن-لای مرد، تەواوی چوار دانە دە ساڵی ڕەبەق، پەیتا- پەیتا ئەو" پاکانە کردن"ـە ساختەیەی بە ڕووی " چوو ئێن-لای"یدا ڕادەوەشاند .

مائۆ، بە چوو ئێن-لای و ڕابەرایەتیی سەربازیی گوتبوو کە دەیویست بچێتە ڕۆژهەڵاتی باکوور . بەڵام دوای وەڕێ‌کەوتن، لەپـڕێکدا ڕێـگای گـۆڕی و، دوو لە سەر سێیەکەی لەشکری بەدەستییەوە بوو بەرەو کەنار دەریای ڕۆژهەڵاتی باشوور برد . ئەوەشی هەر کاتێك بە چوو ئێن-لای گوت کە تازە ئیتر ڕێگاکەی گۆڕیبوو و، ڕێگایەکی بۆ چوو ئێن-لای نەهێشتبۆوە کە بڵێت نا. دواتر، هەڤاڵانی مائۆ ئەو ڕێگا گۆڕینەی مائۆیان بەوە مەحکووم کرد گوتیان کە بەجێهێنانی " نەخشەکانی ئێمەی دواخست".

مائۆ، بۆ بەجێهێنانی ئەو رێگا گۆڕینەی، كەڵكی لە هاوكاریی" لین بیائۆ "ی كۆنە دۆستی وەرگرت، ئەو پیاوەی كە پێشتر بۆ هەڵتەكاندنی " زهو دێ" دەستی خستبووە دەستی مائۆوە . لین، گرنگترین ئەفسەری ئەو هێزە بوو كە درابووە مائۆ . ٢٠ی ئاپریل، ئەم هێزە شاری دەوڵەمەندی " زهانگزهۆو "ی گرت، كە زۆر لە كەناری دەریا نیزیك و، هێزێكی بەرگریی ئەوتۆیشی نەبوو، كە مائۆ بۆ مەبەستی شەخسیی خۆی، گرتنی لەبەرچاو ببوو .

مەبەستێكی مائۆ لێرەدا ئەوە بوو كە باسی بە دنیادا بڵاوببێتەوە، چونكە ئەو شارە پێوەندیی زۆر چاكی بە دنیای دەرەوەوە هەبوو . مائۆ، بە بیری ئێجگار زۆری لای رۆژنامەكان، بە سواری ئەسپێكی سپی، دەستێك جلو-بەرگی وەكو ئەوەی " سون یات - سێن " دەبەردا و، كڵاوێكی هاوینەی فلین( چوب پنبە) بەسەرەوە، بە شكڵێكی جوانی لەوەی هەمیشەی جیاواز،هاتە ناو شار . سەربازەكانیشی بە چوار رێچكە بەدوویەوە، بە لێدانی شەیپوور، لە رێژەدا بوون . مائۆ، ئەوجا، پارچەی باسی ئەوەی لە رۆژنامەكان بڕین و، بۆ هەڤاڵەكانی خۆی ناردن، ئەو پارچانەی بە سەردێڕی :

" لەشكری سوور لە زهانگزهۆو" . " تەواوی كەناری دەریا لەرزی" . " پتر لە سەدهەزار كەس رادەكەن" . " ٢٨ كەشتیی بە تۆپخانە لە ئامۆی كۆدەبنەوە" .

مائۆ چاك دەیزانی تا ناوی لە دنیادا گەورەتر ببوایە، مۆسكۆ پتر نازی دەكێشا . هەرئەوەبوو،كاتێك رەنجەرۆیانی پارتەكە دواتری ئەو ساڵە، ویستیان مائۆ قاو بدەن، مۆسكۆ بە هێنانەوەی هەمان بەڵگە رێگای لێگرتن . ئەوە لە قسەی نوێنەرەكەیان لە شانگهای " ئارتەر ئێڤەرت"دا دەبینین، كە رووسیای لەوە دڵنیاكردووەتەوە كە ئەو بە " روئیجین"ی راگەیاندووە

" كە مائۆ تسی- تونگ ئێستا ئیتر رابەرێكی زۆر نـاوداره ... و كەواتە ... نـاڕەزاییمان لە لادانی دەربڕی ...".

بەڵام گرنگترین هۆی چوونی مائۆ بۆ زهانگزهۆو، بریتی بوو لە وەدەستخستنی سامانێكی زۆر بۆخۆی . زۆر سندووق كە بە خەتی درشت لەسەریان نووسرابوو:" بە دەستی مائۆ تسی- تونگ خۆی بەشەخسی بگات"، چوونە جیانگكسی . هێندە بوون كە لۆریـ (كامیۆن)ێكیان بەتەواوی پڕ كردبوو و، كاتێك چیتر رێگای لۆری نەبوو، بە حەمباڵان بردران . دەیانگوت ئەو سندووقانە كتێبیان تێدابوون كە مائۆ كڕیبوونی یا تاڵانیكردبوون و، هێندێك وابوون . بەڵام زۆریان زێڕ و زیو و گەوهەریان تێدابوون . ئەوانە بە حەمباڵان گەیەندرانە لوتكەی چیایەك و، لەوێ بە دوو پاسەوانان بە سەرپەرشتیی برای مائۆ" تسێ- مین" لە ئەشكەوتێكدا هەڵگیران . دەمی ئەشكەوت

گیرا و، هەر تەنیا ئەو چەند نەفەرە کەمە بە کارەکەیان دەزانی . نـەیانهێشت رابەرایەتیی پارتەکە پێی‌بزانێت . مائۆ، ئەوەی بۆ رۆژی نەبادا هەڵگرت، نەبادا رۆژێك لەگەڵ پارتەکەی تێك‌بچێت ــ و لەگەڵ مۆسکۆش .

لەکاتێکدا مائۆ وا لە زهانگزهۆو دایکوتابوو، چیانگ کای - شێك می/ئایاری ١٩٣٢ خەریکی خۆ ئامادە-کردن بوو بۆ " حەملەی لە ناودان"ێکی تری، چـوارەمینی، بە نیو ملیۆن سەرباز . دامەزراندنی دەوڵەتی سـوور قەناعەتی بە چیانگ‌کای- شێك کرد کە کۆمونیست نەیاندەویست بۆ شەڕی رووبەڕووبوونەوەی ژاپۆن لەگەڵیدا یەك‌بگرن . ژاپۆن، ٢٨ی یەکەم مانگی ئەو ساڵە، هێرشی کردبووە سەر شانگهای،گرنگترین شاری چین لە رووی بـازرگانی و سـەنعەتەوە، یەك هەزار کیلۆمیتر دووری مانچوریا . ئەمجارەیان، چینی، شـەڕیان‌کرد و، قوربانیی ئێجگار زۆریان هـەبوون . بەوە کە بەرژەوەندەکانی ژاپۆن لەو قۆناغەدا لە شـانگهای زۆر نەبوون، عوسـبەی نەتەوەکان توانی ئاگربەسێك لەنێواندا پێك‌بهێنێت . تەواوی ماوەی ئەو کێشەیە، کە تا مانگی ئاپریلی خایاند، سوورەکان هەر بە چاوی بەژەوەندی تایبەتیی تەنیا خۆیان، خەریکی بەرین‌کردنەوەی قەڵەمڕەویی خۆیان بوون * . دوای دامرکانی کێشەکە ( رێککەوتنی ژاپۆن و چین ٥/٥ ئیمزا کرا - وەرگێڕ)، چیانگ دیسـان هاتەوە سەر " ئارامکردنەوەی ناوخۆ لەپێشدا" و بڕیاری دا دیسان هێرش بکاتە سەر بنکەکانی کۆمونیستان .

کـاتێك پارتی کۆمونیستی چین بەوەیان زانی، تـەلگرافێکیان بۆ مائۆ لێدا کە بە بێ وەستان لەشکرەکەی بباتەوە بنکە سوورەکەی . مائۆ وەڵامی دایەوە کە ئەو پێی وا نـەبوو چیانگ

" حەملەیەکی وەکو ئەوەی سێیەمی ساڵی رابردوو بنێرێتە سەریان ".

---

* کۆمونیست پازدەی ئاپریل " راگەیاندنی شەڕی دژی ژاپۆن"یان بڵاوکردەوە،کە گەمەی پڕۆپاگەندە بوو و، پتر لە پێنج سـاڵ بەسەرئەوەدا تێپەڕی، ئەوجا لەشکری سـوور یـەکەم فیشەکی بە ژاپۆنییانەوە نا ( جگە لە مانچوریا کە کۆنتڕۆڵی پارتەکە تێدا لەدەست مۆسـکۆدا بوو نـەك روجیئین) ــ بەوە کردیان بە درێژترین « درۆ شەڕ» لە مێژوودا . ئەوەی راستی بێت، ئەو راگەیاندنەی کۆمونیستان، زۆرتر راگەیاندنی شەڕی بۆ سەر چیانگ کای- شێك بوو تاوەکو بۆ سەر ژاپۆن، چونکە تێدا پێ لەسەر ئەوە داگیرابوو کە " بۆ ئەوە کە ... بتوانین شەڕی ژاپۆنییە ئیمپریالیستەکان بکەین، پێویستە حوکمی« نەتەوەییەکان» بڕووخێنین . لە پێوەند-ییە نهێنییەکانی ناوخۆی پارتی کۆمونیستی چیندا ، قەت یەك جاریش ناوی ژاپۆن بە دوژمن نـەهێنرا .

و گوتی کە پارتەکە

" هەڵسەنگاندن و ستراتیجی سەربازیی بەتەواوی هەڵەن ".

مائۆ قەبووڵی نەکرد لە زهانگزهۆو بڕوات، تاکو نیزیکەی مانگێك بەسەرچوو و، بڕیارەکەی چیانگ بڵاوکرایەوە ــ دەرکەوت کە مائۆ هەڵە بوو .

٢٩ی می/ ئایار، مائۆ دەبوو بگەڕێتەوە جیانگکسیی سوور . دەیان هەزار سەربازی ژێر فەرمانی، لە سایەی ئەوەوە کە مائۆ خستنییە سەر ڕێگایەکی کە دەرنەدەچوو، دەبوو، بە گەرمایەکی ئێجگار زۆر، ٣٠٠ کیلۆمیتر بگەڕێنەوە و، بەوە ژمارەیەکی زۆریان لێ نەخۆش کەوتن و، مردن . بە ڕێگاوە، دەبوو شەڕی دوژمنێکی تریش بکەن ــ کانتۆنییەکان،کە پێشتر خۆیان لە شەڕی سوورەکان بواردبوو .کانتۆنییەکان لە ئاست چیانگ بێلایەن ببوون، تەنانەت پیلانیشیان بۆ نابۆوە . بەڵام ئەو بەسەر " زهانگزهۆو" دادانەی مائۆ، ترساندبوونی : شارەکە بە هەمووی نیزیکەی هەشتا کیلۆمیتر لە ستانەکەیانەوە دوور بوو و، نیزیکبوونەوەی خەترەکە لێیان پاڵی پێوە-نان لێی بچنە مەیدانەوە . لەشکری سوور، لە نیزیکی شارێك، کە ناوی" دەمی ئاو"ە، دەبوو بەڕاستی یەکێك لە سەختترین شەڕەکانی بکات، کە بە ڕادەیەکی نائاسایی زیانی لێ کەوت . ئەو سەربازە سوورانەی کە لێرەدا باشترین شەڕیان کرد ، ئەوانە بوون کە تازە لەم دواییانەدا لە لەشکری نەتەوەییەکان رایانکردبوو و هاتبوونە ریزی کۆمونیستان، کە لەناوقەد بەرەژووریان رووت و، بە راوەشاندنی قەمە ( چەقۆی زۆر زل)ی بەدەستیانەوە چوونە مەیدانی شەڕەوە *.

مائۆ، وێڕای ئەو هەمووە قوربانییەی لەشکری سووری کە نەدەبوو بدرایە و، ئەو هەمووە نارەحەتییەی کە

---

* ئەو سەربازانە، هێزێکی ١٧هەزار کەسی بوون، کە فەرماندەکەیان دیسامبری ١٩٣٢ لە " نینگدو" لە لەشکری نەتەوەییەکانی کردبوونەوە و هێنابوونییە ریزی کۆمونیستان . ئەوە، لەوەتای" نانچانگ"ی ١٩٢٧ ـەوە ــ و تا زۆر ساڵانی دوای ئەوەش، گەورەترین پەڕینەوەی سەربازان بوو بۆ لای کۆمونیستان . بەوە، لەشکری سوور لە مەڵبەندی فوجیئان - جیانگکسی سێ ـ یەك زیادی کرد و ژمارەی گەیشتە پەنجا هەزار کەس . فەرماندەکەیان، زهێن- تۆنگ، زوو دیتی خۆی و سەربازەکانی خستبووە چییەوە و، داوای کرد بۆ خوێندن بچێتە یەکێتی سۆڤیەت ــ تاقە بەهانەیەکی کە دەیتوانی بیدات تاکو دەرچێت . بە زوویی گیرا و، دواتر ئیعدام کرا .

172

تووشی ئەو لەشکرەی کردبوو، نەك هەر زەنشت نـەکرا، بگرە "ئەو" بە دەنگی بەرز داخوازیی هەبوو، دەیویست بـەرزترین پلەی لە لەشکردا بدەنێ: بیکەن بە "کۆمیساری سیاسیی سەرەکی". مائۆ، دەبێت هەر بەو هەمووە نـازەی کە مۆسکۆ دەیدایێ، وا بە دڵنیاییەوە دەمی کردبێتەوە. کاتێك مائۆ لە زهانگزهۆو پـاڵی لێ دابۆوە، رابەرایەتیی پارتەکە، بە"چوو ئێن- لای" یشەوە،هەموویان بە یەك دەنگ، تەلگرافیان بۆ مۆسکۆ لێدابوو، تێدا کارەکانی مائۆیان بەم جۆرە باس کردبوو:

"لە سەداسەد هەلپەرستیی راست (پێچوانەی چەپ - وەرگێڕ) و

"بە موتـڵەق پێچەوانەی ئـامۆژگارییەکانی«C.I»ین (C.I. = کۆمونیزم ئینتەرناشنڵ،

کۆمونیزمی نێونەتەوایەتی، کۆمینتێرن).

بـەڵام مۆسکۆ وەڵامی دانەوە کە: هەرچی بێت و بەهـەر نرخێك بێت، دەبێت مائۆ بهێنێتەوە و، نـاو و مەرکەزی بپارێزرێت. شتەکە روون بوو کە مۆسکۆ نەدەکرا دەست لە مائۆ بەردات و،کرملین هەمیشە ئیعتیبارێکی وەهای بۆ مائۆ دادەنا کە بۆ هیچ رابەرێکی تری نـەبوو. ئـەگەر کار لە کار وا بترازایە کە ویستبایان بە شەڕ یەکلای بکەنەوە، ئەوا زۆرترین وێدەچوو کە مۆسکۆ لەوەدا پشتی مائۆی بگرتایە.

٢٥ی ژووئیە/ تەمووز، چوو ئێن-لای رایسپارد کە داخوازیی مائۆ بەجێبهێنرێن

"تاکو فەرماندەیی شەڕ لە بەرەی شەردا هاسان بکرێتەوە".

هەڤاڵەکانی ویستیان کە ئەو پلەیە بدەن بە خۆی، بە چوو ئێن-لای، بەڵام چو ئێن-لای بە پاڕانەوە داوای لێ‌کردن کە "ئـەگەر ئێوە پێ لە سەر ئەوە دابگرن کە چوو ئێن-لای ببێت بە کۆمیساری سیاسیی سەرەکی، ئـەوە ... هیچ کارێك بۆ سـەرۆکی حکومەت (مائۆ) نـاهێڵێتەوە ... ئـەمـە کارێکی ئەوپەڕی بڵحە ...".

٨ی ئووت/ ئاب، مائۆ کرا بە کۆمیساری سیاسیی لەشکر.

مائۆ دەسەڵاتی بەسەر لەشکردا پەیداکردەوە، بـەڵام کەلەبەری نێوانی ناتەبای لەگەڵ هەڤاڵانیدا قووڵتریش بۆوە. هاوینی ١٩٣٢، چیانگ رووی هێرشی بە تایبەتی لە دوو مەڵبەندی سوورەکان لە باکووری جیانگکسی کرد. بە رێنوێنیی مۆسـکۆ، پارتەکە فەرمانی بە هـەموو لەشکرەکانی دا کە بۆ بە هاناوەچوونی ئەو مەڵبەندانە هاو-ئاهەنگ بن. مائۆ، بۆی دانرابوو کە لەشکرەکانی لەو دوو مەڵبەندەی ژێر پەلاماری چیانگ نیزیکتر بکاتەوە و،

هێرش بۆ سەر شارۆچکان بەرێت، تاکو هێزەکانی چیانگ بکێشێتە شەڕی لاوە و بەوە بڵاویان بکەنەوە . مائۆ ماوەیەك ئەوەی کرد، بەڵام کە شەڕەکە زۆر گەرم بوو، ئیتر شەڕی نەکرد . هەرچەندە بە تەلگراف داوای لێ‌دەکرا بەهاناوە بچێت، بەڵام ئەو مانگێك خۆی خپ کرد، تاکو چیانگ سوورەکانی لە دوو مەڵبەندەکە راو نا .

ئـامانجی چیانگ لەدوای ئەوە، بریتی بوو لە جیانگکسی . مۆسکۆ بڕیاری دابوو کە باشـترین شت ئەوەبوو، بچن پێشی لەشکری چیانگ بگرن، بەڵام مائۆ دیسان هاودەنگ نەبوو و، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە زۆر باشتر ئەوەبوو هێزەکانی‌کۆمونیست بڵاوبکەنەوە و جارێ چاوەڕێ بکەن بزانن چیی لێ‌دێتەوە . مائۆ پێی وابوو هێزی کۆمونیستی بە ژمارە لەوەی چیانگ ئەوەندە زۆرکەمتر،بتوانێت هێزی چیانگ بشکێنێت و،وێ‌دەچێت بەتەمای ئەوەبووبێت کە مۆسکۆ فریای کۆمونیستەکانی چین بکەوێت . ئا لەو دەمەدا، مۆسکۆ و نـانجینگ ( مەبەست : چیانگ کای- شێك -وەرگێڕ) گفتوگۆی دامەزراندنەوەی نێوانی دیپلۆماسیی پچڕاویان دەکرد، کە مۆسکۆ ساڵی ١٩٢٩ لەسەرئەوە کە حکومەتی چین ویستبووی دەست بەسەر" ڕێگای قەتاری ڕۆژهەڵاتی چین"ی مانچووریادا بگرێت پچڕیبووی . مائۆ وای دەبردەوە سەر یەك کە چیانگ بۆ دانی ئیشارەتێك بە مۆسکۆ لەو وەزعەدا، لێ- بگەڕێت کۆمونیستی چینی بڕێن .

هەڤاڵەکانی مائۆ، ئەو هەڵوێستەی مائۆیان پێ

" ئەوپەڕی نەرێنی" بوو .

مائۆ لە هەڵوێستی خۆی تەکانی نەدەخوارد . بە وشەکانی چوو ئێن-لای :

" وادەبوو، دەمەقاڵێ نەدەبڕایەوە، نەدەبڕایەوە" .

" لە تواناداا نیە بزانین چی بکەین" .

سـەرەتای ئۆکتۆبر، دەبوو کۆبوونەوەیەکی پێویستی نائاسایی بگیرێت، کە ئەوەبوو بوو بە ڕوو بەڕووبوونەوە لەگەڵ مائۆدا . هەر هـەشت کەسی سـەرانی سـوورەکان لە شارۆچکەی" نینگدو" کۆبوونەوە، کە چوو ئێن- لای سـەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکەی کرد . تووڕەیی ئەوانە لە جۆری وشەدا هـەست پێ‌دەکرێت کە لێرە لە باسی ئـەوەدا بەکارهاتووە :

" کەوتنە بەربەرەکانییەکی نێوان دوو بەر ( « دوو بـەر» لێرەدا وەك ئەوەیە باسـی ڕوو- بە ڕوو بوونەوەی هێڵی دوژمن بکـات) ی کە پێشتر وێنەی نـەبـوو، مل‌دان بۆ مائۆ و ڕاگرتنی دڵی کە پێشوو هەبوو، ئێستا لێرە قەدی شکا " .

که ئەوە ئاماژە بوو بەو هەڵوێستەی چوو ئێن- لای لە مائۆ، کە نازی مائۆی دەکێشا .

مائۆ بەوە مەحکووم کرا کە

" ڕێزی لە رابەرایەتیی پارتەکە نەدەگرت و، کە فکرەی « ڕێکخستن»ی لا نەبوو ".

ـــ بە وشەی تر: مائۆ " یاخی" بوو . مائۆ، ئەگەر چوو ئێن-لای نەبوایە، ئەوا دەکرا بە وشەی توندتریش مەحکووم بکرایە . چونکە چوو ئێن-لای، بە قسەی هێندێك لە هەڤاڵەکانی

" رەخنەی لە هێندێك هەڵەی مائۆ ناموبەهەم نەبوون، لە هێندێك شوێنیش هەوڵی دەدا عەیبی بۆ داپۆشێت و تەفسیری بۆ بدۆزێتەوە".

کادیرانی هەرە سەرووی پارتەکە،کە هێشتا لە شانگهای بوون ، بەتایبەتی " پۆ کو"، ئەوەندە لە مائۆ تووڕە بوون، بە بێ ئەوە کە بە نوێنەرانی مۆسکۆش بڵێن ( شتێکی ئەوپەڕی نائاسایی،کە پیشانی دەدات چەندە تووڕە بوون) تەلگرافیان بۆ هەڤاڵەکانیان لە نینگدو لێدا، کردارەکانی مائۆیان تێدا بە شتی" کە ناکرێت تەحەمول بکرێن" ناوبرد و، گوتیان دەبێت مائۆ لە لەشکر دەربکرێت . تەنانەت پێشنیاری ئەوەش کرابوو کە مائۆ هەر لە پارتەکە دەربکرایە .

رابەران لە" نینگدو"، هیچی لێ نەوەستان و کاتیان نەدا بە مۆسکۆ، دەست بەجێ مائۆیان لە وەزیفەکەی لە لەشکر دەرکرد، هەرچەندە بۆ خاتری مۆسکۆ، ئابڕووی مائۆیان لای خەڵکەکە نەبرد، بە سەربازەکانیان گوت کە مائۆ

"هەر بۆ ماوەیەك دەگەڕێتەوە سەر کاری حکومەت تاکو سەرۆکایەتیی هەمووشتێك بکات".

بە مۆسکۆشیان گوت کە مائۆ " بە هۆی نەخۆشییەوە" کشاوەتە پشتەوە .

لە کاتی کۆبوونەوەدا، مائۆ دوو جار لە" نینگدو"وە تەلگرافی بۆ شانگهای لێدا،کە ئاشکرایە بۆ ئەوەبووە کە مۆسکۆ فریای بکەوێت . بەڵام ئێڤەرت، پیاوی مۆسکۆ لە شانگهای،کە ئەویش چیتر مائۆی بۆ قووت نەدەچوو، باسەکەی بە نامەی بەدەست بۆ مۆسکۆ نارد، نەك بە تەلگراف، ئیتر دەنگوباسی لادرانی مائۆ، تا دوای کۆتایی کۆبوونەوەکە بە مۆسکۆ نەگەیشت . ئێڤەرت، ئیتر دەبوو بۆ مۆسکۆی روون بکاتەوە بۆچی نەیتوانیبوو مائۆ رزگاربکات :

" بڕیارەکەی ...لادانی مائۆ و رەخنە لێگرتنی، بە بێ ڕێککەوتنی پێشەکی لەگەڵ ئێمەدا" وەرگیرابوو و، ئێڤەرت گوتی کە ئەو لەگەڵ ئەو بڕیارەدا نەبووە :

" بڕیاری وەها (نابێت) بەر لە تاقی‌كردنەوەی هەموو ڕێگاكانی تر بدرێت ... "

هەرچەندە " هیچ گومانێك لەوەدا نیە كە ... مائۆ تسی- تونگ هەڵەیە ... دەبێت ڕێگای قەناعەت- پێ‌كردنی دۆستانە لەگەڵ مائۆدا بەكاربێت ."

مۆسكۆ فەرمانی دا بە پارتی كۆمونیستی چین :

" لەبارەی جیاوازیی بیروڕاتان لەگەڵ هەڤاڵ مائۆ تسی- تونگ دا،ئێمە دیسان دەیڵێینەوە: هەوڵ بدەن بە شێوەیەكی هـەڤاڵانە بیهێننە سەر ختی خەبات . ئێمە دژی ئەوەین كە لەم كاتەدا مائۆ تسی- تونگ، ئەگەر خۆی بە نەزم ببەستێتەوە، لە لەشكر وەدەرنێن ."

٢ی نوامبر، پرسیاری بیروڕای ستالین" بەشێوەیەكی فەوری" كرا . هەڤاڵانی مائۆ لێرەدا داوایان لێ كرا روونی بكەنەوە بـۆچی مائۆیان لە لەشكر دەركردووە . مۆسـكۆ ڕەخنەی لەوانە گرت كە ڕەخنەیان لە مائۆ دەگرت و، بە هەڵوێستی نەرمی" چوو ئێن-لای"ی هەڵگوت .

ئەو پشتگیرییەی مۆسكۆ درەنگ گەیشت، چونكە مائۆ ١٢ی ئۆكتۆبر لە " نینگدو" دەرچووبوو و وەزیفەكەی كۆمیساری لەشكر درابوو بە چوو ئێن- لای . مائۆ، ئەو كەسانەی لێرە لە نینگدو لەگەڵیدا نـارێك بوون قەت نەبەخشی و، دواتر تۆڵەی لێ‌كردنەوە و، تۆڵەی هێندێكیان زۆر بە زەبر بوو . تووڕەیی هەرە زۆریشی لە چوو ئێن- لای بوو،هەرچەندە چوو ئێن-لای هەوڵیشـی دابوو بیپارێزێت و، ئەوەش بوو كە دوایی مائۆ لای خۆی ڕاگرتبوو . چوو ئێن-لای، لە دواتری ژیانیدا، پتر لە سەد جار خۆی سووك و ریسوا كرد و، خراپترین لە خۆهەڵدانیشی بۆ ئەو ڕووداوەی نینگدو بوو . چوو ئێن-لای، چل ساڵ دواتر، كە سەرەك وەزیران بوو، بەهاری ١٩٧٢، ڕێك دوای ئەوە كە نەخۆشیی شێرپەنجەی میزڵدانی لێ تەشخیس‌كرا، لە گەرمەی گفتوگۆی سەختی لەگەڵ وڵاتەیەككرتووە- كانی ئەمریكا و ژاپۆن و وڵاتانێكی تردا( كە ئەو بێگانانە زۆر لە ژێر تەئسیری شەخسیەتیدا بوون)، جار لە دووی جار، دیسان دەبوو لەبەر دەم دەستە دوای دەستەی كاربەدەستانی بەرزی وڵات قسە بەخۆی بڵێت و خۆی ئەوپەڕی سووك بكات . باسێكیش كە هەموو جارێك دەهاتەوە، هەر بریتی بوو لە : نینگدو .

مائۆ، كە لە پشـتگیریی مۆسـكۆ دڵنیا بوو، ئیتر منەتی بەوە نـەبوو بە قسەی ئەوانی تر بكات و بچێتەوە سـەر كارەكەی لە" ڕوئیجین" . لەجیاتی ئەوە، بۆ ماوەیەك هاتەوە سەرحاڵ و میزاجی خۆی، چووە" تینگزهۆئو"، كە " خەستەخانەی ئینجیل"ی بڵاوكەرەوەكانی مەسیحیەتی لێ بوو ( پێش ئەوە كە مائۆ بیگوازێتەوە بۆ ڕوئیجین)،

١٧٦

ئەوە باشـترین مەركەزی بژیشكی بوو لە قەڵەمڕەویی ژێردەستی كـۆمونیستاندا . مائۆ لێرە لە ڤیللایەكی دوو نهۆمیی زۆر شاهانەدا دەمایەوە، كە پێشتر هی دەوڵەمەندێكی چینی بیوو و، ئێستا لە خزمەت نوخبەی سوورە-كاندا بوو . ڤیللا، لە باوەشـی گـردێكی لێڕێكدا بوو، دوو رێڕەوی بـەرینی بە میچ لە هـەردوو نهۆمییەوە بە داری رەنگ تیر، سێبەر و شنەبایەكی میسالییان لە تینی گەرمای باشووردا پێكدەهێنا و، جوانیی دارپڕتەقاڵ و گەڵای دارمۆزی باخچەی كەشی نیوەگەرمەسیریشی وێڕا .

مائۆ، لەم ڤیللا خشپیلانەیدا، بارەگایەكی رەقیبی دامەزراند. لەوێوە لەدووی تابیعانی دەنارد و پێیدەگوتن ئەگەر لەشكری نەتەوەییەكان هێرشیان هێنا سەرتان، شەڕ مەكەن، دەست لە شوێنەكە بەردەن و بڕۆن . تـابیعانی ئامۆژگاری دەكرد: فەرمانی پارتەكە، ئەگەر بەدڵتان بوو بەجێیبهێنن و ،ئەگەر بەدڵیشتان نەبوو بەجێیمەهێنن .

یەكەم مانگی ١٩٣٣، بەڕێوەبەری ئیدارەی پارتەكە لە شانگهای،" پۆ كو"ی تەمەن ٢٥ ساڵ ( كە پێش كەمێك هەڤاڵانی نینگدوی هان دابوو مائۆ دەربكەن) گەیشتە بنكەی روئیجین* . پۆ كو، چاردە ساڵ لە مائۆ جەوانتر بوو و، بە هەمووی حەوت ساڵ بوو لە پارتەكەدا بوو . ئەوپەڕی زیت و زیرەك بوو و، سەرنجی " ئێدگار سنۆو" ی راكێشابوو كە لەبارەیەوە دەڵێت : " ئەوپەڕی گورج و بەهۆش و، رەنگە لە« چوو ئێن- لای»یش بەهۆشتر بێت". رووسی و ئینگلیسییەكی چاكی قسەدەكرد و، شارەزای ئوسوولی دنیای مۆسكۆ بوو، كە سێ ساڵ و نیو(١٩٢٦ - ١٩٣٠) ی لەوێ بە فێربوون بەسەربردبوو . سـەرووی هەموو ئەوانە، كسێكی بە رادەیەكی نائاسیی بە بڕیار بوو، رەوشـتێكی كە هەڤاڵەكانی زۆریان بەدڵ بوو، ئەوانەی كە ئیـتر بۆ ئەوە لە" چوو ئێن-لای " وەڕەز بیوون كە ئەوەندە بۆ مائۆی شل دەكرد . هەرچەندە زۆریش لە چوو ئێن-لای جەوانتر و ئەزموونی كـەمتر بوو، دیسـاهەر، زۆربە، بۆ سەرۆكایەتیی پارتەكە دەنگیان بەو دا كە لە" چوو ئێن-لای"ی وەربگرێت . چوو ئێن-لای بە فەرماندەی لەشكر مایەوە . چوو ئێن-لای لێگەڕا ئەوە هەمووی رووبدات، چونكە ئەو نـە تینووی دەسەڵاتیشەخسی بوو و، نـە دڵی لای بوونە پیاوی ژمارە "یەك" بوو . ئەوەی راستی بێت، دەبێت زۆر بەوە شادبووبێت كە كسێكی تری لەسەرووییەوە هەبووە .

---

* پـارتەكە، بەهۆی كارایی پـۆلیسی نـەتەوەییەكان و، وازهێنانی زۆر لە ئەندامانی، چیتر نـەیدەتوانیكاری نهێنیی لە هیچ شـارێكی قـەڵەمڕەویی سـپییەكان بكات . ئەوە لە كتێبەكانی مێژوودا، بە نـاهەق خراوەتە ئەستۆی " لی لی- سان"ی كە كراوە بە قۆچی قوربانی بۆ هەموو شكستێك .

پۆ، بەوەی كە مائۆ دەیكرد  تووڕە بوو و، بەوە كە خەتەری هێرشی گەورەی نەتەوەییەكان لەپێش بوو، بڕیاری دا دەست بەجێ كارێك بكات . جگە لەوەش، پۆ زۆر گازندەی تری كە لە مائۆ دەكران بەدەست دەگەیشت .

"پێنگ دێ- هوئای" مائۆی بە

"كەسێكی ناپاك" ناودەبرد كە "سووكایەتیی بە زهو دێ كردبوو".

پێنگ گوتوویە : مائۆ

"حەز دەكات شەڕ و هەرا بورووژێنێت . تەرزی كاری وەحشییانەن، ئەگەر ملی بۆ كەچ نەكەیت، ئەوا حەقەن ڕێگایانێكت بۆ دەبینێتەوە تاكو ملت پێ كەچ بكات . نـازانێت چۆن كادیران یەكبخات ."

هەرچەندە بەهەرحاڵ، دەستی پۆ بەسترابوونەوە . كاتی ڕۆیشتنی لە شانگهای، ئێڤەرت بە ڕوونی و بێ ئەملاو- ئەولا پێی گوتبوو كە دەبوو كار لەگەڵ مائۆدا بكات . بـەڵام ئەو دەبوویە هەر بۆ مائۆ خۆی بوو، فەرمانەكە ناوی تابیعانی نەگرتبۆوە و، پۆ ئا لێرەوە بۆ مائۆ چوو . لە فیوریە/ شوباتی ١٩٣٣وە، ریزێكی دەروێشانی مائۆ، بەڵام لەوانەی ریزی خوارەوە،" تسی- تان"ی برای مائۆشیان تێدا ،لە چاپەمەنیدا درانە بەر رەخنە . هەرچەندە هەر چەند كەسێكی كەمی سەروو دەیانزانی كە ئەوە نەخشەیەك بوو بۆ دەست گەیاندنە مائۆ خۆی و، ڕێز و ناوی شەخسی مائۆ لەناو ریزەكاندا هەر دەپارێزرا . ئەوجا شتێكی تریش لێرەدا ئەوەبوو كە پۆ بە رەوشتی مائۆی پیاوكـوژی نەدەكرد . هەرچەندە قسەی زۆر تیژ هەرهەبوو (" لەتوپەت بكەن!"، تێكۆشان بێ بەزەیی")، بەڵام هەر بە شێوەی هەڤاڵ لەگەڵ تابیعانی مائۆدا دەجووڵایەوە، نەك ئەوە كە بە"دوژمن"یان دابنێ و، هێندێكیشیان لێگەڕا لە سەر وەزیفە گرنگەكانیان بمێننەوە .

"پۆ كو" زۆر بە سەركەوتوویی توانی زنجیرەی فەرماندەیی جیاوازی تایبەتی مائۆ هەڵبوەشێنێت و، ریزەكانی پارتەكەی بۆ شەڕی چیانگ یەكبخات . ئێستا بۆ جاری یەكەم، لەشكری سوور هێزی هەڵبژاردەی لێدەری جەنە- ڕالیسیمۆی، لە شـەڕانێكدا شكاند كە بە دەیان هەزار سەربازیان تێدا بەشداربوون . دوا "حەملەی لەناودان"ی چیانگ لە مارتی ١٩٣٣ بە هیچ كۆتایی هات .

كـاتی ئەم حەملەی چوارەمە وەها بوو كە چیانگ دەبوو لە هەلومەرجی تـەنگژەیەكی قووڵی نـەتەوایەتیدا شەڕی دژی لەشكری سوور بكات . فیوریە/ شوباتی ١٩٣٣، ژاپۆنی، لە مانچوریاوە بە" دیواری گەورە"ی چیندا كەوتنە

ناو چینەوە و، " پێکین"یان خستە خەتەرەوە . ژاپۆنی، لە هەمان مانگدا، دەوڵەتێکی بازیچەی دەستی خۆیان بە ناوی " مانچوکوئۆ" لە ڕۆژهەڵاتی باکوور دامەزراند .*

ڕوئیجین، ئەو شەڕەی چوارەم حەملەیەی لە سایەی یارمەتیی زۆری یەکێتی سۆڤیەتیش بردەوە، کە تازە، لە دیسامبری ١٩٣٢ نێوانی دیپلۆماسیی لەگەڵ "چیانگ"دا دەستپێکردبۆوە . ڕووسیا بە ئەو دەستپێکردنەوە-یەی نێوانی دیپلۆماسیی لەگەڵ حکومەتی چین، توانی زۆر ئەفسەرانی جاسووسی بە ناوی دیپلۆمات یا ڕۆژنامەنووس بڕژێنێتە چین بۆ یارمەتیدانی کۆمونیستەکانی . مێجەر جەنەراڵ " ئێدوارد لیپین"ی" گ ر ئو" ی وابەستە( ملحق)ی سەربازیی سەفارەتخانەی ڕووسیا ، دەورێکی مەرکەزی هەبوو،کە ئەو بە ڕێکوپێکی چیانگ و ڕابەرانیتری پایەبەرزی نەتەوەییەکانی دەدیت و، دەیتوانی نوێترین ئاگاداری بۆ لەشکری سووری چین بنێرێت و، بەوەش کە پێوەندیی نێوان ئەو لەشکرە و دەستەی ڕاوێژکارانی سەربازیی پارتیکۆمونیستیچین لە مۆسکۆ بوو . ڕاوێژکارانی نهێنیی سەربازییمۆسکۆ لە چین، ئەوانیش دەستێکی زۆریان لە شەڕەکدا هەبوو. کاتێك مائۆ دواتر یەکێك لەوانە،کۆمونیستی ئەڵمان " ئۆتۆ براون"ی دیت ( تاقە کەسێکیان بوو کە توانی بگاتە ڕوئیجین)، مائۆ ئافەرینی لێکرد . مائۆ دوای ئەوە کە " زێدە بە ڕەسمی" سڵاوی لێ کردووە، براون دەنووسێت :

" مائۆ سەرکەوتنی هێرشی بەرانبەری ... زستانی ١٩٣٢-١٩٣٣ی سەلماند . گوتی کە دەیزانی هێزی بزوێنەری ئەو کارە لە منەوە هاتبوو ..."

گرنگترین پیاوی چینییە سوورەکان لە شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو چوارەم حەملەیەدا" چوو ئێن -لای"بوو و، ئەوە کە سوورەکان بە ڕابەریی ئەو لەوەدا ئەو سەرکەوتنانەیان وەدەستهێنان کە پێشتر وێنەیان نەبوون، مەرکەز و بڕوابەخۆیی" چوو ئێن-لای" بەوە بەرزبوونەوە . مائۆ دەیزانی کە مۆسکۆ سەرکەوتووی خۆشدەویستن و، ئەو سەرکەوتنە سەربازییەی" چوو ئێن-لای " دەکرا دڵی مۆسکۆی بەلای" چوو ئێن- لای"دا بهێنایە ــ بەتایبەتی کە مائۆ هەر دژی ئەم ستراتیجییەی شەڕی مۆسکۆ ببوو . ئیتر ئەوەبوو، مائۆ، فیوریە/ شوباتی ١٩٣٣، لە"هاتنەوە

---

* جگە لە ژاپۆن، تەنیا ئەم وڵاتانە ئیعتیرافیان پێکرد : ئێل سالڤادۆر، ڤاتیکان، یەکێتی سۆڤیەت . ئاڵای مانچوکوئۆ بەسەر کۆنسولگەرییەکانییەوە لە چیتا و ڤلادیڤۆستۆك دەشەکایەوە . ئەوە بەشێك بوو لە هەوڵی مۆسکۆ بۆ ئارامکردنەوەی تۆکیۆ، هەوڵدان بۆ ئەوە کە نەهێڵێت ژاپۆن ڕوو لە باکوور بکات و هێرش بکاتە سەر یەکێتی سۆڤیەت .

سەرحاڵ لە نەخۆشی"ییەوە گەڕایەوە روئیجین و، دیسان لەگەڵ هەڤاڵان تێ‌هەڵچۆوە . مۆسكۆ هەر لەسەر هەمان رەوتی بە شێوەیەكی تایبەتی گوێدانە مائۆ و سەرنج بۆ راكێشانی رۆیشت و، پـەیتا- پـەیتا ئەو ئامۆژگارییەی وەبیر هەڤاڵانی دەهێنایەوە كە :

" بـە هـەر نرخێك بێت، دەبێت مائۆ بگونجێندرێت ... كە بێتە سەر باسی مائۆ، دەبێت ئەوپەڕی هەوڵ بدەن هەڵوێستتان لێی لێبوردانە و بە گونجان بێت ... ."

مائۆ، لە كـۆبوونەوەكانی سـەراندا هـەر بەشـدار دەبوو و، سـەرۆكایەتیی ئـەو كـۆبوونەوانەشی دەكرد كە بـەر دەسەڵاتی ئەو دەكەوتن . راپۆرتی تـەواوی دەدرایێ و، ئیمتیازەكانی دەستەی هـەڵبژاردەی هـەر هەبوون . بـەڵام دەیزانیكە مۆسكۆ گرێیەكی لە ئاست ئەودا لەدڵدا هەبوو ــ بەلای كەم لەوەوە كە دەروێشەكانی لە رۆژنامەگەریی سووراندا دەدرانە بەر رەخنە . لە ئەو هەست بەتەنیابوونە سامناكەی خۆیەوە، هەستی بەوە دەكرد كە بایەكە چەند توند بە پێچەوانەی دڵی ئەوی هەڵكردبوو . بەدەگمەن كەسێك دەهاتە سەردانی . تابیعەكانی، خۆیان لێ دەبوارد . ژنەكەی دەیگوت لەبیری بوو كە مائۆ بە چەند رۆژ قسـەیەكی لەگەڵ كەسێكی دەرەوەی خێزانی خۆی نـەدەكرد . مائۆ، چەند دەساڵێك دواتر باسی ئەو كاتەی خۆی كردبوو، گوتبووی وەكو ئەوە بووم كە

" خرابمە كووپەیەكی داری پڕ لە میز و، چەند جار تێیان هەڵكێشابم، كە ئیدی بەڕاستی بۆگەنم دەهات . "

نیشـانەیەكی تری ئەوە كە شوێنی مائۆ لە دڵی مۆسكۆدا هێندێك تسك ببۆوە، ئەوەبوو كە مائۆ زووی ساڵی ١٩٣٤ وەزیفەكەی " سـەرەك وەزیـران"ی لەدەست چوو ــ هەرچەندە ناوی بە شكۆتری " سەرۆك"ی هەر هەبوو . ئەركی سەرەكیی سەر شانی سەرەك وەزیران بریتی بوو لە بەڕێوەبردنی ئیدارە، ئەوەش مەگەر هەر سـەرێشەیەك بوایە بۆ مائۆ، كە حەزی لێ‌نـەدەكرد، لەكاتێكدا كە پارتەكە كەسێكی بۆ سەرەك وەزیران دەویست كە بەڕاسـتی ئیدارەكەی هـەڵبسـووڕاندایە . پیاوێكی تەمەن ٣٤ ساڵی ئارەزوومەندی وەسەركەوتن، ناوی " لۆ فو" بوو، كە بۆ فێربوون لە رووسیا ببوو، ئەو شـوێنەی گرتەوە . مائۆ بەوە قەرەبووكرا كە، لەوەتای ١٩٢٣وە، بۆ جاری یەكەم كردیان بە " ئـەندامی تـەواو"ی پـۆلیت بیرۆ ( مەكتەبی سیاسی )، بـەڵام نـەچووە ناو جـەرگەی پـارتەكە، كە " سـكرتاریات" بوو ( كارگێڕی، ساڵی ١٩٣٤ دامەزرا،١٩٥٦ " سكرتێری گشتی"یەكی بە سـەرۆك بۆ دانرا، شۆڕشی‌فەرهەنگیی١٩٦٦ نەیهێشت، ١٩٨٠ دیسان زیندووكرایەوە - وەرگێڕ) . مائۆ،لەسەر لیستەی مۆسكۆی بۆ ئەوە نـەبوو . مائۆ هەر ئامادە نـەبوو بچێتە ئەو" پلینوم" ـەی پارتەكەی ( بـەرینترین كـۆبوونەوەی رابەران و

کادیران و زۆرترین ئەندامانی لەتواناندا- وەرگێڕ) کە ئەو بڕیارانەی تێدا دران، نەخۆشیی کرد بە بەهانە ." پۆ کو" گوتی : ئەمەش " پەشێوییەکی دیپلۆماتی"ی تر، بەڵام با وا بێت .

مائۆ، چ لای پارتی کۆمونیستی چین و چ لە مۆسکۆ، ناوی هەر بەدەرەوە بوو و ئەوپەڕی باس دەکرا . مائۆ لای خەڵکی قەڵەمڕەویی کۆمونیستان و ـ لای دنیای دەرەوەش، بە نەتەوەییەکانیشەوە ـ هێشتا هەر" سەرۆك" بوو . بەڵام لە ناوەوە،" پۆ کو" لای هەڤاڵێکی خۆی، مائۆی بە سەرۆکی دەوڵەتی رووس بەراوردکردووە، بەو هەڤاڵەی گوتووە کە : " پیرە مائۆ ئێستا ئیتر بۆخۆی هەر دەبێت بە « کالینین»ـێك، ها ها. " ( کالینین سەرۆکی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٢٢ تا ساڵی مردنی بە شێرپەنجە ١٩٤٦ ، بەڵام هەر دیکۆر بوو و هیچی بەدەست نەبوو - وەرگێڕ) .

## ١١- چۆن مائۆ کەوتە سەر رۆینی رێگا دوورەکە
## (١٩٣٣- ١٩٣٤؛ تەمەن ٣٩-٤٠)

سیپتامبری ١٩٣٣، چیانگ کای- شێك نیوملیۆن سەربازی بۆ پێنجەم" حەملەی لەناودان"ی سازدا ــ بۆ چوونە سەر بنکەی روئیجین. چیانگ، مانگی می/ ئایار لەگەڵ ژاپۆندا لەسەر ئاگربەس رێككەتبوو و، داگیر-کرانی بەشانێکی باکووری چینی وێرای مانچوریا لەلایەن ژاپۆنەوە بەگوێرەی ئەوە قەبووڵ کردبوو و، ئەوە دەستی بۆ ئەوە کردەوە کە تەواوی هێزەکەی خۆی هەر بۆ لێدانی کۆمونیستان تەرخان بکات.

چیانگ، چەند مانگی رابردوو خەریکی دروستکردنی ریگاوبانی چاك ببوو تاکو بتوانێت هێزی زۆری خۆی بهێنێتە ناوچەکەوە و پێداویستی چەك و ئازووقەیان پێ بگەیەنێت. ئیتر چیانگ ئێستا دەیتوانی دوای ئەو ئامادەکارییانەی، چاك بکەوێتە قەڵەمڕەویی کۆمونیستانەوە. ئەوجا هێزەکانی لەسەرەخۆ بەرەو بنکەکە کشان، هەر چەند کیلۆمیترێك و قەڵایەکی بچووکیان دروستدەکرد، ئەو قەڵایانە بە رادەیەك لێك نیزیك بوون کە گوللەی تفەنگ لەهەرکامێکیانەوە دەربچوایە، بە قەڵاکەی تریان دەگەیشت. تەوقی ئەو قەڵایانە بە دەوری کۆمونیستان تەسك دەبۆوە. وەك کە فەرماندەکەی کۆمونیستان "پێنگ دێ- هوئای" باسیکردووە، گوتوویە: هێزەکانی چیانگ سوورەکانیان ناچارکرد

"کەم کەمە تێكبترنجێن: تاکتیکی گۆلەکە وشك بکە و ئەوجا ماسی هەڵگرەوە."

لەشکری سوورەکان، بە ژمارە، یەك لە دەی ئەوەندەی لەشکری چیانگ بوو و، چەکوچۆڵیشی زۆر لە خوار ئاستی ئەوەی ئەو بوو. جگەلەوەش کە لەشکری چیانگ ئێستا، لەسایەی دەستەیەکی زۆری مامۆستایانی ئەڵمانەوە، مەشقی زۆر چاکتری دیتبوو. بەتایبەتی کە جەنەڕالیسیمۆ کەسێکی لای خۆی راگرتبوو، کە دەورێکی سەرەکی لە داڕشتنەوەی بە نهێنیی لەشکری ئەڵمانیای لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا دیتبوو، جەنەڕاڵ هانس سێکت. ئیتر مۆسکۆش تۆڕێکی "ئەڵمان"ی خۆی لە چین، بۆ یارمەتیدانی کۆمونیستانی چین، لەبەرانبەر ئەو راوێژکارە ئەڵمانانەی یاریدەدەری چیانگ دروست کرد. مۆسکۆ، پسپۆڕێکی سەربازیی «ئەڵمانیزمان»ی نارده چین، ناوی" مانفرێد شتێرن"بوو(دواتر لە شەڕی ناوخۆی سپانیادا بە ناوی جەنەراڵ کلێبەر ناودەردەکات)، تاکو ببێت بە بەرزترین راوێژکاری سەربازی لە بنکەی شانگهای." ئۆتۆ براون"ی ئەڵمانیش مانگی سیپتامبر

ناردرایه رؤیجین تاکو - به کردار - ببێته فەرماندەی ئەوێ .

له رؤیجین، براون له شوێنێکی ناو چەپەرانی که به تایبەتی هەر بۆ رابەرانی پارتەکه بوو، له ماڵێکی ژێر ساباتێك له ناوەندی مەرەزەیەك جێگیربوو . گوتیان :

" ئەوەندەی دەكرێت، له ناو ماڵەکەم بمێنمەوە بۆ سەلامەتیم کە« بێگانەی شەیتان»م و، ئا لەو هەلومەرجەی هاتوهاواری هەمیشە (ی نەتەوەییەکان)یشدا لە بارەی« جاسووسانی رووس"ـەوە".

ناوێکی چینییان لێ نا : " لی دێ" ( لیی ئەڵمان) ـــ و ژنێکیشی به هاوسەر درایێ،کە یەکە سیفەتێکی گرنگی تێدا رەچاوگیرابوو : " دەبوو زل بێت" و " تێکسمڕاو" بێت ، چونکە بیر بۆ ئەوە دەچوو که بێگانە ژنی بەهێزیان بۆ بەزمی نێوانی ژنومێردیی پێویست بوو تا ژن بیتوانیبا بەرگەیان بگرێت .

به قسەی هاوسەری زهو دێ(هاوسەری دووەمی، دوای ئەوە کە نەتەوەییەکان یەکەمەکەیان کوشـتبوو)، قسەی کە دەنگۆیەکی باوی ئەو سەردەمەی ئەوانە دەردەخات :

" هیچ ژنێك لەهەڤاڵان نەیدەویست مێرد به بێگانەیەك بكات کە نەیتوانیبا به زمانی چینی قسە بکات . ئیتر ئـەوان ( پارتەکە) ماوەیەك نـەیانتوانی ژنێکی گـونجاوی بۆ بدۆزنەوە" .

تا لەدواییدا، کیژە دێهاتییەکی جوانیان لەبەرچاو گرت، بە منداڵی بە مێرد درابوو و رایکردبوو و هاتبووە ریزی شۆڕش . ئەویش، وێڕای ئەو هەموو تەوژمەش کە لە سەرەوە بۆیان هێنا، هەر نەیدەویست مێردی پێ بکات .

" چـەند رۆژێك دوای ئەوە، فـەرمانی پـارتەکەی پێ‌گـەیشت کە « لی دێ هەڤاڵێکە لە رابەران، بۆ ئەوە ناردراوە کە یارمەتیی شۆڕشی چین بدات . ببێتە ژنی، پێویـستییەکی شـۆڕشە . رێکخراو بڕیاری داوە کە تۆ ببیت بە ژنی » . کیژ ئێجگار زۆر بە نـابەدڵی قەبووڵی‌کرد ... بـەڵام هـەر نـەیانتوانی بگونجێن" .

کیژ، لەم مێردکردنەیدا، کە دووەم بەزۆر بەمێرد درانـی بوو،کوڕێکی لە براون بوو . کوڕەکە زۆر ئەسمەر بوو، رەنگی پێستی لەوەی چینییەك نیزیکتر بوو تاکو لەوەی پێستسپییەك، کە مائۆ بەوە لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی : " ئێ ئەوە تیۆریی باڵادەستیی ( سووپەریی) نەژادی ئەڵمان بەرپەرچ دەداتەوە!" .

نیزیکترین‌کەس لە براون،" پۆ کو"ی ژمارە ١ ی پارتەکە بوو،کە لە شانگهای کاری لەگەڵ کردبوو و، دەیتوانی

بە ڕووسی قسەی لەگەڵ بکات . یاریی وەرەقیان لەگەڵ دیلمانجەکاندا دەکرد و پێکەوە ئەسپسوارییان دەکرد .
" چوو ئێن-لای "یش، ژمارە ٢ ی پارتەکە و پلەبەرزترین کەسی لەشکر، ئەویش " براون "ی زۆر دەدیت . بەڵام براون کەم سەروکاری لەگەڵ مائۆدا دەبوو و، هەر ئەگەر کارێکی ڕەسمی پێویستی بکردایە دەیدیت .
براون نووسیویە کە لەکاتی وەها ڕەسمیشدا کە مائۆی دەدیت، مائۆ " خۆی گران دەگرت ". مائۆ زمانی ڕووسیی نەدەزانی و " براون "ی بە هەڕەشەیەك بۆ سەر خۆی دەدیت، ئەوەبوو مائۆ لە قسەکردنی لەگەڵیدا بەپاریز و ئاگای لەدەمی خۆی بوو .

بەهاری ١٩٣٤، دەوری شەش مانگ بوو کە حەملەی چیانگ تەوژمی دەهێنا . نە ڕاوێژکارانی مۆسکۆ و نە هیچ کەسێك لە ڕابەرانی پارتی کۆمونیستی چین،هیچ کام نەیدەزانی چی لەبەرانبەر ئەو شەڕەی تەوقە قەڵای چیانگ و باڵادەستیی سەربازییدا بکات . ڕابەرانی سووری بنکەی ڕوئیجین دەیاندیت ڕۆژانی زۆریان لەوێ نەمابوو و، کەوتبوونە خۆئامادەکردن بۆ لێ دەرچوونی . ٢٥ی مارت، مۆسکۆ تەلگرافێکی بۆ ڕوئیجین نارد ،کە دەستگای جاسووسیی ئینگلیس توانی وەریبگرێت، تەلگراف باسی ئەوەی دەکرد کە ئاسۆی بنکەکە تاریك بووە — دەیگوت تەنانەت لەوەش کە وێدەچوو پارتی کۆمونیستی چین دیتبێتیت تاریکتر بوو . پۆ کو، هەر کە ئەو پەیامەی بەدەست گەیشت،کەوتە سەر ئەوە مائۆ لەسەر ڕێگا وەلابنێت . ٢٧ی مارت، شانگهای بە تەلگراف بە مۆسکۆی ڕاگەیاندکە ڕوئیجین

> " ئاگاداری کردووینەوە کە مائۆ ماوەیەکی زۆرە نەخۆشە و ( ئەو- ڕوئیجین) داوادەکات
> کە مائۆ بنێردرێتە مۆسکۆ " .

بەڵام مائۆ نە نەخۆش بوو و نە هیچ . پۆ کو و هەڤاڵانی دەیانویست لەخۆیانی دووربخەنەوە، نەوەکا دیسان دەردی سەرییان بۆ بنێتەوە .

داوای ڕوئیجین کە مائۆ لە لایان لابەرن، قەبووڵ نەکرا . ٩ی ئاپریل، مۆسکۆ بە تەلگراف ئاگاداری کردنەوە کە " دژی سەردانی مائۆ " بوو، بەوە کە سەفەری مائۆ،کە ڕێگای دەکەوتە قەڵەمڕەویی سپییەکانیشەوە، زێدە جێی مەترسی بوو :

> " ئەو حەقەن دەبێت لە مەڵبەندی سۆڤیەت ( واتا مەڵبەندی سوور لە چین) چارە بکرێت،
> تەنانەت ئەگەر ئەو چارەکردنە ئێجگار زۆریشی تێبچێت . تەنیا لە حاڵەتێکدا، ئەگەر

بەهیچ جۆرێك توانای چارەکردنی لە شوێنی خۆیدا نـەبێت و، یا خەتەری مەرگ بەهۆی نەخۆشییەکەی لەپێش بێت، ئەوسا دەکرێت رازی بین کە بێتە مۆسکۆ. "

مائۆ دیارە هیچ نـەیدەویست بۆ شوێنێکی تری بەرن، بە " پۆ کو"ی کە بەسەر پێوەندیی لەگەڵ مۆسکۆ رادەگە-یشت گوت :

" من ساغوسەلامەتم، بۆ هیچ کوێ ناچم ."

بـەڵام پۆ بەزوویی بیری بۆ چارەیەکی تر چوو ــ مائۆ لەوێ بەجێ‌بهێڵێت، با بە قەڵاکە رابگات. هێشتنەوەی سەرۆکی دەوڵەت لەو شوێنە، رێگایەکی زۆر باشی ئەوە بوو کە بیانگوتایە ئەوەتا دەوڵەتی سوور خۆی گرتووە و ماوەتەوە .

کەس نـەیدەویست لەوێ بەجێی بهێڵن . زۆر لەوانەی لەوێ مانەوە، ژیانیان لەدەست دا، یا لە شەڕدا کوژران یا گیران وئیعدام کران . برای هەرە بچووکی مائۆ " تسی- تان" یـەکێك بوو لەوانە . یەکێکی تر " هۆ شو- هێنگ" بوو، ئەو هەڤاڵەی مائۆ بوو کە مائۆ لەگەڵ خۆیدا بردبوویە کۆنگرەی یەکەمی پارتی کۆمونیستی چین. یەکێکی تریش"چو چیئو- پای" ژمارە١ی پێشووی پارتەکە بوو . ئەوانەی مابوونەوە، زۆر تووڕە بوون . ژمارە٢ی ئەوانەی مابوونەوە" چێن یی"، سمتی بە ساچمەیەك برینێکی خراپی تێ ببوو . گوتی بەسەر داربەستێکەوە بیگەیەننە لای زەو دێ و،لێی پاڕایەوە کە لەگەڵ خۆیانی ببەن، بەڵام بێ هوودە بوو . بیستساڵێك دواتر، بە تووڕەییەوە وەبیری دەهاتەوە چۆن ئەو بڕیارەیان پێ راگەیاندبوو( کە بە رێکەوت وێنەیەکیش پیشان دەدات، کەم وەدەست دێت، لەوە کە رابەرانی پارتی‌کۆمونیستی چین چۆن لە سەفسەتەی هەڤاڵانی خۆیان دەنۆڕی ) :

> " قسەی پڕهەڵدراوی بەتاڵی حیز : « تۆ کارمەندێکی گـەورەیت، لەبەرئەوە، دەبێت بە داربەست هەڵتبگرین و بتبەین، بـەڵام چونکە تۆ لە جیانگکسی پتر لە دە ساڵ ( ئەحم!) کارت‌کردووە، قورسایی و ناو و ئیعتیبارت هەیە ... ئێستا کە مەرکەز دەڕوات، ئـەگەر تۆ لێرە نەهێڵینەوە ناتوانین رووبەڕووی جەماوەر ببینەوە ."

کێ بوو ئەو قسە حیزانەی وا پێ دەفرۆشت ؟ چوو ئێن- لای .

مائۆ دەیزانی ئـەگەر لەوێ بمابایە ئەوا هەر زۆر لە مەرکەزی پارتەکە و لە لەشکر دووردەکەوتەوە ــ ئەوە ئـەگەر هەر لەناونەچوایە . ئەو بە تەما نەبوو لێ‌بگەڕێت هەر وا بە ئاسانی لەکۆڵ خۆیانی بکەنەوە . ئەوسا مائۆ فەرماندە-یی لەشکری لێ سەندرابۆوە، هیچ لەشکرێکی بەدەستەوە نەبوو . بەڵام بەوە کە ئەو سەرۆکی حکومەت بوو، خۆی

لەوەدا سەرۆکی خۆی بوو کە بیویستبا چیی بکردایە و لەکوێ بوایە . مائۆ، لە ماوەی نیو ساڵدا، خۆی بۆ کاری ئەوە تەرخان کرد کە" پۆ کو" و شیرکەتەکەی نەتوانن هەر بۆخۆیان دەرچن و ئەو بەتەنیا لەو وێرانەیەدا بەجێ- بهێڵن .

ئیتر مائۆ چاوی بڕییە پەیداکردنی شوێنێکی سەر ڕێگای ڕاکردن . یەکەم شوێنێکی کە چوو هۆبەی خۆی لێ دانا، بەرەی باشووری شەڕ بوو، چونکە وا لەبەرچاو بوو لەوێوە دەرچن . ئەو بەرەیە بەرانبەری کانتۆنییەکان بوو، کە کۆمونیست بازرگانیی" تەنگستن "ی زۆر بە قازانجیان لەگەڵدا دەکردن و، ئەوانە رقیان لە چیانگ بوو . بەپێچەوانەی بەرەکانی تری شەڕ، کە نەتەوەییەکان پتر و پتر دەهاتنە پێشەوە، ئەم بەرەیە شەڕی زۆری تێدا نەبوو . دوا ڕۆژانی ئاپریل، جەنگسالارانی کانتۆنی کەوتنە گفتوگۆی ئەوە لەگەڵ کۆمونیستەکاندا کە ڕێبازێکیان لای خۆیان بۆ بکەنەوە تا کۆمونیست بۆ دەرچوون و هاتنی خۆیان پێدا بڕۆن . مائۆ،هەر کە بەوەی زانی، گورج دابەز- ییە بارەگای بەرەی باشوور لە هوئیچانگ، ڕێك لەسەر ڕێگای سەرەکیی کە بۆ دەرچوون لە مەڵبەندی سوور بوو . ڕابەرانی ناوچەیی، لێیان ڕوون بوو کە کارێکی ڕەسمیی لێرە نەبوو تاکو پێیانبڵێت بۆچی لەوێیە و، بەتایبەتی کە ئەو کاتی زۆری هەبوو . مائۆ، بۆ خۆی پیاسەی سەری گردی دەکرد، خۆی بە ژووری فەرماندەکاندا دەکرد و لەسەر تەختی نوستنیان پاڵ دەکەوت و، سەرگەرمی قسەو باس دەبوو . وادەبوو شتی وەك ڕاستکردنەوەی بەرنامەی مەشقی یەکە ناوچەییەکانی دەکرد، وادەبوو بە سەعاتان خۆی بە ڕاستکردنەوەی سەنەدێکەوە خەریك دەکرد .

تەمووز/ ژووئیە، مائۆ، بە هەمان شێوەی لەپڕ هاتنەکەی بۆ ئێرە،لەپڕێك ڕۆیشت . مائۆ زانیبووی کە نوختەی دەرچوونی کۆمونیستەکان گۆڕابوو، ئەمجارە بڕیاریان دابوو لە ڕۆژئاواوە بێت . ئەو مانگە، یەکەیەکی هەشتسەد و ئەوەندە کەسی، ناردران ڕێگاکە بەسەربکەنەوە . مائۆ گەڕایەوە روئیجین . مانگێك دواتر، هەر کە نوختەی نوێی دەرچوون دیارکرا ــ شارۆچکەی" یودو"ی ٦٠ کیلۆمیتری باشووری روئیجین ــ مائۆ لە بارەگای ئەوێ سەری هەڵدا، خۆی و بیست کەسێکی یاوەرانیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوون : سکرتێر و بژیشك و تەباخ و مەیتەر و دەستەیەکیش پاسەوان . بارەگا لەوبەری شەقامێك بوو، مەودای بەردهاوێژێك لە بواری ڕووبارێك،کە ڕێك لە پشت کۆنە تاقێکی سەردەمی فەرمانڕەوایانی سونگ (ی سەدەی ١٠-١٤- وەرگێڕ)ی لە شوورەی شاردا بوو، کە وا دانرابوو خۆ قوتارکردن لەوێوە بێت . مائۆ هات لێرە لێی هەڵتروشکا، تا دڵنیابێت، کاتێك ڕابەرایەتی دەڕوات ئەویش لەگەڵ هێزە سەرەکییەکەدا بێت .

مائۆ، پێش دەرچوونی لە روئیجین، گەنجینەکەی زێڕ و زیو و گەوهەری کە دوو ساڵ لە ئەشکەوتیدا شاردبوو-نەوە رادەستی پارتەکە کرد . بە بەڕێوەبەری بـانکەکەی، "تسی - مین"ی برای گوت بیدات بە پۆ کو . مائۆ بە شاردنەوەی ئەو سامانە تا دوا لەحزە، پیشانی دەدا کە وەفاداری پارتەکەی و مۆسکۆش نـەبوو، ئەو رادەیەی بێ پەیمانیی شتێك بوو کە دەکرا کرێملین لەدڵی بگرتایە . مائۆ زۆر یاسای شکاندبوون، بەو سێ یاسا سەرە-کییانەشەوە کە خۆی دایناببوون : هەمیشە فەرمان بەجێبهێنە، دەرزییەك یا داوێك لە خەڵك وەرمەگرە(مەبەست : تاڵانی بێ فەرمانی سەروو مەکە)، و بەتـایبەتی، دەست بۆ هیچ کووتاڵێکی دەستبەسەرداگیراو مـەبە . بـەڵام ماڵی تاڵان "کردن بە دارایی تایبەتی" بە هیچ جۆرێك نـەدەکرا قەبووڵ بکرایە، چونکە ئەوە ئیتر لێرەدا بیری خۆ جیاکردنەوەی لە مۆسکۆ پیشان دەدا .

بەوە کە نـەتەوەییەکان دەهاتن، ئیتر بەجێهێشتنی ئەو سامانە لەو ئەشکەوتەدا کەڵکێکی نەدەبوو . ئێستا لەم وەزعە نوێیەدا دەبوو وردی بکاتەوە ــ بلیتێکی دەرچوونی لەو شوێنە پێ بکرێت . پارتەکە، بۆ ئەو سەفەرەی، زۆر بۆ پارە دامابوو و، لە مۆسکۆ دەپاڕایەوە پارەی پتری بۆ بنێرێت .* مائۆ خەزێنەکەی تەسلیم کرد و بەڵێنیشی بە پۆ کو دا کە هەڵسوکەوتی لەمەودوا باش دەبێت . پۆ قەبووڵی کرد لەگەڵ خۆیدا بیبات . رەنگە رێگایەکی تریشی لە پێش نـەبووبێت، دوای ئەوە کە مائۆ هاتووە رێك لە ناو چـەقی رێگای رۆیشتن ، لاقێکی لەملا و یەکی لەولا چەقاندووە .

لە دوا لەحزەدا، وا دانرا "کسیانگ ینگ"ی "جێگری سـەرۆك"ی دەوڵەتی سوور، کە کەسێکی بە نیسبەت میانەڕۆ بوو، بەسەر ئەوانەوەبێت کە لەوێ دەمێننەوە . کسیانگ، تاقە ئەندامێکی رابەرایەتی بوو کە لە چینی کرێکارانەوە هاتبوو، بێ هیچ ئیعتیرازێك قەبووڵیکرد لەوێ بمێنێتەوە و، بەوە رووحێکی قوربانیی پیشان دا کە بـەدەگمەن لەناو هـەڤاڵەکانیدا دەدیترا . هـەرچەندە کسیانگ نیگەرانیی زۆری لەوە دەربڕی کە مائۆش لەگەڵ رابەرایەتیدا دەڕۆیشت . کسیانگ ئەزموونی زۆری لە گەڵ رەوشتی مائۆ لە بنکەی سووردا هەبوو، کە ئەو ساڵی ١٩٣١، لە گەرمەی کوشـتاری کە مائۆ لە کۆمونیستانی "جیانگکسی"ی دەکرد، هـاتبوو و، دەیزانی مائۆ بۆ

---

* پشتگیریی ماڵیی کە مۆسکۆ دەیدا بە پارتی کۆمونیستی چین، ساڵی ١٩٣٤، ٧٤١٨ دۆلاری زێر بوو . رووس هەوڵیان دا راستەوخۆ چەکوچۆڵیان پێ بگەیەنن، بەڵام لەشکری سووری چین نەیتوانی راسپاردەکەی مۆسکۆ، کە نوختەیەکی بەندەر بۆ لێوەهێنانی تەقەمەنی و دەرمانی قاچاغ دابین بکات، بەجێبهێنێت .

دەسەڵاتی شەخسیی‌خۆی، لە هیچ شتێك نەدەپرینگایەوە . كسیانگ بێهوودە هەوڵی دابوو سوورەكانی جیانگ-ـكسی بپارێزێت . مائۆ ئێجگار زۆر رقی لێ بوو و، قـوربانییانی شـكەنجەی وا لێ كردبوون كە تاوانی بدەنە پاڵ . چوو ئێن-لای بە" كـۆمینتێرن"ی گوتووە :" خەڵكێك كە گیراون گوتوویانە كە( كسیانگ ینگ) ... سەر بە « ئا ب» بووە" . ئالیكساندر پانیوشكین، كە دواتر دەبێت بە سەفیری رووسیا لە چین، راستەوڕاست گوتوویە كە مائۆ هەوڵی داوە تاوانی « ئا ب» بە ناوچەوانی " كسیانگ ینگ"ـەوە بنێت تا لە كۆڵی بكاتەوە :

" تەنیا خۆ تێوەردانی مەكتەبی سیاسی (پۆلیت بیرۆ) بوو كە نەیهێشت مائۆ كسیانگ ینگ لەناوبەرێت ."

كسیانگ یـەكێك لەوانە ببوو كە ساڵی ١٩٣٢ لە نینگدو پێیان لەسەر ئەوە داگرتبوو فەرماندەیی لەشـكر لە مائۆ بستێننەوە . رقی مائۆ لە كسیانگ بە رادەیەك بوو كە دە ساڵ دواتر كسیانگی بە مەرگ گەیاند .

كسیانگ بە تـوندی دژی ئەوە بوو مائۆش لەگەڵ ئەوانەی تردا بڕوات . ئۆتۆ براون دەیگوت لەبیری بوو كە كسیانگ " بە روونی ئاماژەی بە هێڵی تیرۆریستیی مائۆ تسی- تونگ كرد و، بە چـەوساندنەوەی

كادیرانی دڵسۆزی پارتەكە دەوری ساڵی ١٩٣٠. سەرنجی بۆ ئەوە راكێشان كە نـەكەن كاری تـاقمچێتیی( مائۆ) لەدژی رابەرایەتیی پارتەكە بە كـەم وەربگرن . بۆ ئەوەش كە هەڵسوكەوتی رێكوپێكی ئەوكاتەی، هەر شتێكی تاكتیكییكاتی بوو . ئەو ... لە یـەكەم هـەلدا كە بۆی بكونجێت، چنگ لە كـۆنترۆڵكردنی لەشـكر و پارتەكە هەر بۆخۆی گیر دەكات ."

بەڵام براون لای وابووە كە " پۆ كو" وێچووە گەشبین بوو بێت :

" گوتی ... ( ئەو) باسی ئەوەی لەگەڵ مائۆدا كردووەتەوە و، پێی وانەبووە مائۆ كێشەیەك لە رابەرایەتیدا بنێتەوە ... ."

مائۆ، لەڕاستیدا ئێستاهەڵسوكەوتی رێكوپێك بوو . تا مانگی ژووئیە/ تەمووز، كە كەوتە بەرەی شەڕی باشوور، ئـەمجارەیان هەرچی پارتەكە دەیگوت، ئەو لێیدەخوێند و، بە ئـەفسەرەكانی دەگوت بە قسەی پارتەكە نـەكەن و، لەسەر قسەكانی ئەو بڕۆن كە پێچـەوانەی قسەی پـارتەكە بوون . كاتێك یـەكێك لە دەروێشەكانی پێی‌گوت كە بە وەزیر لە فلانە شوێن دامەزراوە، مائۆ پێی‌گوت بڕواتە شوێنێكی تر و سەر وەزیفەیەكی تر :

" تۆ نـاچیت ببیت بە وەزیری زەوی لەوێ، بچۆ قەزا( بەخش)ی « هوئیچانگ» و ببە بە

سەرۆکی حکومەتی ئەوێ ."

کە سیپتامبر هات، هەموو شت گۆڕا . کاتێك لین بیائۆ، کە بەوە ڕاهاتبوو مائۆ ببینێت چۆن قوڕ دەکاتە سەری ڕابەرایەتی، ئێستا سەری لە مائۆ دا ، یەکێك لەوانەی لەگەڵیدا چووبوونە ئەو سەردانە، گوتوویە کە مائۆ " زۆر لە کەڵەکی تاقمچێتی دوور بووە"، مائۆ " زۆر بە دیسپلین بووە ."

کاتێك مائۆ لە یودو ئاگادارکرایەوە کە حـەقەن ئەویش دەبرێت، ناردی ژنەکەی بێتە لای . منداڵ نـەدەکرا ببرێن، لەبەرئەوە، کوڕە دووسـاڵییەکەی مائۆ، مائۆی گچکە، دەبوو بەجێ‌بهێڵن، بەجێیانهێشت و ئیتر مائۆ قـەت ئەو کوڕەی نەدیتەوە .

مائۆی گچکە، نوامبری ١٩٣٢ لەدایك بوو، منداڵی دووەمی مائۆ لە گوئی - یوئان بوو . منداڵی یـەکـەمیان کچێك بوو و ون بوو . ئەو کچەیان ژوئەن/ حوزەیرانی ١٩٢٩ لە شاری" لۆنگیان "ی فوجیئان لە خانوویەکی زۆر خۆشـدا لەدایك بوو . کاتێك لەدایك بوو و پیشانی باوکیان دا ، مائۆ، بە ڕەوشتی‌خۆی، لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی :

" ئای لەم کچە، چۆن زانی تاریخی هاتنەدنیاکەی خۆی هـەڵبژێرێت، نـەیدەویست بێتە دەرەوە تاکو شوێنێکی خۆشی دیتەوە! ".

کەمتر لە مانگێك دوای لەدایکبوونی ئەو کچە، دایکی دەبوو لەگەڵ مائۆدا لە شار دەرچێت، ئیتر دایانە دەست دایەنێکی خەڵکی ئـەو شـوێنە . ژیانی مائۆ و ژنەکەی لەگەڵدا، وا ڕۆیشت کە نیزیکەی سـێ سـاڵ سەریان بەو شارەدا نەکردەوە . کاتێك، دوایی، گوئی - یوئان گەڕایەوە شارەکە، پێیانگوت کە کچەکەی مردبوو . بـەڵام ئەو نەیتوانی باوەڕ بەو قسەیە بکات و، کاتێك کۆمونیست بیست ساڵ دواتر هاتنە سەر حوکم، کەوتە سەر گەڕان بۆ دۆزینەوەی کچەکەی . دایك بە دەیان ساڵ و تا نیزیکەی کۆتایی ژیانی ساڵی ١٩٨٤، هەر عەوداڵی دۆزینەوەی کچی بوو .

کە گوئی- یوئان ئێستا نەیدەتوانی مائۆی گچکە لەگەڵ خۆیدا ببات، بە خوشکی خۆی سپارد ، کە ژنی" تسی- تان"ی برای مائۆ بوو . خوشکی گوئی- یوئان و هاوسەری و برا و دایك و باوکی گوئی- یوئان دەمانەوە . گوئی- یوئان بە هۆی ئەم دوورکەتنەوەیەی لە کوڕەکەی، زۆر بە کوڵ گریا . ( منداڵی سـێیـەمی، کە ئەویـش کوڕ بوو، پێش چەند مانگێك، چەند ڕۆژێك دوای لەدایکبوونی مردبوو) . مائۆی گچکە ماوەیەك لای دایەنەکەی مایەوە .

کاتێك نەتەوەییەکان ئەو قەڵەمڕەوییەی سوورەکانیان گرت، تسی- تان مائۆی گچکەی بە نهێنی بردە شوێنێك و، دوای ئەوە، پێش ئەوە کە بتوانێت ئەو شوێنە بە ژنەکەی بڵێت، ئاپریلی ۱۹۳۵ لە شەڕێکدا کوژرا .

کاتێك مائۆ هاتە سەر حوکم،" گوئی -یوئان"ی کە لەمێژ بوو چیتر ژنی مائۆ نەبوو، زۆر بە دڵسووتاوی بەدووی دۆزینەوەی مائۆیگچکەیەوە بوو و، نەتیجەش هەر کارەسات بوو . خوشکی،کە هەستی بەگوناهـ دەکرد، چونکە مائۆیگچکە بەو سپێردرابوو و، لای ئەو ون ببوو، نوامبری ۱۹٤۹، چەند رۆژێك دوای ئەوەی کۆمونیست ئەو مەڵبەندەیان بەدەستەوە گرت، شـەوێك، بە رێگای خۆگەیاندنە شوێنێکی جێی هیوای دۆزینەوەی، بەقسەیەکی کە لە شوێنێکەوە پێی گەیشتبوو، بە رووداوی ئۆتومبیل بەو رێگایەوە گیانی لەدەست دا . ساڵی ۱۹۵۲ جەوانێك دۆزرایەوە کە پێیان وابوو دەکرا مائۆ بوایە . برای گوئی- یوئان دەیگوت لەبیری بوو کە گوئی- یوئان بە پەلە- پرۆزکێ چوو بزانێت ئایا ئەوە . ئەو بەتایبەتی لە دوو شتی نۆڕی : لە گوێی، گوێی مائۆیگچکە زۆر پڕ لە چڵك بوو و، ئەوەکەی تر بۆنی بن هەنگڵی، چونکە مائۆی گچکە بۆنی بن هەنگڵی دەهات کە ئەوە زۆر تایبەتی بوو ( چینییەکان بەوە ناسرابوون کە وا نەبوون) . تەواو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە منداڵەکانی ئەو سیفەتانەیان لە مائۆ وەرگرتبوو . دوای سەیرکردن، پێی وابوو کە جەوانەکە بەڵێ کوڕەکەی بوو .

بـەڵام ژنانێکی کۆمونیستی تریش، کە لە منداڵیان دابڕابوون، ئەوانیش پێیان وابوو کە کوڕی ئەوانە و، بێوە- ژنێك لەوانە تەشخیسی کردبوو کە کوڕی خۆیەتی . حوکمی پارتەکە ئەوەبوو کە جەوانەکە کوڕی ئەو ژنەی تر بوو . برای گوئی- یوئان چوو مائۆی دیت و، کە مائۆ هیچ خۆی لەو مەسەلەیە نەگەیاندبوو، وێنەیەکی لاوەکەی پیشان دا و، بەشێوەیەك تێیگەیاند کە گوئی- یوئان دەیویست مائۆ لێرەدا کارێك بکات . بەڵام مائۆ نەیویست بیکات، پێی گوت کە حوکمی پارتەکە بەجێبهێنن و، گوتی :

" دەست وەردانی من لەوە کارێکی دزێو دەبێت".

گوئی- یوئان دەستی هەڵنەگرت و، بە ساڵان بە ئێش - و خەمباری- یـەوە تێکۆشا . خۆی و براکەی، تا مردنی کوڕەکە بە شێرپەنجە لە ساڵێکی حەفتاکان،هەر پێوەندییان لەگەڵدا هەبوو، تەنانەت ژنهێنانەکەشی ئەوان بۆیان رێکخستبوو .*

---

* ئـەو جۆرە کارەساتە بە هیچ جۆرێك نـائـاسایی نەبوو . شۆڕش جەرگـبڕانی زۆری تابیعانی وێڕا بوو . کۆمونیست، پێش هاتنە سەر حوکم، لێیان چاوەڕوان دەکرا نەك هەر لە ئاست منداڵانیان قوربانی بدەن←

مائۆ هیچ خەمبارییەکی تـایبەتیی بە ئەو لەوێ بەجێهێشتنەی مائۆی گچکە پیشان نـەدا و، بە کوڕەکەی خۆی تـەنانەت هەر نـەگوت خوداحافیز . ئەو هەر خەمی خۆی بوو . گۆنگ چو، فەرماندەی لەشکری سوور لە یودو، باسێکی بۆ بەجێ هێشتووین کە زۆری لەبارەی دوا حەفتەکانی مائۆی پێش ڕۆیشتنی تێدا دەبینین، کە مائۆ لە بارەگاکەی ئەو ماوەتەوە . گۆنگ چو، لەحزەیەکی سەرەتاکانی سیپتامبر، لەکاتێکدا کە بۆ مەسەلەیەك سەری بەسەر نەخشەیەکەوە بووە، دەڵێت :

" لە پڕێك، پاسەوانەکەم وەژوورکەوت و گوتی « سـەرۆك مائۆ لێرەیە!» ... ئیتر رامکردە دەرگای دەرەوە، دەبینم مائۆ و دوو پاسـەوانی دادەبەزن ... رەنگ زەرد و پـڕووکاو بوو . لێم پرسی« مەگەر سەرۆك ناساغە ؟» گوتی« بەڵێ وایە، من لەم دواییانەدا ناساغ بووم،

---

← بگرە منداڵانیان - بە حەرفی - *بە قـوربان بکـەن* و، ئەوە کە مرۆڤ بۆ پـارە پـەیداکردن بۆ پـارتەکە، منداڵیخۆی بفرۆشتایە - یا بە فرۆشتنی بدایە - شتێکی نائاسایی نەبوو . شانەکەی گوئی- یونان لە لقی " ئامۆی"ی پارتەکە،کوڕە ساواکەی" زێنگ زهی" خانمی ئەندامی بە ١٠٠ یوئان فرۆشت؛کڕیار پارەکەی پێشەکی دا و، پارتەکە پارەکەی خەرج کردبوو پێش ئەوە کە بە دایکەکە بڵێن . ئەو دایکە، پتر لە نیو سەدە دوای ئەوە گوتی :

" تەبیعی ئەوە ئەوپەڕی بە ئێش بوو . پێش ئەوە بیدەن بەماڵەکە (ی کڕیاری)، مێردەکەم و خۆم کوڕەکەمان بردە پارکی سون یات- سێن بۆ یاری . ساوایەکی ئەوەندە لەبەردڵان بوو، تەمەنی لە چل ڕۆژ پتر بوو و، هەر زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو . ناومان نا " تییێ- نیئو"( گای ئاسنین ) . قـەت بە بێ هۆیەکی بەجێ نـەدەگریا و، بەدەگمەن خۆی پیسدەکرد یا دەمیزت، ئیدی بردمانە ئەوێ بۆ یاری . ئەو بەڕاستی - بە ڕاستی بەکـەیف بوو . ئەوجا ڕۆیشـت . بەڕاستی تەحەممول نەدەکرا . توانیم شان بدەمە بەر ئێشەکە . بەڵام کوڕەکەم دوای ٢٦ ڕۆژ مرد ... سکرتێری پارتە- کەمان زاتی نەدەکرد پێم بڵێت کوڕەکەم مردووە . کە من هیچم نەگوت، ئەویش هیچی نەگوت، وادەبوو، شەوانە، ئەوەندە دەئێشام، دەگریام، بـەڵام بە ئارامی، چونکە گریان (ی کە بۆ کوڕی دەگریا ) عەیب بوو . تا ڕۆژێك دیتی کە من دەگریام، ئیتر تێگەیشت کە دەبێت پێم زانیبێت و، داوای لێبوردنی لێ کردم .

بەڵام ئێشی زۆرترم لەوەیە ئەوەندە دڵتەنگم ...» .

دوای ئەوە كە دەموچاوی شۆری، سیغارەیەكی داگیرساند و گوتی« ... ماوەیەكی باش لێرە دەمێنمەوە» ".

مائۆ بە " گۆنگ"ی گوت بەوە كە ئەوان كۆنە هەڤاڵی ڕۆژانی مەڵبەندی چەتان بوون :

"« هیوادارم ئێوارانە هەر كە كاتێكت هەبێت بێیت و بۆخۆمان قسان بكەین» ... مائۆ تسی- تونگ حەزی لە قسەكردن بوو ."

گۆنگ ئیتر دەچووە لای مائۆ و، ئەوجا" گوئی- یان"یش كە هات

" شیوی خۆشی لێدەنا . هەرسێكمان دەكەوتینە قسەكردن و، خواردنەوە و سیغارە- كێشان، زۆرتـر وادەبوو ... تا نیوەشـەو ... ئەوەی من دەمدیت : كەسێكی جگە لە من نەبوو سەر لە مائۆ بدات . بەڕاستی وام هەست دەكرد مائۆ دابڕاو و بێچارە بێت ."

گۆنگ ڕۆژێك مریشكێك و هێندێك پاچە (سەرو پێ)ی بەرازی بۆ شیو كڕی .

" مائۆ شاد بوو و، زۆری خواردەوە".

دەردی دڵیی لە ڕابەرایەتی دەكرد، بەڵام هەر بە شێوەی دڵكردنەوەی هەڤاڵێك بوو بۆ هەڤاڵێكی، نەك بە شێوەی وێرانكاری . كاتێك گۆنگ پێیگوت كە بە" سەرزەنشت" سزا دراوە، مائۆ گوتی :

" من بیروڕام لەسەر ئەو سزای سەرزەنشتە نەبووە. ئەوە هەموو لە"چوو ئێن-لای"یەوە بوو، كە زێدە وشك بوو . ... ئەوەشی گوت كە ( دوژمنەكانی لە پارتەكەدا) دەیانویست هەموو دەسەڵات بخەنە دەستی خۆیانەوە ... مائۆ دیار بوو ئێجگار زۆر لێیان تووڕە بوو ."

مائۆ، بە خـواردنەوەوە خـەمبار بوو و، باسی چـەندین سـزادرانی خۆی كرد . لە شوێنێكی باسەكەیدا، كەوتە دەربڕینی خەمی دڵی و گوتی كە ئەو چیتر كاربڕ(كاربەدەست)ە گەورەكە نەبوو و

" فرمێسكی بەسەر كوڵمیدا هاتنە خوار" .

ناو بە ناو دەكۆخی، ڕەنگ پەڕیو و دەموچاو وشكهەڵاتوو دیار بوو . لە بەر لەرزینی ڕووناكیی چرایەكی نەوت، دیمەنی تەواو هی كەسێكی تێكشكاوی هەبوو .

نـە ڕووخـانی دەوڵەتی كۆمونیست و، نـە جیابوونەوەی لە كوڕەكەی، هیچ كام نـەیاندەتوانی مائۆ وەكو ئەوە

بریندار بکەن کە لەدەستچوونی دەسەڵاتی شەخسیی دەیکرد .

ڕێک لە کاتێکدا کە وێدەچوو هەموو شتێک ڕێکخرابێت ، نەخشەکانی مائۆ نیزیکەی لێکهەڵوەشان . چەند ڕۆژێک پێش ئەو ڕۆیشتنەی کە دانرابوو، دەرەجەی گەرمیی لەشی بە ٤١ دەرەجەی سەدی گەیشت، تووشی مالاریا( لەرزوتا) و قسەڕاوانـدن بوو . وەرزی مالاریا بوو و، مێشوولەی یودو بەری ئاسمانیان وا تەنیبوو، دەچوونە لووتی مرۆڤەوە . "کنین"یش کەڵکێکی نەبوو . مائۆ زۆر پێویست بوو چاک بوایەتەوە و، زوو چاک بوایەتەوە، تاکو بیتوانیبا ئەویش لەگەڵ ئەوانی تردا بڕوات . باشترین بژیشکی مەڵبەندی سووران، نێڵسن فو، کە زستانی١٩٣٢-١٩٣٣ لە خەستەخانەی بڵاوکەرەوەکانیمەسیحیەت ئاگاداریی مائۆی کردبوو، بە هەڵداوان لە ڕوئیجینەوە هات و بەشیئەوەندە چارەیکرد کە بتوانێت سەفەر بکات . نەخۆش و بژیشک، هەرتک، دەیانزانی کە فو ژیانی مائۆی ڕزگارکرد ــ و بەوە بەختی داهاتووشی .

دکتۆر فو، بە دەیان ساڵ سەرپەرشتیی بژیشکەکانی مائۆی کرد . لە پاکسازییە گەورەکەی ساڵی ١٩٦٦ی مائۆدا، نامەیەکی بۆ مائۆ نووسی و باسی ئەو ڕۆژانەی یودوی تێدا وەبیرهێنایەوە و گوتی : " من ژیانی تۆم ڕزگارکرد ، هیوادارم تۆش بتوانیت ئێستا ژیانی من ڕزگاربکەیت ". دکتۆر فۆ، ئەوسا تەمەنی ٧٢ ساڵ بوو و زۆر وەحشییانە لێیاندابوو، پەراسووی شکابوون و، کەللەسەری قەڵەشابوو . مائۆ ئاوڕێکی لە نامەکەی دایەوە، بەڵام کەم، هەر ئەوەندە لەسەری نووسی :

" ئەم پیاوە ... تاوانی گەورەی نەکردوون ، ڕەنگە پێویست بکات چاوی لێ بپۆشرێت " .

بەڵام مائۆ دوایی بیستی کە ئەو دکتۆرە گوایا باسی باری لەشساغیی ئەوی بۆ ڕابەرانیتری پارتەکە کردووە و، ئەوە لای مائۆ بە کارێکی زۆر حەرام دادەنرا . مائۆ، دکتۆر فوی فڕێدایە زیندانەوە . دکتۆری تەمەن حەفتاو ئەوەندە ساڵ دوو حەفتەش لە زینداندا نەژیا و، لەسەر زەویی ژووری زیندانەکەی گیانی دا .

لەونێوانەدا، لەشکری سوور، لەبەرانبەر هاتنە پێشەوەی چیانگ، بە شەڕ کردن دەکشایەوە و، خەریکی ئامادە-کاریی بە نهێنی بوو بۆ دەرچوون لەو شوێنە . سوورەکان لەو کشانەوەیەدا پێیان هەڵگرت و، توانیان پێچێکی ستراتیجی ڕوو بە باکووری ڕۆژئاوا بدەنەوە،مەبەستیش ئەوەبوو کە لەدواییدا بگەنە سنووری کە لە ژێردەسەڵاتی ڕووسەکاندا بوو، تاکو چەک و چۆڵ وەربگرن ــ کارێکی کە دواتر بە ناوی" پێکگەیشتن لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت" ناسرا . ئەوە ساڵانێک بوو نەخشەی کێشرابوو . ساڵی ١٩٢٩، "بێرزین"ی سەرۆکی" گ ر و" بە " سۆرگە"ی

گوتبوو، کاری سەر شانی ئەوەبووە کە لەشکری سووری چین بهێنێتە سەر سنووری سۆڤیەت .

مانگی ژووئیە/ تەمووز ،کۆمونیست، بە فێڵ، تاکو دوژمن بە هەڵە ببەن، یەکەیەکی شەشهەزارکەسییان بە ئاقاری پێچەوانەدا نارد،کە ١،٦ ملیۆن بەیاننامەیان پێبوو، ٣٠٠ سەبەتەیان پێ پڕکردبوون ( لەوانەی کە وەکو تەرازوو بە دوولای دارێکەوەن و شانیان دەدرێتە بەر) . بەیان، بەم دروشمە مەزنە ڕازابووەوە : " پێشەنگی لەشکری سوور بەرەو باکوور بۆ شەڕی دژی ژاپۆنییەکان " *. ئەوانە بە هەراوهەنگامەی زۆرەوە دەجووڵانەوە، بەڵام کەم - کەمە تێگەیشتن کە ئەوە هەر کەڵەکچێتی بوو، نە پتر و، حەقیقەتەکەی بە فەرماندەکانیشیان نەگوترابوو . ئیتر هەستی تاڵی دایگرتن، ئەو هەستەش دوو قات بوو، چونکە ئەوکارەیان پێ شتێکی بێکەڵك و بێ مانا بوو، هێزێکی ئەوەندە کەم هی ئەوە نەبوو بیتوانیبا دوژمن بە هەڵەدا ببات یا لە" ڕوئیجین"ی دوور بخاتەوە . نەك هەر ئەوە، بگرە هێزی تری نەتەوەییەکان بێ وچان پەلاماریان دەدان . لە چەند مانگێکی کەمدا، تەواوی ئەم هێزەی کە بۆ فێڵ کردن ناردرابوو، لەسەر ڕووی دنیا سڕدرایەوە .

بەشێك لە ئامادەکاریی ڕۆیشتن لە شوێنەکە ئەوەبوو لە ئەوانە بکۆڵنەوە کە دانرابوو بڕۆن، ئەوەش کاری " چوو ئێن- لای" بوو . ئەوانەی وا دانران کە جێ متمانە نەبوون، ئیعدام کران . کە ژمارەیان بە هەزاران بوو . ئەوانەی کوژران، زۆربەی ئەفسەرانی خوێندگەکانی سەربازییان تێدابوون، کە پێشتر ئەفسەرانی نەتەوەییەکان ببوون و لە شەڕدا بە دیل گیرابوون . ئیعدام کردنی ئەوانە لە دۆڵێك بەجێهات، کە لە دەرەوەیان دابڕیبوو و، چاڵێکی زۆر زەلامیان تێدا هەڵکەندبوو . قوربانییەکان بە چەقۆ کوژران و، بە پێلەقە فڕێدرانە چاڵەکەوە . کاتێك چاڵ پڕ بوو، ئەوانی تر فەرمانیان درایێ کە خۆیان چاڵان بۆ خۆیان هەڵکەنن، ئەوجا بەهەمان شێوە کوشتیانن، یا هەر زیندە- بەچاڵیان کردن .

کوشتار لەلایەن سیستەمی ئاسایشی دەوڵەتەوە بەجێهات، هەرچەندە زۆر لەو کەسانەی ئاسایش، خۆیان بڕوایان بە ڕژیمەکە نەمابوو و، نۆرەی کوژران گەیشتە ئەوانیش . یەکێك لەوانەی بڕوایان بە ڕژیم نەمابوو، سەرۆکی دەستەی پاسەوانانی کۆمیتەی سەربازی بوو . لە پشێویی دەرچوون لە شوێنەکە، دەرفەتی هێنا و، خۆی دزییەوە، چوو خۆی لە گردەلانێکی ئەوێدا شاردەوە . بەڵام کاربەدەستان لە ڕێگای گرتنی دڵبەرییەوە، کە کچە جووتیارێك

---

* ڕابەرانی کۆمونیست دواتر ددانیان بەوەدا نا کە ئەو قسەیە هەر بۆ پڕۆپاگەندە ببوو ." براون" دەڵێت : " کەس بەخەونیش بەلای چوونە باکوور و شەڕی دژی ژاپۆنییاندا نەدەچوو".

بوو، توانیان جێگای بدۆزنەوە . چوونە سەری و، دوای شەڕە تفەنگێك، پسپۆڕی نیشانشکێن، بە تفەنگەکەی خۆی، خۆی کوشت .

ئۆکتۆبری ١٩٣٤، حوکمی ئەم رژێمە دڕندەیە لێرە کۆتایی هات . لە یودو، پردی تەختە(ی کاتی،لەسەر قەیاغان) دروستکران . لەسەر هەر قەیاغە، فانۆسێك لەسەر سینگی و یەکێك لەسەر دواوەی هەڵواسرابوو، فانۆس و مەشخەڵ لە هەرتك لای رووبارەکە دانرابوون،کە وێنەی تیشك و گڕیان دەکەوتە ئاوەکەوە . کەسوکاری سەربازان و جووتیارانی رێکخراو بۆ خواحافیزیکردن لە کەناری رووبار ریزیان گرتبوو . بریندارانێکی کە برینیان سەخت بوو لە ماڵی کەسانێکی خەڵکی شوێنەکەیان بەجێهێشتن . لەوکاتەدا کە سەربازان بەسەر رێگای چەوڕێژدا، لە خوار شوورەی شارەوە، بەرەو نوختەی پەڕینەوە دەبوونەوە،کوڕێکی دوازدە ساڵانە، لە خانوویەکی سەرگۆشەیەکی نیزیکی شوورەکە، لە درزێکی دەرگاوە، بە هەناسەگرتنەوە، سەیری دەکردن . باوکی، دووکانداری‌ك بووە، چوار ساڵ پێشتر، لە گەرمەی کوشتارەکەی مائۆ لە" ئا ب"یان، کاتێك خەڵك تەنانەت هەر بە تاوانی کارکردن لە دووکانیکدا ئیعدام کرابوون، ئەوسا ئیعدام کرابوو . کە ئێمە، شێست ساڵ دوای ئەوە، ئەو کەسەمان دیتەوە، چەندە بەگەرمی لێی روون کردینەوە کە خۆی و زۆرانی تری وەکو خۆی چەندە بە ئەو دیتنەی رۆیشتنی سوورە-کان شاد بوون .

دەوری سەعات شەشی ئێوارەی ١٨ی ئۆکتۆبر، مائۆی لاواز بەڵام ئارام و خۆگر، بە قژی درێژی کە بۆ دواوەی داهێنابوو، پاسەوانەکانی بە دەورییەوە، لە بارەگای پارتیی ناوچەکە دەرچوو، لە شەقام پەڕییەوە، بە تاقەکەی سەردەمی فەرمانڕەوایانی" سونگ"دا چووە سەر پردە تەختەکە .

ئەو پردە لەرزۆکە، مائۆی نەك هەر بردە ئەوبەری ئەو ئاوە، بگرە پێی خستە دنیای ئەفسانەوە . رابردووی پیاوکوژیی مائۆ و رژێمی پارتی کۆمونیستی چین لەوەدابوو بخرێتە پشت سەر . مائۆ خۆیشی لەوەدابوو درێژ-خایەنترین ئەفسانە لە مێژووی نوێی چیندا و، یەکێك لە گەورەترین ئەفسانەکانی سەدەی بیستەم دروست بکات — " رۆینی رێگا دوورەکە".

## ١٢- رۆینی ڕێگای دوور ١ :
## چیانگ لێدەگەڕێت سوورەکان بڕۆن
## (١٩٣٤؛ تەمەن ٤٠)

دەوری هەشتاهەزار کەس، ئۆکتۆبری ١٩٣٤، دەستیان بە " رۆینی رێگا دوورەکە" کرد . دەرچوون، دە رۆژێکی خایاند . دوو کۆنترین وگرنگترین یەکەی لەشکر، یەکیان بە فەرماندەیی لین بیائۆ و، ئەوی تریان بە فەرماندەیی پێنگ دێ- هوئای، هەر یەکە لەلایەکەوە، بەم لا و ئەولای دەستەی بارەگاوە بوون . دەستەی بارەگا لە ناوەندا پێنج هەزار کەسی دەگرتەوە، کە بریتی بوون لە چنگێك رابەران و،کارمەندان و خزمەتکاران و پاسەوانەکانیان لەگەڵدا . مائۆ لە ناو ئەم دەستەیەی بارەگادا بوو .

لەسەرەخۆ و، بە باری قورسەوە، رێك بەرەو چەقی رۆژئاوا بزووتن . چەکوچۆڵ، دەستگای چاپ و، خەزێنەکەی مائۆ، بە هەزاران حەمباڵ بە تەرازووە سەبەتەکانیسەرشانیان دەیانگواستنەوە، حەمباڵانێك کە زۆرترینیان بەو دواییانە بە زۆر گیرابوون و، چاوی ئاسایشیان بەسەرەوە بوو . سەرۆکی هەڵسووڕێنەرانی کارەکە، گوتی کاری هەرە قورس بەوانە دەکرا کە

" تازە لە دەستەی کاری ئیجباری دەرچووبوون، زۆر بێ هێزو کەلەلا بوون ... هێندێکیان بە رێگاوە کەوتن و مردن ".

زۆر لە بەشدارانی رۆینەکە نەخۆش کەوتن . یەکێك لە یادی بوو کە

" پایزەباران هەر لێی نەدەکردەوە، ئیتر رێگاکەی هەر بۆ دەکردین بە قوڕ و لیتە ... شوێنێك نەبوو لە باران داڵدەمان بدات و، خەوی باشیشمان نەبوو ... هێندێك، نەخۆش بوون و، کە خەویان لێ دەکەوت ئیتر هەڵنەدەستانەوە . زۆریان، برینی پێیان پیس ببوو و بە پەڕۆیەکی پیس بەستبوویان، هەر کە پێ هەر جارە وە زەوی دەکەوت ئێجگار زۆر دەئێشا . کە دوورتر و دوورتر کەوتینەوە، هێندێك کرێکار رایانکرد و رۆیشتن . ئەوانەی پتر گوێ لە مشت بوون، چاو بە فرمێسکەوە دەپاڕانەوە رێگایان بدەن وازبێنن و بڕۆن . "

کەسانێکی جەربەزەیان،کە پاسەوانیان لێ خافڵ دەبوو، باریان فڕێدەدا و رایاندەکرد . سەربازیش،کە سەرانیان

تا دەهات پتر شەکەت دەبوون و تواناى ئاگادارى و راگرتنى زیپکوزاکوونییان کەمتر دەبوو، بە رەوە رایاندەکرد .

ئەو هێزەى بەرێگاوە، خەمى گەورەى تەوقى چوار ریزە قەلایانى لەپێش بوو، هەمان ئەو بەلایەى کە ناچارى کردبوون بنکەکەیان چۆڵ بکەن . کەچى دەرکەوت کە نە هى ئەوە بوو خەمى بخورایە و نە هیچ ـ شتێکى کە وێ- بچێت مرۆڤ هەر بۆى نەچێتەوە سەریەك .

یەکەم هێڵى ریزە قەلایان، بەدەست سەربازە کانتۆنییەکانەوە بوو . ئەوانە هى جەنگسالارێك بوون کە بازرگا- نیى باشى لەگەڵ سوورەکاندا هەبوو و، بەڵێنى پێدابوون کە رێگایان بۆ بکاتەوە و لێیانگەرێت برۆن و، کردى . ئەوکارەش وەنەبێت هەرتەنیا لەسایەى دژایەتیکردنى چیانگ لەلایەن کانتۆنییەکانەوە بووبێت . جەنەرالیسیمۆ دەیزانى‌کە سوورەکان دەیانویست بە بەرەى کانتۆننییەکاندا دەرچن و، تەنانەت ئەوەشى دەزانى کە کانتۆنییەکان رێگایان دەدەن برۆن . لە ۳ى ئۆکتۆبر،کەمێك پێش هەڵگیرسانى پێکدادان، بە سەرەکوەزیرانى خۆى گوتبوو، کە کانتۆنییەکان لایەکى تۆرەکە بۆ کۆمونیستان دەکەنەوە . کەچى چیانگ، وێراى ئەوەش، بە روونى ئەوەى رەت کردەوە کە هێزى خۆى بنێرێتە ئەو شوێنەى ئەو کانتۆنییانە . یاوەرێکى نیزیکى، پێى‌گوت :

"بۆ ئەوە کە کانتۆنییەکان وا لێ بکەین فەرمان بەجێبهێنن، دەبێت هێزیان بۆ رەوانە- بکەین" .

چیانگ پێى گوت با خەمى ئەوەى نەبێت .

سوورەکان، سەرەتاى نوامبر گەیشتنە هێڵى دووەمى تەوقى سەر رێگایان . لێرەش، کە زۆر بڵاوبوون، بە دەیان کیلۆمیتر بە رێگاوە بوون، بە هاسانى دەکەوتنە بەر مەوداى ئاگرى بەرانبەرەوە، بەڵام دیسان کەس هێرشى نەکردە سەریان . نە کانتۆنییەکان خۆیان تێگەیاندن و،نە ئەو هێزەى لەشکرى" چیانگ"یش کە بەشێکى ئەو رێگایەى بەدەستەوە بوو، کە لە ژێر فەرماندەیى جەنەراڵ " هۆ چیێن"ى هونانیى دوژمنى سەرسەختى کۆمونیستاندا بوو، ئەو جەنەراڵەى کە " کای- هوئى"ى ژنى مائۆى ئیعدام کردبوو .

لە هێڵى سێیەمیش، هەمان شت رووى‌دا؛ کەچى چیانگ نەك هەر " هۆ چیێن"ى لەسەر هیچ درێغى‌کردنێك سەرزەنشت نەکرد، بگرە بەرزیشى کردەوە . ۱۲ى نوامبرکردى بە فەرماندەى گشتیى مەیدانى شەرى دژى ئەو کۆمونیستانەى کە بەو رێگایەوە بوون . هێڵى چوارەمیش ئیتر لە ژێر فەرماندەیى ئەم جەنەراڵە زبرەدا بوو، ئەم هێڵەى کە دەکەوتە کەنارى رۆژئاواى رووبارى" کسیانگ"، بەرینترین رووبار لە ستانى هونان ( کە سەرچاوەى

ئیلهامی شیعری مائۆی جەوان ببوو)، شوێنێکی میسالی بۆ لەناوبردنی ئەو کۆمونیستانەی بەو ڕێگایەوە بوون. پرد بە سەر ڕووبارەوە نەبوون و، کۆمونیست چەکی دژی فڕۆکەیان نـەبوو و، دەبوو لە ڕووبار بدەن، ئیتر دەبوونە ئامانجێك کە بە هاسـانی لە بەژ و لە فڕۆکەوە دەپێکران. کەچی هەر کەس خۆی تێنـەگەیاندن، ئەوەش لەکاتێکدا کە ئەوانە چوار ڕۆژ بە ٣٠ کیلۆمیتری کەناری ئەو ڕووبارەدا بڵاوببوونەوە. نوختەکانی کـۆنترۆلی بەسەر کەناری ڕووبارەوە چۆڵ بوون و، لەشـکری بە فەرماندەیی" هۆ چیئێن " بۆخۆیان سـەیریان دەکرد. فڕۆکە بەسەریانەوە دەسووڕانەوە، بـەڵام هەر بۆ ئاگاداری بوو، نـە بۆمبێکیان پێدا دان و نـە تەقەیەکیان لێ کردن. مائۆ و دەستەی بارەگا، ٣٠ی نوامبر پەڕینەوە و، ڕۆژی دوای ئەوە، ١ی دیسـامبر، چل هەزار کەسی هێزی سـەرەکیی لەشکری سوور پەڕیبوونەوە ئەوبەر.

هەر تـەنیا ئێستا " چیانگ"ی کە - بە قسەی یاوەرانی- لەوبەیندا " بە تەواوی حەواسی " لە وەزعی دەنۆڕی، ڕێگای ڕووباری دابڕی و، فەرمانی دا بە خەسـتی بەر بۆمبیان بدەن. بـەشێك لە هێزی پارێزگاریی پشتەوەی لەشکری سوور ئیتر لەوانی تر دابڕا و هەر لەکەناری ڕۆژهەڵات مایەوە. ئەوانەی کە پەڕیبوونەوە، نیوەی لەشکری سوور بوون*، بەڵام هێزی سەرەکیی شەڕکەر و دەستەی ڕابەرایەتیشیان تێدابوون. چیانگ ئەوەی دەزانی.

" هۆ چیئێن" ی فەرماندەی، ڕۆژی دوای ئەوە نووسی :

" هێزی سەرەکیی چەتەکان هەموو( لە ڕووبارەکە پەڕییەوە) و، ڕوو لە ڕۆژئاوا ڕادەکات."

ناکرێت هیچگومانێك لەوەدا هەبێت کە چیانگ ڕێگای دا ڕابەرایەتیی پارتیکۆمونیستی چین و هێزی سەرەکیی لەشکری سوور دەربچن.

چیانگ دەبێت بۆچی ئەو کارەی کردبیت ؟ بەشێکی هۆی ئەوکارەی، بەزوویی دەرکەوت، کە هێزەکانی چیانگ، کۆمونیستەکانیان دوای پەڕینەوەیان لە کسیانگ پاڵ پێوە نا پتر ڕوو لە ڕۆژئاوا بەرەو ستانی " گوئیزهۆئو " و

---

* نیوەکەی تر (بە هەمووی دەوری چل هەزار کەسێك دەبوون ) کە نەیانتوانی بپەڕنەوە، پتر لە سێ هەزاریان لە " کسیانگ"دا کوژران. ئەوانی تر، یا هەر لە" کسیانگ"دا پەرش و بڵاوبوونەوە، یا ماندوویی و نەخۆشی لە شەش حەفتەی ڕێگادا لەناوی دابوون، یا قوربانیی هێندێك پێکدادانی لێرەو لەوێ ببوون، یا هەر وازیان هێنابوو و ڕۆیشتبوون.

ئەوجا" سیچوئان" بڕۆن . نـەخشـەی چیانگ ئـەوەبوو کە سـوورەکان بۆ مەبەستی خۆی بەکاربهێنێت . ئەو دوو ستانە، لەگەڵ ستانی" یوننان"ی هاوسێیان، هەرێمێکی گەورەی ڕۆژئاوای باشووریان پێکدەهێنا ، کە پتر لە یەك ملیۆن کیلۆمیتری دووجای خـاك و دەوری سـەد ملیۆن خـەڵکی دەگرتەوە؛ ئـەوانە لە واقیـعدا سـەربـەخۆ بوون، لەشـکرانی خـۆیان هـەبوون و، هەر باجێکی کـەمیان دەدا بە نانجینگ . بەتایبەتی سیچوئان گرنگ بوو، کە ئەو گەورەترین و دەوڵەمەندترین ویلایەت بوو و، پترین خەڵك، دەوری پەنجا ملیۆن کەسی تێدا دەژیا . شـاخ و داخی زۆر ئاسێ و بێ ڕێگاوبان لە هەموو لایەکەوە بیوونە قەڵغانی، -" لی بۆ"ی شاعیر گوتەنی - :

" چوونە ئەو شاخ و داخە، لە هەڵگەڕان بە ئاسمانی شین زەحمەتتر" بوو .

چیانگ ئەوەی ڕەچاوگرتبوو کە ئـەم ستانە بکاتە" بنکەی ژیانەوەی نـەتەوایەتی"، واتا مەڵبەندێکی سەلامەتی پشتەوە لەکاتی شەڕێکدا کە لە دژی ژاپۆن ڕوویدات .

چیانگ، هەرتـەنیا کاتێك دەیتوانی دەسـەڵاتی تـەواوی لەو مەڵبەندەدا هـەبوایە، ئـەگەر بە لەشـکرەکەی خۆی لەوێ بوایە، بـەڵام ئەوانەی ئەوێ لەشکرەکەی ئەویان لەوێ نـەدەویست و، ئـەگەر بیویستایە بە زۆر بچێتە ئەوێ، دەبووە ڕاگـەیاندنی شـەڕ . چیانگ نـەیدەویست لەگەڵ ئەواندا بیگەیەندایەتە ئـەوە . نەخشـەی لەسـەریدا بۆ بیناکردنی نـەتـەوە لەوە ماکیاڤێلیانەتر بوو ـــ و کـەمتریشی تێدەچوو . دەیویست پاڵ بە سـوورەکانەوە بنێ و، پێیان بخاتە خاکی ئەوانەوە، تاکو جـەنگسالارانی ئەوێ، وا لە هاتنی سـووران بتۆقن، کە بیانـەوێت لەشـکری چیانگ بچێتە مەڵبەندەکەیان و سـوورەکانیان لەوێ بۆ قاو بدات . بەو جۆرە، بە عـەقڵی خۆی پێی وابوو کە، لەشکرەکەی دەباتە ئەو مەڵبەندە و، دەسەڵاتی مەرکەزیی تێدا سەقامگیر دەکات . ئا لەبەرئەوە، دەستی لە هێزی سەرەکیی لەشکری سوور پاراستبوو، تاکو جەنگسالاران خەتەری سوورانیان لە پێش خۆیان بدیتایە .

چیانگ، نەخشەکەی کە لەسەریدا بووە، بۆ سکرتێری پترین جێ بڕوای خۆی بەم جۆرە ڕوون کردووەتەوە :

" ئێستا، کاتێك کۆمونیست دەچنە ناو گوئیزهۆئو، ئێمەش دەتوانین بە دوویاندا بچین .
ئەمە لەوە باشتر دەبێت کە ئێمە هەرخۆمان بچین گوئیزهۆئوو بگرین . سیچوئان و یوننان
دەبێت باوەشمان بۆبکەنەوە تاکو خۆیان نەجات بدەن ... ئا لێرەوە، ئەگەر بزانین وریایانە
کار هەڵسووڕێنین ... دەتوانین وڵاتێکی یەکگرتوو پێكبهێنین" .

٢٧ی نوامبر، ڕێك لە هەمان ئەو ڕۆژەدا کە سوورەکان دەستیان بە پەڕینەوە لە ڕووباری کسیانگ کرد و بەرەو گوئیزهۆئو چوون، چیانگ بەرنامەی بیناکردنی نەتەوەی ڕاگەیاند :

" ڕاگەیاندن لەبارەی دابەشکردنی دەسەڵاتان لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و ستانەکاندا" .

ئـەم بـەرنامەی کارە، لە تەواوی ژیانی" چیانگ"دا، نهێنی مایەوە . تا ئێستاش، مێژووی ڕەسمیی هەرتك لا، هەم نەتەوەییەکان و هەم کۆمونیستان، دەیشارنەوە . هەرتك لا دەڵێن ئەو دەرچوون و ڕزگاربوونەی کۆمونیستان لە سایەی هەڵوێستی جەنگسالارانی ناوچەییەوە بوو، کە چیانگ بۆ ئەوە گلەیی لەو هەڵوێستەی ئەو جەنگسالا-ڕانە دەکات و، کۆمونیستەکان پێی هەڵدەڵێن . هـەرتـك لا، هۆشیان لای ئەوەیە، ئەوە نـەڵێن کە جەنەڕالیسیمۆ خۆی بوو ڕێگای دا بەو کـۆمونیستانە دەربچن . ئەوەندەی پێوەندی بە نـەتەوەییەکانەوە هەیە، ئەوا نەخشـەکانی جەنەڕالیسیمۆ بۆ ئەوە کە ئەو ستانە یاخییانە بهێنێتەوە ژێردەسەڵاتی دەوڵەت، تابڵێیت بێ سەروبەر بوون و، ئەو عەقڵەی کە لای وابوو سوورەکان بۆخۆی بەکاردەهێنێت ــ لە نەتیجەشدا بووە هۆی سەرکەوتنی سوورەکان ــ دەرکەوت چ حەیاچوونێك بوو . ئەوەندەی کۆمونیستەکانیشن، ئیحراجێکە بۆ ئەوان بڵێن ئەو" ڕۆینی ڕێگای دوور"ە ناودارە، بەرادەیەکی زۆر، لەسەر دەستی" چیانگ کای - شێك" بوو کە وا هەڵسووڕا .

ڕێگادانی ڕزگـاربوون و دەرچـوونی سـوورەکان، لە سۆنگەی شـتێکی تریشـەوە کە لە سەری " چیانگ"دا بوو، هاتبوو . چیانگ دەیویست بەوە نیازی نێوانێکی باش پیشانی مۆسـکۆ بدات . ئەو، پێویستی بە نێوانێکی سـازگار لەگەڵ " کرێملین"دا هەبوو، چونکە ئەو لەبەر مەترسیی هـەڕەشـەی ژاپۆندا بوو . پـارتی کـۆمونیستی چینیش کۆڕپەیەکی مۆسکۆ بوو .

بـەڵام، هۆیەکی تریش لێرەدا هەبوو، نهێنیتر و بەتـەواوی شەخسی بوو . " چینگ - کوئۆ" ی کوڕی " چیانگ کای- شێك " ماوەی نـۆ سـاڵ بوو کە لە مۆسکۆ بە بـارمتە ڕاگیرابوو . ئەوە تـاقە کوڕی لە نوتفەی چیانگ بوو . لە " چیانگ خانم" ی بەناوبانگ نەبوو، لە ژنی یەکەمی چیانگ بوو . چیانگ وا دیارە چـەند جار تووشی نەخۆشیی دەستگای جنسیی بووە و، ئیتر نەیتوانیوە چیتر منداڵی ببێ . دوای ئەوە کوڕێکی تریشی لە کەسێکی تر کـردووە بە کوڕی خۆی : " وێیگۆ "، بـەڵام ئەو تـاقەکـوڕەی لە خوێنی خۆی هەر نیزیکترینی دڵی مایەوە . چیانگ بەتەواوی نەریتی چینی لەخوێنیدا بوو، کە گرنگیی هـەبوونی کوڕی جێگرەوەی باوك، لە جـەرگەی ئەو نەریتەدا بوو . نـەتوانینی درێژەپێدانی نەژادی بنەماڵە، " ڕیسوایی" لەدوو بوو، بە گەورەترین ئازاردانی دایك و باوك و باو و باپیرانی ئەوانیش دادەنرا، کە ئەوسا ئیتر بەوە قەت لە گۆڕدا نـەدەحەسانەوە . یەکێك لە گەورەترین تـووك کردنەکان لە کەسێك ئەوەبوو پێی بگوترایە " دەك وەجاخ کوێر بێت" . ڕێزنان لە دایك و باوك و باو و

باپیران و، ئەوپەڕی بەجێهێنانی ئەرکی سەرشان لەلایەن ئەولادەوە لە ئاست دایك و باوكدا، یەكەم ئەركێكی ئەخلاقیی پەروەردە بوو لەو فەرهەنگەدا .

چیانگ، ساڵی ١٩٢٥، "چینگ -كوئۆ"ی كوڕی كە تەمەنی ئەوسا پازدە ساڵ بوو، ناردە خوێندگەیەك لە پێكین . ئەوە لەكاتێكدا بوو كە ئەستێرەی چیانگ لە پارتی نەتەوەییدا لە بەرزبوونەوەدا بوو و، ئەو پارتە ئەوسا پشتگیریی مۆسكۆی لێ دەكرا . زۆر زوو، رووسەكان چاویان بڕییە ئەو كوڕەی چیانگ و، لێیان گێڕایەوە بچێت لە رووسیا بخوێنێت . كوڕ ئەوەی زۆر پێ خۆش بوو . چەند مانگێكی كەم دوای هاتنە پێكین، كەسێك بردییە مۆسكۆ،كە زۆر نەناسرابوو بەڵام كەسێكی ئێجگار زۆر گرنگ بوو، ناوی "شائۆ لی- تزو" بوو، جاسووسێكی كۆمونیستان بوو لە پارتی نەتەوەییدا .

جاسووس خزاندنە ناو نەتەوەییەكانەوە، دیارییەكی مۆسكۆ بوو بۆ پارتی كۆمونیستی چین كە نرخی تەواو نەدەبوو . زۆرترینی ئەوانە لە نیوەی یەكەمی ساڵانی بیستەكاندا چووبوونە پارتی نەتەوەییەوە، كە ئەوسا "سون یات - سێن" دۆستی رووسان بوو و، دەرگای پارتەكەی بۆ كۆمونیستان كردبۆوە . خزانە پارتی نەتەوەییەوە، بە چەند شێوە دەكرا . بەشێك، كۆمونیستانێك بوون كە بە ئاشكرا لە ریزی نەتەوەییەكاندا كاریان دەكرد،كە مائۆش یەكێك بوو لەوانە . بەشێكی تر، كەسانێك بوون كە بە نهێنی كۆمونیست بوون . بەشێكی سێیەمیش، كۆمونیستانێك بوون، بەوناوە كە گوایا وازیان لە پارتی كۆمونیست هێناوە، چووبوونە ریزی نەتەوەییەكانەوە، بەڵام ئەوانە پارتی كۆمونیست خۆی بەو شانۆگەرییە ناردبوونییە ناو نەتەوەییەكانەوە . كاتێك، چیانگ ساڵی ١٩٢٧ لەگەڵ كۆمونیستەكاندا تێكچوو . زۆر كۆمونیست خۆیان لە ریزەكانی پارتی نەتەوەییدا بۆ رۆژی خۆی مات دا، ئەو رۆژەی كە پارتی كۆمونیست پێیان بڵێت چی بكەن . ئەمانە، ماوەی بیست و ئەوەندە ساڵ، نەك هەر ئەوە كە توانیان زانیاریی زۆرگرنگ بدەن بە پارتی كۆمونیست، بگرە، بەوە كە زۆریان لەوبەینەدا بە شوێنی بەرزی رژێم گەیشتن، توانیان تەئسیری زۆریان بەسەر سیاسەتیشیدا هەبێت . هەر ئەو جاسووسانەش لەدواییدا دەورێكی ئەوپەڕی گرنگیان لەوەدا هەبوو كە چین رادەستی مائۆ بكەن ــ رەنگە دەوری ئەوانە لە بەرزترین ئاستی سیاسەتدا، لێرەدا، لەوەی هەر وڵاتێكی تری دنیا پتر بووبێت . زۆر لەوانە، تا ئێستاش هەر ئاشكرا نەكراون و، نهێنی ماونەوە .

شۆ لی- تزو، یەكێك بوو لەوانە . لە دامەزرێنەرانی پارتی كۆمونیستی چین بوو، بەڵام بە فەرمانی مۆسكۆ، خۆی لە كاری پارتەكە دوورخستبۆوە و،هەر نهێنی بوو، تەنانەت زۆربەی رابەرانی پارتەكەش پێیان نەدەزانی .

کاتێك، چیانگ ئاپریلی۱۹۲۷ لە شانگهای لە دۆستایەتیی کۆمونیستان هەڵگەڕایەوە، شائۆ بە تەلگراف داوای ڕێنوێنیی لە مۆسکۆ کرد ،کە تـەلگرافەکەی خرایە پێش چاوی ستالین خۆی، تێدا دەڵێت : " شـانگهای زۆرم پەرێشان دەکات، من ناتوانم چەکی دژی شۆڕش بم . داوای ئامۆژگاری دەکەم چۆن شەڕ بکەم ."

بیست ودوو ساڵی ڕەبەقی دوای ئەوە، شـائۆ هەر لە ناو ڕیزی نـەتەوەییەکاندا مایەوە و، چووە سەر وەزیـفەی زۆر گرنگ تێدا ــ تاکو سەرکەوتنی کۆمونیستان ساڵی ۱۹٤۹ کە ئیتر چووە لای مائۆ . ساڵی ۱۹٦۷ لە پێکین مرد . تەنانەت لە ژێر ڕژیمی کۆمونیستیشدا قەت باسی ئاشکرا نەکرا، ئێستاش هەر بەناوی دۆستێکی دڵسۆز ناوی دەبەن و، باسی ئەوە ناکەن کە ڕۆژگارێکی زۆر لەناو نەتەوەییەکاندا کاری بۆ کردوون .

گومانی تێدا نـیـە،کە بە فەرمانی مۆسکۆ بووە، شائۆ نوامبری ۱۹۲۵ کوڕی" چیانگ"ی بردووەتە ڕووسیا . کاتێك " چینگ کوئۆ" ساڵی ۱۹۲۷ خوێندنی تەواو کرد ، ڕێگایان نەدا بڕوات و، ناچاریان کرد باوکی خۆی بە ئاشکرا مەحکووم بکات . ستالین دەستی بەسەردا گرتبوو و، بە دنیاشی دەگوت کوڕ بە مەیلیخۆی حەز دەکات لامان بمێنێتەوە . سـتالین خـەڵکی بە زۆر لە ڕووسیا ڕادەگرت . "پێگی دێنیس"ی ژنی ڕابەری کـۆمونیستی ئەمریکایی" ئیوجێن دێنیس"، باسی ئەوەی کردووە چۆن کاتێك خۆی و مێردەکەی و کوڕەکەیان، ساڵی۱۹۳۵، ویستوویانە لە ڕووسیاوە بگەڕێنەوە ئەمریکا، " دمیتری مانوئیلسکی"ی کۆمینتێرنی زۆر دەستڕۆیشتووی لە پشت پەردەوە، چووەتە لایان و :

> " بۆمبایەکی زێدە بە ئارامی پێداداین ... نیزیکەی هەروا لەناو قساندا ... پێی گوتین کە ناتوانین« تیم»ی کوڕمان لەگەڵ خۆمان ببەینەوە ... ئێمە کاتێکی تر بۆتان دەنێرینەوە، لە هەلومەرجێکی تردا ."

بەڵام قەت نەیاننارددەوە .

ئەو حەقیقەتەی کە" چینگ - کوئۆ" دەست بەسەر بوو، ساڵی۱۹۳۱ ڕوون و ڕەوان بە باوکی ڕاگەیەندرا، ئەوەی پێشـیـڕاگـەیاند کەسێکی غەیری ژنخوشکەکەی خۆی نـەبوو، سون یات - سێن خانم ( ناوی پێش مێردکردنی : سوونگ چینگ - لینگ)، کە ئەویش جاسووسێکی سۆڤیەت بوو .* پێشنیاری مۆسکۆی گۆڕینەوەی کوڕەکەی

* ئەوە خوشکی ژنی چیانگ کای - شێك بوو . ئەوە کە جاسووسی ڕووسان بووە، لە تەواوی ژیانیدا هەر بە نهێنی مایەوە، ئێستاش کە ئێستایە کەمی لێ دەزانین . بەڵام نامەیەکی نهێنیی کە بۆ" وانگ مینگ"ی ←

" چیانگ"ی بە دوو گەورەجاسووسی رووسی کە لەودواییانەدا لە شانگهای گیرابوون، بە چیانگ گەیاند . چیانگ، داواکەی رەتکردەوە . دوو جاسووسەکە ئیتر ببوون بە مەسەلەی بیروڕای گشتی . بە ئاشکرا دادگایی-کرابوون و زیندانیکرابوون . بەڵام ئەو پێشنیارەی مۆسکۆ زەندەقی" چیانگ"ی برد ، پێیوابوو ئێستا کوڕەکەی

" بەشێوەیەکی دڕندانە لەلایەن رووسە سۆڤێتییەکانەوە دەکوژرێت".

جەنەڕالیسیمۆ ٣ی دیسامبری ١٩٣١ لە بیرەوەرییەکانیدا نووسی :

" لەم چەند رۆژەی دواییدا، تەنانەت پتریش بیری کوڕەکەی خۆم دەکرد . کە دەمرم، ( ئەگەر چینگ - کوئۆ کوژرابێت) بە چ روویەك دەتوانم سەیری دایك و بابم بکەم ؟ "

١٤ی ئەو مانگە نووسی :

" من، بەوە کە کوڕێکی خراپ بووم ( مەبەست : جێگرەوەی لە ژیاندا خستووەتە خەتەری مەرگەوە ) گەورەترین تاوانم کردووە ."

چیانگ، بە دڵتەنگییی لەوەی کە دەکرا بە سەر کوڕەکەی بهاتایە،هەردەتلایەوە . دڵتەنگی و تاڵیی، نیزیکەی حەقەن، رووداوێك روونەدەکەنەوە کە لە دووریی هەزاران کیلۆمیتر رووی‌دا. رێك لەو مانگەدا، دیسامبری١٩٣١،

---

← سەرۆکی شاندی پارتی کۆمونیستی چین لە مۆسکۆ و، بەرپرسیاری پێوەندیی خۆی نووسیوە، هیچ گومانێك لەوەدا ناهێڵێتەوە، کە جاسووسیان بووە . نامەکە بەم جۆرە دەست پێ‌دەکات :

" بۆ هەڤاڵ وانگ - مینگ

هەڤاڵی ئازیز : بۆخۆمی بە پێویست دەزانم، ئەم حەقیقەتانەت لێ روون بکەمەوە، چونکە ئەوانە دەکرێت کارەکانی من ... لە داهاتوویەکی نیزیکدا لە چین بخەنە خەتەرەوە. من ئەوانە دەخەمە بەرچاوت بەوهیوایە کە پێم بڵێیت چ رێگایەك بگرمە پێش ..."

یەکێك لە نوختەکانی لە نامەکەیدا ، بریتیە لە شکایەتی لە جاسووسێکی ئەمریکایی کۆمینتێرن " ئاگنەس سمێدلی" (خانم)، کە سون خانم دەڵێت :

" لایەنگرانی بێگانە دەهێنێتە ماڵەوە، کە لە نەتیجەدا ، ئەو ماڵە تایبەتەی کە بۆ مەبەستی گرنگ بەکاردەهات، ئێستا وێران بووە ... رێنوێنییەکانی تۆم بۆ دابڕینی گەیاند" ە پارتی کۆمو-نیستی چین .

لاشەی کوڕی شائۆ لی- تزو له ڕۆما دۆزرایەوە کە بە گوللە کوژرابوو . ئەو کوڕەی شائۆ، ساڵی ١٩٢٥، لەلایەن باوکییەوە بە هاوسەفەری کوڕەکەی چیانگ برابووە ڕووسیا. بەڵام، بەپێچەوانەی حاڵی کوڕەکەیچیانگ، ڕێگای درابوو دوای ئەوە بگەڕێتەوە چین. ڕۆژنامەگەریی ئیتالیا دەنگوباسی ئەوەی بەناوی ڕووداوێکی خەمباری دڵداران بڵاوکردەوە. سەرخەتی درشتی ڕۆژنامەیەکی ئیتالی، ئەمە بوو :

" کۆتایی کارەساتاویی چینییەکی کە دڵبەرەکەی بریندارکردبوو".

ــ ئەوە بە قسەی ژنێك کە دەڵێت چیکییە .

بەڵام شائۆ و خێزانی لەسەر ئەو باوەڕەبوون کە کوشتنی کوڕەکەیان، ئەوە کە هەرتك، هەم پارتی نەتەوەیی و هەم پارتی کۆمونیست لە ئاستیدا بێدەنگ بوون، کاری جاسووسانی نەتەوەییەکان بووە، ئەوەش مەگەر هەر لە چیانگ خۆیەوە بە تۆڵەی شەخسی ڕێ درابێت : کوڕێك بە کوڕێك .

لە سەرەتاکانی " ڕۆینی ڕێگای دوور"دا، چیانگ بیرێکی وردی گۆڕینەوەیەکی لەسەردا بوو : مانەوەی پارتی کۆمونیستی چین لەبەرانبەر" چینگ - کوئێ"دا . ئەوە بیرێك بوو کە نەدەکرا ئاشکرا بکرایە . بە ڕێگای زیرەکانە بەجێی دەهێنا . نەخشەکەی ئەوەبوو کۆمونیستەکان جارێ لە سنوورێکدا رابگرێت و، دوای ئەوە ژاپۆنییەکان بۆ تێکشکاندنیان بەکاربهێنێت . چیانگ لەسەر ئەو باوەڕە بوو،کە شەڕ لەگەڵ ژاپۆندا نەدەکرا خۆی لێ لابدرایە و، ئەوەشی باش دەزانی کە ڕووسیا ئەو شەڕەی دەویست . ئەوەی کە ستالین پترینی لێ دەترسا، ئەوەبوو ژاپۆن چینی بگرتایە و، بە سامانی وڵاتی چین و حەوت هەزار کیلۆمیتر سنووری پڕ کون و کەلەبەری هێرشی بکردایەتە سەر سۆڤیەت . چیانگ حیسابی بۆ ئەوە دەکرد هەر ئەوەندە کە شەڕی نێوان چین و ژاپۆن دەستی پێ بکردایە، ئەوا مۆسکۆ حەتمەن فەرمانی دەدا بە سوورەکانی چین کە لە مەیدانی شەڕی دژی ژاپۆندا بن . تا هاتنی ئەو ڕۆژە، چیانگ دەیهێشت سوورەکان بمێننەوە، بەوهیوایە کە ڕووسەکانیش لەبەرانبەردا کوڕەکەیان بدایەتەوە (هەر واشی لێ هات - وەرگێڕ) .

چیانگ، نەیدەویست سوورەکان لە جەرگەی دەوڵەمەندی چیندا بمێننەوە . دەیویست پاڵیان پێوە بنێت، بکەونە گۆشەیەکی هەژار و بە خەڵکی کەمتریش و، لەوێ قەتیس بکرێن . ئەو زیندانەی چیانگ بۆ سوورەکانی ڕەچاو گرتبوو، بریتی بوو لە " بانی گڵی زەرد" لە ڕۆژئاوای باکووری چین، کە زۆرتر بەشی باکووری ستانی" شائانک- سی"ی دەگرتەوە . چیانگ، بۆ دڵنیابوون لەوە کە بیانترنجێنێتە ئەو ئاغڵەوە کە بۆی ڕەچاوگرتبوون، ڕێگای دابوو کۆمونیستەکان لەوێ بگەشێنەوە، لەکاتێکدا کە کۆمونیستانی تری لە شوێنی تری چین دەپلیشاندنەوە .

گـرنگترین بەجێهێنـەری ئـەو نەخشـەیە بۆ چیانگ، کەسێکی غەیری هەمان ئەو" شائۆ لی- تزو"یە نەبوو، ئەو شائۆیەی کە کورەکەی" چیانگ"ی بردبووە مۆسـکۆ. شائۆ، ئاپریلی ١٩٣٣ کرابوو بە حاکمی شائانکسی. هـەرچەندە چیانگ حەقەن دەیزانی شائۆ چی بوو، بەڵام قەت ئاشکرای نەکرد و، هەر وەك ئەوە کە نەتەوەییەکی دڵپاك بوایە بەکاری دەهێنا. نێوانی چیانگ لەگەڵ شائۆدا، وەکو ئەوەی لەگەڵ زۆر جاسووسانی زۆر گرنگی تریشدا، تۆڕێکی سەیر ئاڵۆزی نیزیکەی لە توانای باوەڕ دوور بوو، تۆڕی دەسیسـە و فریو و حیلەبازی و حیلە-بازیی بـەرانبـەر،کە لەدواییدا ئیتر ئەو هەمووەی لەدەستدا بۆ کۆنەکرانەوە و، ئەوەبوو لەدەستی دەرچوو و ئەوە دەوری لە رووخانیدا هەبوو.

چیانگ، وای دەبردەوە سـەریـەك کە هەر تەنیا جاسووسێك لەوانە دەکرا ناوچەیەکی دابڕاوی سووری ئاوەدان بکردایەتەوە، لەکاتێکدا ئـەگەر کەسێکی بە ڕاست نـەتەوەیی لەسەر دابنرایە، ئەوا وێرانی دەکرد. بـەڕاستیـش، هەر تەنیا کاتێك ئەو ناوچەیە درا دەست شائۆ،کە پێشتر هەر بنکەیەکی بچووکی شەرکەرانی سوور بوو( لەسەر لێواری " گانسو"ی رێك لە پەنای رۆژئاوایەوە)، ئەوسا گـەورە بوو و، بوو بە " شائانکسی". * رێك لەوکاتەدا کە" رۆینی رێگای دوور" دەستی پێ‌کرد، ناوەندی ئۆکتۆبری١٩٣٤، چیانگ هاتە سەردانی ستانی شائانکسی. لەکاتێکدا کە بە گەلی رادەگەیاند کە" چەتەکان دەبێت رابماڵرێن"، رێگای دەدا ئەو بنکەیەی سووران بەشێوەیەك گەورەببێتەوە کە پێشتر بەخۆیەوە نەدیبوو. بە چەند مانگێکی کەم بوو بە ٣٠ هەزار کیلۆمیتری دووجای خاك و ٩٠٠ هەزارکەسی خەڵك.

ئەوەی چیانگ بەدی‌هێنا، حەوشەیەك بوو هەموو رانە بەجیاکانی لەشکری سووری تێ ئاژۆتن، ئەوانەی لە چەند شوێنیجیاوازی جەرگەی چیندا هەبوون، دە وێی‌کردن. دەیویست بە رێگاوە زۆر بێ هێزیان بکات بەڵام بەتەواوی لە ناویان نەدات. چیانگ، دواتر بۆ شاندێکی ئەمریکایی باس کرد:

> " من کۆمونیستەکانم لە جیانگکسی راو نان بۆ ... باکووری شائانکسی و، ژمارەیان تا هەر چەندهەزارێکی کەم دابەزی و، ئیتر دوای ئەوە وازم لێ هێنان".

---

* فـەرماندەی شائانکسی، جەنەراڵ " یانگ هوچێنگ"، ببوو بە لایەنگری کۆمونیستان و داوای کردبوو لە ریزی پارتی‌کۆمونیستدا قەبووڵ بکرێت. چیانگ لەو نێوانەی لەگەڵ کۆمونیستاندا ئاگادار بوو. ئەو چاك هاوکاریی شائۆی دەکرد.

چیانگ، بە فەرمانیکە لە ڕێگای ڕادیۆوە بە هێزەکانیخۆی دەگەیاند و، دەیزانی کە سوورەکان وەریاندەگرت، ئەو سوورانەی بەرەو ئەو شوێنانەی کە ئەو دەیویست دەئاژۆت . سوورەکان دەیاندیت کە :

" تەلگرافەکانی دوژمن، هەمیشە لەلایەن ئێمەوە وەردەگیران و ساغ دەکرانەوە و،

لەشکرەکەمان نیاز و بزووتنەوەی دوژمنی وەکو پشتی دەستی خۆی دەدیت . "

چیانگ نەیدەویست کۆد( چیفرە)ەکەی ناردنی پەیامی ڕادیۆی خۆی بگۆڕێت . ئیتر سوورەکان دەچوونە شوێنێك کە هێزی دوژمنی لێ نەبوایە یا هێزی زۆرکەمی لێ بوایە .

چیانگ، بۆ دابینکردنی ئەوە کە سوورەکان بەو ڕێگایەدا بڕۆن کە ئەو دەیویست و، هیچی لێ نەگۆڕن، بڕیاری دا ڕێك پێش ڕۆژی ئەو ڕۆیشتنەی سوورەکان، لە شوێنێك بەسەریاندا بدات و تالانێکی ئیستیخباراتیی گەورە-یان لێ بکات . ئەوەبوو لە ژوئەن/ حوزەیران، نەتەوەییەکان بەدزییەوە دەستیان بەسەر مەرکەزی ڕادیۆی پێوەندیی پارتی کۆمونیستی چین لە شانگهایدا گرت، ئەو ڕادیۆیەی کە بۆ پێوەندیی نێوان ڕوئیجین و مۆسکۆ بوو . نەتەوەییەکان، چەند مانگ خۆیان ئەو ڕادیۆیەیان هەڵسووڕاند و، لە ئۆکتۆبردا دایانخست . پارتی کۆمونیستی چین، ویستی پێوەندیی ڕادیۆکە دابمەزرێنێتەوە، هەڵسووڕێنەرێکی هەرە سەرووی ڕادیۆی بۆ ئەوە نارده شانگهای . بەڵام هەڵسووڕێنەر، هەر بە گەیشتنی، چوو پەڕییەوە لای نەتەوەییەکان . پیاوکوژانی بۆ ناردران بیکوژن . هەوڵی یەکەمی کوشتنی سەری نەگرت، بەڵام دووەمەکەی گرتی، لە ناوجێگاکەی لە خەستەخانەی ئەڵمانیدا کوژرا . ئیتر لە ئێستا بەدوا، شانگهای تا ڕادەیەکی زۆر لە دەرەوەی کاری پارتی کۆمونیستی چین بوو، هەرچەندە هەر بنکەیەکی گرنگی دەستگای جاسووسیی مۆسکۆ مایەوە .

" ڕۆینی ڕێگای دوور"ەکە، لەلایەن" چیانگ"ـەوە بۆ دەستپێکردنی گوڕینەوەی سوورەکان بە کوڕەکەی خۆی بەکاردەهێنرا . چیانگ، ڕێك پێش تەقینەوەی کێشەی بنکەی ڕوئیجین، لە ڕێگای کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە داوای گەڕاندنەوەی کوڕەکەی کرد . دووی سێپتامبر، لە بیرەوەریی خۆیدا نووسی :

" پێشنیارێکی ڕەسمی بۆ هێنانەوەماڵی چینگ کوئۆ کرا ".

لە جەنگەیکاتی چارەنووسسازی کێشەکە، لە ئۆکتۆبر- نوامبر، چیانگ ڕێگایەکی بۆ دەنگ گەیاندنە ڕووسەکان دیتەوە و بە جەخت لەسەرکردنەوە پێیگوتن کە ئەو چاوی خۆی دەنووقێنێت و لێدەگەڕێت سوورەکان بڕۆن، ئەوەش نەك هەر بەوە کە خۆی بەلایاندا ناچێت، بگرە هەزار کیلۆمەتریش بە لایەکەی تری پێچەوانەدا دوور

دەکەوێتەوە، چل ڕۆژ بە گەڕانێکی باکووری چین بەسەر دەبات .

مۆسکۆ لە پەیامەکە گەیشت . ڕێك لە ماوەی نێوان داواکەی چیانگ کە کوڕەکەی بەردەن و ڕۆژی پەڕینەوەی مائۆ و شیرکەتەکەی لە ڕووباری کسیانگ و دەرچوونیان لە تەوقی قەلاکان، مۆسکۆ کوڕە ڕاگیراوەکەی بە شێوەیەکی زۆر سەیر پتر خستە ژێر ئاگادارییەوە . چینگ- کوئۆ، کە پێشتر لە دێیەك وکانگایەکی زێڕی سیبیریا کاری کردبوو، ئێستا لە کارخانەیەکی مەکینەسازی لە ئووراڵ کاری دەکرد . ئەوجا، وەك کە خۆی دواتر باسی کرد :

" لە ئووت/ ئاب تا نوامبری ١٩٣٤، لەپڕێکدا ... خرامە ژێر چاوی ئاگاداریی توندی « ن ك ڤ د» ی ڕووسەوە ( ك گ ب ) . هەموو ڕۆژێك دوو پیاوم بەدواوە بوون ."

سەرەتای دیسامبر، ڕێك دوای ئەوە کە چینییە سوورەکان لە دوا تەوقی قەلاکان دەرچوون، چیانگ ( وەك کە " ك گ ب" بە " چینگ - کوئۆ"یان گوتووە) دیسان داوای گەڕانەوەی کوڕەکەی کردووە . بەڵام ڕووسەکان بە " چیانگ"یان گوتووە کە کوڕەکەی نایەوێت بگەڕێتەوە . چیانگ لە بیرەوەرییەکانیدا نووسی :

" دەغەڵبازیی قێزەونی ڕووسی دوژمن کۆتایی نایەت "

هەرچەندە ئەوەش دەڵێت کە دەتوانێت

" بە ئارامی لەگەڵیدا هەڵکات" .

" من تەنانەت دەتوانم خەمی ئەم کارەساتەی خێزانم لەسەر شانم لابدەم ."

چیانگ دەیزانی کوڕەکەی سەلامەت دەبێت ــ ئەگەر ئەو چاکەی پتر لەگەڵ سوورەکاندا بکات .

## ١٣-- ڕۆینی ڕێگای دوور ٢ :
## هێزی لەپشت تەختی دەسەڵاتەوە
## (١٩٣٤-١٩٣٥؛ تەمەن ٤٠-٤١)

دەوری ناوەندی دیسامبر، چیانگ ئیتر" ڕۆینی ڕێگای دوور"ی سوورەکانی بەرەو" گوئیزهۆئو" لێخوڕی، ئەوە یەکەم ستانێك بوو کە چیانگ دەیویست دەستی بەسەردا بگرێت. هەر وەك پێشبینیی کردبوو، گەیشتنی چل هەزار کەسی لەشکری سوور جەنگسالاری شوێنەکەی پەشۆکاند . ئەو جەنگسالارە دەیگوت لەیادی بوو کە :

" چیانگ لەمێژ بوو دەیویست « گوئیزهۆئو» بگرێت ."

ئەوجا هەستی خۆی لەوکاتەدا وەبیرهاتەوە :

" ئێستا، لەشکری حکومەتی مەرکەزی حەتمەن بەدووی ئەو لەشکرە سوورەوەیە و، من توانای ئەوەم نیە قەبووڵی نەکەم ... بەڕاستی سەرم لێ شێوابوو . ئیتر لەو هەلومەرجەدا بڕیارم دا خۆم بخەمە ژێر فەرماندەیی« چیانگ»ـەوە ."

١٩ی دیسامبر، هەشت فیرقە ( لەشکر) ی حکومەتی مەرکەزی بە ڕێژە کەوتنە پایتەختی ستانەکەوە و، دەست- بەجێ ملیان لە دروستکردنی فڕۆکەخانەیەك و ڕێگاویانان نا . زوو دوای ئەوە لە شوێنە سەرەکییەکان دامەزران و، بە وشەی ئەو جەنگسالارە :

" لە میوانەوە خۆیان کرد بە خاوەن ماڵ ."

چیانگ، ئەوجا لەشکری سووری، ڕوو لە باکوور، بەرەو ئامانجی دوای ئەوەی : بەرەو" سیچوئان " ئاژۆت، ئەوەش بەوە کە تەنیا ڕێگای ئەوێی کراوە بۆ هێشتەوە و ڕێگاکانی تری لێ گرت . نەخشەی چیانگ وابوو کە لێرەش هەمان شێوەی گرتنەکەی " گوئیزهۆئو" دووپات بکاتەوە، دوای ئەوە بەرەو باکوورتر پاڵ پێوە بنێت تا سوورەکان بچنە" شائانگکسی". بەڵام لێرەدا، کار بە گوێرەی نەخشەکەی" چیانگ" نەڕۆیشت، مائۆ بە جۆرێکی وەها کەوتە کار، کە" چیانگ" حیسابی بۆ نەکردبوو. مائۆ بڕیاری دابوو کە حەتمەن نەچێتە سیچوئان . ئەو نەچوونەشی هیچ پێوەندییەکی بە هیچی" چیانگ"ـەوە نەبوو، ئەوە پێوەندیی بە خەباتی خۆی بۆ دەسەڵاتی لە ناو پارتەکەیدا بوو .

مائۆ، بە گەیشتنە" گوئیزهۆئو"، خۆی بۆ بوونە رابەری پارتەکەی گورج کردەوە . ئەوەش وای پێویست دەکرد دووبەرەکی بکەوێتە ریزی دوژمنەکانی لە پارتەکەیدا . بەتایبەتی دەبوو خۆی لە دووکەس لە پارتەکەیدا زۆر نیزیك بکردایەتەوە، دوو کەسی کە نێوانی لەگەڵیاندا ئەوەندە باش نەبوو . "وانگ جیئا- کسیئانگ" ی کە بە " «پرۆف»ی سوور" ( پرۆف = کورتکراوەی پرۆفیسۆر- وەرگێڕ) بەناوبانگ بوو و، "لۆ فو"ی کە "سەرەك- وەزیر"ییەکەی لێ سەندبوو . مائۆ و ئەو دووانە لە رابردوودا تیروشیریان لەیەکتر دەسوو، بەڵام مائۆ ئێستا دەیویست سابوون لە بن پێیان بدا، چونکە هەرتکیان رقیان لە رابەری ژمارە یەکی پارتەکە "پۆ کو"بوو . ئەو دووانە،هەرتك،وێکڕا لەگەڵ پۆدا لە مۆسکۆ خوێندبوویان، پۆ لەوان جەوانتر بوو و،لە پارتەکەدا پێشیان‌کەوتبۆوە، ببوو بە سەرۆکی ئەوان و تەنانەت هێندێك جار هەر لە بڕیاردانیشدا بەشداری نەدەکردن . "لۆ فو" ساڵانێك دواتر گوتی :

"پۆ منی فڕێدایە پەراوێزەوە"

و ئەوەبوو کە لۆ ی فڕێدایە باوەشی مائۆوە .

لۆ وەبیری دێتەوە چۆن :

" وام هەست دەکرد خرابوومە وەزعــێکەوە کە هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو، ئەوەم ئێجگار زۆر رق لێ بوو . لەیادمە، رۆژێك، پێش رۆیشتن، هەڤاڵ «تسی- تونگ» دواندمی و، منیش هەموو تووڕەیی خۆم بە بێ لێ شاردنەوەی هیچ، بۆ باس کرد . ئیتر لەو رۆژەوە لە هەڤاڵ «تسی- تونگ» نیزیك بووم . پێی گوتم رەگەڵ ئەو و هەڤاڵ "وانگ جیئا- کسیئانگ" دەست بخەینە دەستی یەکەوە، ئیتر بەوجۆرە سێقۆڵییەك بە سەرۆکایەتیی هەڤاڵ مائۆ پێکهێنرا."

هەرسێك وێکڕا سەفەریان دەکرد، زۆرتر وابوو هەر لە کەژاوەدا پاڵیان دەدایەوە ( کە مرۆڤ هەڵیاندەگرت)، ئەوانە کەژاوەی لە حەیزەران بوون و چەند رابەرێکی کەم ئیمتیازی سەفەریان بەوانە هەبوو . هەر کام لەو رابەرانە، مافی ئەوەشیان هەبوو تەسپێکیشیان هەبوایە و کەسانێکیش حەمباڵییان بۆ بکردنایە، شتومەکیان بۆ هەڵبگرتنایە . لە بەشێکی زۆری رۆینی ئەو رێگا دوورەدا، بە بەشە هەرە سەخت و ناخۆشەکانیشییەوە، زۆربەی رابەران ئاوا هەڵدەگیران . مائۆ تەنانەت شکڵی هۆی هاتوچۆکەی خۆی کێشابوو . خانمی لۆ فو لەیادی بوو کە مائۆ لەگەڵ "پرۆفی سوور"دا کە خۆیان ئامادە دەکرد، مائۆ بە شانازییەوە وەستاکاریی خۆی پیشان داوە :

" گوتی : سەیر کە!، ئێمە شکڵی کەژاوەی خۆمان داڕشتووە ... هەڵدەگیرێین .

مائۆ و جیئا-کسیئانگ زۆر بەوە شاد دیاربوون کە«کارە هونەرییەکان»ی خۆیان پیشان دەدام . ئەو کەژاوەیەی دروستیان کردبوو، داری حەیزەرانی زۆر درێژیان تێڕاکردبوون، کە بەوە هەڵگیرانی لە سەرکەوتنی چیادا سووکتر و خۆشتر دەبوو . چەتری مشەمای بەسەرەوە بوو، کە بەوە (ئەو کەسەی تێیدا بوو) لە هەتاو و لە باران دەپارێزرا . "

مائۆ خۆی چەند دەساڵێك دواتر بۆ ستادەکەی خۆی دەگێڕایەوە :

" لە « ڕۆینەکە»دا، لە کەژاوەیەکدا پاڵ کەوتبووم . ئیدی چیم دەکرد ؟ دەمخوێندەوە . زۆرم خوێندەوە ."

ئەو هەڵگرتنە بۆ هەڵگرەکان هاسان نەبوو . کەسانێك لەوانەی لەو ڕۆینەدا بوون، دەیانگوت لە یادیان بوو کە :

" کەژاوەهەڵگرەکان، لە کاتی هەڵگەڕان بە چیادا، وادەبوو هەر تەنیا لەسەر چۆك دەیانتوانی بەرەو پێشەوە بچن، ئیتر پێست و گۆشتی چۆکیان پێش گەیشتنە سەری چیا داپڵۆخابوون . هەر چیایەکی پێیهەڵگەڕابن، شوێنەواری ئارەقە و خوێنی ئەو کەژاوە- هەڵگرانەی بەسەرەوە بەجێماوە . "

مائۆ، بە ڕاژانەوەی لە کەژاوەدا، نەخشەی کۆدیتایەکی لەگەڵ دوو هاوکارەکەی لەدژی" پۆ کو" دادەڕشت . کە ڕێگا بەرین بوایە،کەژاوەکانیان لە پەنا یەکەوە بە ڕێگاوە دەبرد و پێکەوە قسەیان دەکرد؛ ئەگەر ڕێگا تەسك بوایە و، دەبوو لە دوو یەك بوونایە، ئەوسا کەژاوەکانیان وا ڕێکدەخست کە روویان لەیەکتر بوایە . یەکێك لە کۆبوو- نەوەکانیان لە باغێکی پڕتەقاڵ بوو، پڕتەقاڵی گەیشتووی بە ڕەنگی زێڕ بە گەڵای سەوزی گەش بە دەورەوە، کەژاوەهەڵگرەکان کەژاوەکانیان لە پەنایەکتر دانابوون و، پشوویان دەدا . سێقۆڵییەکە، بڕیاریان دا بۆ ئەوە پێکەوە کاربکەن کە " پۆ" و " براون"ی ڕاوێژکاری ئەڵمانیشی لەگەڵدا " وەدەرنێن" و، کۆنترۆڵی لەشکرەکە بخەنە دەست مائۆوە . مائۆ، بەوە کە هێشتا زۆر ناخۆشەویست بوو و، تەنانەت ئەندامی گرنگترین دەستەی سەرۆکایەتی" سکرتاریات"یش نەبوو، لێرەدا بەلای وەرگرتنی بەرزترین پلەی لە پارتەکەیدا نەچوو . ئەو شوێنە بۆ" لۆ فو" دانرا، کە ئەو تاقە کەسێکی سێقۆڵییەکە بوو کە ئەندامی سکرتاریات بوو . خەڵاتی پرۆفیسووریش بریتی دەبوو لە بوونە ئەندامی تەواوی پۆلیت بیرۆ(مەکتەبی سیاسی) . سێقۆڵی کەوتنە ڕێ خۆشکردن بۆ ساز- دانی کۆبوونەوەیەك بۆ باسکردنی ئەوە کە سوورەکان چۆن دەوڵەتەکەیان لە دەست دا .

"پۆ کو" رازی بوو کە لێ تـوێژینەوە بکرێت . ئەوەی راستی بێت، ئەو بەو شکستەی سووران ئـەوەندە خـەمبار بوو، هـەڤاڵەکانی، دوای ئەوە کە چەندجار دیتبوویان لوولەی دەمانچەکەی گـرتبووە سـەری خۆی، پێیان وابوو لەوانەبوو خۆی بکوژێت .

ئیتر ئەوەبوو، لە ١٥ تا ١٧ی یەکەم مانگی ١٩٣٥، بیست پیاو، پۆلیت بیرۆ و هـەڵبژاردەیەك لە فـەرماندە-کانی لەشکر، لە شاری "زونیی" لە باکووری "گوێیزهۆنو" کۆبوونەوە . زۆرتری کـۆبوونەوەکە هـەر بە پـەیتا-پەیتا هاتنەوە سەر شێلانەوەی هەمان پرسیار گیرا، کە رووخانی دەوڵەتی سوورەکان خەتای کێ بووە . سێ قۆڵییە-کەی مائۆ، هەموو خەتاکەیان خستە ئەستۆی رابەرانی پێش رۆینەکە و، بەتایبەتی "پۆ" و "براون".

بەگشتی، وا باس‌کراوە کە گوایا مائۆ لەو کۆبوونەوەیەی" زونیی"یەوە بووە بە رابەری پارتەکە و لەشکرەکەی ــ گوایا بە زۆربەی دەنگی ئەندامانی کۆبوونەوەکەش . بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە مائۆ لەو کۆبوونەوەیەی زونیی نـە بوو بە رابـەری پـارتەکە و نـە بە رابـەری لەشکرەکەی ."پۆ کو" بە زۆربەی دەنگ هەر بە ژمارە ١ی پارتەکە مایەوە . بیرورا لەسەر ئەوە یـەك بوون کە لەدەستدانی روئیجین خـەتای "پۆ کو" نـەبووە . براون، بەوە کە تاقە بێگانەیەك بوو، زۆر بۆ کرانە قۆچی قوربانی لەجێی‌خۆیدا بوو و، لە فـەرماندەیی لەشکر لادرا . هەرچەندە دوو قۆڵەکەی مائۆ پێشنیاریان کرد فەرماندەیی لەشکر بدرێت بە مائۆ، بـەڵام وێدەچێت کەسی تر لەوەدا هاوبیریان نـەبووبێت و،" چوو ئێن- لای" هەر بە سـەرۆکی لەشکر مایەوە و بە "بەرپرسیاریی دوا بڕیاردان لە کاروباری سەربازیدا". *

بـەڵام بەهەرحاڵ، مائۆ لە زونیی ، لەمپەرێکی گرنگی بڕی، بوو بە ئەندامی "سـکرتاریات" ی کە جەرگەی شوێنی بڕیاردان بوو . ئەو سکرتاریاتە، پێشتر، یەکەم مانگی ساڵی١٩٣٤ لەلایەن مۆسکۆوە پێکهاتبوو . حەوت ئـەندامی هەبوون، کە چـواریان لە رۆینەکەدا بوون : پۆ کو، چوو ئێن- لای، لۆ فو، پیاوێکی تریش کە ناوی "چێن یون" بوو . سێ کەسەکەی تر:" کسیئانگ یینگ،" وانگ مینگ"ی نوێنەری پارتی‌کۆمونیستی چین لە مۆسکۆ،" چانگ کوئۆتائۆ"ی کە ئەوسا رابەری دووەم گەورەترین بنکەی سوور بوو . لە زونیی، پرۆفی سوور پێشنیاری‌کرد مائۆ بهێنرێتە سکرتاریاتەوە . هەرچەندە ئەوەی راستی بێت، ئەو پرۆفسوورە مافی پێشنیارکردنی

---

* ئەوە کە زۆربە دەنگی بۆ مائۆ نەداوە، لەوەشەوە روونە کە مائۆ کاتێك دواتر باسی ئەوانەی کردووە کە لە لە زونیی لایەنگری بوون، قەت ناوی جگە لە دووکەسی نەهێناوە ــ ناوی ئەو دوو هاوپیلانەی .

ئەوەی نەبوو، چونکە ئەو ئەندامی تەواوی پۆلیت بیرۆ نەبوو . بەڵام" پۆ کو" ئەوەندە هەستی گوناهـ دایگرتبوو و، ورەی وەها تـەپیبوو، کە بەرهەڵستی ئەو پێشنیارەی بەرزکردنەوەی مائۆ نـەبوو و، ئەوەبوو پێشنیار تێپەڕی . بیروڕای مۆسکۆش لەوەدا وەرنەگیرا، چونکە پێوەندیی رادیۆ پچڕابوو .

مائۆ، هەر کە کەوتە سکرتاریاتەوە، ئیتر دەیتوانی جۆرەها سیاسەتبازیی تێدا بکات . لە چوار ئەندامەکەی تری کە لە ڕۆینەکەدا بوون،" لۆ فو" هاتبووە لای مائۆ،" چێن یون" بیری لای دەسەڵات نەبوو و، زۆرتریش وابوو هەر دیار نـەبوو و، بەسەر کاروباری جێ و ڕێی لەشکرەوە دەسووڕایەوە . مانەوە :" پۆ" و" چوو" . نەخشەی مائۆ بۆ " چوو" ئەوەبوو کە لە" پۆ"ی دووربخاتەوە،ئەوەش لەلایەکەوە بە تەماحخستنەبەردەم و لەلایەکیترەوە بە ترساندن، زۆرتریش بە هـەڕەشەی ئەوە کە خەتای شکستەکانی ڕابردوو بخرێتە ئەستۆی ئەویشەوە . لە" زونیی" بڕیار درا پێشنووسێك لەبارەی هۆی لەدەستچوونی دەوڵەتی سوورەوە ئـامادەبکرێت و،" لۆ فو"ی هاوپیلانی مائۆ توانی وا بکات کە خۆی ئەو پێشنووسە ئـامادەبکات، لەکاتێکدا کە ئەوە دەبوو هـەمیشە کاری ڕابەری ژمارە ١ ی پارتەکە بوایە .

ئەو سەنەدە دەبووە بڕیاری حوکمدان، لە پارتەکەدا بڵاو دەکرایەوە و، مۆسکۆی لێ ئاگادار دەکرایەوە . " لۆ فو" سـەرەتا کە پێشنووسەکەی ئامادەکرد، بەشی دووەمی ناوەکەی بەم جۆرە داڕشت :

" لێنۆڕینێکی هەڵەکانی سیاسەتی سەربازیی هەڤاڵان پۆ کو، چوو ئێن- لای و ئۆتۆ براون" .

" چوو ئێن-لای "ی وا باس کردبوو کە درێغیی ئـەویش دەوری لە لەدەستچوونی دەوڵەتی سووردا هەبووبێت . بەڵام دوای ئەوە کە چوو ئێن- لای قەبووڵی کرد هاوکارییان بکات، باسی خەتای ئەویان لێ سڕییەوە .

وەك براون بە وشەی ڕەق و ڕووت دایڕشتووە : چوو

" زیـرەکانە خۆی لە « پۆ کو» و لە من دوورخسـتەوە . بەوجۆرە، بـەهانەی کە مائۆ ئارەزووی‌دەکرد دایێ، تاکو مائۆ ئێمە بکاتە ئامانجی هێرشەکەی و دەست لەو بپارێزێت ."

ئیتر پۆ بە تاقە کێشە مایەوە و، مائۆ دەیتوانی هەمیشە پۆ لە چوارچێوەی کەمایەتیدا بهێڵێتەوە . لەڕاستیشدا هـەر کە کۆبوونەوەی" زونیی" تـەواو بوو و زۆربەی بەشـدارانی کۆبوونەوە گـەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان، مائۆ ناوێکی نوێی بە دەستی ئەم تاقمەی ئێستای بۆخۆی داهێنا ، شتێکی قەت نەبیستراو و سەیر :

" یاریدەدەری هەڤاڵ چوو ئێن- لای بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری سەربازی".

مائۆ بەوە پێیەکی خستە ناو دەرگای ڕابەرایەتیی سەربازییەوە .

ئـەم تـاقمە نـوێیە، ئیتر پـرۆفی سووریشی کردە ئـەندامی تـەواوی پۆلیت بیرۆ( مەکتەبی سیاسی) و، زۆری پێ نـەچوو کە مەرکەزێکی سەربازیی بەرزیشی دایێ، لەکاتێکدا کە هیچی لە کاروباری سەربازی نەدەزانی . لە هەمووی گرنگتر، سێ حەفتە دوای زونیی، ٥ی شوبات/ فیوریە، لە دێیەك کە لە نوختەیەکی پێککەیشتنی سێ ستانە و، ناوی" کەڵەشێر لە سێ ستانان دەخوێنێت" ـە،" لۆ فو" ترنجێندرایە شوێنەکەی " پۆ کو" و کرا بە ژمارە ١ی پارتەکە . مائۆ و لۆ فو، لەپێشدا" چوو ئێن-لای"یان داهێزاند، ئەوجا بە زۆربەی دەنگ رووبەرووی پۆ کو بوونەوە . پۆ، بە قسەی خۆی، گوتوویە کە :

" تەنیا لە نەتیجەی چەندین باسکردنی و تەوژم بۆ هاتن"

قەبووڵیکردووە مل بۆ ئەو بڕیارە بدات .

بوونی لۆ فو بە ژمارە ١ی پارتی، بەوە کە کۆدێتایەکی ناوخۆ بوو، چەند حەفتە لە پارتەکە و لەشکر شاردرایەوە . ئەو گۆڕانەی سەرتۆپ، تەنیا کاتێك ئاشکرا کرا کە کۆدێتاچییان سەرکەوتنێکی سەربازییان وەدەستهێنا و، بەوە لە وەزعـێکی باشتردا بوون . پۆ ئێستا دەستی لە دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیاران بڕدرابوو،" لۆ فو"ش شـەخسیە- تێکی زەعیف بوو، ئیتر هەر مائۆ خۆی هەمەکارە مایەوە .

کۆبوونەوەی زونیی بڕیاری دا بگوازرێتەوە سیچوئان . سیچوئان رێك لە باکووری زونیی بوو و،گواستنەوە بۆ ئەوێ زۆر لەبەرچاو بوو،گـەورە و دەوڵـەمەند و خەڵکی زۆر ـ لەمێژیش بوو رووسـەکان پێشنیاری ئەوێیان بۆ هێزەکەی روئیجین کردبوو . زۆر لە"مغوولستان"ی ژێردەسەڵاتی سۆڤیەت نیزیکتر بوو، لە"کسینجیئانگ"یش ( کە ئێستا لەڕاستیدا موستەعمەرەیەکی سـۆڤیەت بوو و هێزی سەربازیی رووسی تێدا بوو)، دوو شـوێنی کە مۆسکۆ ئـامادەکاریی بۆ ئەوە دەکرد چەکیان بۆ پارتی کۆمونیستی چین بۆ بنێرێت . گەورە راوێژکاری پێشووی سۆڤیەت لە چین، شتێرن، لێکۆڵینەوەی بۆ ئەوە کردبوو چۆن رێگای سیچوئان بگەیەنێتەوە شوێنانێك کە رووس بتوانن لەوێوە تەنانەت

" فڕۆکە و تۆپخانە و ... چەکی بۆ چەکدارکردنی پەنجاهەزار کەس" یان پێ بگەیەنن .*

---

* پاشکۆی سەربازیی سەفارەتی یەکێتی سۆڤیەت " لێپین"، بە نهێنی ئامۆژگاریی بۆ باشـترین رێگای شت گەیاندن کردبوو ." لی لی- سان"ی رابەری پێشووی پارتی کۆمونیستی چین،لە مۆسکۆوە ناردرابووە←

بەڵام مائۆ نەیدەویست بچێتە سیچوئان . ئەگەر بچووایە، دەبوو بچووایەتە لای"چانگ کوئۆ- تائۆ"ی شەڕدیتوو و فەرماندەی هێزێکی زۆرگەورەتری هەشتاهەزارو ئەوەندە کەس . ئەگەر ئەوە ڕوویبدایە، ئومێدێکی" لۆ فو" بە بوونە ڕابەری پارتەکە، یا مائۆ بە هێزی پشت تەختی دەسەڵات نەدەمایەوە .

چانگ کوئۆ- تائۆ، ساڵی ١٩٢١ سەرۆکی یەکەم کۆنگرەی پارتەکە ببوو، کە مائۆ تێدا ئەندامێکی لە پەراوێزدا بوو و، لۆ فو تەنانەت هێشتا ئەندامی پارتەکەش نەبوو( لۆ ساڵی ١٩٢٥ چووبووە ڕیزی پارتەکەوە) . چانگ کوئۆ- تائۆ، ڕۆڵە دڵسۆزەکەی سکرتاریات بوو ــ بە پێچەوانەی مائۆی کە بە پێشێلکردنی ئوسـووڵ و قاعیدە دڕی بە ڕێگای خۆی دابوو . لەوەش پتر، کوئۆ- تائۆ ئەندامی تەواوی " کۆمیتەی بەجێهێنەری کۆمینتێرن"یش بوو، کە ئەوە ئیعتیبارێکی زۆری بۆ دروست دەکرد، لە ڕووسیاش قسەی دەڕۆیشت، کە ئەو بە سـاڵان لەوێ ژیـابوو و، شـەخسی" سـتالین"یشی دیتبوو . دوای گەڕانەوەی لە مۆسـکۆ یەکەم مانگی ١٩٣١، لەلایەن" شانگهای"یەوە ناردرایە شوێنێکی بە ئەغیار دەوردراو کە ناوی" ئێیووان" بوو، دەکەوتە سەر سنووری ستانەکانی " هوبێی" و " هێنان" و "ئانهوئی"، لە ناوەندی ڕۆژهەڵاتی چین . لەوێ، بنکەیەکی دامەزراند کە دەکرێت بەوەی" ڕوئیجین" بەراورد بکرێت، لە هاوینی ١٩٣٢ دا چل هەزار کیلۆمیتری دووجای خاك و سێ و نیو ملیۆن خەڵکی دەگرتەوە و

---

← بنکەیەکی نهێنیی" گ ر ئو" لەسەر سنووری چین، تاکو هەوڵ بدات پێوەندیی ڕادیۆیی دابمەزرێنێت . بریکاریکۆنسولی ئەمریکا لە«یوننان»، « ئارثەر رینگ وۆڵت» خەتەرەکەی دیت و سەرەتای یەکەم مانگی ساڵی ١٩٣٥ واشنتۆنی لێ ئاگادارکردەوە :

> " وەزع وا دێتە بەرچاو کە تا دێت بۆ چین جیددیتر دەبێت . مەگەر موعجیزەیەك ڕوو- بدات ئـەینا کۆمونیستەکان بە ڕێگایەك لە ڕێگاکان هەر خۆیان دەگەیەننە سیچوئان . دوای ئـەوە، ئـەوجا هەر دەبێتە مەسەلەی کەی نـەخشەی زۆر مـەعلوومی ... پێوەندی بە ڕووسیای سۆڤێتییەوە بەجێدەهێنرێت . دوای ئەوە، هەر باسێکی سـەرکوتکردنی کۆمونیستان دەبێتە قسەیەکی بێ مانا . "

کەسێکیتریش کە سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا، «کیم فیلبی» ی جاسووسی ئینگلیسی کە کاری بۆ ڕووسان دەکرد . لە گوتارێکیدا لەبارەی« تیبێت»، کە ساڵی ١٩٣٦ لە ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانیای نازیدا بڵاوکرایەوە، سەرنجی بۆگرنگیی مەغزای ستراتیجیی گەیشتنی سوورەکانی چین بە ڕووسان لە ڕۆژئاوای باکوور ڕاکێشا .

لەشکرێکی ٤٥ هەزار پیاویشی هەبوو . کە " چیانگ کای- شێك" پایزی ئـەو ساڵە لەوێی راو نا،گـواستییەوە باکووری سیچوئان و، لەوێ لە ماوەی ساڵێکدا بنکەیەکی گەورەتری دامەزراند و، لەشکرەکەشی بە پتر لە هەشتا هەزار کەس گەیاند .* کوئۆ- تائۆ، بێ هیچ گومانێك، لە هەموو کۆمونیستەکان، سەرکەوتووترینیان بوو . ئیدی کاتێك لەگەڵ رابەرەکانی تردا کۆبۆوە، وێ دەچوو کە نەدەکرا مەگەر هەر ئەو بە رابەری نوێ هەڵبژێردرایە .

ئیتر مائۆ نـەدەکرا پێی وابوایە ئەوەی بۆ دەکرا بە بازیچەیەکی دەستی خۆی . ئەوجا، " کوئۆ- تائۆ"ش کەسێك نەبوو بۆ دەسەڵاتی خۆی، لە هیچ کوشتنێك بپرینگایەتەوە . لە بنکەکانیدا، پاکسازیی خوێنینی فەرماندەکانی ئەو شوێنانەی کە دژی ببوون کردبوون . ئەویش وەکو مائۆ، هەر بەخۆی رابەریی لێکۆڵینەوە و شکەنجەی دەکرد . قوربانییەکانی زۆرتر هەر بە نێزە یا بە خنکاندن دەکوژران یا زیندەبەچاڵ دەکران . وەك کە" کسو" ی فەرماندەی گوتوویە :

" ئەو خەڵکەی کە لەسەر رێگای دەوەستان، بۆ داکوتانی حوکمی شەخسی خۆی،

لە کۆڵی دەکردنەوە ."

ململانێکردن لەگەڵ زەلامێکی وا ترسناکدا، بۆ مائۆ، ئەوەندە وێنەدەچوو بە دڵی مائۆ کۆتایی بهاتایە و تێدا سەرکوتوو بوایە . نەك هەر ئەوە،بگرە ئەگەر زۆرانێی دەسەڵاتی لەگەڵ ئەوەدا مل لێ بنایە، دەکرا هەر ژیانی خۆی بخستایەتە خەتەرەوە . مائۆ سەروکاری لەگەڵ رابەرانێکی دڵسۆزی پارتەکەدا هەبوو،کە بەڵێ ئامادەبوون بکوژن، بەڵام بۆ پارتەکەیان، نـەك بۆ شەخسی خۆیان . ئەو هەر کێشەیەکیشی بۆ " پۆ کو" یا" چوو ئێن-لای" بنایەتەوە، هیچ مەترسییەکی لەسەر نەدەبوو . مائۆ نەدەکرا بەتەمای ئەو هەمووە حەوسەڵە و چاوپۆشییە لە کوئۆ- تائۆ بوایە . لەبەرئەوە، گەورەترین ئارەزووی ئەوەبوو کە تاکو دەسەڵاتی لە شکان نەهاتی خۆی بەسەر رابەرایەتیی پارتەکەدا

---

* چانگ کوئۆ- تائۆ، زۆرتر بە هۆی ئەوەوە وا سەرکەوتوو بوو، ئـەو بەشەی " سیچوئان"ی کە تێیچوو، لە چنگی جەنگسالارانێکی لە رادەبەدەر دڕەقدا بوو،کە خەڵکیان وا دەڕووتاندەوە، تـەنانەت خەڵکێکی زۆر لە شارەکانیشدا هەبوون کە جلوبەرگیان پێ نـەدەکڕدرا و، بە رووتوقووتی دەسووڕانەوە . رێك پێش چوونی کوئۆ- تانگ، چـەندین راپـەڕینی جووتیاران روویاندابوو و، هێزەکانی توانیبوویان خەڵکێکی ئێجگار زۆر بکێشنە ریزەوە . فـەرماندەیەکیشی لا بوو،" کسو کسیانگ - کیانگ "، دەکرێت بە بەڵگە لێیبدوێین کە بڵێین بەتواناترین فەرماندەی کۆمونیستەکانی چین بوو .

215

دەسەپاند، جارێ ئەو چوونەی بۆ سیچوئان دوا بخستایە .

بەڵام مائۆ دیارە نەدەکرا دڵی خۆی بکاتەوە . دەبوو لەگەڵ نەخشەکەی چوونە" سیچوئان"دا رایکێشێت . مائۆ و هێزەکەی وێڕای،١٩ی یەکەم مانگی ١٩٣٥ لە " زونیی "یەوە وەڕێکەوتن، ٢٢ی ئەو مانگە تەلگرافیان بۆ" چانگ کوئۆ- تائۆ" لێدا، کە لە باکووری سیچوئان بوو، ئاگاداریان کردەوە کە وا بەڕێوەن و، پێیان‌گوت بێتە باشوور تاکو یەکتر بگرنەوە . بەڵام مائۆ فێڵێکی بەدەستەوە بوو . چوار رۆژ دوای ئەوە، پێی لەسەرئەوە داگرت کە بەسەر ئەو هێزەی دوژمندا بدەن کە دەیویست پەلاماریان بدات . ئەو هێزە هی" سوچیئان" بوو و بە هێزێکی شەڕکەری سەخت ناسرابوو . مائۆ لای خۆیەوە وای دەبردەوە سەر یەك کە : لەشکری سوور زۆر چاك دەکرێت شکست بخوات و،ئەو ئەوسا بڵێت کە دوژمنەکەی سیچوئان زێدە بەهێزە و،داوابکات کە لەگوئیزهۆئو بمێنێتەوە .

ئەوە کە دەبوو ئەو هێرشە بکرایە،هەر قسەی قوڕ بوو، چونکە ئەو هێزەی‌کە مائۆ دەیویست هێرشی‌بکرێتە سەر، هەر لەسەر ڕێگای ئەوان بۆ سیچوئان نەبوو، ئەو هێزە لە پشت سوورەکان بوو و،هەر خۆشی تێ‌نەدەگەیاندن . لەڕاستیدا، نەخشەی کە بۆ چوونی مائۆ و ئەو هێزە بۆ سیچوئان دانرابوو، بە روونی فەرمانی ئەوەی تێدا بوو کە " خۆتان لەوانەی وەدووتان دەکەون دوور بگرن و، لەگەڵیان تێ‌مەگیرێن ".

بەڵام مائۆ توانی رەزامەندیی" چوو ئێن-لای" بۆ ئەوە وەدەست بهێنێت و، بڕیاری دوایی لە کاروباری لەشکردا لە دەستی" چوو ئێن- لای"دا بوو . زۆر وێ‌دەچێت مائۆ ئەوەی بەترساندن بە" چوو ئێن-لای" کردبێت،هەڕەشەی ئەوەی لێ کردبێت ئەگەر بەوە رازی نەبێت، لەو پێشنووسەدا کە " لۆ فو" خەریکی نووسینی بوو، ناوی ئەویش بە هاو بەرپرسیار لە لەدەستچوونی دەوڵەتی سوور تێدا باس بکرێت . وادیارە " چوو ئێن- لای " زەندەقی لەوە چووە کە مائۆ سووك و ریسوای بکات ـ شتێکی کە مائۆ لە چەندین دەساڵی دوای ئەوەشدا هەر پەیتا- پەیتا " چوو ئێن -لای"ی پێ دەترساندەوە .

٢٨ی یەکەم مانگی ساڵ ( ژانویە/ کانوونی دووەم)، مائۆ فەرمانی دا کە لە رۆژهەڵاتی شارۆچکەیەکەوە کە ناوی " توچێنگ " بوو، هێرش بکرێتە سەر ئەو هێزەی دوژمن و، نەتیجەکەشی ماڵوێرانییەك بوو بۆ سووران . دوژمن دەریخست ئەو شەڕکەرە بوو کە باس‌دەکرا، زوو بەسەر مەیداندا زاڵ بوو و هێزەکەی مائۆی کە پشتی لە " رووباری سوور"ی هاروهاج بوو کە بە شڵپ و هوڕ دەڕژایە تیشە تیژەکانی چیاوە، تارومارکرد . مائۆ، لە دوورەوە لەسەر لوتکەی چیا وەستابوو سەیری دەکرد چ کوشتارێك لە هێزەکەی دەکرا و، هەر تەنیا لە کۆتایی

رۆژێکی تەواوی ئەو شەڕە خوێناوییەدا، ئەوجا قەبوولی کرد کە هێزەکەی بکشێتەوە . ڕێژنەی بارانێکی بەخوڕ بوو و، سەربازانی مائۆ شێوابوون و، هەرکەس بە پاڵی ئانیشکی، شوێنی ڕاکردنیخۆی بۆ گەیشتنە ڕێچکە-یەکی خلیسکی چیا دەکردەوە . ژن ومنداڵیان بۆ پشت خۆیان پاڵ پێوەنان . دوژمنی بەدووپانەوە، ئەوەندە لێیان نیزیك ببۆوە، یەکێکیان بە دەستێکی پڕی دا کۆڵی کە بە شانی خانمی" زهو دێ"وە بوو و، دەستەکەی تری بۆ تفەنگەکە(ی خانمەکە) برد و ڕایکێشا . خانمی زهو دێ، کۆڵەکەی بەردا و ڕایکرد . ئەوە تاقە شەڕێك بوو لە تەواوی ڕۆینی ڕێگا دوورەکەدا کە خەڵکی بارەگا وا لە دوژمن نیزیك دەبوونەوە .

لەشکری سوور، چوارهەزار کوژراو و برینداری هەبوو،کە دەیکردە لەسەدا دەی هەمووی . توچێنگ گەورەترین شکست بوو لە تەواوی" ڕۆینی ڕێگای دوور"دا و، هەر واش لە بیر بووە، بەڵام نەدەبوو بە ئاشکرا وا بگوترایە ـ چونکە شکستەکە خەتای مائۆ بوو، هەم شوێنی شەڕەکە و هەم کاتەکەی، ئەو هەڵیبژادبوون . لە یەك ڕۆژدا زیانی زۆر پتری لە جارەکەی پێشتریش تووشی لەشکری سوور کرد، کە ئەوسا لە " ڕووباری کسیانگ" تووشی ببوون ( کەمێك سەرووی سێ هەزار) . ئەفسانەیەك هەڵبەستراوە کە گوایا لە دوای زونیی، مائۆ لەشکری سووری ڕزگارکردووە، بەڵام حەقیقەت ڕێك پێچەوانەی ئەوەیە .

کۆمونیست بە بێ نەزمی لە" ڕووباری سوور" پەڕینەوە، بە پەلەپرووزێ پردێکیان بەسەر قایقاندا سازدا و، تۆپ و تۆپخانەیان بەجێ هێشت و، شتی تریش : دەستگای بژیشکیی وێنەی بە تیشك (ئەشیعە) و ئیدی ." زهو دێ "بەخۆی، تفەنگێکیماوزەر بەدەستەوە، بە کشانەوەکە ڕادەگەیشت . ئەوی زۆرتر ئارام، ئەم ڕۆژە لە پەژارەیی و بێچارەیی خۆی دنیای لێ هاتبۆوە یەك و بەسەر ئەفسەرانیدا دەنەڕاند . پیاوی شەتەك و ماندوو، دەبوو هەڤاڵە بریندارەکانیان بە ڕێگای پێچاوپێچدا بە تیشە بەردانێکدا هەڵگرن یا ڕابکێشن کە سەریان تێدا خولیدەخوارد . بەفرێکی قورس لێڕ و شیو و دۆڵی داپۆشین . سەرمایەکی ئێجگار زۆر، برسێتی، هێزنەمان، هاوار و نووزەی برینداران، بە دەیان ساڵی دوای ئەوەش هەر تەئسیری بەسەر حەواسی زۆر لەوانەی تێدا ببوون و مابوونەوە زاڵ بوو .

ئەم کارەساتە، ڕێك ئەوەبوو کە مائۆ ویستبووی، تاکو بڵێت لەشکری سیچوئان زێدە بەهێزە و ناتوانین دە ڕۆستی بێین،کەواتە با سوورەکان وەکو ئەوەی لە نەخشەکەدا بۆیان دانراوە نەکەن، نەچنە سیچوئان . بەڵام ئەوان ئێستا کەوتبوونە ناو ڕۆژهەڵاتی باشووری سیچوئان و، زۆریان دیتیان کە دەبوو بەرەو باکوور بڕۆن .

فەرماندە سەرەکییەکانی لەشکر، تەنانەت دۆستە دێرینەکەی مائۆش لین بیائۆ، لەگەڵ ئەوەدا بوون کە بەرەو پێشەوە بئاژۆن . جگەلەوەش، هەموو زۆر بەوە نـاشادبوون کە ڕێگایان دابوو مائۆ ئەو شەڕەی " توچێنگ"یان بەسەردا بسەپێنێت . کاتێك مائۆ چووە لای لین بیائۆ تا پاکانە بۆ خۆی بکات ( و خەتاکە بخاتە سەر خەڵکی تر)، براون سەرنجی ئەوەی دا کە لین " تابلێیت ترش" دیار بوو . بەڵام مائۆ بەهۆی پشتگیریی " لۆ فو" بردییەوە . لۆ فو، لە خۆبواردن لە چوونەلای" چانگ کوئۆ- تائۆ" - یا دواخستنی - دا، لەگەڵ مائۆدا هاوبەرژەوەند بوو، کە ئەگەر زوو بگەیشتنایەتە لای " چانگ کوئۆ- تائۆ"، ئەوا مەرکەزی ژمارە ١ی لە پارتەکەیدا زۆر دەکەوتە خەتەرەوە . ٧ی فیوریە/ شوباتی ١٩٣٥، سەرکردایەتییەنوێی لۆ فو ڕایگەیاند کە نەخشەکە -ی چوونە سیچوئان - ئیتر وەلا نرا و، پێشنیارەکەی مائۆ قەبوڵ کرا کە لە گوئیزهۆئو بمێننەوە .

کۆمونیست، ڕاستەوڕاست گەڕانەوە، دیسان لە" ڕووباری سوور"ەکە پەڕینەوە . ئەوەندە هەزار برینداریان، بە خۆراك و دەرمانی کەمەوە لە تەبیعەتی بێ ژیانی زستان بەجێ‌هێشتن . لە چەند مانگێکی کەمدا، زۆربەیان مردن . *

---

* شێوەی کاری کۆمونیستەکان لە" ڕۆینی ڕیگای دوور"دا وەها بوو کە برینداره‌کانیان بە کەمێك پارەوە لە ماڵی خەڵکی شوێنی سەر ڕێگایان بەجێ‌دەهێشتن . چارەنووسی ئەو بریندارانەی کە دەمانەوە، ئیتر مەسەلەی خۆیان و شانسیان بوو . لقی" چانگ کوئۆ- تائۆ" چەند سەربازی ژنی کە زۆر نەخۆش و یا بێ‌هێزبوون و نەیاندەتوانی بڕۆن ، وەها لە ڕێگا بەجێ‌هێشتن . کاتێك نیو سەدەی دوای ئەوە، مێژوونووسانێکی پارتەکە چوون ئەوانە بدۆزنەوە، دیتیان کە ئەوانە کارەساتی گەورەیان بەسەرهاتبوون . خەڵکێکی ئەو شوێنانەی، کە کەسانێکیان ئەزیەتیان لە کۆمونیستان دیتبوو، بۆ تۆڵەکردنەوە، کەوتبوونە گیانی ئەو ژنە سەربازانە، بە شکەنجەدان، بە دار دە قوز بڕین و مەمك بڕین کوشتبوویانن . هێندێك لەو ژنانە، بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆیان، مێردیان بە جووتیارانی دەوڵەمەند کردبوو . بەڵام کاتێك پارتەکەیان هاتە سەرحوکم، ئەوانەش ئیتر بە بەشێك لە " خاوەن زەوی"یان دانراون، مەحکووم کراون، سووکایەتییان پێ‌کراوە و تەواوی ژیانیان وا جیاوازییان لەگەڵ دەنرایەوە . ساڵی ١٩٨٥، لە وشکە سەرمای نوامبردا، مێژوونووسانی پارتەکە هێندێك لەوانەیان دیتن، کە لە شێستەکان و حەفتاکانی تەمەندا بوون، ئەوەندە هەژار بوون کە پێڵاویان دە پێدانەبووە، چونکە پێڵاویان پێ زۆر لەوە بەنرختر بووە کە بۆ دیدارێکی وەها ناگرنگ دە پێیانبکەن .

هێزەکەی مائۆ، ٢٧ی فیوریە/ شوبات " زونیبی"ی گرتەوە . چیانگ کای- شێك ویستی بۆ چوونە سیچوئان پاڵیان پێوە بنێت . بۆ ئەوە، جەنەراڵێکی تووش و جەربەزەی بە دوو فیرقە(لەشکر) ەوە نارد شارەکە بستێننەوە و، بوردومانیشی‌کرد . سوورەکان توانیان خۆیان لەبەر ئەو هێزە بگرن . مائۆ بەوە ئێجگار زۆر شاد بوو، بەتایبەتی کە ئەوانە هێزی تایبەتی بوون و، ئەوەش مانای ئەوەبوو کە دەکرا مائۆ لەوێ بمابایەتەوە ــ بەلای کەم بەشی ئەوەندە تاکو خۆی و" لۆ فو"ی بازیچەی دەستی، دەسەڵاتی خۆیان پتەو دەکرد . مائۆ بە شیعرێك ئەو شادبوونەی خۆی لەو وەزعە دەربڕیوە :

" لافی پووچە کە ڕێبازە بەهێزەکە دیوارێکی ئاسنە

ئەمڕۆ بە یەك باز دەچمە سەر لوتکە

دەچمە سەر لوتکە

چیاکان کە شەپۆل دەدەنەوە وەکو دەریا شین

هەتاوی کە دەمرێت سووری خوێن "

هەر تەنیا ئێستا مائۆ و لۆ فو لەشکریان ئاگادارکردەوە، بە " چانگ کوئۆ- تائۆ" شەوە کە لۆ فو ژمارە ١ی نوێی پارتەکە بوو و،کە مائۆش چووەتە سکرتاریاتەوە . " کوئۆ تا- ئۆ" ئیتر هیچی بۆ نەدەکرا . مائۆ و لۆ فو ئەو ماوەیە بە ئانقەست چاوەڕێیان دەکرد تا " سەرکەوتن"ێکیان بەدەستەوە هات، پێش ئەوە ئەو گۆڕانانە ئاشکرا بکەن . کاتێك ئەوانە ڕاگەیەندران و، نـاڕەزایی ئاشکرایان لێ دەرنەبڕدرا، لۆ فو مائۆی کرد بە " فـەرماندەی گشتیی بەرەی شەڕ"، کە وەزیفەیەکی نوێ بوو، بەتایبەتی بۆ مائۆ دروست کرابوو و، ئەوە یەکەم پلەی لەشکریی مائۆ بوو لە دوو ساڵ و نیودا .

ئەو شەڕ بردنەوەیە،" بردنەوەی پڕ لە دۆڕان" بوو . "پێنگ دێ - هوئای"، باسی " زیانی گەورە"ی لە هێزەکەیدا تۆمارکردووە :

" هـەر تـەنیا یـەك هەنگ ( فەوج : نێوان بەتالیۆن و هێز) ... هەر لقەی (گروهان، سریە : نێوان پەل و بەتالیۆن ) پـەنجا تا شێست سـەربازی هەیە ... ئێستا هـەموو بارەگاکانی هەنگان و بارەگاکانی سنفەکان وا بەتاڵ بوون وەك کە لافاو هاتبێت و ڕایماڵیبن ."

ئەفسەرێکی پایە بەرزی تر ی " ئێجگار زۆر پەرێشان" ئامۆژگاریی کردووە :

" سەربازی زۆرمان نەماون؛ دەبێت خۆ لە شەڕی قورس ببوێرین ... لەشکری سوور چیتر

لەگەڵ زیان لێکەوتنی وەهادا دەرنابات."

بەڵام مائۆ لەسەرئەوە سوور بوو کە دیسان هێرش بکاتە سەر هێزەکانی چیانگ. ئەوانە ئێستا "گوئیزهۆئو"- یان بەدەستەوە بوو و، ئەو، ئەگەر هیچ هەلێکی بۆ دانانی بنکەیەکی خۆی لە ستانەکەدا بویستایە، پێویستی بەو شەڕە هەبوو ــ شتێکی جەوهەری بوو بۆ ئەو تاکو تخوونی سیچوئان نەکەوێت. مائۆ، ٥ی مارت، فەرمانی بۆ "لەناودانی دوو هێز( فرقە، لشکر)ی حکومەتی مەرکەزی" دەرکرد. ئەو فەرمانە،لافاوی نارەزایی فەرماندە- کانی مەیدانی شەڕی لێ پەیدابوو، ئێجگار زۆر لەوە تووڕەبوون کە مائۆ ئاوا سەری سەربازەکانی بە فەترات دەدان. لین بیائۆ، ١٠ی مارت، تەلگرافێکی" ئەوپەڕی فەوری" لێدا، کە تێدا لەدژی ئەو هێرشە بۆ سەر ئەو دوژمنە سەرسەختانە بوو.

لە بەرەبەیانی ئەو رۆژەدا،" لۆ فو" لە بیست کەسێکی گێڕایەوە کە بچنە کۆبوونەوەیەك لەبارەی شەڕەوە، کە فەرماندەکانی مەیدانی شەڕیش تێدا ئامادە دەبوون. مائۆ، لە مەسەلەی فەرمانی هێرش بردنەکەی بۆ سەر ئەو هێزە تایبەتییانەی "چیانگ"دا، خۆی لەوێدا بەتەواوی تەنیا دیتەوە. تەنانەت "لۆ فو"ی هاوپەیمانیشی ئەو فەرمانەی هێرشی قەبووڵ نەبوو. کاتێك مائۆ خۆی گەوج کرد و هەڕەشەی دەست کێشانەوەی لە وەزیفەی "فەرماندەیی بەرەی شەڕ" کرد، زۆربەی کۆبوەکان بە ئۆخەیشەوە ئەوەیان لێ قۆستەوە. "پێنگ دێ- هوئای" لە جێگای دانرا. کۆبوونەوە بە دەنگدان بڕیاری دا کە فەرمانی ئەو شەڕەی چیانگ وەلابنێن.

ئەمجارە، وا دەهاتە بەرچاو کە ئیتر بەڕاستی کۆتایی مائۆ بوو. بەڵام مائۆ، هیچی لێ نەوەستا و، دەستبەجێ کەوتە پیلانگێڕان بۆ هەڵگێڕانەوەی بڕیارەکە. شەو، بە چرایەکی فتیلەی نەوت بەدەستەوە، چووە لای "چوو ئێن- لای"ی کە بە تیۆری دوا بڕیاری سەربازی هێشتا هەر بەدەستی ئەو بوو و، وای لێ کرد کە سەرلەبەیانی کۆبوونەوەیەکی تر سازبدات ــ بەڵام شتێکی زۆرگرنگ لێرەدا: بە بێ فەرماندەکانی مەیدانی شەڕ، کە ئەوانە ئیتر گەڕابوونەوە لای هێزەکانی خۆیان.

مائۆ، دڵی" چوو ئێن- لای"ی بە شتێك خۆشکرد. لەوەتای مائۆ ببوو بە" فەرماندەی گشتیی بەرەی شەڕ"، وەزیفەکەی چوو ئێن- لای، ئیتر تارادەیەك وەك ئەوەبوو بڵێیت شتێکی پێوە نەمابوو. مائۆ، ئێستا بۆی پێشنیار کرد کە ئەو فەرماندە گشتییە نەهێڵن و، شتێکی نوێ دامەزرێنن، پێی بڵێین" سێ قۆڵی"، لە سێ کەس پێك بێت: چوو ئێن- لای و خۆی (مائۆ) و پرۆفی سوور.

ئەمجارە، کە فەرماندەکانی مەیدانی شەڕ لەوێ نەبوون، مائۆ توانی بە حیلەبازیی خۆی کۆبوونەوەکە بە لای

مەیلی خۆیدا بـەرێت . لە کۆبوونەوەکەدا، دوو بڕیاری پێشوو : دانانی" پێنگ " لەجێگای مائۆ و، وەلانانی ئەو شـەڕەی چیانگ، هەرتك هـەڵوەشـێنرانەوە . بەوجۆرە بڕیارێکی روون و ئاشکرای کوۆروم ( بەلای کەم : نیوەی ئەندامان + ١- وەرگێڕ)،بەوجۆرە، زۆرتر لەسایەی‌هاوکاریی« چوو ئێن- لای»یەوە،خرایە ژێر پێی تاك و تەرایەکی پاشماوەی ئەندامانی کۆبوونەوەکە . جگەلەوەش، لە نەتیجەی ئەو گۆڕینە ژێرجلەکییەدا، لە ١١ی مارسی ١٩٣٥ ـەوە، تاقە کەسێکیش لە فەرماندەیی هەرەسەرووی لەشکرەکەدا نەبوو کە بەڕاستی ئەفسەر بووبێت . سێ‌قۆڵیی نوێ دەستبەجێ فەرمانی دا هێرش بکرێتە سەر هێزەکانی چیانگ لە نیزیك" مائۆتای"، شوێنی دروستکردنی بەناوبانگترین خواردنەوەیەکی ئالکۆلیی چینی، کە دوژمن خۆی تێدا چاك قایم کردبوو .

پێنگ لێیان پاڕایەوە :

" زوو واز لەوە بهێنن . قایمکاریی دوژمن تۆکمەیە و، جوغرافیاکە بۆ ئێمە خراپە . هیچ لەتوانادا نیە ( ئەم هێزەی چیانگ) بشکێنین . "

بەڵام سێ‌قۆڵی پێی لەسەرئەوە داگرت کە :

" سبەی، هەموو هێزەکانمان بخەنە مەیدانەوە ... بە بێ هیچ جۆرە دوودڵییەك " .

کـاتێك سـوورەکان هێرشی بـەرەییان کرد، لەشکری چیانگ بە مەترەلۆزان بۆیان ئـامادە بوو و، زۆر پیـس تێکیشـکاندن و، زیانی پتر لە هـەزار کەسی لێ دان . کـۆمونیستی تێکشـکاو دیسـان لە " رووباری سـوور" پەڕینەوە و دە سیچوئان کرانەوە .

چیانگ، کە ئەوانەی دە ئەو شوێنەی دەیویست کرد، ئـەوجا رێگای گەڕانەوەیانی بۆ گوئیزهۆئو لێ گرتن . مائۆ،کە هێشتا تاقە رێگای لەتوانایدا بە سووکایەتی لێ‌دەنۆڕی - کە بریتی بوو لە رووکردنە باکوور-، فەرمانی دا بە لەشـکری سـوور کە بگەڕێتەوە و دیسان لە" رووباری سـوور" بپەڕێتەوە و، بە زۆر رێگای بۆ گوئیزهۆئو بکاتەوە . ئەوە، ئەوەندە بێ‌عەقڵانە و نـاپەسند بوو، فەرمانێکی نائاسایی لەبارەیەوە دەرکرا کە دەبوو تەنیا هەر فەرماندەکانی هەرەسەروو بیبینن، فەرمانەکە بەتایبەتی بۆ ئەوە بوو کە :

" ئەم پەڕینەوەیە بۆ رۆژهەڵات نابێت رابگەیەندرێت و دەبێت بە نهێنی بمێنێتەوە ."

لەشکری سوور، وەك " براون " بە واقوڕمانەوە دیتوویە، دوو مانگی رەبەق :

" لە ناوچەیەکدا دەسووڕایەوە،کە تا دەهات تەسکتر دەبۆوە . هێندێك شوێن، دوو یا سێ جار پێدا چووبۆوە ." " شەتەك و بێ هوودە، سەرگەردان بوو" .

براون، هـەموو شتەکەی هەر بە" شێوان" داناوە . ئەو لەشکرە وادیار بوو، بە خـۆڕایی خرابووە شەڕی بە زیانی زۆر سامناکەوە . لەوەش پتر، خۆ مائۆ هەر ئەوە نـەبوو کە کارەساتی تەنیا بەسەر هێزەکەی ژێر فەرماندەیی خۆی هێنابووبێت، ئەو لەشکرەکەی" چانگ کوئۆ- تائۆ"یشی بەوە کە ناچارکردبوو لەو دەورویەرە بمێنێتەوە و چاوەڕێی بکات، خستبووە خەتەرەوە . مائۆ دواتر بێشەرمانە ئەو نـاکامییەی بە " گەشتی هێز" ناوبردووە . ئەو حەقیقەتە کە ئەو ژمارە یـەکجار زۆرەی قوربانییان هی فێڵ و تەڵەکەی مائۆ بووە بۆ دەسەڵاتی شـەخسیی خۆی، تا ڕۆژی ئەمڕۆش نەزانراوە .

چیانگ، ئەویش، بەتەواوی، سەری لەوە سووڕ مابوو کە دەیدیت دوژمنەکەی وا :

" بێهوودە لەو شوێنەدا بەدەوری خۆیدا دەسووڕایەوە ".

چیانگ، بێئاگا لە مەبەستی شـەخسیی مائۆ، چـاوەڕوانیی ئەوەی دەکرد سوورەکان بچنە سیچوئان . بەوە کە لەشکرەکەی ئەویش دەبوو بەدووییانەوە بوایە، ٢ی مارس، بە فڕۆکە خۆی گەیاندە "چۆنگکینگ"، گـەورەترین شاری ستانەکە، تاکو حوکمی مەرکەزیی تێدا بەهێز بکات . چیانگ، هـەوڵی دا کۆتایی بە نیوەسەربەخـۆیی دەرەبـەگییەکان بهێنێت، بەڵام جەنگسالاران،هەرچەندە بە بێشەڕیش بوو بەڵامهەر، زۆر بە کەللەڕەقی ڕووبە- ڕووی بوونەوە . ئەویش، بەوە کە لەشکرەکەی لەبەردەستدا نەبوو، دیتی کە هیچی لەگەڵ ئەوانەدا بۆ نەدەکرا .

چیانگ، ئێستا هەوڵی ئاژۆتنی سوورەکانی بۆ سیچوئان دووئەوەندە لێکرد، بۆردومانی قورسی فڕۆکەی لێ کردن و توانای خۆدامەزرانی لە گوئیزهۆئو بۆ مائۆ نـەهێشتەوە . چیانگ، لەهـەمان کاتدا، زۆر بە ئاشکرا و بە بەرچاوی خەڵکەوە کەوتە دوورخستنەوەی هێزەکانی لە سنووری سیچوئان، کە بەوە دەیویست بڵێت : سەرباز لە سەر سنوور نین، دەی بڕۆن، بچنە سیچوئان! بـەڵام مائۆ، بە سـووڕبوون لەسەر بڕیاریخۆی، لەشکری سووری بەپێچەوانەوە، بە لایەکەی تردا، بەرەو باشوور برد .*

لە ژێر بۆردومانی بێ وچاندا :

---

* چیانگ و ئەفسەرەکانی سـەریان لەوەدا گێژ ببوو و تێی نـەدەگەیشتن، پێیان وابوو مائۆ دەیویست هێرش بکاتە سەر پایتەختی گوئیزهۆئو،کە چیانگ لەوێ بوو و، بیەوێت چیانگ خۆی لەوێ بگرێت . بەڵام سوورە- کان خێرا پێیان هەڵگرت و بە بێ وەستان تێپەڕین .

" ڕۆینی بەزۆری ڕێگای ٤٠ تا ٥٠ کیلۆمیتر قاعیدە بوو ." ـ دەقی وشەکانی نووسینی براون .

" سەربازان تادەهات پتر شەتەك بوونیان پێوە دیار دەبوو ...کاتێك فڕۆکە بەسەرمانەوە وڕەیان دەهات، ئێمە هەر ئەوەندە خۆمان دەهاویشتە لایەکی ڕێگاکەوە، بە بێ ئەوە کە وەك هەمیشە چاو بۆ حەشارگەیەك بگێڕین . کە بۆمبا دەکەوتە دێیەك یا مەزرایەکەوە کە تێدا خەوتبووین، من هەر وەخەبەرنەدەهاتم . خۆ ئەگەر بۆمبایەك بکەوتایەتە پەناشمەوە، ئیدی هەر ئەوەندە بوو کە خۆم بەولادا وەردەگێڕا ...

ژمارەی مردووان، زۆرتر بەهۆی نەخۆشی و هێزلێبڕانەوە تاوەکو لە برینداربییەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندا بوو . هەرچەندە لە سەرەتای ساڵەوە چەندین هەزار خۆبەخش وەرگیرابوون*، ریزەکان زۆر لەبەرچاو بوو کە زۆر داشکابوون . "

لە ئەو پەلەقاژەی ڕاکردنەدا، سوورەکان دەبوو دەستگای بژیشکیی پتر بەجێبهێڵن و، تیمە بژیشکییەکانیان بڵاوەپێبکەن . ئیتر بریندار، نیزیکەی هەر بێ چارەکردن مابوونەوە . ئەوجا جگە لەوانەی کە بە گوللە و پارچەی تەقەمەنی بریندار ببوون، زۆریان زۆر بە ئێش و ژانی برینی پیسکردووی پێیانەوە دەتلانەوە .

ئەوەی گەوجیی مائۆمان لێرەدا بە ڕوونی دەخاتە بەرچاو، بەراوردی حاڵی دەستەیەکی لەشکری سوورە، فەیلەقی ( سپاهی ) ٩یەم، لە سەر " ڕووباری وو " کە لە لەشکرەکە دابڕا و، دووهەزار پیاوی کەوتنە کەناری باکووری ڕووبارەکەوە، ئیتر ناچار چوونە سیچوئانەوە . ئەوجا فەرموو سەیرکە : ئەوانە، جگە لە یەك یا دوو پێكپرژانێکی سووك، کەس بە هیچ جۆرێك خۆی تێنەگەیاندن . بە پێچەوانەی هێزەکەی لەگەڵ مائۆدا، کە دەبوو بە چەند حەفتە، شەتەك وماندوو، لە ژێر بوردوماندا، دڕ بە ڕێگا بدەن، ئەم هێزە زۆر بە ڕەحەتی بە ڕۆژی ڕووناك و بە ڕێگای ئاسایی‌سەرەکیدا دەڕۆیشتن و، تەنانەت وادەبوو یەك یا دوو ڕۆژیش وچانیان دەگرت و دەحەسانەوە .

یەکێك لە قوربانییەکانی ئەو پیلانگێڕییانەی مائۆ، ژنەکەی خۆی بوو . ئەو ژنە لەگەڵ ژنانێکی تری بریندار و نەخۆشی بە ئیمتیازدا، لە یەکەیەکدا بوون کە پێیاندەگوت " کۆمپانیی «هاتنەوە سەرحاڵ»ی کادیران" ( هاتنەوە

---

* لە گوئیزهۆئو، کە خەڵکەکەی لە هەژارییەکی زۆر سامناکدا بوون، سوورەکان بە هەزاران لاویان هێنابوونە ریزەوە .

سەرحاڵی دوای نەخۆشی و یا برینداری)، ٣٠ ژنیان تێدا بوون کە زۆرتر هەر ژنی رابەران بوون . دوای شەڕی توچێنگ، لەشکری سوور تەواوی رۆژەکە دەوری ٣٠ کیلۆمیتر لە بەر ڕێژنەی باراندا رۆیشتبوو . لە شوێنێك کە پێی‌دەڵێن " لی سپی "، گوئی- یوئان لە کەژاوەکەی دەرچوو، ئەو کەژاوەیەی کە پێش دوو مانگ، بە هۆی ئەوەندەمانگیی زگپڕبوونیدا، کە چیتر نەیدەتوانی سواری ئەسپ ببێت، دابوویانێ و، چوو لە کەپرێکی سەر- داپۆشراودا درێژ بوو . چەند سەعاتێك دوای ئەوە کچێکی بوو . چوارەم منداڵی بوو لە مائۆ . ئەوە رۆژی ١٥ی فیوریە/ شوباتی ١٩٣٥ بوو . ژنی تسی- مین کچەکەی پێشان دا، کە لە چاکەت(کۆت) یکەوە پێچرابوو . لەشکری سوور تەنیا یەك رۆژ لە لی سپی مایەوە . گوئی- یوئان، ئەمجارەش وەك کە دوو جار پێشتر رووی‌دابوو، دەبوو منداڵەکەی بەجێ‌بهێڵێت . کە چووە کەژاوەکەیەوە و وەرێکەوت، گریا . ژنی تسی- مین، منداڵەکەی وەرگرت و، چنگێك دۆلاری زیو و هێندێك بەنگ، کە ئەوسا بە پارە بەکاردەهات، تا خێزانێك ببینێتەوە و منداڵە- کەیان پێ بسپێرێت . کاتێك ژنی تسی- مین پێی‌گوتبوو ناوێك لە کچەکەی بنێت، گوئی- یوئان سەری خۆی بە ئیشارەتی نا بادابوو: چونکە پێی وانەبوو تازە قەت ئەو کچەی دەبینێتەوە . هەستەکەشی راست بوو . پیرێژنێکی کە کچەکەی پێ سپێردرابوو، شیری نەبوو . دوای سێ مانگ، هەموو لەشی کێژی ساوا، دومەڵ دایگرت و، مرد .

گوئی- یوئان، لە دواتری ژیانیدا، کە کاتی زۆری بۆ گەڕان بە دووی منداڵەکانیدا، کە لێی دوور خرابوونەوە، تەرخان کرد، قەت هەوڵێکی بە جیددی بۆ گەڕان بەدووی ئەو کچەیدا نەدا . کە لای نیزیکانی خۆی باسی‌دەکرد، دەیگوت :

" کچ لە رۆیینی ڕێگا دوورەکە لەدایکبوو، تەنانەت باشیشم سەیرنەکرد . هەر بەتەواوی نەمزانی ئەو شوێنەی لێی لەدایکبوو کوێ بوو و ... دامان بە کێ ... ."

بەڵام ئەو کچەی هەر لەبیردا بوو .

ساڵی ١٩٨٤، ساڵی مەرگی گوئی- یوئان، سەرۆکی کاتی" رۆیینی ڕێگا دوور"ەکەی، چووە لە خەستەخانە سەری داوە . ئەو بۆی گێڕاینەوە، گوتی لەکاتێکدا کە ئێمە باسی شتێکی تەرمان دەکرد، سەیر هەر وا لەپڕێك لێی پرسیم :

" لەکوێ، بەڵام بەڕاست لەکوێ بوو کە من ئەو منداڵەم بوو ؟ تۆ لەبیرت ماوە ؟"

مائۆ ئەوسا سەری لەگوئی- یوئان نەدا، هەرچەندە هەرتکیان لە هەمان شارۆچکەش بوون . سەردەمێکی پێ‌چوو تا بە ڕێکەوت ڕێگایان وەها بوو کە تووشی یەکتر هاتن . بە مائۆی گوت کە منداڵەکەم بەجێ‌هێشت، مائۆ سارد

و لەسەرەخۆ گوتی :

" چاکت کرد، هەر دەبوو وابکەین ."

گوئی- یوئان، لە قـوولایی دڵیدا، بەو ساردو سڕییەی مائۆ بریندار بوو . گوئی- یوئان لای دەستەخوشکەکانی گوتبووی کە ئەوەی دڵی هـەرە زۆر پێ ئێشـاوە، ئەوە بووە کە مائۆ بە پێکەنینێکی مەسخەرەکردنەوە بە ژنانێکی تری گوتووە :

" ژنەکان، ئێوە بۆچی ئەوەندە لە منداڵبوون دەترسن ؟ سەیری ( گوئی- یوئان) بکەن، منداڵبوون بۆ ئەو وەکو ئەوەیە هێلکەیەك بکات ." *

گوئی- یوئان ، دوو مانگ دوای ئەو منداڵبوونەی،کە مائۆ لەشکری سووری بە ڕۆینی جەهەننەمیی، بە دوور- کەوتنەوە لە سیچوئان بەرەو بـاشـوور دەبرد، بەر بوردومانی فڕۆکە کەوت و لە مەرگ نیزیکبۆوە . سـەرەتای ئێوارەیەکی مانگی ئاپریل، سێ فڕۆکە پەیدا بوون، زۆر نزم بەسەر کێڵگەکانی چەڵتووکی پلەکانی بەری چیادا دەفڕین، ئەوەندە نزم بوون کە خەڵك دەموچاوی فڕۆکەوانەکانیان لە زەوییەوە دەدیتن . قرمژی گوللەی شەستیری فڕۆکە هات و، بۆمبا بەسەر گوئی- یوئان وهەڤالانیدا داباریـن لەکاتێکدا کە هەناسەیەکیان دەکێشا . ئیتر دەست و لاق بە ئاسماندا پەرینە ناو دارانەوە و، گۆل -گۆلی ئاڵی خوێن و مێشك بەسەر زەوییەوە بڵاوبوونەوە . پتر لە دەرزەنێك پارچە تەڵەزمی پەڕیو، کەللەسەر و پشتی " گوئوی- یوئان"یان گرتەوە و، یەکێکیان لای ڕاستی

---

* منداڵبوون لە کاتی " ڕۆینی ڕێگای دوور"دا مـۆتـەکەیەك بوو بەسەر سـنگی ژنـانەوە . ژنێـك، شـەو، بە ڕۆیشتنەوە، کە منداڵی دەبوو، هەر تـەنیا سـەری منداڵەکەی هاتبووە دەرەوە و، دایـکەکەی تـا بـەو حاڵە دەبوو درێـژە بە ڕۆیشتنی بدات و نـەوەستێت . پێش ڕۆژهەڵات، بە گـریانەوە، منداڵەکەی لە مـەڵۆیەکی پووش و پەڵاشدا لە کەپرێکی بەتاڵدا دانا و بەجێیهێشت و درێژەی بە ڕۆیشتن دا . کاتێك لە ئاوی تەزیوی رووبارێکدا خەریکی پەڕینەوە بوون، ژن بووڕایەوە . ژنەکانی لەگەڵیدا بوون، مێزێکیان دیتەوە و ژنەیان خستە سەر و هەڵیانگرت . ژنی " تێنگ فا"ی ئەوسا سـەرۆکی " ك گ ب"ی ئەو کـۆمونیستە چینییانە، منداڵبوونەکەی ئێجگار زۆر بە ئێش بوو . کە بە ئێش دەتلایەوە، مێردەکەی بۆ ئەو زگچڕکردنەی بە لەعنەت دەکرد ." تێنگ فا"یان بانگ کردە لای، بە نارەحەتی لە کەپردا لای ژنی وەستا و سەری شۆڕ کرد . دەبێت ئەوسا ژنی" پۆ کو" گوتبێتی:" لەم « ڕۆینی ڕێگای دوور»ەدا، من کەرێك یا ئەسپێکم پێ لە پیاوێك باشترە" .

پشتی زۆر دادڕی . لە خوێندا شـەلاڵ ببوو . بژیشکێك، تەڵزمەکانی بە مووکێش لێ دەرکێشان و، خوێنەکەی بە" بایبائۆ" راگرت ("بایبائۆ یونان" بە چینی واتا: دەرمانی سپیی یونان، دەرمانێکی تۆزی سپییە، چینییەك ساڵی١٩٠٢ بۆ خوێن راگرتن دروستی‌کرد و،لەوساوە ژیانی خەڵکێکی یەکجار زۆری پێ رزگارکراوە، دواتریش لە شەڕی ڤێتنامدا زۆر بەکاردەهات - وەرگێڕ) .گوئی- یوئان، بێهۆش کەوتبوو و خوێن لە لووت و دەمی دەهات .
ئەو بژیشکەی دەرزییەکی بۆ بـەهێزکردنی دڵی لێدا، پێی وابوو دەکرا هەر دوو سەعاتی تر بژیایە . رابـەرانی کۆمپانییەکەی، بڕیاریان دا کە بەجێی‌بهێڵن، بە خێزانێکی ئەو ناوەی بسپێرن و بڕۆن . مائۆ، کە لە یەکەم دێی ئەولای ئەوێوە بوو، لێ ئاگادارکرایەوە . مائۆ، نـەهات سەری بدات ـــ" ماندوو" بوو . هەر گوتی کە نەیدەویست بەجێی‌بهێڵن و، بژیشکێك و دوو هەڵگری کەژاوەکەی بۆ نارد . مائۆ تا رۆژی سێیەم نـەچووە سەردانی . گوئی- یوئان، ئێستا وەهۆش هاتبۆوە، بـەڵام قسەی بۆ نـەدەکرا، لە گۆ کەوتبوو و، تـەنانەت گریانیشی بۆ نـەدەکرا . درێژەپێدانی رۆیشتن، زۆر بە رەنج بوو؛ گوئی - یوئان هەر دیسان بێهۆش دەبوو و، هەر مووچڕکی ئێش و ئازاری زۆر وەهۆشیان دەهێنایەوە . لە هەڤاڵان دەپاڕایەوە بەر گوللەی بدەن و بیکوژن .

دوای دوو مانگ پێ‌هەڵگرتنی رووەو باشوور، رۆیشتن و رۆیشتن، بێ دیتنی هیچ کۆتاییەك لە ئاسۆدا، هەموو دەیپرسی :" ئێمە بۆکوێ دەچین ؟ ". لە ناو تاقمی کە ئاگاداری نەخشەی گەیشتنەوە لقی" سیچوئان"ی لەشکری سوور و، ستراتیجی دووری نیزیکتربوونەوە لە رووسیا بوون، توورەییەکی زۆر لە مائۆ هەبوو . لین بیائۆ هاواری بوو : " بـەم شـێوەیە، هێزەکانمان دەکێشرێنە وێرانییەوە! ئێمە بەهیچ جۆرێك نـاتوانین ئـاوا ئەومان رابەر بێت !"

لین، مانگی ئاپریل،بۆ سێ‌قۆڵییەکەی نووسی، تکای لە مائۆ کرد فەرماندەیی بداتە دەست پێنگ دێ- هوئای و، کە هەموو هێزەکە راستەوخۆ بچێتە سیچوئان . هەمووکەسێك لە مائۆ توورە بوو، تەنانەت " لۆ فو"ش، کەسەرەتا بۆ نەخشەکە هاوبیری مائۆ ببوو . قووربانییەکان بە رادەیەکی زێدە سامناك بوون . براون دەیگوت لەبیری بوو کە :

" رۆژێـك، لۆ فو، کە من کـەم وادەبوو پێوەندیم لەگەڵ دەبوو ... دەستی بە باسی ئەوە کرد کە نـاوی نـا« بـەڵای کـارەسـاتی سـەربازی» ی هەر لە « تسونیی» ( زونیی)یەوە، کە بەرهەمی ستراتیج و تاکتیکە بێ باکەکانی مائۆ بوون ."

لۆ، گوتی پێی‌وابوو ئەگەر بیانویستایە خۆیان لە لەناوچوون بپارێزن، ئەوا سێ‌قۆڵییەکە :

" دەبوو شوێنەکەیان بدرایە بە فەرماندەیانێکی سەربازیی شایستە".

مائۆ، بەو گۆڕانەی هەڵوێستی" لۆ فو"، لە تووڕەییان شین و رەش دەبۆوە . براون سەرنجی داوە کاتێك مائۆ باسی" لۆ فو"ی لەگەڵدا کردووە، کە هاتووەتە سەر ناوەکەی لۆ فو، دەنگی تیژتر بووە . مائۆ گوتی " لۆ فو"

" شێواوە و، پیلان لە دژی دەنێتەوە ."

بەڵام ئەوەی راستی بێت، لۆ فو هیچ خەتەرێك بۆ سەر مائۆ نەبوو، چونکە خۆ ئەو هەرلەسەرەتاوە ملی بۆ تەوژمی مائۆ دابوو، لە مەسەلەی دواخستنی گەیشتنەوەیان بە" چانگ کوئۆ- تائۆ"، دابوویە پاڵ مائۆ، تاکو مەرکەزی ژمارە ١ـەکەی خۆی لە پارتەکەدا بپارێزێت . مائۆ هەستی ئەڤینداریی" لۆ فو"یشی بۆخۆی بەکارهێنا، دەیزانی کە " لۆ فو" حەزی لە کیژێکی جەوان دەکرد، مائۆ کارێکی کرد کە کیژەکە لەو شوێنەوە کە لێی بوو ببرێتە لای لۆ فو .

لە ناوەندی ئاپریلی ١٩٣٥دا، سوورەکان، کە دوژمن هەر بەدوویانەوە بوو، کەوتنە ستانی " یوننان"ـەوە، لە رۆژئاوای باشووری چین . مائۆ فەرمانی دا کە لەوێ دایکوتن و، تەنانەت " پتریش بەرەو باشوور پەل بهاوێن" ــ واتا تەنانەت ئەوەندەی تر لە سیچوئان دووربکەونەوە . بەڵام باشوور دەگەیشتەوە ڤێتنام، کە لە ژێر دەستی فەرەنسییەکاندا بوو و، ئەو فەرەنسییانەش زۆر دژی سوورەکان بوون . ئەوجا جگە لەوەش، ئەو گۆشەیەی چین، قەومێکی لێ دەژیان پێیاندەگوتن" میائۆ"، ئەوانە لە سەرەتای " رۆینی ریگای دوور"ەکەدا دەردیان دابووە سوورەکان و، تا بڵێیت شەڕانی بوون . هەموو کەسێك دەیتوانی ببینێت کە ئەوە رێگایەك بوو دەرنەدەچوو .

فەرماندەکانی مەیدانی شەڕ، بەو فەرمانەی مائۆ پیس تووڕە بوون . شەوی کە ئەو فەرمانەیان پێ‌گەیشت، ٢٥ی ئاپریل، لین بیائۆ تەلگرافێکی نارد و داوای کرد :

" دەستبەجێ بڕۆن ... بۆ سیچوئان ... و ئامادەبن لەگەڵ « چانگ کوئۆ- تائۆ»دا یەکبگرنەوە ."

« پێنگ»یش ئەوەی پێ باش بوو .

مائۆ، نەیدەتوانی چیتر پێی راکێشێت . ئاخری، ٢٨ی ئاپریل، رازی بوو کە رووبکاتە سیچوئان . کاتێك بەرەو باکوور وەڕێکەوتن، هیچ کێشەیەکیان لە رێگادا نەبوو . تەنانەت بە رێگادا ئاسانکارییان بۆ کرا . ئەو رۆژە، لۆری(کامیۆن)ێکیان دیتەوە، بیست نەخشەی بە زۆر وردەکاری (بە پێوانەی یەك بۆ سەدهەزار) تێدابوو و، بە شتی خۆشی خەڵکی ناوچەکە بارکرابوو ــ چا و گۆشتی نەرمەی رانی بەراز( هام) و،"باییائۆ"ی بەناوبانگ

ـ و لۆری لە قەراغی ڕێ وەستابوو، لەوێ دانرابوو تاکو دەستی بەسەردا بگیرێت . روون بوو کە چیانگ کای - شێك یا کاربەدەستانی یوننان ئەوەیان ڕێکخستبوو تاکو سوورەکان وا لێ بکەن بەزوویی لە یوننان بەرەو سیچوئان دەرچن . کاتێك سوورەکان گەیشتنە سەر سنووری ستانەکە، رووباری " لەی زێڕین" (کە وا بە پێچە بەرینەکانی بەشی سەرووی رووباری یانگتسێ دەڵێن) ، سێ شاری سەر ڕێگایان دەروازەی شاریان بۆ کردنەوە، بە بێ هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەك و، تەنانەت خۆراك و پارەشیان پێشکەش کردن . سوورەکان، سەرەتای می/ ئایار بە حەوت شەو و حەوت ڕۆژ ئەوجا لە رووباری " لەی زێڕین" پەڕینەوە . هێزەکانی چیانگ لێیان نیزیك بوون، بەڵام خۆیان تێ نەگەیاندن . هیچ کام لە نوختەکانی چوونە قایقەوە بۆ پەڕینەوە، هیچ پارێزگارییەکی لەسەر نەبوو . فڕۆکە بەسەریانەوە دەسووڕانەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە بێ بۆمباران . ئەوانەی ئەو" ڕۆینی ڕێگای دوور"ە، لەبیریان بوو کە " ژمارەی ئێجگار زۆر" ی مێش پتر ناڕەحەتی دەکردن .

بەڵام، هەر کە لە رووبار پەڕینەوە، مائۆ ویستی خۆ لە ڕۆیشتنی پتری بەرەو باکوور ببوێرێت . فەرمانی دا ئابڵۆقەی شارێك بدەن، کە ڕێك دەکەوتە سەرەتای ناو سنووری مەڵبەندی سیچوئانەوە، ناوی"هوئیلی" بوو، تاکو بکرێت بە بنکەیەکی نوێ . هوئیلی، بە شوورەی ئەستوور و کۆنگرەی بەدەورەوە و خەندەکی پڕ ئاویش بە دەوری ئەوانەوە، کە لە سەدەی پازدەوە بوون، بەدەست جەنگسالارێکەوە بوو کە خەڵکی ئەوێ بوو و، تێدا دەژیا، ئامادە بوو تا ئەوپەڕی دنیا شەڕی لەسەربکات . جەنگسالار، هەرچی خانووی دەرەوەی شوورەی شار هەبوون، ئاگرتێ- بەردان، تاکو ئابڵۆقەدەران،ماڵێکیان بەدەوری شوورەی شارەوە، بۆ حاوانەوە دەست نەکەوێت . تەنانەت دەیان لە سەربازەکانی خۆیشی، کە گومانی لێ دەکردن لایەنگری کۆمونیستان بن، کوشتن . فڕۆکەکانی" چیانگ"یش ئەمجارە کەوتنەوە بۆمباران . قوربانی، زۆر بوون . بەوە کە داودەرمانیشیان نەبوو، نەیاندەتوانی هیچ بۆ بریندارە- کانیان بکەن . مائۆ هەر خوێنی سارد، قەت نەچوو سەرێك لە بریندارەکان بدات .

رادەی قوربانی و نەبوونی داودەرمان بۆ چارەی برینداران، دوا دڵۆپەیەك بوو کە کاسەی"پێنگ دێ- هوئای"ی پڕ کرد. پێنگ بڕیاری دا رابەرایەتییی سەربازی لە چنگی مائۆ دەربخات . زۆر لە فەرماندەکان لەوەدا پشتگیرییان لێ کرد، کە بەتایبەتی" لین بیائۆ" شیان لێ بەدەر نەبوو ." لین بیائۆ" باسی ئەوەی کرد چۆن مائۆ پێچێکی ئەوەندە دوورو درێژی بەخۆڕایی بە لەشکری سوور دا، ئەینا ئەوان ئێستا سێ مانگ و پتریش بوو گەیشتبوونە " سیچوئان" . لۆ فو، ١٢ی می/ ئایار، کۆبوونەوەیەکی لە کەپرێکی کاتی بۆ ئەوە، ساز دا .

مائۆ، بە ویستێکی سامناك و تووڕەییەکی ئێجگار زۆرەوە ڕووبەڕووبۆوە،" پێنگ"ی مەحکووم کرد، مۆری

شتی وەك " دەستە ڕاست"ی بە ناوچەوانییەوە نا و، بەوەی تـاوانبار کرد کە ئەو " لین بیائۆ"ی وروژاندووە.

کاتێك لین هەوڵی دا بە عەقڵ بدوێن، مائۆ بەسەریدا نەڕڕاند :

" تۆ منداڵێکی ساوای! تۆ هیچ شتێك نـازانیت!".

لین لە هاوارکردندا لەگەڵ مائۆی دەرنـەدەکرد، ئیتر تـەپی و بێدەنگ بوو. پێنگ، بە شـەرم و حەیا و گرانیی خۆیەوە بەستراببۆوە. پێنگ، بە پێچەوانەی مائۆ، تەنانەت ئەگەر لە شتێکدا خۆیشی پێ لەسەر ڕێگای هەق بوایە، دیسا هەر شەرمی دەکرد هەرای بۆ دەسەڵاتی شـەخسیی خۆی بنایەتەوە. پێنگ، لە قوڕاویکردن و ناوزڕاندنی " سیاسی"یشدا هی ئەوە نەبوو بیتوانیبا شان لە شانی مائۆ بدات.

مائۆ، پشتگیریی لە " لۆ فو"ی ژمارە ١ی پارتەکە، کە جێی دنیایەك گومان و ریسوایی بوو، وەدەستهێنا. " لۆ فو"، " پێنگ"ی ناو نا :" هەڵپەرستی دەستەڕاست"، ئەوەشی بە پێچەوانەی هەستی ڕاستەقینەی خۆی، لە ژێر هەڕەشەی مائۆدا کرد. ئەوانی تر بێدەنگ بوون. بە گژ مائۆداچوون،کارێکی کەم نەبوو. جگە لەو موحیتە ترسێنەرەی کە مائۆ ئەو لەحزەیە لەوێ دایهێنا و، هەستی تەنگژە و دابەزینی ورەی کە بەرهەمی ئەوەبوو نیزیکەی هەشت مانگ بە ڕێگای ڕاکردنەوە ببوون، درێژکردنەوەی کێشە لەگەڵ مائۆدا زۆر چاك دەکرا لەشکر و پارتەکە-شی تووشی دووبەرەکی بکردنایە. کەواتە، مائۆ بەوجۆرە مەرکەزی خۆی پاراست. مائۆ، ئیتر بەهۆی" هوئیلی"-یەوە، ڕقی لە پێنگ هەڵگرت و، ئەو ڕقەی لە پێنگ تا کۆتایی ژیانی پێنگ هەرهەبوو و، هەر دەستبەجێش ملی لە تۆڵەلێکردنەوە نا. دوای کـۆبوونەوەکە، هەڤاڵێکی نیزیکی پێنگ، کە لەو شەڕانەی بەرهەمی بڕیاری مائۆدا قوربانیی زۆری دابوو و، دژی ئەوە ببوو کە مائۆ لە گوئیزهۆئو دایبکوتایە، دیتی کە تـاوانی دەدرێتە پاڵ. ئەو هەڤاڵە تێگەیشت کە ئەو تاوانبارکردنە بۆ پێنگ بوو، پێنگ ئامانجی نهێنیی ئەوە بوو :

" تـاوانبارکردنی« پێنگ دێ- هوئای» خۆی نـەدەگونجا، ئیتر لەبەرئەوە من لە جیاتیان تـاوانبار کرام".

مائۆ بـەشی ئـەوەندە زیرەك بوو کە سـەودایەك بکات. فەرمانەکەی گرتنی" هوئیلی"ی نەهێشت و، ئاخری، بە ئـاشـکرا ڕازی بوو کە دەستبەجێ بچنە لای " چانگ کوئۆ- تائۆ". مائۆ چوار مانگ بوو، خۆی لەو چوونە بـواردبوو و، ئـەو خـۆبـواردنەی ئـەو، ژیـانی ٣٠ هـەزار کەسی تێچـووبوو، کە دەیکردە نیوەی هێزەکەی ژێر فەرمانی. لە سـایەی مائۆوە، سـەربازەکانی دووهەزار کیلۆمیتری زیادە ڕۆیشتبوون و، زۆرتریش هـەر بە پێی وێرانەوە.

بەڵام مائۆ، هەنگاوی زۆر گەورەی بەرەو بەدیهێنانی ئامانجی خۆی نابوو . نەك هەر ئەوەندە كە مائۆ خۆی، بە رەسمی شوێنێكی لە هەرەسەرووی لەشكردا وەدەستهێنابوو، بەڵام ئەوەش كە" لۆ فو"ی بازیچەی دەستیخۆی بە كردار شوێنی پیاوی ژمارە ١ی پارتەكەی گرتبۆوە . ئەو چوار مانگ دواخستنە بێبەزەییانەی پڕ لە قوربانی، گۆڕینی گرنگی لێ ساز ببوو . مائۆ، زۆرانێی لەسەر دەسەڵات لەگەڵ" چانگ كوئۆ- تائۆ"دا بەتەواوی چاو لێ نەپۆشیبوو، بەڵام هەلی سەرفرازیی خۆی زۆر پتر لێ كردبوو .

مائۆ، دەستبەجێ كەوتە خۆ ئامادەكردن و، گرنگترین هەنگاوی نا، كە بریتی بوو لە ناردنی شاندێكی جێ- متمانەی بۆ مۆسكۆ، تاكو مەركەزی خۆی سەقامگیر بكات . ( دەبوو كەسێك خۆی بچێت، چونكە پێوەندیی رادیۆیی نەبوو) . مائۆ پیاوێكی وەهای بۆ ئەوە هەڵبژارد ،كە نیازی هیچ بەرنامەیەكی تایبەتی بۆ دەسەڵاتی خۆی لەسەردا نەبوو و، دەیویست پیاوی چاك بێت و، بەشی ئەوەندەش لەوانەی سەروو بوو كە لە هەر مەسەلەیەكدا لە مۆسكۆ بهاتایەتە پێش، بیتوانیبا قسەی تێدا بكات . ئەو پیاوە:" چێن یون"ی ئەندامی سكرتاریات بوو . مائۆ ئەو نوێنەرەی خۆی چاك هەڵبژاردبوو . چێن یون، لە مۆسكۆ، پەیامێكی وەها وەستایانەی دارشت، وای لێ تێبگەن كە زۆربەی فەرماندەیی سەروو، بە شێوەی ئوسوولیی رێكوپێكی پێڕەو، كۆبوونەتەوە و مائۆیان بە رابەری خۆیان هەڵبژاردووە :

> " كۆبوونەوەیەكی بەرینی مەكتەبی سیاسی ( پۆلیت بیرۆ) ... رابەرایەتیی(كۆنی) وە لا نا و، هەڤاڵ « مائۆ تسی- تونگ»ی خستە رابەرایەتییەوە ."

دەستەی مائۆ، ئێستا گەیشتنە رۆژئاوای ناوەندی سیچوئان، نیزیكی تیبێت، بەرێگاوە راستەوڕاست بەرەولای چانگ كوئۆ- تائۆ . ئەوجا نۆرەی شانۆی كۆنە ئەفسانەیەك لەبارەی " رۆینی رێگای دوور" دێت ـــ پەڕینەوە لە پردی بەسەر رووباری" دادو"وە . ئەم رووبارە كۆسپێكی سەختی تەبیعیی پێكدەهێنا . لە دوا رۆژانی می/ ئایاردا كە بەفری هیمالایا دەتوایەوە، لەهییەكی تووڕەی بە نێوان لاپاڵەكانی شاخوداخانێكی هەڵەموتدا دەهێنا . داشە بەردی كە تێدا بڵاو بوون، غەدری گەرداوانیان لە مرۆڤ دەشاردەوە و، ئیتر لێ پەڕینەوە یا مەلە تێداكردن نەدەكرا .

رێگایەكیش بە پێچێكدا بەلایەكی تردا نەبوو، تەنیا یەك پرد بەسەر رووبارەكەوە بۆ گەیشتنە ئەوبەر هەبوو و هیچی تر . ئەو پردە، سەرەتاكانی سەدەی هەژدە دروستكرابوو، بەشێك بوو لە رێگای ئیمپراتۆری بۆ پێوەندیی

نێوان" چێنگدو"ی پایتەختی" سیچوئان" و" لهاسا"ی پایتەختی" تیبێت" . کوپرییەکی بەشکۆ بوو، ١٠١ میتر درێژ و، ٣ میتر پان بوو، لە راکێشانی ١٣ زنجیری ئـەستووری ئـاسن لە نێوان دووبەری رووباردا پێکهاتبوو، لە نێوان هەر زنجیرو زنجیرەدا، مەودای فووتێك( پێیەك، ٣٠ سانتیمیترێك) هەبوو، ٩ لەو زنجیرانە پارچە لەوحی تەختەیان بە سەردا راخستبوون و رێبازەکەیان بۆ بەسەردا رۆیشتن پێکدەهێنا( ئەوانی تر بۆ دەستپێگرتن لەم لا و ئەولاوە، ناوی پردەکە : پردی" لودینگ"، بە ناوی شوێنێك لە ئیدارەی سوچیئان - وەرگێڕ) .

ئـەم پـردە مەرکەزی ئەو ئەفسانەیەی " رۆینی رێگای دوور"ەیە * کە مائۆ ساڵی ١٩٣٦ دەرخواردی" ئێدگار سنۆو"ی رۆژنامەنووسی دا . سنۆو، نووسیویە : " ئەوە خەتەرترین رووداوێکی رۆینی رێگا دوورەکە بوو" :

" نیوەی لەوحە تەختەکانی رێبازی سەر پردەکە ( لە لایەن نەتەوەییەکانەوە) لابرابوون و، ( رێبوارانی رۆینەکە) هەر زنجیری رووتیان لەپێش بوو و، زنجیر تا نیوەی نێوانی ئەوێ و ئاوی رووبارەکە وەك جۆلانە دەهەژان . لەوسەری باکووری پردەکە، یەك بنکەی مەترەلۆز رووبەڕوویان بوو، لە پشت ئەوانیشەوە فەوجێك ( هەنگێك) لە لەشکری سپی دایانکوتا- بوو ... کێ قەت دەکرا بە بیریدا بهاتایە کە سوورەکان ئەوەندە شێت بوونایە بەسەر ئا ئەو زنجیرە رووتانەی پردەکەدا بپەڕیبانایەتەوە ئەوبەر ؟ بەڵام بەڵێ، رێك وایان کرد .

باسی پیاوانێك دەکات کە گوللە پێکاونی و کەوتوونەتە رووبارەکەوە و :

" نەوت بەسەر لەوحە تەختەکان ( ی کە مابوونەوە)دا کرابوو، ئەوجا گڕیان تێبەردەبوو . لەوکاتەدا، بیست لە سوورەکان بەسەر دەست و چۆکدا دەچوونە پێشەوە و، نارنجۆکیان بەدووی نارنجۆکدا دەهاویشتە بنکەی مەترەلۆزەکە ."

ئەوە چیرۆکێکی بەتەواوی ساختەی درۆیە . سەر ئەو پردە، شەڕی تێدا روونەداوە . زۆرتر وێدەچێت، ئەو ئەفسا- نەیە لە دیمەنی ئەو پردەی بەسەر ئەو رووبارە تووڕەیەوە سەری هـەڵدابێت، کە بۆ شـوێنی کردارانی قارەمانانە هاتووەتە بەرچاو . کاتێك سوورەکان گەیشتنە سەر ئەو پردە،٢٩ی می/ ئایار، سەربازینەتەوەییەکانی لێنەبوون . کۆمونیست دەڵێن گوایا پردەکە بە فەوجێکی ( هەنگێکی) لەشکری نەتەوەییەکان دەپارێزرا کە لەژێر فەرماندەیی

---

* وێنەیەکی لە سەر بـەرگی کتێبی" The Long March, by Harrison Salisbury" هەیە، کە نـووسـەر تێدا هەقایەتە رەسمییەکەی لە دوای مائۆمان پێ دەفرۆشێت ( نووسەر ١٩٨٤ چووەتە سەر پردەکە - وەرگێڕ) .

"لی کوئان- شان" ناوێك بووە، بەڵام لە تەلگرافەکانی کە لەو فەوجەوە و بۆ ئەو فەوجە چوون دەردەکەوێت کە ئەو فەوجە لە شوێنێکی لەوێ دوور بووە کە پێی‌دەڵێن"هوئالینپین". هێزێکی تری نەتەوەییەکان لە" لودینگ"بوو کە شارۆچکەیە و دەکەوێتە سەرێکی پردەکەوە، بەڵام ئەو هێزە ڕێك پێش گەیشتنی سوورەکان لەوێ ڕۆیشتبوو.* لە سەنەدە زۆرەکانی پێوەندیی نەتەوەییەکاندا، هیچ باسێکی هیچ شەڕێك لەسەر پردەکە یا لە شارۆچکەکەدا نیە، لەکاتێکدا کە باسی پێکداداانی بچووك لەگەڵ سوورەکاندا کاتێك بەرەو پردەکە بە ڕێگاوە بوون و،دوای تێپەڕینی سوورەکانیش لە پردەکە هەبوون . چیانگ پردەکە بە کراوەیی بۆ سوورەکان لێ‌گەڕابوو .

کاتێك هێزی پێشەوەی سوورەکان گەیشتە ئەو ناوچەیە، بارەگایەکیان لە کلیسایەکی‌کاتۆلیکی نیزیکی پردەکە دامەزراند و، کەوتنە تەقەکردن بە تفەنگ و بە تۆپ ( یا نارنجۆك و شتی وا) بە ڕووی " لودینگ"ی ئەوبەری ڕووباردا . ژنێکی خەڵکی ئەوێ، کاتێك ئێمە ساڵی ١٩٩٧ دیتمان، تەمەنی٩٣ ساڵ و زیت و زیندوو و لەسەر- حاڵ بوو، بۆی گێڕاینەوە چی ڕوویدابوو . ساڵی ١٩٣٥، خێزانەکەی ــ کە وەکو زۆرترینی خەڵکی ئەوسای ئەو شوێنە کاتۆلیك بوون ــ دووکانێکیان ڕێك لای پردەکە، لەو لایەی کە سوورەکانی لێ بوون، هەبووە، دووکانی فرۆشتنی" تۆفو" ( جۆرێك پەنیری نەباتی، لە شیری سۆیا و لوبیا) . هێندێك لە سوورەکان چوون لە ماڵی ئەو دامەزراون . دەیگوت لەیادی بوو کە کۆمونیستەکان " ین"! گوللەتۆپێك شتێکیان دەهاویشت و " یانگ"! تەقەیەکیان دەکرد، بە زمانی چینی واتا تەقوتۆقێکی ناوبەناوی لێرەو لەوێ . دەیگوت کە وەبیری نەدەهات هیچ تەقەیەك بۆسەر ئەو بەرەی ڕووباری کە ئەوی لێ بووە، کرابێت .

دەکرێت هێندێك لە لەوحە تەختەکانی سەر پردەکە لابرابن یا زیانیان وێ‌کەوتبێت . ئەو ژنە ٩٣ ساڵەیە لەیادی بوو کە سوورەکان دەرگای ماڵەکەی ئەو و هی هاوسێکانییان بردن تا لە سەر پردەکەیان دابنێن، کاتێك سوورە- کان پەڕینەوە و ڕۆیشتن، ئەوانیش ئیتر چوون و دەرگاکانی خۆیان بردنەوە . چەندێکیان، پارچەتەختەی بۆ سەر- داپۆشینی تابووتیان دا بە سوورەکان( خەڵك زۆر پێش مردن تابووتی خۆیان ئامادە دەکرد) . بەڵام پردەکە ڕووت

---

* نەخشەی‌کاری نەتەوەییەکان، ٢٨ی ئەو مانگە، باسی ئەوەیە کە ئەو هێزە بە فەرماندەیی" یو سۆنگ- لین" ئەرکی ئەوەی لەسەرە کە" بەرگری لە« کانگدینگ» "بکات، کە مەودای ڕاستەوڕاست بە ئاسمانەوە دەوری پەنجا کیلۆمیتر لەوێ دوورە . ئەو حەقیقەتە کە هێزەکەی " یو" نە لەسەر و نە لە نیزیکی پردەکە بووە، لە ڕاپۆرتێکی ٣ی ژوئەن/ حوزەیرانی حاکمی ناوچەکەدا پیشاندراوە .

نـەکرابۆوە کە بڵێیت هەر زنجیرەکان بە رووتی مابنەوە : تاقە جارێك ئەو رووتبوونەوەیە رووی‌دا ئەو کاتە بوو کە رژیمی مائۆ بۆ دروستکردنی فیلمێکی پرۆپاگەندە ئەو کارەی کرد .

جەوهەری ئەفسانەکە ئەوەیە کە دەڵێت‌گوایا بەشێکی پردەکە ئاگری تێ بەردراوە و، سەربازەکان دەبوو بە سەر زنجیرە ئاسنە سووربووەوەکاندا بخشێن . ئەو قسەیە، ساڵی ١٩٨٣ زۆر بە روونی لەلایەن بەرپرسیاری مووزەی لای پردەکەوە رەت کرایەوە . پرد ئاگری وێنەکەوتبوو .

بەهێزترین بەڵگەی ریسواکردنی ئەفسانەی ئەو" شەڕی قارەمانانە"یە ئەوەیە کە هیچ قوربانییەکی شەڕ لێرەدا نەبووە . لەشکری‌سوور لە پردەکە پەڕیوەتەوە،بە بێ ئەوە کە مەرگی یەك‌کەسیشی تێدا بووبێت . دەستەی پێشەوە، ٢٢ پیاو بوون، بەگوێرەی ئەفسانەکە، بە هێرشێکی خۆکوژی هروژمیان بردووە . بەڵام، ئەو بیستودوو کەسە، لە ئاهەنگ‌گێرانێکی دوای ئەوە، ٢ی ژوئەن/ حوزەیران، نەك هەر ساغ وسەلامەت و بێ وەی بوون، بگرە یەك بەیەك سەرو دەستەیەك (قاتێك) بەرگی لینین و قەڵەمێکی مەرەکەب و دەفرێك ( تاسەیەك) و جووتێك چیلکەی نان پێ- خواردنیان درایێ . تاقە یەك دانەیان هەر لێ بریندارێش نەبوو .

دوای ئەوانەش، هیچ کەسێك بە ئاگر( یا گوللەی دوژمن) نەمردووە . پاسەوانی تایبەتی چوو ئێن-لای باسی‌کرد کاتێك چوو ئێن- لای بیستی‌کە ئەسپێك لە پردەکە کەوتووەتە خوارەوە، چەندە پێی‌نارەحەت بوو و، چوو لە حاڵی سەربازەکان بپرسێت، لە" یانگ چێنگ - وو"ی فەرماندەی هێزی گرتنی پردەکەی پرسی :" هیچ پیاوێکمان لە دەست نەداوە ؟ "، یانگ وەڵامی دایەوە :" نـەخێر، هیچ" *. دە ئـەگەر کەمترین بەرگریی زۆر پـەرپووتیشیان لە بەرانبەردا هەبوایە، بەلای کەم یەك کەسیان هەر لێ دەکوژرا .

---

* لە رابەرەکـۆمونیستەکان، دڵسۆزتـرینی هـەموویان "پێنگ دێ- هوئای"، کاتێك ساڵی ١٩٤٦ لەلایەن نووسـەرێکی ئینگلیسەوە پرسیاری ئـەو پەڕینەوەیەی دادوی لێ‌کرا، پێنگ نـەرم و دۆستانە بـەڵام زۆر بە روونی دەریخست کە ئامادە نـەبوو راستیی ئەو ئەفسانەیە بسەلمێنێت :

" ئەوە هی زۆر لەمێژە و، هـەموویم وەبیرنـایەت . رووبار هێندە زۆر بوون ـــ رووباری لمی زێر، رووباری هسیانگ، وو، یانگتسێ ... زۆرم وەبیر نـایەت، بـەڵام وەبیرم دێت کسانێك کەوتنە ئاوەکەوە ... "

بە تاقە یەك وشەش بەلای باسی هیچ شەڕێك یا ئاگر تێ‌بەربوونی پرددا نەچوو . وێ‌دەچێت، دوو یا ←

مائۆ، ٣١ی می/ ئایار بەسەر پردەکەدا پەڕییەوە . بەوە، هەر ٣٠٠ کیلۆمیتر لە دیداری سامناکی " چانگ کوئۆ-تائۆ" دوور بوو . لەنێوان ئەو و هێزی کوئۆ- تائۆی کە بەرەو ئەو دەهات تاکو یەکتر بگرنەوە، چیایەك هەبوو، چیای " بەفرینی گەورە"، کە زۆرتری دەکەوتە ناوچەی تیبێتەوە . چیاکە، وێڕای ئەو ناوەش - و ئەفسانەکەشی -، بەگوێرەی کە خەڵکی شوێنەکە بۆیان باس کردین، ئەوسا ئەو بەشەی ئەوان لێ وەسەردەکەوتن، بەفری لێ نەبوو، بەڵام بەفری تەڕ( بەفروباران وێکڕا) دەباری و بایەکی زۆر ساردیش دەهات، ئەوەی بەجارێك حاڵی خراپتر دەکردن ئەوەبوو کە جلوبەرگە گەرمەکەیان لەگەرمێنی خواروو بەجێ‌هێشتبوون تاکو بۆ ڕۆیشتن سووکتر بن . تاقە ڕێیەکی خۆ گەرمکردنەوەیان ئەوەبوو کە پێش وەڕێکەوتن ، ئاوی تیژ ( بە بیبار، ئیسۆت)یان دەکوڵاند و دەخواردەوە . هەرچەندە پەڕینەوە لە چیاکە هەر یەك ڕۆژی برد، بەڵام قوربانیی زۆر بوون، بەشێکی بەهۆی بەرزیی چیا ( دە هەزار پێ) ( سێ کیلۆمیترێك- وەرگێڕ) ، بەڵام زۆرتر بەهۆی هێز و وزە لەدەستدان و بڕست لێ بڕان .

ئەوانە وا هەشت مانگ بوو بە بێ وچان بە پێ ڕۆیشتبوون . نیوەی ئەوە، لە ڕووی سەربازی یا پێویستیی ژیانەوە بە خۆڕایی بوو و هیچ پێویست نەبوو ــ بەڵام دیارە نەك لە ڕووی بەرزبوونەوەی دەسەڵاتی مائۆوە . جگە لەوە کە لەلایەن دوژمنەوە هێرشیان دەکرایە سەر، دەردی بێ ژماری تریش یەخەی گرتبوون، براون دەیگوت لەبیری بوو :

" بە ڕادەیەکی باوەڕنەکردەنی ئەسپێمان دە لەشدا بوو".

" زەحیری و خوێن دانان لەگەڵدا، زۆر لەناوماندا بڵاوببۆوە؛یەکەم تووشبوونی« تیفۆ»ش سەری هەڵدا ... لاشەی مردووەکانمان تا دەهات پتر بە ڕێگاوە ڕیز دەبوون، بە سەرما

---

← سێ کەس لەسەر پردەکە مردبن، بەڵام وەك کە ژنی" زهو دێ " و ژنە تەمەن ٩٣ ساڵەکەی کە دیتمان لە یادیان بوو، ئەوانە خەریکی چاککردنەوەیەك بوون و پارچە تەختەیەکی کۆن شکاوە وکەوتوونەتە خوارەوە . سوورەکان، تا بۆ جێگیرکردنی باشی ئەفسانەکەیان، کۆڵەکەیەکی تریشی وەبەربدەن، ئەفسانەی قارەمانیی تریشیان هەڵبەستووە کە گوایا لە پەڕینەوەی ئەو ڕووبارەدا لە شوێنی تر، لە " ئانشونگچانگ"ی دەوری ٧٥ کیلۆمیتری باشووری ئەوێ ڕووی دابێت . هەرچەندە پەڕینەوەی ئێرەی ڕووبارەکە بە قایقان، حەفتەیەکی تەواوی خایاندووە و، شوێنەکەیان بەتەواوی بۆ لێدانی دوژمن کراوە بووە و، فڕۆکە بەسەریانەوە سووڕاونەوە، دیساهەر تاقە یەك کەسیان لێرەش قوربانی نەبووە .

دەمردن، یا بەهۆی برست لیٚبڕانەوە ."

سـەختترین حاڵ هی ئەوانە بوو کە دەبوو رابەران لە کەژاوەکانیاندا و باری قورسی تریش هەڵگرن. هێندێك لەو حەمباڵانە، وادەبوو جارێك دادەنیشتن پشوویەك بدەن و، ئیدی قەت هەڵنەدەستانەوە .

مائۆ لێرە بە پێ رۆیشت و، بە داردەستێکەوە لە چیا سەرکەوت . بەوە کە خۆراکی زۆر باشتر ببوو و حەسابۆوە، زۆر لە پاسەوانەکانی باشتر پێی هەڵگرت،

پیاوەکانی کوئۆ- تائۆ، لەودیوی چیا چاوەڕێیان دەکردن، لە شـارۆچکەیەکی تیبێتیی دەوری سـەد ماڵێك . ئەوانە لە خێروبێرێکی زۆردا بوون ــ نەك هەر خۆراك، پۆشاکیش، پێڵاویش،گۆرەویی خوری، پەتو، دەستکێش و، شتی خۆشی وەك نۆکی زەرد، چا، خوێ. ئەم لەشکرە، خۆراکی چاك بوو و، چاك حـەسابۆوە و، زەخیرەی زێدەشی هەڵگرتبوو . مائۆ و رابەرانی تر، خۆراکی زێدە و، ئـەسپ یا کەر و، دەستی (قاتی) پۆشـاکی خوریيان درایێ . ئەسپێکی رام و ئارامیان بۆ مائۆ هەڵبژارد و، پیاوێکی بژیشکیشی درایێ ئاگای لێ بیت .

حەفتەیەك دوای ئەوە، ٢٥ی ژوئەن/ حوزەیران، کوئۆ- تائۆ دوای بڕینی پتر لە سێ رۆژ رێگا بە دارستانی چڕی هێشـتا دەستی مرۆڤی وێـنـەکەوتوو و، بە بـەردەڵانی دەربەنداندا، بۆ دیتنی مائۆ و هەڤاڵانی گـەیشتنە دێیەك ناوی" فوبیان" بوو . بەوە ئێستا ئیتر گەورەترین دوو لەشکری سوور بە رەسمی لێرە یەکیانگرت .

چـەند رۆژێك دوای ئـەوە، ٤ی ژوئیە/ تەمموز،" هـ. هـ. کونگ" ( وەزیری دراو و بریکاری سـەرەکوەزیران ) ی ئاوەڵزاوای چیانگ کای- شێك، داوای لە " دمیتری بۆگۆمۆلۆڤ" کرد بێتە لای ببینێت، گوایا تاکو بزووتنەوە- کانی لەشـکری ژاپۆنی لە باکووری چین لەگەڵدا باس بکات . لە هـەرەکـۆتاییدا، کونگ باسی ئەوەی کرد کە جەنەرالیسیمۆ زۆر دەیویست کوڕەکەی خۆی ببینێت. چیانگ بەوشێوەیە دەیویست بە ستالین بڵێت" وا من لێگـەڕام دوو لەشکری سـوور بەسەلامەت بۆی دەرچن و یەکتریش بگرنەوە، دەی ئێستا تکایە ئێوەش کوڕەکەی خۆم بدەنەوە ." بۆگۆمۆلۆڤ زۆر بەنەرمی بەم درۆیە وەڵامی دایەوە کە :

" خۆ ئێمە هیچ رێگامان لە رۆیشتنی نەگرتووە . بـەڵام ئەوەندەی من بزانم، ئەو نـایەوێت بچێتە هیچ کوێ ."

هـەرچەندە چیانگ کوڕەکەشی دەسـتـنـەکەوتبۆوە، بـەڵام تـوانیبووی بەو ئـامانجەی بگات کە سـێ سـتانی رۆژئاوای باشوور بهێنێتە ژێر دەسـەڵاتی حکومەتی مـەرکەزییەوە . جەنگسالاری گوئیزهۆئو، نـاچارکرابوو کە

دەست لەکار بکێشێتەوە و، دوای ئەوە کە بە پارەیەکی ئێجگار زۆر رازیکرا،هەر لە ستانەکە ڕۆیشت . فەرمانڕە-
وای یونۆنان مایەوە و ( جاریّ ) نێوانی باشی لەگەڵ " چیانگ"دا هەر هەبوو . چیانگ، کە لەشکرەکەی ئێستا
لە سیچوئان و بە دووی مائۆوە بوو، مانگی می/ ئایار گەڕایەوە ئێرە تاکو دەسەڵاتی ئەم ستانە ستراتیجییە
گرنگە - و کە ئەوەندە خەڵکی زۆریشی تێدا دەژین - بگرێتە دەستی . چەند مانگ لێرە مایەوە و بە چالاکیی
زۆر تێدا خەریك بوو، دەیویست سیچوئان بکاتە بنکەی بۆ شەڕی دژی ژاپۆن .

مائۆش بە مەبەستی خۆی گەیشتبوو . ئەو سووڕانەوە دووهەزار کیلۆمیترییەی کە بە سەر لەشکری سووریدا
سەپاندبوو، کاتی ئەوەی دابوویێ کە" لۆ فو"ی بازیچەی دەستی خۆی، بە کردار بکاتە سەرۆکی پارتەکە و، مائۆ
بە بوونە هێزی پشت تەختی دەسەڵات، چنگی خۆی لە رابەرایەتیی پارتەکە گیرکردبوو . هەل لە بەردەم " چانگ
کوئۆ- تائۆ"دا، تابڵێیت کەم ببۆوە . ئەو دەغەڵبازییانەی مائۆ، ژمارەی سەربازانی لەشکرەکەیان بە دەیان هەزار
کەم کردبۆوە، ئەوەی مابوویەوە دە هەزار پیاوی برسی و شەتەك بوون دە کۆنە پەڕۆوپاڵاندا . بەڵام ئەو هیچ باکی
بەوە نەبوو . لەشکر دەکرا بینا بکرایەتەوە .

مائۆ، وەکو هەمیشە، بۆ دەستگرتن بەسەر چیندا، " کرێملین"ی بە تاقە هیوایەکی خۆی دەدیت . ئێستا، کە
لە هەرکاتێکی تر لە مەڵبەندی ژێردەسەڵاتی رووسان نیزیکتر ببۆوە، کەوتە سەر باسی داواکردنی " یارمەتیی
ماددی و تەکنیکی" لە ئاسیای مەرکەزیی سۆڤیەتی . گرنگترین ئامانجی مائۆ ئێستا بریتی بوو لە دابینکردنی
ئەوە کە" چانگ کوئۆ- تائۆ"ی کە هەشت ئەوەندەی مائۆ چەکوچۆڵی هەبوو، پێش مائۆ دەستی بە چەکی
سۆڤیەت ــ یا دەنگی بە گوێی کرێملین ــ نەگات .

## ١٤-- رۆینی ڕێگای دوور ٣ :
## ئیحتیکارکردنی پێوەندی بە مۆسکۆوە
## (١٩٣٥؛ تەمەن ٤١)

کاتێك دوو لەشکر، ژوئەن/ حوزەیرانی ١٩٣٥،یەکیان‌گرت، لەشکرەکەی مائۆ ــ بەوە کە ڕاستەوخۆ لە ژێر فەرمانی ڕابەرایەتیی پارتەکەدا بوو، ئیتر پێیان‌دەگوت" لەشکری سووری مەرکەزی"ــ وێرانەیەك بوو . بە هەشتا هەزار کەس دەستی بە" ڕۆینی ڕێگای دوور"ی کردبوو . ئێستا هاتبووە سەر دەوری دەهەزار کەس ــ لە هەشت بەشی، یەك بەشی مابۆوە . ئەمەی کە مابووشەوە، لەسەر لێواری ڕووخان بوو . نیزیکەی هەموو چەکی قورسی لەدەست دابوو و، بۆ هەر تفەنگشی تەنیا هەر پێنج فیشەکی هەبوو . وەك کە" زهو دێ" دەردی دڵی بە " چانگ کوئۆ- تائۆ"ی کۆنە هەڤاڵی گەیاندووە، پێی‌گوتووە کە ئەم لەشکرەمان :

> " پێشوو، زۆر گەورەوگران بوو، بەڵام ئێستا هەر هەیکەلی ئێسکە . چیتر شەڕی پێ ناکرێت ."

لە بەرانبەردا، لەشکری کوئۆ- تائۆ، بە پێچەوانەوە، بە بیست هەزار کەس دەستیان بە ڕۆینی خۆیان کردبوو، ئێستا ببوونە چوار ئەوەندە : هەشتاهەزار کەس . تێروتەسەل بوون، مەترەلۆزیان پێ بوون، هاوەنیان هەبوون و، فیشەك و گوللەی زۆر و، مەشقی زۆر چاکیان کردبوو .

ئا لەم مەرکەزەی هێزەوە بوو کە کوئۆ- تائۆ بە هەڤاڵەکانی‌گەیشت . پیاوێکی باڵابەرز بوو، بە سەرو سیما و، تەمەنی لە چل ساڵ نیزیك بوو ( نوامبری ١٨٩٧ لەدایك ببوو- وەرگێڕ) . ئۆتۆ براون دەیگوت لە یادی بوو کە :

> " ئەو وەك خاوەن ماڵ ئێمەی وەك میوان وەرگرت . جووڵانەوەی هی کەسێکی زۆر بڕوا بەخۆ بوو، کە چاك لە باڵادەستیی سەربازیی و هێزی ئیدارەی خۆی ئاگادار بوو ... کادیرەکانی ... دەستیان بەسەر زۆربەی سەرچاوە کەمەکانی ناوچەکەیاندا گرتبوو، کە بۆ هەڵسووڕاندن و ژیانی دەیان هەزار سەربازی لەشکری سووری تابلێیت پێویست بوون . بۆ چاو بڕینە هەڵگەڕانە سەرووش، لە ئاست مائۆدا، شەندە هیچ لە مەندە کەمتر نەبوو ... ."

ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو کوئۆ- تائۆ وەزیفەیەکی بدرایەتێ و، لە بارێکی هەتا بلێیت بەهێزدا بوو، بۆ ئەوە کە یا بکرایە بە سەرۆکی پارتەکە یا بە سەرۆکی لەشکر . مائۆ نەیدەویست " کوئۆ- تائۆ " ببێت بە هیچ کام لەو دووانە . ئیتر کاتی زۆرانێ و ساغ کردنەوە بوو . تای تەرازووی مائۆ زۆر لەوەی بەرانبەری سووکتر دەهاتە بەرچاو، بەڵام هەر مائۆ لێرەدا سەرکەوتوو بوو، ئەوەش لەسایەی سێ کەسی کە لەگەڵیدا بوون و، جەرگەی رابەرایەتیی پارتەکە، جەرگەی سکرتاریاتیان پێکدەهێنا ــ لۆ فو، چوو ئێن- لای، پۆ کو .

ئەوەندەی لۆ فو بوو، ئەوا ئەو نەیدەتوانی بە بێ مائۆ هیوایەکی بە هێشتنەوەی پلەی ژمارە ١ی پارتەکەی هەبوایە. جگەلەوەش، لۆ فو دەنگی بۆ ڕێگا گۆڕینەکەی لەشکری مائۆ دابوو تاکو نەوەکا پلە نوێیەکەی خۆی لەدەستبچێت . چوو ئێن- لای، هەمیشە هەر دەستی لەگەڵ مائۆدا تێکەڵکردبوو . ئەوەی کە لە یەکەم لێنۆڕیندا وا دەهاتە بەرچاو کەمترین زیانی لە هەڵگێڕانەوەی هەڵوێستی خۆی بدیتایە، پۆ کو بوو، کە مانۆری مائۆ و لۆ فو لە مەرکەزی ژمارە ١یان خستبووە لاوە. بەڵام ئەویش، لەو وێرانییەی بەسەر لەشکرەکەیان هاتبوو، شل ببوو و، هەڵوێستێکی بۆ لەشکری نەبوو و، ئێستا رووحییەتی زۆر تێکشکابوو .

بەوجۆرە، ئەو پیاوانەی سەرتۆپی پارتەکە، هەرچەندە ئێستا هەلی ئەوەیان لەبەردەم کرابۆوە کە دەست بخەنە دەستی" کوئۆ- تائۆ"وە و، مائۆ بخەنە لاوە، بەڵام بەهۆی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانەوە، نەیانکرد. ئەگەر ئێستا ئەوان هەمووخەتاکانیان بخستایەتە ملی مائۆوە، حەقەن ئەو پرسیارە دەهاتە پێشەوە کە" ئەی ئێوە لەکوێ بوون ؟" ئەوەش مانای ئەوەی دەدا کە ئەوانە دەکرا شتێکی تری غەیری ئەوەی کرابوویان بکردایە . کەواتە، وای دەهێنانە بەرچاو کە لە ئاستی ئەوەدا نەبوون بۆ رابەرایەتی دەست بدەن . بۆ دەستگرتن بە کڵاوی خۆیانەوە، هەموو شتەکەیان بە قسەیەکی زۆر سادە بڕییەوە، کە : لەشکرەکەیان بە لەشکری بەهێزی نەتەوەییەکان تێکشکابوو . ئەوجا، بۆ خۆ قایمکردنیان لەو کێشەیەدا، ویستیان لەشکرەکەی کوئۆ- تائۆ بەدناو بکەن، لەکاتێکدا کە ئەو لەشکرە شەڕی سەختی کردبوو و تێدا ئەوپەڕی سەرکەوتوو ببوو . بەوە کە نەیاندەتوانی هیچ عەیبێك لە لایەنی سەربازیی ئەو لەشکرە بگرن، بە تێهەڵسوونی تاوانی" جەنگسالاریزم" و " دواکەوتوویی سیاسی" و بوونە " چەتە بابەت"، کەوتنە سەر تاکتیکی لەکەدارکردنی سیاسیی .

لەشکری " کوئۆ- تائۆ" بەو قسانەی بەرانبەر زۆر تووڕە بوون . دوو لا کەوتنە قسە بەیەکتر گوتن . کە قسەی لەشکرەکەی کوئۆ- تائۆ زۆر لەسەر بوو . حاڵی شڕ و شپڕێوی لەشکری سووری مەرکەزی ( ی مائۆ و هەڤاڵانی)، زۆر لەبەرچاو بوو و، ئەو بە سووك دیتنە، هەموو رابەرایەتییەکەی دەگرتەوە .

دەنگی کە هەستی زۆری ئەوانەی دەردەبڕی دەیگوت :

" ئاخر چۆن مەرکەزێکی وەها و ئەو "مائۆ تسی- تونگ"ـە دەتوانن رابەریی ئێمە بکەن ؟ "

ئـەو ناڕەزاییە لە تەواوی مەرکەز بوو، نەك هەر لە مائۆ، هەر ئەوەش گرنگترین هۆی ئەوە بوو بۆ ئەو سێیانە ــ لۆ فو، چوو ئێن- لای، پۆ کو ــ کە پاڵ وە مائۆ بدەن و، زۆربەی چوارکەسی سکرتاریات بۆ مائۆ پێك بهێنن لە بەرانبەر تاقە یەك کەسی کوئۆ- تائۆ دا .

ئەو سێ‌قۆڵییە،هاواری رزگارکردنی کەوڵی خۆیان بوو لەگەڵ مائۆدا، چونکە ئەفسەر و سەربازەکانی خۆشیان کەوتبوونە سەر دەربڕینی هەستی تووڕەییان . یەك دنیا گازندە داباریـن . گازندە لە " نـاشایستەیی " ی سەربازی و هیچ گوێ‌نەدانە ژیانی سەربازان بوو . ئەفسەرانێك بە " کوئۆ- تائۆ "یان گوت کە :

" ئەوانە هەر نەیاندەزانی بەرەو کوێ دەڕۆیشتن ... ئەوەندە بێ ئامانج " .

" دەبوو پشوویەك بدەنە لەشکر و تاکو بێتەوە سەرحاڵ ."

سەربازەکانیش هەستی تاڵیی خۆیان دەربڕی کە چۆن رابەران برینداراەکانیان جێ‌هێشتوون و، سەربازانیشیان کردوون بە هەڵگرانی تەختی رەوانی رابەران و ژنەکانیان .

ئەو گازندەیە، کە مائۆ و رابەرانی تر لە تەواوی " رۆینی رێگای دوور "ەکەدا " لەسەر تەختی رەوان دانیشتبوون "، لە هـەمووی تـاڵتر بوو . یەکێك لەوانەی لەو رۆینەدا بوون، بۆی باس کردین سەربازەکان چەندە بەوە تووڕە بوون کە رابەران :

" باسی یـەکسـانییان دەکرد ، کەچی وەکو خاوەن‌زەوییان لە کەژاوەدا پاڵیان دەدایەوە .

ئێمە بە چرپە باسمان دەکرد ... ."

سەربازەکان پێیان‌گوترابوو کە :

" رابەرەکان ژیانێکی ئێجگار زۆر سەختیان هەیە . هەرچەندە بە پێ نـاڕۆن و، باریـش هەڵناگرن، بەڵام کاریان بە مێشك وهەموو شتێك زۆر سەختترە . ئێمە هەر بە پێ دەڕۆین و دەخۆین، خەمێکمان نیە ."

سەیر نیە، کە ئەو فەلسەفەبازییە پەستە نەیتوانیوە سەربازان ئارام بکاتەوە .

بە پێ نەڕۆیشتن بوو کە سنووری نێوان ژیان و مەرگی دەکێشا . ئەوانەی پلەو پایەیان بەرز بوو و مافی " کۆمپا- نیی هاتنەوە سەرحاڵی‌کادیران " دەیگرتنەوە، قەت یەك دانە بریندااریان یا هێزنەماویان لەو رۆینەدا لێ نەمرد . نە

لەوان و نە لە هیچکام لەو رابەرانەش کە هەڵدەگیران، بەوانەشیانەوە کە برینی‌سەختیان هەبوو . کەچی،لەکاتێکدا کە نوخبە ئاوا هەمووی لە مەرگ خەلەست،هەر تەنیا ماندوویی و شەتەکبوونی رووت زۆرانی‌تری زۆر جەوانتری کوشتن : هەڵگرانی‌کەژاوە، ئەوانەی لە خزمەتدا و، پاسەوانان، کە تەمەنی زۆرتریان لە خوار بیست ساڵ بوو ــ تەنا-نەت هێندێکیان دوازدە یا سێزدە ساڵ بوون . ئامار، دڵڕەقیی پەیژەی پلەوپایە و ئیمتیازی دنیای ژێردەسەڵاتی مائۆمان پیشان دەدات : لەشکری سووری مەرکەزی، ئێستا ژمارەی ئەفسەرەکانی نیزیکەی لە سەربازەکانی پتر بوو .

مائۆ، بە چاوپۆشیی سێ هاوپەیمانەکەی، وەزیفەیەکی هەر بەناوی بێ ناوەرۆکی بریکاری سەرۆکی کۆمیتەی سەربازی، پێشکەش بە " کۆئۆ- تائۆ" کرد ." کوئۆ- تائۆ" و ئەوانەی ژێر فەرماندەییەکەی، داوایان کرد کە ئەو ( کوئۆ- تائۆ) رابەریی لەشکر بکات . مائۆ، بۆ وەڵامدانەوە، وەکو بەرد بێ دەنگ بوو . ئا لەوبەینەدا، خۆراک خەریك بوو لە لەشکر دەبڕا . ئەو دوو لەشکرە وێکڕا دەوری ٩٠ هەزار کەس بوون و، رژابوونە ناوچەیەکی بەرزاییەکانی تیبێتی کە هەر دەیتوانی خەڵکەکەی خۆی بژیەنێت و، ئێستا ئەو هێزە زۆرە هاتبووە سەر زگی و ئابووریی بەتەواوی شێواندبوو . ئەفسەرێکی لەشکری سوور دەیگوت لەیادی بوو کە :

" ئیدی بۆ خۆراك دەبوو شەڕ لە دژی خەڵکی شوێنەکە بکەین ."

لەشکر، مەزرای جۆی خەڵکی شوێنەکەیان بۆ خۆیان دروێنە کرد و، رزقی ساڵی داهاتوویان لێ بڕین . مائۆ، بە رەوشتی خۆی، ئەو تاڵانە ــ ی کە رەنگە چارەنووسی نێوان ژیان و مەرگی هەزاران کەسی تێدا بووبێت ــ بە گاڵتە باس‌کردووە، بە " ئێدگار سنۆو"ی گەیەنەری دەنگی گوتووە :

" ئەمە تاقە قەرزێکە لە بێگانەمان کردووە ."

ئێدگار سنۆو، بە شێوەیەك باسی دەکات کە لە " میزاجی قسەی گاڵتە"ی مائۆ بدوێت .

تیبێتییەکان، سەیر نیە کە رقیان لە سوورەکان بووە . ئەوانە سەگڤان(نیشانچی)ی ئێجگار زۆر چاك بوون و، لە لێڕەکانەوە هێرشی پارتیزانییان دەکرد . باسی ئەوانە لە نووسراوانی بیرەوەریی سوورەکانی ئەو" رۆینی رێگای دوور"ەدا دەبینین :

" زۆر لاشە لەسەر رێگا کەوتبوون، زۆرتر هی ئەوانە بوون کە لە رۆینەکەدا لە لەشکر دواکەوتبوون ( یا وێڵ ببوون) و لەلایەن ئەو( خەڵکە) دڕندانەوە کوژرابوون . "

" سێ لە دواکەوتوو ( وێڵ)ەکانی لەشکرم دیتن ( لەلایەن سوارەکانی ئەو دڕندانەوە لەتوپەتکرابوون) ."

ئاخری، مائۆ دەبوو وەزیفەی سەرووی لەشکر بداتە دەست کوئۆ- تائۆ . ١٨ی ژوئەن/ تەمووز، کوئۆ- تائۆ بە " کۆمیساری یەکەمی لەشکری سوور" دامەزرێندرا کە :

" ڕاستەوخۆ فەرماندەیی هەموو لەشکرەکانی بکات".

بەڵام مائۆ رابەرایەتیی پارتەکەی هەر لە دەست خۆیدا هێشتەوە .

سەرەتای ئووت/ ئابی ١٩٣٥، پلانێکی تەواو بۆ چوونە باکوور بڕیاری لەسەر درا ــ تاکو بە قسەی مائۆ :

" لای سنووری یەکێتی سۆڤیەت بین، کە لەوێوە بتوانین یارمەتی وەربگرین ... فڕۆکە و تۆپخانە ."

لە نەخشەکە وا دانرابوو لەپێشدا بچنە" گانسو"، ئەوجا هێزێك بنێرنە" کسینجیئانگ" کە تابیعێکی سۆڤیەت بوو و، " فڕۆکەخانە و جبەخانان دابمەزرێنن". ئا لەو چوونە باکوورە بوو، کە مائۆ کەوتە فێڵ و دەهۆ، تاکو هەر هەوڵێکی کوئۆ- تائۆ بۆ ئەوە کە پێش خۆی ( پێش مائۆ) دەستی بگاتە رووسان هەڵبتەکێنێت . نەخشەی کە لەسەری رێككەوتبوون وا بوو کە : هێزی سەرەکی بە فەرماندەیی" کوئۆ- تائۆ" و" زهو دێ"، شاری " ئابا" بگرێت و، ئەوجا بەرەو باکوور بڕوات . هێزێکی بچووکتر کە بەناوی " بەتالیۆنی راست " دەناسرا، بە رێگایەکی تری ئەولاتری رۆژهەڵاتدا، بە" بانیۆئو"دا بچێت . بە خواستی مائۆ خۆی، خۆی و" مەرکەز" لەگەڵ " بەتالیۆنی راست"دا چوون، بەتالیۆنی بە فەرماندەیی" لین بیائۆ" و" پێنگ دێ - هوئای" کە زۆربەی هێزە کۆنەکەی مائۆی دەگرتەوە،هەرچەندە ئەم دووانەش لە ژێر فەرمانی دوو ئەفسەری" کوئۆ- تائۆ"دا بوون . نۆ رۆژ دوای وەڕێکەوتنی کوئۆ- تائۆ و هێزەکەی، پازدەی ئووت/ ئاب، مائۆ بە ناوی مەکتەبی‌سیاسی( پۆلیت بیرۆ) تەلگرافێکی بۆ کوئۆ - تائۆ لێدا، کە گۆڕانی تەواوی نەخشەکەی پێ راگەیاند:

" هێزە سەرەکییەکە دەبێت بە بانیۆئودا بڕوات ."

واتا بە هەمان رێگای" بەتالیۆنی راست "دا بڕوات . مائۆ بەوە نەخشەی کە لەسەری رێككەوتبوون دڕاند و، داوای کرد کە کوئۆ- تائۆ و دەیان هەزار سەربازی لەگەڵیدا لە رێگاکەیان بگەڕێنەوە و بچنە لای ئەو . کوئۆ- تائۆ ١٩ی ئووت/ ئاب وەڵامی دایەوە کە ئەو لە" ئابا" زۆر نیزیك بوو، کە ئەوێ خۆراکی زۆری لێ بوو و، بەگوێرەی

نـەخشـەی کە بۆی دانابوو، لە چـەند ڕۆژێکی کەمدا دەیگرت . لە وەڵامەکەیدا ، زۆر پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بچێتە " ئابا" و ، سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە :

" سێ یا چوار ڕێگای بە هەمان ڕایەڵدا دەچوونەوە باکوور ، کە خۆراك و خەڵکی زۆریان لێبوون ." لەکاتیکدا کە " هەر هیچ لە ڕێگای بانیوێئو نازانین ."

مائۆ،کە دەستی بەسەر ڕابـەرایەتیی سیاسیدا گرتبوو، بەوە زۆری بۆ کوئۆ- تائۆ دەهێنا . مائۆ ، ڕۆژی دوای ئەوە، بڕیارێکی بە ناوی مەکتەبی سیاسی( پۆلیت بیرۆ) بۆ کوئۆ- تائۆ نارد ، تێدا دەڵێت هێزەکانت زێدە چوونە ڕۆژئاواوە . ئەو ڕێگایەی کە کوئۆ- تائۆ پێدا دەڕۆیشت، ئەوەبوو کە بە تێکڕای دەنگی هـەمووان بـڕیاری لەسەر درابوو، کەچی وا ئێستا لەپڕێکدا بە" ئەوپەڕی خەتەر" ناوبرابوو و ، کوئۆ- تائۆ خۆیشی بە" هەلپەرست" تاوانبار کرابوو ــ بەوە کە :

" ڕێگایەکی هەڵبژاردبوو کە کەمترین کۆسپی لەسەر بوو ."

مۆری شتی وەك"هەلپەرست" لە کەسێك دان ڕێگایەکی هەڕەشەکردن بوو بەوە کە بە تاوانی سیاسی مەحکووم بکرێت . مەبەستی مائۆ لەو هەمووە بەزمەی، ئەوەبوو کە هەمیشە لەپێشترەوە بڕوات . ئەمە، ئەوەشـی دەگرتەوە کە کوئۆ- تائۆ و لەشکرەکەی بکێشرانایەتە هـەلومەرجی کارەساتاوییەوە . مائۆ، هەر ئێستا زانی کە کوئۆ- تائۆ بە ڕێگایەکی خـۆشـدا دەڕۆیشت، لە کاتێکدا کە ڕێگاکەی ئـەو خـۆی بە" بانیوێئو"دا( کە مائۆ خۆی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو) زۆر ترسناك بوو . بە کوشندەترین زەوییەکدا دەڕۆیشت : زۆنگاوێکی زۆرگەورە، کە بەلای کەم حـەفتەیەکی دەویست تا لێدەپەڕینەوە، ئەوجا نۆرەی بەڵای تر دەهات : خـەڵکی لێ نەبوو ــ واتا خۆراکی لێ نەبوو، یا ماڵ بۆ لێ دامەزران و،کەشوهەوایەکی زۆر سەختیشی هەبوو ــ تەم ومژی چڕ، زۆر با و باران و تەرزە، داری زۆر کەم کە بە زەحمەت دەکرا بەشی ئاگرکردنەوەیەکی لێ وەدەست بێت؛ زەویی بە غەدر بوو، قوڕی وەکو لمێکی لەوەی کە سـەقامگیر نیە و ژەهراوی، ئەوەی پێی تێدا بۆ هـەنگاوێك تـۆزێك بەهـەڵە دابنایە، دەکرا تێڕۆچووبایە و قووتی بدایە . ئەوەش هەمووی لە بەرزایی پتر لە سێ هەزار میتر و ، سەرمای شەوانەی تەنانەت لە مانگی ئووت/ ئابیشدا لە خوار سیفرەوە بوو .

مائۆ، لەجیاتی ئەوە کە هەوڵ بدات پـارێـزگاری لە هێزی لەشکری سـوور بکات، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە " کوئۆ- تائۆ"ش هـەمان ئەو دەردەی بەسەر بێت کە بەسەر ئـەو هات . مائۆ، دوای ئەوە کە دوا هـەڕەشەی نارد ، ئەوجا کۆمەڵە کتێبێکی زۆری بەقوربان کردن، کە" بیستوچوار مێژوو" یشیان تێدا بوو ( مێژووی چین لە سێ

هەزار ساڵی پێش زاینەوە تا سەدەی حەڤدە، ٣٢١٣ بەرگ - وەرگێڕ) و، خۆی خزاندە کەژاوەکەیەوە . لە تۆماری "ڕۆینی ڕێگای دوور" ەوە دەبینین کە، یەکەم ڕۆژی ڕۆین، بە زەحمەت ڕێگایەکیان بڕیوە کە :

" تێدا دیداری تاقە یەك مرۆڤیان لێ دەرنەکەوتووە، لە پێنج ڕووبار پەڕیونەتەوە، کە سێیانیان پردیان بەسەرەوە نەبوون ."

" بە باران چاك خووساو ... تەواوی شەوەکە لە ژێر باراندا بە دەوری یەکەوە کۆبوونەوە و سەریان بەسەری یەکترەوە ناوە ."

براون بە شێوەیەکی زیندوو وێنەی ئەوەمان دەخاتە بەرچاو کە زۆرتریان لە چ حاڵێکدا بوون :

" توێژێکی سەوزی بەدنیاز، زۆنگاوێکی ڕەشی لەعنەتیی داپۆشیبوو، هەرکسێکی لەو توێژە تەنکە ڕۆچووبا، یا پێی لە باریکە ڕێگاکەی وەلاچووبا، زۆنگاو هەڵیدەلووشی ... ئێمە گاوگۆل یا ڕەشە وڵاخی وڵاتەکەمان بەرخۆ دەدان، کە ئەوان بە غەریزە بە ڕێگای کەمترین خەتەردا دەڕۆیشتن . هەوری چڵکن، نیزیکەی هەمیشە ڕێك بەسەر زەوییەوە بوو . بە ڕۆژ، چەند جار بارانێکی سارد دەباری؛ بە شەو، دەبوو بە بەفری تەڕ یا بارانی کە بەستوویە . ئەوەندەی چاو بڕی دەکرد، نە خانوویەك هەبوو، نە دارێك، نە هیچ بنە ڕوەکێك . بە هەڵتروشکان لە سەر ئەو گردە بچووکانە دەخەوتین کە سەریان لە سەرووی ئاستی زۆنگاوەکەوە دەرچووبوو . پەتوی تەنك،کڵاوی پووشی زەلام، چەتری لە کاغەزی زەیتاوی و، یا لە هێندێك حاڵەتیشدا جۆرە نیوە فەرەنجییەکی بۆ باران کە بەسەر شاندا دەدرا و دزرابوو، ئیتر هەر ئەوانەمان بۆ خۆپاراستن هەبوون . هێندێکمان، بەیانییەکە لە خەوی هەمیشەی هەڵنەدەستاندن، ببوونە قوربانیی سەرما و بڕست لێبڕان . ئەوەش هەمووی لە مانگی ئووت/ ئابدا بوو ... دیسان زگچوون و خوێندانان و گرانەتا ( تاپەڵە، تیفۆ، تیفوس) ... زۆر لە ناوماندا بڵاوبۆوە .

کەسێکی تری ئەو ڕۆینە گوتی لەبیری بوو کە :

" من جارێك چەندین کەسم دیتن لەژێر پەتویەکدا بوون، گوتم دەبێت ڕێگایان لێ تێك- چووبێت، ئیتر ویستم لە خەویان هەڵسێنم ." بەڵام مردبوون .

خواردن کەم بوو :

" کە ئەسپێك دەتۆپی، دەمانخوارد : ئەوانەی پێشەوە گۆشتەکەیان دەخوارد و ئەوانەی لەدواوە بوون ئێسکەکانیان دەکرووساندنەوە . کە هیچ بۆ خواردن نەدەما ، پنجی گیامان دەخوارد و ، قایشی پشتێندمان دەجوو ."

خانمی لۆ فو دیتوویە :

" هەمیشە تەرمی هەڤاڵان ... ڕۆژی شەشەم تووشی زەحیری بووم . بۆم نەدەکرا بیر لە شەرم و شت بکەمەوە، ئیتر هەمیشە هەر هەڵدەتروشکام و دەڕیام . ئەوجا شارواڵەکەم دەبەستەوە و خۆم تاو دەدا بیانگەمەوە . دوو ڕۆژم ئاوا بردە سەر و، ددانم توند بەسەر-یەکتر دادەگرت تاکو لەو وەزعە تێدەپەڕم . حەوت شەو و حەوت ڕۆژ، دنیای پێدا دەچووین نەژادی مرۆڤی تێدا نەبوو . ڕۆژی هەشتەم،کە لە زۆنگاو دەرچووم و دیتم : دێهات دیاربوون، خەڵك، حەیوانی خەڵك، دووکەڵ لەسەر ماڵان هەڵدەستا ، کە شێلمم لە مەزرایان دیت، بەڕادەیەك شاد بووم کە نازانم چۆنی بڵێم ... ئەو حەوت شەو و حەوت ڕۆژە، سەختترین کاتی " ڕۆینی ڕێگای دوور" بوون . هەستم بەوە دەکرد کە لە دنیای مەرگەوە گەڕابمەوە دنیای مرۆڤ ."

شەوێك لە بانیوئو، لە کۆخیکی لە تامان( شووڵی چنراو) و بە ریخ سواغدراو، بۆ مرۆڤی لە مەرگ خەلەستبوو و، بۆی دەرەخسا ئێستا لێرە جلوبەرگیخۆی لەبەر ئاگرێك وشك بکاتەوە کە بە تەپاڵە کرابۆوە، ئەمە بۆ ئەو دەبووە ئەوپەڕی نازونیعمەت . تەنیا لە هێزی ژێر فەرماندەیی" لین بیائۆ"، چوارسەدیان مردبوون، کە دەیکردە لە سەدا پازدەی هەموو هێزەکەی .

ئا ئەم میحنەتە بوو کە مائۆ دەیویست تووشی دەیان هەزار سەربازی" کوئۆ- تائۆ"ی بکات، لەجیاتی ئەوە کە بە ڕێگای خۆش و ئاسایی خۆیاندا، وەك هەر لە سەرەتاوە لە نەخشەکەیاندا بوو، بڕۆن . مائۆ، بە بەکارهێنانی ناوی " مەکتەبی سیاسی"(پۆلیت بیرۆ) تەوژمی بۆ سەر کوئۆ- تائۆ کەڵەکەدەکرد کە" خێرا بچێتە بانیوئو". مائۆ، کە خۆی تازە لەو زۆنگاوە دەرچووبوو و، زۆر چاك دەیزانی چۆن بوو، ئەوەندە بێ شەرمانە بە تەلگراف بە کوئۆ- تائۆ ڕادەگەیەنێت کە :

" لە « مائۆئێرگای »ـەوە( کە لەوێوە دەستیان پێکردبوو) تاکو « بانیوئو» هەم ڕێگاکە نیزیکە و هەم ئاوەدانیی زۆریشی لێ هەیە ."

مائۆ ئەوجا کوئۆ- تائۆ ئامۆژگاری دەکات :

" پێشنیارت بۆ دەکەم ... هەموو ئەو بریندار و نەخۆشانەی دەتوانن بڕۆن و، کەرەستە و دەستگاکانیش، ئەوانیش لەگەڵ خۆتدا بهێنە ."

ئەوە دەکرێت وا بێتە بەرچاو کە مائۆ ویستبێتی بە کوئۆ- تائۆ بڵێت بریندارەکانت بەجێمەهێڵە، بەڵام مەبەستی راستەقینەی مائۆ ئەوەبووە زۆرترین زیان بگەیەنێت .

کوئۆ- تائۆ، ئەگەر فەرمانی بەجێنەهێنایە، ئەوا مائۆ دەیتوانی بە رەسمی بە مەحکوومکردنی بدات و لە فەرماندەیی لابدات . کوئۆ- تائۆ، ناچار، قەبووڵی کرد و، لەشکرە گەورەکەی روو لە زۆنگاو کرد . چەند رۆژێکی کەمی تاقیکردنەوەی رێگا، دڵی کوئۆ- تائۆی لە رۆینی بەو رێیەدا لە پێشتریش پتر دوورخستەوە . ٢ی سیپتامبر لەشکرەکەی گەیشتە رووبارێکی لەکاتی لەهیدا . تەلگرافێکی بۆ مائۆ نارد کە :

" ئێمە ٣٠ لی ( ١٥کیلۆمیتر) مان لە سەروو و لە خوارووی شوێنەکەمانەوە بۆ پەڕینەوە سەیرکردووە و ناتوانین هیچ شوێنێك بۆ پەڕینەوە ببینینەوە . زەحمەتە کەرەستە بۆ دروستکردنی پرد بدۆزینەوە . خۆراکمان تەنیا بۆ چوار رۆژ هەیە ... " .

رۆژێك دوای ئەوە، کوئۆ- تائۆ بڕیاری دا کە پتر نەڕوات و، بە تەلگراف بە مائۆی راگەیاند :

" ٧٠ لی ( ٣٥کیلۆمیتر)ی سەرووی رووبارمان سەیرکرد و، هێشتا ناتوانین بپەڕینەوە یا پردێك دروست بکەین . خۆراك بۆ هەموو هێزەکان هەر تەنیا بەشی ٣ رۆژ ماوە ... زۆنگاو وێدەچێت بێسنوور بێت . لەتواناداا نیە بچینە پێش و لەوە دەکات چاوەڕێی مەرگی خۆمان بکەین . ناتوانین شارەزایانێکی رێگا ببینینەوە . بەدبەختیی پەتی . بڕیارم دا، سبەی بەیانی، گەڕانەوەم بۆ « ئابا» دەستپێبکەم ."

کوئۆ- تائۆ، بە حاڵ تووڕەیی خۆی لە مائۆ شاردەوە :

" ئەوە کار دەکاتە سەر هەموو ستراتیجییەکە . دوا جار ... هێزەکان خۆراکیان لێ بڕا و زیانی زۆرگەورەیان وێکەوت . ئەمجارە، تۆ بە زۆر بۆ « بانیوئو»مان رەوانە دەکەیت و، دەمانخەیتە ئەمەوە ..."

کوئۆ- تائۆ گەڕایەوە .

ئێستا دەبووە یەك مانگ کە کوئۆ- تائۆ و بەشی سەرەکیی لەشکرەکە، لە سووڕانەوەی بێهوودەدا بوون، ئەوەش

هەمووی لەسایەی مائۆوە . کەشوهەوای کوشندەی بەرزاییانیش رێك لەوەدا بوو کە ساردی دەکرد . کوئۆ- تائۆ ئێستا رێك ئەو بڕیارەی دا کە مائۆ عەودالی بوو : چوونە باکوور دوابخەن و، لە شوێنی خۆ بمێننەوە تاکو بەهاری سالی داهاتوو . کوئۆ- تائۆ بە مائۆی گوت : "توانای چوونە باکوورمان نەما."

دوو بەش لە سێ بەشی سەربازەکانی، پێیان بریندار بوو و برینیان پیسی کردبوو، بەزەحمەت دەیانتوانی بڕۆن . ئەگەر بچووبانایەتە باکوور، دەبوو نیزیکەی هەموو بریندارەکان و نەخۆشەکانیان بەجێ بهێشتنایە .

مائۆ، تەبیعی، زۆر چاك ئەوەی دەزانی : ئەوەی راستی بێت، مەبەستی لەو پەت- پەتی کردنە بە لەشکری کوئۆ - تائۆ، هەر ئەوە بوو ئەو دەردەی بەسەر بهێنێت . مائۆ، ئێستا گرنگترین ئامانجی خۆی بەجێهێنا : ئەوەی دابین کرد کە ئەو ( مائۆ) زووتر بگاتە لای رووسەکان، چونکە ئەو ئیتر کوئۆ- تائۆی بە هێشتنەوە لە باشوور تاکو بەهاری داهاتوو، پاڵ پێوەنا ئەولاوە .

کاتێك کوئۆ- تائۆ فەرمانی بۆ لەشکر دەرکرد کە نەچێتە باکوور ،مائۆ خۆی لەبەردەم کێشەیەکی گەورەدا دیتەوە . کوئۆ- تائۆ، بە سیفەتی گەورەترین فەرماندەی لەشکر ئەو فەرمانەی دەرکردبوو . مائۆ دەیتوانی فەرمان بە ناوی پارتەکەوە دەربکات، بەڵام بە هیچ جۆرێك دڵنیانەبوو کە بیتوانیبا هیچ لە لەشکرەکە، تەنانەت سەربازەکانی خۆیشی، ئەگەر ئازادیی هەڵبژاردنی بە دڵی خۆیان هەبوایە، لەگەڵ خۆیدا ببات . کێشە ٨ی سیپتامبر رووی‌دا، کاتێك کوئۆ- تائۆ فەرمانی دا بە دوو فەرماندەی خۆی کە لای مائۆ بوون کە "بەتالیۆنی راست"ی بۆ بهێننەوە لای خۆی لە باشوور .

مائۆ، کە دەیزانی رێز و خۆشەویستیی لای سەربازەکان نەبوو، خۆی لە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ بوارد . نەیدەوێرا، تەنانەت بە ناوی پارتەکەشەوە، بە ئاشکرا دژایەتیی فەرمانی کوئۆ- تائۆ بکات . لەجیاتیان، بە داتاشینی بەهانەی درۆ سەربازەکانی خۆی رفاندن . شەوی ٩ لەسەر ١٠ی سیپتامبر، خۆی و لۆ فو، درۆیەکی چەپەڵیان لای چەند کەسێکی هەڵبژاردەی خۆیان کرد، گوتیان کوئۆ- تائۆ فەرمانی داوە بە پیاوەکانی کە رابەرا- نی پارتەکە ئەزیەت بدەن، لەبەر ئەوە، مائۆ گوتی، بە نهێنی هێزی ژێر فەرمانتان کۆبکەنەوە و هەر ئەو شەوە ئەو شوێنە بەجێبهێڵن .* خانمی لۆ فو دەیگوت لەیادی بوو چۆن لە جەرگەی شەودا لە خەویان هەستاندووە و پێیان-

---

* ئەودەمە، ئەو درۆیە بە وشەی زۆر ناڕوون بە چەندکەسێکی زۆرکەم گوتراوە، بەڵام مائۆ دواتر بە شێوە-←

گوتووه :

"«هەستە!هەستە! دەستبەجێ وەڕێکەوە!»، پرسیمان:« چی ڕوویداوە؟ بۆکوێ دەچین؟»
(وەڵام درایەوە کە:) « مەپرسن،هەر هەستن و بجوون و بڕۆن ... بێ تەقەو رەقە، بێ چرا و مرا... دوام بکەون .» دەوری ١٠ لی ( ٥ کیلۆمیتر) لەسەریەك بەبێ پشوو بردیانین، نەیانهێشت بوەستین و هەناسەیەك بدەین، تاکو لە ڕێگای چیاکە پەڕینەوە . "

مائۆ، لە هەمان ئەم کاتەدا کە سەربازی خۆی دەڕفاندن، توانی کارێك بکات یەکێك لە پیاوەکانی پلە هەرە سەرووی لای خۆی،" مەکتەبی‌دووەم"ی‌کە پێوەندیی رادیۆیی هەڵدەسووڕاند لە" بارەگای سەرەکی" بپچڕێنێت و، نەخشە بە وردەکارییەکانیش بدزێت .

لێرەدا، مائۆ یارمەتیی لە هاوپەیمانێکی نوێی زۆرگرنگ پێگەیشت ـ لە" پێنگ دێ- هوئای" . هەر ئەم " پێنگ "ـە، سێ مانگ و شتێك پێشتر، لەسەر رابەرایەتیی لەشکر، لەگەڵ مائۆدا کەوتبووە زۆرانییەوە و، دۆستایەتیی پیشانی‌کوئۆ- تائۆ دابوو،کە کوئۆ- تائۆ ویستبووی بیکاتە دۆستی خۆی . کەچی وا ئێستا دەبینین پێنگ دەداتە پاڵ مائۆوە . ئەمەش تەنیا هەر بەهۆی ئەوەوە نەبوو کە مائۆ دەستی بەسەر رابەرایەتیی پارتەکەدا گرتبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەشەوە بوو کە گرنگترین شوێنی پێوەندیی بە رووسەکانەوە ئیتر خستبووە چنگی‌خۆیەوە . شەبەقی رۆژی ١٠ی سیپتامبر، فەرماندەکانی" کوئۆ- تائۆ"ی " بەتالیۆنی ڕاست"، کە لەخەو هەستان، دیتیان

---

← یەك مشتومالی دا، هەر چیرۆکێکی زیندووی تەواوی لێ ساز دا کە کوئۆ- تائۆ چۆن تەلگرافێکی بۆ پیاوەکانی لێداوە، فەرمانی پێ داون کە ئەو و " مەرکەز" " ئیعدام بکەن" و، ئەمە کرا بە چیرۆکی رەسمی .
بەڵام مائۆ ئەم قسەیەی تا هەژدە مانگ دواتر لێ نەبیسترا، تا ٣٠ی مارسی ١٩٣٧ کە دەیویست کوئۆ- تائۆ لەناوبەرێت . تا ئەوسا، هەرچەندە بڕیاری پارتەکە بەوە دەرچووبوو کە کوئۆ- تائۆی بەهۆی" دووبەرەکی نانەوە لە لەشکری سووردا"مەحکووم کردبوو، بەڵام ئەم تاوانەی تری تێدا نەبوو . ئەوە لە هیچ لەو تەلگرافە زۆرانەشدا کە لەلایەن مائۆوە بۆ کوئۆ- تائۆ و لەشکرەکانی لێدرابوون،باسێکی نەبووە . تەنانەت تەلگرافی مائۆ بۆ مۆسکۆش، هەرکە پێوەندیی رادیۆیی لەگەڵ مۆسکۆدا سازکرایەوە، ژوئەن/ حوزەیرانی ١٩٣٦،کە تێدا کوئۆ- تائۆ مەحکووم دەکات، لەوێشدا تاقە یەك وشە لەبارەی ئەم چیرۆکەوە نەبووە . ئەوە هەمووی بەڵگەی ئەوەن کە فەرمانێك لە کوئۆ- تائۆوە بۆ ئەزیەتدانی مائۆ لە ئارادا نەبووە .

مائۆ و شیرکەتەکەی رۆیشتوون و نەخشەکانیش وێڕا . لەوەش پتر : پێیانگوترا کە پاسەوانی پشتەوەی دەستەی ڕاکردووی مائۆ، تفەنگیان لەسەر پێیە و،هەر کەسێك وەدوویان بکەوێت پێیەوە دەنێن . ئەفسەرانێك کە لە سەر ڕێگای ئەو ڕاکردنە جێگیرکرابوون، بە تەلیفۆن پرسیاریان کرد ئایا پێویستە بەزۆر مائۆ و دەستەکەی رابگرن یا نا، چونکە شتەکە زۆر روون و لەبەرچاو بووکە ئەوانە بە دزی رۆیشتبوون . فەرماندەکانی کوئۆ- تائۆ بڕیاریان دەرکرد کە " نابێت لەشکری سوور تەقە لە لەشکری سوور بکات" و، بەوجۆرە لێگەڕان مائۆ دەرچێت .

کە مائۆ و پیاوەکانی دەڕۆیشتن، دەستەیەکی پڕۆپاگەندەی لەشکری کوئۆ- تائۆ دەرکەوتن، بە دەست راوەشاندنەوە کەوتنە بانگ کردنیان :

" وەدووی لووتەزل مەکەون! قوربانە بگەڕێنەوە."

" لووتەزل" مەبەست لە " بێگانە" بوو، کە لێرەدا مەبەست لە " ئۆتۆ براون" بوو ." براون"یش، ئەو درۆیەیان پێ- گوتبوو کە کوئۆ- تائۆ فەرمانی دەرکردووە :

" بەرگریی کۆمیتەی ناوەند، ئەگەر پێویست بکات بە هێز، تێکبشکێنن".

ئەو بانگکردنە، بۆ جاری یەکەم لە سەربازانی گەیاند کە دووبەرەکییەك لە لەشکردا هەبوو و، ئەوەش تووشی سەرلێشێوان و پەرێشانیی کردن . ئیدارەی سیاسیی مائۆ، دەستبەجێ کەسانێکیان نارد سەربازان هان بدەن کە درێژە بە رۆیشتنەکەیان بدەن، نەوەکا هێندێکیان هەل بە دەرفەت ببینن و بچنە لای کوئۆ- تائۆ .

مائۆ، ئا لەم لەحزەیەدا، سەربازەکانی لە هەشت هەزار کەمتر بوون و، سەخت سەریان لێ شێوابوو و،لایەنگریی ئەویان بە هەڵبژادن هەڵنەبژاردبوو . مائۆ، ئێستا، بە پێچەوانەی رەوشتی کە لێی دیترابوو، لە پێش سەربازەکانی پەیدابوو . قسەی بۆ نەکردن، بەڵام هەر بە بێ دەنگی لە پەنارێگاوە وەستابوو و سەیری دەکردن، هێزەکەی دەژمارد، دەیویست ورەی سەربازەکان هەڵسەنگێنێت . لێرە ئاگای لەوەببووکە"پێنگ"یش لای خۆی بوەستێنێت، تا دەسەڵاتێکی پتر پیشان بدات . بۆ زۆرترینی ئەفسەران، تەنانەت ئەوانەی بەرزترین پلەشیان، ئەوە تاقە جارێك بوو مائۆیان وا لە نیزیکەوە دەدیت، کە مائۆ وای پێ باشتر ببوو، لە سێبەرەوە دەستی بەسەر دەسەڵاتدا هەبێت .

هەنگاوی دوای ئەوەی مائۆ، بریتی بوو لەوە کە دڵنیابوایە "چیانگ کای- شێك " کێشە بۆ هێزەکەی نانێتەوە . بۆ تائێستا، نەدەکرا هیچ گومانێك لەوەدا هەبوایە کە چیانگ ڕێگای دابوو تێبپەڕێت، بەڵام چیانگ هەر تەنیا هێزێکی کەمی زۆر بێتوانای رێگا دەدا بە شوێنی مەبەستی بگەیشتایە . لە" رۆینی ڕێگای دوور"دا، هێزەکەی مائۆ کەم تووشی کێشە ببوو، لەکاتێکدا کە هێزەکەی کوئۆ- تائۆ، دەبوو بست بە بستی ڕێگا بە شەڕ

بۆ خۆی بکاتەوە ــ ئەوەش لەبەرئەوە بوو چونکە هێزەکەی کوئۆ- تائۆ زێدە گەورە و زێدە بەهێز بوو .

کەواتە، بە قازانجی مائۆ دەبوو چیانگ ئێستا بیزانیایە کە ئەوانە هەر بەشێکی کەمی هێزی کۆمونیستان بوون دەچوونە باکوور و،کە رابەرایەتیی پارتی کۆمونیستی چینیشیان لەگەڵدابوو . دیارە، نەتەوەییەکان، چەند سەعاتێك دوای ئەو دەرچوونەی مائۆ، لەوانە ئاگاداربوونەوە و، بە وردی دەیانزانی چ بەشانێکی لەشکر لەگەڵ مائۆدا چووبوون و لە چ حاڵێکی خراپدا بوون . رۆژێك دوای ئەوە کە مائۆ تێیتەقاند، ١١ی سیپتامبر، چیانگ بە حاکمی ئەو ناوچەیەی راگەیاند کە :

"ئاگاداریان کردمەوە کە« مائۆ» و« پێنگ» و« لین» بەرەو باکوور رادەکەن و، هەموو زۆر برسی و بەتەواوی پرووکاون ... ."

ئەم دەڵاندنەی ئەو دەنگوباسە و گەیاندنی بە چیانگ، تەواوی رێگای مائۆی، تا بە دوا ئامانجی ــ بە "بانی زەویی زەرد" دەگات، ئیتر بۆ خۆش کرد . لەوێ، لە باکووری" شائانکسی"، تاقە بنکەی بە ئاسایش لە تەواوی چیندا چاوەڕێی دەکرد، ئەوەش لە سایەی" چیانگ کای- شێك"ـەوە . مائۆ و جەرگەی رابەرایەتی، هەر پێش ئەو "رۆینی رێگای دوور"ەش لەو شوێنە ئاگادار بوون و، مۆسکۆش هەر لە پێش ئەوەوە، لە ٣ی مارتی ١٩٣٤باسی ئەوێی لەگەڵ کردبوون .

مائۆ، دەستی یارمەتیی" چیانگ"ی پێگەیشت و، هەزار کیلۆمیتری رێگای بەردەمی لێرەوە، لە رووی سەربازییەوە، جگە لە "سەگڤانانێکی (نیشانچی) خەڵکی سەر رێگا"، هیچ کۆسپێکی لەبەردەم نەبوو . براون نووسیویە "ئەم هێڵە، هیچ دوژمنی لێ نەبوو ." *

هێزەکانی چیانگ بەدوویانەوە بوون، بەڵام هەر بۆ ئەوە بوو کە ئەگەر بیانویستایە بگەڕانایەتەوە ناوەندی چین، رێگایان لێ بگرتنایە و نەیانهێشتایە .

---

* یەك پێکهەڵپرژانی بچووك، ١٧ی سیپتامبر لە دەربەندی" لازیکۆئو"روویدا، چەنگێك زەلام تێدا بەشدار بوون، ئەوە دوایی چیرۆکێکی زلی لێ داتاشرا ــ و کرا بە سەرکەوتنێکی گەورە . هۆیداتاشینی ئەو چیرۆکەش ئەوەبوو کە مائۆ بۆ پاکانەکردن بۆ خۆ جیاکردنەوەی لە کوئۆ- تائۆ، بەلایکەم پێویستی بە یەك شاکار هەبوو کە بۆ دوای ئەو خۆجیاکردنەوەیە پێشکەشی بکات . راستی ئەوەبوو کە مائۆ رێگا درا بە بێ کێشە تێبپەرێت .

ئەم دوا قۆناغەی ڕۆینەکە، لە چاو قۆناغەکانی پێشتری، سەیرانێکی خۆش بوو . لەجیاتی بەفر و تەرزە و، لە جیاتی دوژمنی نیشانچیی تیبێتیی کە لە لێرەکانەوە دەیانئەنگاوتن، سوورەکان لێرە، لە باشووری گانسو، گوڵە گەنم و جۆیان دەدیتن کە لەبەر تیشکی زێرینی هەتاو دەدرەوشانەوە، مەڕو مالات لە مێرگاندا و، جووتیاران لە مەزرایاندا خەریکی کار بوون . هەڵوێستی خەڵك دۆستانە بوو و، مائۆش هەوڵی دا هەر وا بە دۆستیان بهێڵێتەوە .

مائۆ نەیدەویست لێرەش خۆی تووشی ئەو پێشـوازییە بکاتەوە کە تیبێتییەکان لێیانکردبوو، ئیتر فـەرمانی " دیسپلینی سەخت"ی بۆ ئەوە دەرکردن . مسوڵمان لە سەدا شێستی خەڵکی ئەم مەڵبەندەیان پێكدەهێنا، ئیتر مائۆ سەربڕینی هەر بەرازێکی لێرە قەدەغەکرد و، تالانکردنی هەر مسوڵمانێکیشی، تـەنانەت ئەگەر دەوڵەمەند-یش بوایە، قەدەغەکرد .

خـەڵك، دەرگای ماڵیان بۆ لەشکری سـوور کردنەوە، سوورەکان دوای چەندین مانگ، وا بۆ جاری یـەکەم لە میوانداریی خەڵکی ئێرەدا حەمامی گەرمیان دەکرد، ریشیان دەتاشی و قژی سەریان چاك دەکرد و، دەیانخوارد : جەمی خۆراکی خـەستوخۆڵی مسوڵمان، نـاوساجی، هـەرشتە، گـۆشتی مەڕ، مریشـك، سیر و بیباریش . براون لەیادی بوو دەیگوت کە "ئەوەم زۆر لا سەیر بوو ".

بـەڵام، ئـەم موحیتە دۆسـتانەیە بووە هۆی سـەرێشـەنـانەوە بۆ مائۆ، وازهێنانی سەربازان ئێجگار زۆر بوو . راپـۆرتێکی نـەتەوەییەکان بـاسی ئەوە دەکات کە هـەر ئـەوکاتەی سـەربازانی مائۆ لە یەك قەزا ( بەخش)، لە " مینکسیئان "بوون، پتر لە یەك هەزار سەربازی سوور خۆیان داوەتە دەست . مائۆ، ٢ی ئۆکتۆبر، فەرمانی دا بە هێزەکانی ئاسایشی کە :

" دواکەوتووان کۆبکەنەوە".

" کۆبکەنەوە" زۆرتر هەر مانای " بکوژن" بوو . ئەفسەرێکی گەورە ( کە دوایی بوو بە سەرۆکی ستادی لەشکری چینی کۆمونیست) دەیگوت لە یادی بوو کە :

" کاتێك بە ڕێوە بووین دەچووینە باکووری شائانکسی، هەمیشە سەرباز هـەبوون کە دوا دەکەوتن . « ڕێکخراوی ئاسایشی سیاسیی لەشکر» ... دیسان ڕێوشوێنی دڵرەقانەی بۆ سزادان داهێنان ."

ئەفسەر زەندقی چووبوو :

" من زۆر بە باشی بەدووی سەربازەکانەوە بووم، هەمیشە لەوە دەترسام نەوەکا دوابکەوم

و لەگەڵ دواکەتووان سزابدرێم .“

کە دەیانگوت ” چـارەی بکەن“، بە مانای هـەمان ئەو زاراوەیەی مافیا بوو کە دەڵێن ” ئـاگاتان لێ بێت “، واتا بیکوژن . ئەفسەر، دەڵێت : ڕۆژێك،” لەسەر لێواری ڕووخان بووم“، لام وابوو تازە تەواو، ناگەم و بەسەرچوو :

” هەر تەنیا کە سەعات یازدەی شەو گەیشتمە بارەگا، ئاهێکم تێ گەڕایەوە .“

کاتێك مائۆ گەیشتە مەڵبەندی سـوور لە باکووری شائانکسی، کە دەبوو ببوایە بە بنکە، لەشکرەکەی زۆر لە خوار چوار هەزار کەسەوە بوو . هەر دوا مانگ ـــ و هاسـانترین مانگ ـــی ڕۆینەکە، لەشکرەکەی مائۆ، پتر لە نیوەی لەدەست دابوو: ئەوەی وازی هێنابوو، ئەوەی دواکەوتبوو و، ئەو هەمووە مردنەی چ بەهۆی نەخۆشییەوە و، چ بەدەستی هێزی ئاسایشی خۆی کوژرابوون . ژمارەی هێزەکەی ڕێك هاتبۆوە سەر ئەوەی کە پێش حەوت ساڵ، یەکەم مانگی ١٩٢٩ لە مەڵبەندی چەتان هەیبوو . ئەم سەربازانە، حاڵیشیان ئێستا لە خراپترین دۆخێکدا بوو کە بکرایە تێدا بوونایە .

” بـرسێتی کوشتبووینی و پرووکابووین . بەتـایبەتی پۆشـاکمان، هەر شیتاڵ بوو . نە پێڵاومان دە پێدا بوو و نەگۆرەوی، زۆرمان هەر تیتۆڵێکی پەتویەکمان لە پێ هاڵاندبوو . کاتێ گەیشتینە« ووکی»(ناوی شوێن) کە خۆی شوێنێکی زۆرهەژار بوو،بەڵام تەنانەت ... هەڤاڵانی خەڵکیشوێنەکە نەیاندەبرییەوە هەر لێیاندەپرسیم : ئەرێ چۆنە ئێوە حاڵتان وا بەم پـەرپووتییە گەیشتووە ؟ ئێوە بەڕاستی، جگە لە چنگێك سـواڵکەر، لە هیچی تر ناکەن .“

بـەڵام مائۆ، کە ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٣٥ پێی نـایە قـەڵەمڕەویی سـوور، بە هیچ جۆرێك هەستی بە شـکست نـەدەکرد . ڕەشترین لەحزە لە ژیانیدا - بە وشەی خۆی لێرەدا- خەتەری کوئۆ- تائۆ ببوو و ئێستاش ئەو خەتەرەی بەسەرچووبوو،کەواتە سەرکەوتوو بوو . لەشکری سوور، بەڵێ، دوای دەوری دەهەزار کیلۆمیتر ڕۆیشتن، ساڵێك بە ڕێگاوە بوون، کە چوار مانگی لێ لە سایەی مائۆوە لێ زیادببوو، بەحاڵ نووزەی تێدا مابوو، بـەڵام پارتەکە ئێستا بەتەواوی مانا و بە هەموو شێوەیەك هی مائۆ خۆی بوو .

” چێن یون“ی شـاندی مائۆ، کە گەیشتبووە مۆسکۆ، ١٥ی ئۆکتۆبر پـەیامی بە کۆمینتێرن گەیاند. ئێستا کە ڕوون بوو مائۆ لە مەیداندا براوە بوو، مۆسکۆ بۆ جاری یـەکەم قەبووڵی کرد کە مائۆ ئاغای پارتی کۆمونیستی

چین بوو . لە نوامبر، رووسەکان ڕاپۆرتەکەی" چێن یون"یان بە داڕشتنەوەیەکی نوێی خۆیان بڵاوکردەوە، کە تێدا مائۆیان بە" ڕابەری تاقیکراوە و لە ئەزموون دەرچوو" ی پارتی کۆمونیستی چین ناو برد . دوو حەفتە دوای ئەوە، " پراڤدا" گوتارێکی گرنگی تایبەتی لە ژێر سەردێڕی " ڕابەری گەلی چین مائۆ تسی- تونگ"دا بڵاوکردەوە کە بە هەڵبژاردنی وشەی ڕەنگین و سەنگین، بە زمانێکی کە مرۆڤ بخاتە گریان، مائۆی نیزیکەی وەك بەڵادارێکی چیخۆڤیی وەها پیشان دەدا کە قارەمانانە لە دژی نەخۆشی و نەداری خەباتی دەکرد .

ناوەندی نوامبر،کەسێك لە مۆسکۆوە پەیامێکی گەیاندە باکووری شائانکسی و، ئەوە لە پتر لە ساڵێکەوە یەکەم پێوەندیی ڕاستەوخۆ بوو . ئەو کەسە بە کەوڵێکی پێستی مەڕ دەبەردا، خۆی بە بازرگان پیشان دابوو، بە بیابانی " گۆبی" دا هاتبوو( گەورەترین بیابانی ئاسیا لە باشووری مغوولستان - وەرگێڕ) . کۆدی پێوەندیی بە مۆسکۆوە دە سەریدا بوو و،کەسێکیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە پێوەندیی ڕادیۆی هەڵدەسووڕاند . لە ماوەی چەند مانگ- ێکدا پێوەندیی ڕادیۆیی لەگەڵ مۆسکۆ دامەزرایەوە و، دیارە ئەوە ئەمسەرەکەی چینی لە بەردەستی مائۆدا بوو . نامەهێن، پەیامی " ستالین"ی پێ گەیاندن کە با سوورە چینییەکان لە " نیزیکی یەکێتی سۆڤیەتی"بن و، بۆ ئەوە با لەسەر سنووری" مغوولستانی دەرەوە"ی تابیعی سۆڤیەت بن . قۆناغی " پێوەندی بەستن لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت"، ئێستا دەکرا دەست پێ بکات .

چیانگ کای- شێك، لە گەیشتنە ئامانجی بەرنامەی تایبەتی خۆیدا،کەمتر سەرکەوتوو بوو . ١٨ی ئۆکتۆبر، ئەو ڕۆژەی کە " ڕۆینی ڕێگای دوور" لای مائۆ کۆتایی هات، چیانگ بۆ جاری یەکەم لەوەتای کەمێك پێش سەرەتای مارسەوە،" بۆگۆمۆلۆف"ی سەفیری سۆڤیەتی دیت . چیانگ " پەیمانێکی سەربازیی نهێنی"ی لەگەڵ سۆڤیەتدا پێشنیارکرد. دیارە مەبەستیشی لەوە هەر دژی ژاپۆن بوو،کە ژاپۆن تادەهات چالاکانەتر،هەوڵی دەدا پێنج ستانی باکووری چین، بە لافی پووچی ئەوە کە گوایا " سەربەخۆیی"یان پێشکەش دەکات، لە چین دابڕێت . وەڵامی رووسەکان ئەوە بوو کە دەبوو چیانگ لەپێشدا " نێوانی لەگەڵ پارتی کۆمونیستی چیندا ڕێك بخات". هەڤاڵی دڵسۆزی جەنەڕالیسیمۆ و دامەزرێنەری " ئێف بی ئای"یەکەی ( بیرۆی فێدەرالیی لێکۆڵینەوە) " چێن لی- فو"، کەوتە گفتوگۆی نهێنی و باسی وردەکارییەکانی پەیمانەکە لەگەڵ بۆگۆمۆلۆف و بەرپرسیاری پاشکۆی سەربازیی سەفارەتخانەی سۆڤیەت ــ کە تەنانەت ئاماژەی بە " هاوکاری" لەگەڵ سوورەکاندا دەکرد .

لە کاتی گفتوگۆدا،" چێن لی- فو" داوای بەردانی" چینگ -کوئۆ"ی کوڕی " چیانگ"ی کرد . " چێن" ئەوەی

بۆ باسکردین، گوتی :

" پێم گوت : ئێستا ئێمە دوو دەوڵەت پەیمان ئیمزا دەکەین و، نێوانمان زۆر خۆشە .

بۆچی کوڕی رابەرەکەمان هەر دەستبەسەرە ؟ بۆچی ناتوانن بەری بدەن ؟ "

( چێن، دڵسۆزانە، گوتی کە ئەو هـەر لەخـۆیەوە ئەو باسەی کردووەتەوە، بە بـێ ئەوە بە " چیانگ "ی گوتبێت ـ

" ئەو نەیدەویست کە من داوای شتی وەها بکەم ."

ئەو قسەیەی چێن، لێکتێگەیشتنی ئەوانە پیشان دەدات، لە مەسەلەی گۆڕینەوەی کوڕەکەی چیانگ بە هەڵوێست لە سـوورەکان، چـەندکـەسێکی کـەم بە دەوری " چیانگ "ـەوە بوون و، چەندە ئاگایان لەوە بووە، قـەت داوای گۆڕینەوەکە نەدەنە پاڵ چیانگ خۆی، یا رێگا بدەن پێ بزانرێت .)

بـەڵام ستالین هێشتا هەر قەبووڵی نـەدەکرد " چینگ--کوئۆ "ی ژێردەستی ئازادبکات . چینگ-کوئۆ ئێستا ماوەی دە ساڵی رێك بوو کە لە دایك و باوکی جیابوو‌ەوە . مارسی ئەو ساڵە، لەو کارگەیەی مەکینەی قورس لە ئووراڵ، ئەڤین ژیانی سـەختی لاوی نەرمکردبوو و تەکنیسیانێکی رووس " فاینا ڤاخرێڤا " خانمی هێنابوو . لە دیسـامبر یـەکەم منداڵیان لە هـەمان یـەخسیریی چێنگ -کوئۆ خۆیدا لەدایك دەبوو و، دەبـوو زۆر مانگان وا بمێنێتەوە ( تا ئاپریلی دووساڵ دوای ئەوە- وەرگێڕ)، کە شانسی مائۆ هەر پتر و پتر بەرەژوور دەچوو .



چیانگ کای- شێک و کوڕەکەی




رۆینەکەی رێگای دووری بەناوبانگ






زهو دێ و مائۆ چانگ کوئۆ- تائۆ





پردی لودینگ لەسەر رووباری دادو، بەو شێوەیەشی کە بۆ دروستکردنی فیلمێکی پڕۆپاگەندە

رووتکراوەتەوە




تەختی رەوان، کەژاوەی کە مائۆ و رابەرانێکی تر لە  رۆینی رێگای دووری چین
تێدا دەبوون، دەیانخواردو دەخەوتن و کتێبیان دەخوێندەوە و، بەوجۆرە هەڵدەگیران .

# Mao

## Çîrokî Nezanraw

257